# کیمیاگەرانی وشە

ئەلبێر کامۆ، هێرمان هیسە، ئاراگۆن، ساموێل بێکت، هاینریش بۆڵ، خۆرخە لویس بورخیس، مایکۆڤسکی، ئەحمەدی شاملۆ، گۆنتەر گراس، ئەستۆریاس، پاولۆ کۆیلۆ، ئیمری کیرتیش، لۆرانس دارێل، نادین گۆردیمێر، عەبدولڕەحمان مونیف، فەدوا تۆقان، سەلاح بوسریف. ئالێکس هالی، تەیب سالح.

(کۆمەڵێك وتارو دەقی ئەدەبی)

یاسین عومەر

٢٠٠٦



**سەرپەرشتیاری پڕۆژە: جەبار سابیر**

**کیمیاگەرانی وشە**

- **وەرگێڕانی: یاسین عومەر**
- **بابەت: لێکۆڵینەوە**
- **نەخشەسازیو بەرگ(ناوەندی دیزاینی یانەی قەڵەم)**
- **چاپ: یەکەم ٢٠٠٧**
- **تیراژ: ١٠٠٠ دانە**
- **سەرپەرشتیاری هونەری: ئارام سدیق**
- **سەرپەرشتیاری چاپ: ئاسۆ پێنجوێنی**
- **چاپخانە: (یاد) بازاڕی سۆز**

**لەچاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم**

**زنجیرە(١٢)**

سەرەتا وشە بوو..

پێڕست


*پێشەکی

*ئەلبێر کامۆ، نوێنەری ڕاستەقینەی بیری بێهودەیی

دەربارەی بێهودەیی‌و خۆکوشتن، نوسینی: ئەلبێر کامۆ

*هێرمان هیسە.. کەسایەتی تاکگەری نوقمی نێو خوو نەریتەکان

چیرۆکی شاعیر، نوسینی: هێرمان هیسە

با دەرگاکانی ڕزگار بوون بخرێنەسەر پشت: دالایلاما

*ئاراگۆن، شاعیری گوڵ‌و جوانی‌و بەرگری

*سامۆیل بێکت، ژیانێکی سەیرو مردنێکی سەیرتر

*هاینریش بۆڵ: زۆرم وت

*خۆرخە لویس بورخیس: منی کوێر تەنها تاریکی نابینم

چیرۆکی ڕاپۆرتی برۆدی، نوسینی: خۆرخە لویس بۆرخیس

* مایکۆڤسکی، شاعیری بێنازی ڕوسی

* شاملۆ، ئەو شیعرەو شیعریش ئەو

تەم، سرودێك بۆ سوپاس‌و پەرستن، ئاسۆی ڕوون: سێ شیعری ئەحمەدی شاملۆ..

* گۆنتەر گراس.. پێویستە لەدژی بەسەرچوونی زەمەن خەبات بکەین

چیرۆکی پێنج باڵندەکە، نوسینی: گۆنتەر گراس

*میگیول ئەنخل ئەستۆریاس.. سپی پێستەکان





دارستانەکان خاپور دەکەن..

*پاولۆ کۆیلۆ.. لە مێشکی خوێنەرەوە بەرەو دڵی، سنوور دەبەزێنێ..

*ئیمری کێرتیش .. دەربازبووی هۆلۆکۆست

*لۆرانس دارێل..شیعرەکانی ڕۆمانێکن بۆ خۆیان

*نادین گۆردیمێر.. لە هەر شوێنێ وشە هەبێت نوسینیش هەیە

*عەبدولڕەحمان مونیف.. مەلی بیابان

*فەدوا تۆقان.. کۆچی دوایی پاکیزە

*سەلاح بوسریف.. نەوەی ئێمە نەوەی جیاوازی

* مەرامە ڕەشەکانی پاپالانگی..

*ڕەگەکان.. چیرۆکی زەوتکردنی مرۆڤایەتی قولەکان

* تەیب سالح چیدی بۆ باکور کۆچ ناکات..

وێنسلۆ هۆمێر.. سادەکردنەوەی بابەت، ڕەنگی پەتی

## پێشەکی

چ شتێك ئەم كەسایەتییانە لە كتێبێكدا كۆدەكاتەوە؟ یەكێك بێهودەگەرایەكی تا سەر ئێسك یاخی، یەكێكی دی یاخییەكی تاسەر ئێسك مولتەزیم، دانەیەكیشیان كۆی مرۆڤایەتی بانگهێشت دەكات بۆ بەدیهێنانی ئەفسانەی شەخسیی خۆیان، ئەوی دیش باس لە جوانیی بەستنەوەی خەونەكانی تاك بە خەونەكانی كۆمەڵەوە دەكاتو جەخت لەوە دەكاتەوە كە مەحاڵە خەونەكانی تاك بەتەنهاو بەدور لە خەونەكانی گروپ بەدیبێن.. بەڕاست چ شتێك ئەم كەسانە لە كتێبێكدا كۆدەكاتەوە؟! ئەوەی كە هەموویان كوڕی سەردەمێكن؟ یان ئەوەی كە هەموویان كەسانی نائاسایی بە هەڵوێستو تاسەر ئێسك ناڕازی لە ژیان بە هەموو لایەنو ڕەهەندو واتاكانیەوەن! یاخود هەموویان بە جۆرێك لە جۆرەكانو بە بڕو ئاستی جیاواز داهێنەرنو خاوەنی چەندین دەقی جوانو تۆكمەن؟!

هۆكاری كۆكردنەوەی ئەم كەسایەتییانە لەم كتێبەدا زۆرتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئەمانە داهێنەر بوونو خاوەنی خەسڵەتو شێوازی نووسینو بیركردنەوەی تایبەت بە خۆیان بوون، بەڵام ئایا داهێنان خۆی چییە؟

ئاشكرایە لە توانای پێشەكییەكی واكورتدا نییە كە بەوردیو دوورودرێژی چەمكی داهێنان شیبكاتەوەو بیخاتە ژێر تیشكی ڕاڤەكردنەوەو



لێیبكۆڵێتەوە، لەبەرئەوەی لەلایەكەوە لە باسەكە دەچێتەدەرێو لە لایەكی تریشەوە ئەم باسە باسێكی یەكجار ئاڵۆزە. بۆیە ئەوەندەی كە بكرێتو خوێنەر وەڕس نەكات هەوڵدەدەین بە ڕای شارەزایانو پسپۆڕان بەس بكەین.

زۆرێك لەشارەزایان وا پێناسەی چەمكی داهێنان دەكەن كە بریتی بێت لەئاشكراكردنی پەیوەندیی شاراوەو نادیاری نێوان دوو شتی بەرجەستەو دیار. بایەخپێدەرانی ئەم دیاردەیە (مەبەست چەمكی داهێنانە) بۆ شیكردنەوەی ئەم دیاردەیە لەناو خۆیاندا بوونەتە چەندان دەستەو گروپی جیاواز جیاوازەوە، كە دەكرێت لە دوو كۆمەڵەی سەرەكیی دژ بەیەكدا كۆیان بكەینەوە، كە ئەوانیش بریتین لە:

كۆمەڵەی یەكەم:

ئەمانە كۆمەڵێكن پێیانوایە داهێنان حاڵەتێكی نەخۆشییە (پاسۆلۆجیە)، كە ئەوانیش بۆ شیكردنەوەی هەموو ئەو هۆكارو دەرئەنجامانەی پەیوەندیان بەسروشتی ئەم دیاردەیەوە هەیە لەناو خۆیاندا جیاوازی زۆرو زەبەندیان هەیە، لەنمونەی ئەمانە لێكۆڵیاری ئیتاڵی لیمبیروزو (١٨٣٠-١٩٠٠)، هەروەها كریستگمر (١٨٧١-١٩٣٩) كە پسپۆڕێكی نەخۆشی ئەقڵیی ئەڵمانی بوو، دیارترینیشیان دەروونناسی ناوداری نەمساوی خاوەنی قوتابخانەی دەرونشیكاری زیگمۆند فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٩) بوو.

لیمبیروزو لەپاش زنجیرە تاقیكردنەوەیەكی مەیدانی گەیشتە ئەو قەناعەتەی كە ئاكامی بلیمەتی شێتییە. كریستگمریش لەكتێبی (سایكۆلۆجیای پیاوانی بلیمەت)دا دەڵێت داهێنان (ئەو ناودێری دەكات

بەبلیمەتی) بریتییە: لە لادانێکی پاسۆلۆجی بۆماوەیی کە هەندێ خێزان تووشی دەبن‌و شزوزی ئەقڵی لەخۆدەگرن، وەکو خێزانی بیتهۆڤن (١٧٧٠–١٨٢٧)، گوتیە (١٧٤٩–١٨٣٢)، هەروەها باخ‌و مایکڵ ئەنجیلۆ. کریستگمر پێیوابوو کە بلیمەتی بریتییە لەتێڕوانینێکی گشتی بۆ شیکردنەوەی سروشتی نەخۆشییە ئەقڵییەکان، ئەمەش بە ڕوونی لەکتێبی (بونیاتی جەستەیی‌و دروستبوون)دا باسی لێکردووە.

فرۆیدیش لەبواری هونەردا تێڕوانینی خۆی لەمەڕ سروشتی داهێنان لە لێکۆڵینەوەی ژیانی داڤنشیدا (١٤٥٢– ١٥١٩) خستۆتەڕوو و شیکردۆتەوە، دواتریش بەشێوەیەکی تێروتەسەل‌و قوڵتر لەخوێندنەوەی بەرهەمەکانی شکسپیرو دیستۆیەڤسکیدا زیاتر شیکردۆتەوە. شیکردنەوەکەی فرۆید بۆ دیاردەی داهێنان لەبازنەی بیردۆزەکانی دەرونشیکاری تێناپەڕێت، واتە لەسەر ئەو بنەمایە کار دەکات کە ڕەفتارەکانی مرۆڤ بەباش‌و خراپییەوە بەرئەنجامی ئارەزووە سێکسییە سەرکوتکراوو چەپێنراوەکانیەتی، مرۆڤ بۆئەوەی لەگەڵ خوونەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕووبەڕوو نەبێتەوەو بەری نەکەوێت ناچارە شێوازی هێما بۆ خۆخستنەڕوو بگرێتەبەر. فرۆید پێیوایە هونەرمەندە داهێنەرەکان نێرگزین (نەرسیسی)، ئەمەش بەواتای ئەوەی کە داهێنانی هونەری حاڵەتێکی سێکسی پاسۆلۆجی (شازو لادراوو ناسروشتی)یە، هونەرمەندیش جگە لە بوونەوەرێکی هەڵاتوو لەم واقعە تاڵە شتێکی تر نییە، ئەو واقعەی کە ناتوانێت خۆی لەگەڵدا بگونجێنێ، چونکە وەڵامدەرەوەی ئارەزووە سێکسییە سەرکوتکراوەکانی نییە، بۆیە ڕێگەی پڕ هەڵەتی هونەر دەگرێتەبەر، چونکە هونەر هۆکارێکە بۆ تێرکردنی ئارەزووە



سێکسییەکانی، ئەو ئارەزووانەی کە بە ڕستێك کۆت‌و بەندی کۆمەڵایەتیی گەندەڵ‌و ڕەق کۆنترۆڵکراون‌و وەڵامدانەوەیانی کردۆتە کارێکی مەحاڵ. ئەمانە ئەو بیردۆزانە بوون کە پێیانوایە داهێنان حاڵەتێکی پاسۆلۆجیەو پەیوەندیی بەزانستەوە نییە، بەڵام زانستی نوێ لەڕێی تاقیکردنەوە زیندو و ڕۆژانەییەکانی خۆیەوە ئەوەی بۆ سەلماندوین کە هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لەنێوان داهێنان‌و تێکچوونی ڕەفتاریی مرۆڤدا بوونی نییەو هەریەکەیان هۆکاری ڕودانی تایبەت بەخۆیان هەیە، ڕێدەکەوێت هەردوو حاڵەتەکە لە کەسێکدا کۆببێتەوە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە بڵێین ئەم دوو حاڵەتە یەك شتن. نکوڵی لەوە ناکرێت تێکچوونی ڕەفتاریی مرۆڤ کە حاڵەتێکی پاسۆلۆجیە بە هەر ئاستو پلەیەك بێت وەك یەك توشی مرۆڤی داهێنەر و ناداهێنەریش دەبێت، بێگومان ئەمەش کاتێك ڕودەدات کە ئەگەر ئەو زەمینەیەی بۆ حاڵەتەکە پێویستە وەك یەك بۆ هەردووکیان بڕەخسێت. بەکورتییەکەی تێکچوونی ڕەفتاریی مرۆڤ وەکو نەخۆشییە جەستەییەکان وایە، دەشێت هەموو کەسێ توش بێت، نموونەی ئەوەش زۆرە کەداهێنەران کاتێ توشی تێکچوونی ڕەفتاری بوون توانای داهێنانیان لەدەستداوە، بەتایبەتی کاتێ تووشی تێکچوونی دەمارەخانەکان دەبن، باشترین نمونەش (لویس ڕۆبن)ی نیگارکێشی بەناوبانگی بەریتانییە.

کۆمەڵەی دووهەم:

ئەمان پێیانوایە داهێنان دیاردەیەکی سایکۆلۆجی سروشتیەو هیچ پەیوەندییەکی بەنەخۆشی‌و پاسۆلۆجیاوە نییە. لایەنگرانی ئەم کۆمەڵەیەش

لەناو خۆیاندا لەمەڕ کرۆکو ناوەڕۆکی ئەم دیاردەیە جیاوازیی زۆریان لگەڵ یەکدی هەیە. کە دەکرێت بیانکەینە دوو دەستەوە:

دەستەی یەکەم:

پێیانوایە داهێنان توانایەکی زکماکیو خۆرسکی سایکۆلۆجیەو هیچ پەیوەندییەکی بەجەستەوە نییە، ئەم توانایە هەندێ کەس هەیەتیو هەندێکی تر نیەتی، ئەو کەسانەی ئەم توانا خۆرسکەیان هەیە ئەوانیش لە برو ئاستی ئەم توانایەدا لەناو خۆیاندا جیاوازنو دابەش دەبن بۆ ئاستگەلی جیاواز.

دەکرێت ئەم دەستەیەش دابەش بکرێت بۆ دوو ڕەوت کە بەشێکیان لەبەریتانیا سەریهەڵداوەو گەشەیکردووە، ئەوی تریشیان لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەم دوو ڕەوتە تەنانەت لە بەکارهێنانی زاراوەکانیشدا جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە بەریتانیەکان وشەی بەهرە (qift)و بەهرەوەر (qifted)ی بۆ بەکاردەهێنن، بەڵام ئەمریکیەکان وشەی ئەفراندن (creativity)و ئەفرێنەر (creative)ی بۆ بەکاردەهێنن، لای بەریتانیەکان (بەهرەو ئەفراندن) هەردووکیان دیاردەیەکی سایکۆلۆجینو یەك شتن، بەڵام ئەمریکیەکان لایان جیان، بەهرە یان توانای تایبەت لەلای زانا بەریتانیەکان پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیو پتەوی بەزیرەکییەوە هەیە کە لە بنەڕەتدا پشتبەستووە بە بۆچوونی سێر فرەنس کالتۆن (١٨٢٢-١٩١١) کە بە دورودرێژی لە کتێبی (بلیمەتییە بۆماوەییەکان)دا باسی کردوە. کالتۆن پێیوایە داهێنان توانایەکی ئەقڵیی



خۆرسکەو بریتییە لە زیرەکییەکی لەڕادەبەدەر کە هەندێك کەس هەیانەو هەندێك کەسیش نیانە، بەڵام دەروونناسە ئەمریکیەکان پێیانوایە ئەفراندن هیچ پەیوەندییەکی بە زیرەکییەوە نییە.

ئەمریکیەکان دەڵێن ڕەنگە ئەفرێنەر زیرەك بێت بگرە زۆریش زیرەك بێت، ڕەنگە زیرەکیش نەبێت، بەپێچەوانەوە ڕەنگە زۆر گێلو دەبەنگو گەمژەش بێت، لەبەرئەوە بۆ پێوانی ئەفراندن پێوەرێکی تایبەتی دیکەیان داناوەو ناویاننناوە (پێوانەکانی ئەفراندن)، هەر بەمەش لەدەروونناسە بەریتانیەکان جیادەکرێنەوە.

هێنری بونکاریێ (١٨٥٤-١٩٢٢)ش کە بیرکاریناسێکی بەتوانای فەڕەنسییە، لەمحازەرەیەکیدا بەناونیشانی (داهێنانەکانی بیرکاری) بۆچوونی خۆی لەمەڕ ئەم چەمکە خستۆتەڕوو. بونکاریێ دەڵێت: نیو مانگ زیاتر بوو، هەموو ڕۆژێ بۆ ماوەی سەعاتێ تا دوو سەعات لەنووسینگەکەم دادەنیشتمو خۆم سەرقاڵی لێکۆڵینەوەو وردبونەوەی ئەو پرسیارە ماتماتیکییانە دەکرد کە دۆزینەوەی چارەسەرەکانیم گرتبووە ئەستۆی خۆم، بەڵام سەرباری هەوڵی بێوچانم نەگەیشتمە چارەسەرێکی گونجاو، شەوێکیان بەپێچەوانەی شەوانی پێشووترەوە خەوم زڕابوو لەسەر جێگەکەم ڕاکشابوومو قاوەم دەخواردەوە، پاشان بەقوڵایی ئەنجامە بیرکاریەکانمدا ڕۆچوومە خوارێو یاساو هاوکێشەکانم لەبەردەم خۆمدا بەرجەستە دەکرد. لەپڕ شتێکی سەیر بەمێشکمدا هات، ئەو ئەنجامە بیرکاریانەی دەهاتنە مێشکم هەندێ جار لێکدراوو هەندێك جاری تریش هەڵوەشاو و پچڕپچڕ بوون، لەمێشکمدا شتێکی سەیر ڕویدا، بەوجۆرە تا بەیانی خەو نەچووە

چاوم، بەڵام دەمەوبەیان چارەسەری ئەو هاوکێشە ماتماتیکییانە لەخۆیانەوە هاتن بەمێشکماو منیش تۆمارم کردن). نمونەی تری ئەم بابەتەی بونکاریێ زۆرن، کە دیارترین خاڵی هاوبەش لەنێوان هەموویاندا بریتییە لە (ساتی شکۆداری) کە بە بۆچوونی ئەو بەرهەمی کاریگەریی نەستە.

بونکاریێ هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ چالاکیەکانی نەست (لاشعور) یان (دەرونە باڵابووەکان) کەهیچ پەیوەندییەکیان بەجەستە (مادە) وە نییە، هەروەها دەڵێت پەیوەندیی نێوان بیرۆکە لێکدورو تێکدراوەکان زۆر شێوەی جیاواز دەگرنە خۆیان، کە هەروا بەئاسانی لانابرێن، یەکێ لەو بیرۆکانەی کە زۆرترین بەپیتیو بەرهەمی هەیە، هزر لەنێوان هەموو ئەو بیرۆکە بێپیتانەی تردا هەڵیدەبژێرێتو نەستیش لە لێکهەڵپێکرانێکی ئۆرگانیکیدا دایدەڕێژێتو لەچرکەساتێکدا بەرجەستەی دەکات.

واتە بەپێی شیکردنەوەکەی بونکاریێ بۆ ئەم مەسەلەیە دوو ڕێگا لەبەردەم هزردا هەیە، کە بریتین لە:

١. هەست.
٢. نەست.

نەست دەتوانێت بەوپەڕی لێزانیو جوانیەوە جیاوازی بکات لەنێوان ئەو بیرۆکانەی ڕێژنە دەکەنە سەری، ئەویش بەپێی بایەخدارییان گرنگەکانیان هەڵدەبژێرێت، واتە ئەوانەیان کە گونجاوترن دەیانگوێزێتەوە بۆ هەست، بەو مەرجەی ماوەی ئامادەکردنی هەستی بۆ دابین بکرێت. بەم شێوەیە هزر



پەیوەندییە کۆنو نەزۆکەکان هەڵدەوەشێنێتەوەو تێکیاندەدات، تا لەم ڕێگەیەوە بوار بۆ دروستبوونی چەند پەیوەندییەکی تر بڕەخسێنێت کە یەکێکیان بەبێگومان لەوانی تر باشترە، چونکە چارەسەرە دروستە گونجاوەکە لەخۆ دەگرێت، تەنها پێوەرێکیش بۆ هەڵبژاردنی یەکێ لەو پەیوەندیانە هەستکردنە بەجوانیو داهێنانو ئەفراندن، واتە پەیوەندییە ساغو دروستەکان کە لەوانی تر جوانترنو کاریگەری زۆرتر لەسەر دەرونە پاکژە باڵابووەکان بەجێدەهێڵن.

بەڵام بیروڕای دەستەی دووەمی کۆمەڵەی دووەم کە پێیانوایە داهێنان حاڵەتێکی سایکۆلۆژی سروشتییە، لەوەدا کورت دەبێتەوە کە داهێنان کارێکی ئاسایی مێشکە وەکو هەموو کارەکانی تری. واتە مێشك لەکاتی مامەڵەیدا لەگەڵ ئەو ژینگەو چواردەورەی تیایدا دەژی بەتایبەتی ژینگە کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییەکە خۆبەخۆو وەکو کاری ڕۆتینیی خۆی داهێنان چێ دەکات.

ئێمە لەم پێشەکیە کورتەدا بەشوێن ئەوەوە نین ڕاستیو ناڕاستی بۆچوونی ئەم کۆمەڵە یان ئەو دەستەیە بسەلمێنین، بەڵکو دەمانەوێت بڵێین

یاسین عومەر

٩/٤/٢٠٠٦

ئەلبێر کامۆ..

نوێنەری ڕاستەقینەی بیری بێهودەیی[1]

ئەلبێر کامۆ"Camus Albert، ١٩١٣-١٩٦٠" بە یەکێك لەهەرە دیارترین‌و ناودارترین بەرجەستەکەری ڕاستەقینەی فەلسەفەی بێهودەیی ناسراوە، ئەو تەنانەت مردنەکەیشی جگە لەوەی سەرسامییەکی زۆری خستەوە، باشترین بەڵگەی بەرجەستەکردنی ناماقوڵ‌و بێهودەیی بوو، چونکە کاتێ ئەو و گالیماری هاوڕێ‌و ناشری بەرهەمەکانی ئەویان لەرێگەی پاریس لەئۆتۆمبیلەکەی گالیماردا بەمردوویی دۆزیەوە، دوو بلیتی شەمەندەفەری پاریسیشیان لەگیرفانی کامۆدا دۆزییەوە. ڕەنگە ئەمە نموونەیەکی سادە بێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نمونەیەکی ڕاستەقینەو ڕاستگۆیانەی بەرجەستەکردنی بیرو ئاکاری بێهودەییانەیە.

[1] بۆ نوسینی ئەم بابەتە سود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: مجلە الاقلام، عدد (١)، سنە ١٩٧٤، بغداد.



وەك دەستپێکێك بۆئەوەی لەسەر چەمکی بێهودەیی لەلای کامۆ ڕاوەستین‌و مشتومڕی لەتەکدا ساز بکەین، سەرەتا دەبێت دوو شت لەیەکتری جیابکەینەوە "هەستی بێهودەیی" لە "تێگەیشتنی بێهودەیی"، کامۆ خۆی بەمە قایلەو دەڵێت: هەستکردن بەبێهودەیی یەکسان نییە بە تێگەیشتنی بێهودەیی. ئەو ئەم هەموو شتە دادەمەزرێنێ بەڵام لەوەشدا کورتی ناکاتەوە. هەستکردن بەبێهودەیی لە هەموو ئەو شتانەوە دێتەدەرێ کە واتایان نییە: جیهان پوچ‌و بێهودەیە، منیش بەهەمان شێوە، بەڵام ئەی بێ‌مانایی خۆی چییەو چۆن هەستی پێ دەکەین؟

کامۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بەم شێوەیە دەداتەوە: هەستکردن لە بنەڕەتدا بریتییە لە بیرکردنەوەو کارکردن. هەڵچوون شتێکی چاوەڕوانکراوو ئاساییە، با کاتەکەی دیاری نەکرابێت یان درەنگو زوویی کەوتبێت، گرنگ ئەوەیە چاوەڕوانکراوە، ڕەنگە ئەم هەڵچوونە لە لێواری شەقامێکدا بتەهژێنی، واتە هەستێکی لەناکاوو لەچارنەهاتووە، جا لەبەرئەوەی هیچ شتێك نییە ئامادەی بکات‌و دروستی بکات، دەشێت لەبێ بایەخترین ڕوداوی ژیانی ڕۆژانەدا رووبدات.

بەڕای کامۆ مرۆڤ شێوازێکی ئامێریانە ژیان بەسەر دەبات کە هەموو ڕۆژێ دوبارە دەبێتەوە: خەوتن، هەستان، کارکردن، نانخواردن هەمیشەو بەردەوام دووبارە دەبنەوە. بێ مانایی هەرتەنیا شتێ نییە کە لە چواردەورماندا هەبێت، بەڵکو بەقوڵایی ناخ‌و دەرونیشماندا ڕۆچۆتە خوارێ، هەستکردن بەدڵتەنگی‌و غەمباری کە "خراپی مرۆڤەکانی تر" تیاماندا دروستی دەکەن لەسەرنجدانێکی ئاساییەوە دروستدەبێت کە ڕۆژانە دوبارە

دەبێتەوەو ئێمەش هیچ ئاوڕێکی لێ نادەینەوەو بایەخی پێنادەین، "کەسێ که له پشت دیوارێکی شووشەوه تەلەفۆن دەکات، ئێمە گوێمان له قسەکانی نییه، بەڵام هەموو ئەو جوڵەو ئیمائه بێ مانایانه دەبینین که پێی هەڵدەستێ، لەخۆمان دەپرسین "باشه بۆ دەژین؟"... بەم شێوەیه ژیانێکی سەخت دەژینو ئاوڕ بەلای دەردەسەریەکان نادەینەوە، بەڵکو هەر ژیانی ڕۆتینی خۆمان دەژینو هیچ سەرسامیش نابین لەم ڕۆتینو دوبارەبوونەوەیە، هەتاوەکو ڕۆژێك لەناکاو هەستکردن به "مەحاڵ"مان تیادا دەوروژێو بێزارو وەڕس دەبین، سەرئەنجام هەستکردن بەبێزاریشمان، ژیانی ئامێریانەمان کۆتایی پێ دەهێنێت. لەدوای ئەمەشەوە ئەمجا ژیانی ویژدانی دەست پێدەکات. ئەو بەپرسیاری "بۆچی" هۆش بێدار دەکاتەوە. که ڕەنگه بێداربوونەوەی سەرتاسەری بەدوای خۆیدا بهێنێ، بێداربوونەوەیەك که ئیدی لەدوایەوە خەوتن نییه، تا بیرۆکەی مردنیش نەیەته بەرەوە مرۆڤ ناتوانێت بۆی بگەڕێتەوە.

بەم پێیه هەستکردن بەبێهودەیی بەمانای ڕەتکردنەوەی قیرسچمانەو بەردەوامی ئەوەی که جیهان مانایەك یان ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت، که ئەمەش لەخۆیدا هەستکردنێکی قوڵه بەبێ مانایی شتەکان. لوتکەی هەستکردن بەبێهودەییش، لوتکەی هەستکردنه بەمردن، یان بریتییه له (نەمانی شتەکان لەپاش مەرگی من، که بۆ خۆی هەستکردنێکی تاکگەرایانەی ڕەهایه به ڕوداوی مردن، وەکو لەلای هایدگەریش هەیە. ئەمەیه لوتکەی هەستکردن بەبێهودەیی: مردن، چڕیو قەرەباڵغی جیهانو بێ دەنگیو سەرسوڕهێنیەکەی ) ... هتد.



بێگومان وەڕسبوون خاڵی دەستپێکردنی نامۆبوونە، بێهودەیی لەخۆیدا هەڵگری جۆرێك لەناتەباییو پێچەوانەییه، پێچەوانەییەکه له ناوەوەیدایه چونکه ئەحکامه بەهادارەکان وەلادەنێتو ئەشیەوێت بەرگری له ژیانو مانەوەی خۆی بکات، لەکاتێکدا ژیان حوکمێکی بەهاییه ! بێگومان هەڵەیه بڵێین هاوڕێکییەکی بەردەوامه، بەڵام ناشتوانین ئەوە پەسەند بکەین که ژیان هاوڕێکیو هۆمۆجینی تێدا نەبێت.

بۆیه هەڵویستی بێهودەییو مرۆڤی بێهودە تەسەور ناکرێت، تەنانەت لەدەربڕینیشدا تەسەورناکرێت[٢]، ئەگەر وایه واته ئەگەر ژیانو شتەکان بێهودەن، کەواته با خۆمان بکوژین.

کامۆ مەسەلەی خۆکوشتنی کردۆته دەروازەی چونەناوەوەی چەندین وتارو کتێبی خۆی، لەوانه وتاری بێهودەییو خۆکوشتنو هەروەها کتێبی "ئەفسانەی سیزیف"ەکەی. کامۆ پێیوایه خۆکوشتن بنەڕەتیترینو شایستەترین بابەته که لێی بتوێژینەوەو بەدوای ماناکانیدا بگەڕێین، واته خۆکوشتن سەرچاوەی فکری کامۆیه، وەکو ڕۆپیتەر دۆلپێش دەڵێت: کێشەکه تەنها گەڕان بەدوای ماناکانی خۆکوشتندا نییه، بەڵکو کێشەکه ئیستغلالکردنی وەڵامەکەیه. خۆکوشتن کێشەی (مانای ژیان) دەخاتەڕوو، که ئەمەش دیدگایەکی غەریزییه بۆ سروشتی ژیانو بەگاڵتەجاڕی کۆتایی دێت، مرۆڤیش بەحوکمی ڕاهاتن بەرگەی دەگرێت. خۆ ئەگەر هۆکارە

[٢] – **الانسان المتمرد، البرت کامو ، ترجمه نهاد رجا – منشورات عویدات.**

ڕواڵەتیەکانمان تێپەڕاند، واتە مرۆڤ بەخواستی خۆی بمرێت، وەکو ئەوە وایە دانی بەوەدا نابێت کە پاڵنەرێکی قوڵ بۆ ژیانی نییە، ئەو کاتەش هیچ بەهایەك بۆ ژیان نامێنێتەوە، ئەی کەواتە ئەم هەموو ئازارە لەپێناوی چیدا بچێژین؟ خۆکوشتن بەواتای ئەوەی کە ژیان شایستەی ژیان نییە بەم شێوەیە کامۆ هەست دەکات کە مردنو خۆکوشتن باشترین کاردانەوەیە مرۆڤ لەبەرامبەر ژیانو بێهودەییەکانی ژیاندا بیگرێتەبەر، کەچی خۆکوشتن ڕەتدەکاتەوە. چونکە نایەوێت ڕوبەڕووی ئەزموونێك ببێتەوە کە ئەوسەری دیار نەبێت. لەبەرئەوە کامۆ بڕوای بە پێداویستیی بەردەوامبوونی ژیان هەیە. هەرچەندە بێهودەش بێت چونکە ئەو هەڵوێستی پاڵەوانانە بەتەنها لە ژیانکردندا دەبینێتەوە[٣].

بەم شێوەیە کامۆ دەمانخاتە بەردەم موفارەقەیەکی تراژیدیائامێزەوەو بەئاسانیش دەتوانرێت پەنجە بخرێتە سەر ئەم موفارەقەیە، کەئەمەش پێمان خۆش بێت یان نا دەربڕینە فەلسەفییەکانی لە هەر واتاو زناکێك خاڵی دەکاتەوە.

بەڕای کامۆ ڕۆژێ لەرۆژان هوشیارییەك دروست دەبێت کە یاخیبوون بەدوای خۆیدا بهێنێت!! ئەمە ئەو قەدەرە فەرزکراوەیە کە کامۆ وەکو مەرجو دەستپێکی بوونی مرۆڤایەتی دەیەوێت پێشکەشمان بکات، داماڵینو

---

٣ – پۆپێر دولیتی "کامۆو یاخیبوون" لا٩٧– ترجمە سهیل ئیدریس– دارالاداب.



گواستنەوەی مرۆڤ لەمرۆڤەوە بۆ ئاستی سوپەرمانەکەی نیچە، پاشان کردنی بە بابەتێکی سۆزداریو بەزەیی بزوێن کە لەبەرژەوەندی مرۆڤدا نیە، چونکە ئەو کاتە لەبەر دیوی دەرەوەی مرۆڤایەتی دیوی ناوەوەی مرۆڤایەتی دادەڕوخێ.

ناکۆکی بنەڕەتی لە تێگەیشتنی کامۆدا بریتییە لەو ڕوبەڕووبوونەوەو لێکدابڕانەی نێوان مرۆڤ خۆی کە وەك بوونەوەرێك بە هەلومەرجو ژیانی خۆی هوشیار بۆتەوە، لەگەڵ ئەو واقیعە بەرجەستەکراوەی بەردەمی، بەبێئەوەی هەوڵ بدات پەیوەندی دایلەکتیکی نێوانیان بدۆزێتەوە، کە ئەمەش بۆ خۆی جۆرە ئایدیالیزمێکە، واتە دابڕانو ناکۆکیە لەسیستەمە فکرییەکەیدا، کە ئەمەش لای هەر یەك لە ئەفلاتونو هۆسرەلو هیگڵو دیکارتیش بەشکڵو شێوەی جیاواز دەبینین، ئەمە کرۆکی بیرکردنەوەی ئایدیالیزمانەیە، کە بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی دیاردەو شتەکان پشت بە لۆژیك نابەستێت. جۆرج لۆکاچ بەم شێوەیە لەبارەی سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتو ڕێچکە تازەیەوە ئەدوێو پەردەی لەسەر هەڵدەماڵێ (ئەمانە فکرێك بوون بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانی فیکری بۆرژوازی هاوچەرخ پێکهاتن، ئەمانە زۆرتر پشتیان بەزەینرونیو قوڵڕۆچوون بەناخی خۆدا دەبەست).

کامۆ پاشئەوەی جەستەی ڕەتکردەوە، بەم ڕەتکردنەوەیەی، خۆکوشتنیشی وەکو ئومێدێکی فەلسەفیانە ڕەتکردەوە، دیستۆیەفسکی گوتەنی هۆش ڕوبەڕوی دیوارەکانی بێهودەییو جیهانی بێدەنگی دەبێتەوە، بۆیە بەدوای ژیانێکی شایستەتردا دەگەڕێت.

لای کامۆ مرۆڤی بێهودە خۆی ناکوژێت: بەڵکو دەژی بەبێئەوەی کە دەستبەرداری بچووکترین بۆچوونی تایبەتی خۆی بێت، دەژی، بێ هیواو بێسبەی دەژی، بێ خۆخەڵەتاندنو بێ تەسلیم بوون دەژی.. مرۆڤی بێهودە لە ڕێی یاخیبوونەوە خۆی ئازاد دەکاتو بوونی خۆی دەسەلمێنێت. کە ئەمەش جۆرێك جادو لەخۆدەگرێت، هەر ئەم جادوەش ئازادی دەکات. ئەو بەرپرسیاری نازانێت بۆیە بەبیانووی نەبوونی خودا هەموو شتێك بەشیاو دەزانێ.

یاخیبوونی بێ بنەما لەدژی جیهانێکی کرۆکپی مردوو هیچ هۆشیاریەکی مرۆیی کە خاوەنی بچووکترین سیمای شارستانی بێت، ناخولقێنێت. یاخیبوون بەشێوەی خولانەوە لەسەر بازنەیەك کە هیچ کلاوڕۆژنەیەکی نەبێت، یان هیچ نێردەوانەیەك بۆ سەرەوە ئاڕاستەی نەکات، بێسودە. چونکە خولانەوە لەسەر بازنەی بۆش هیچ گۆڕانێك پێکناهێنێت، بێگومان هیچ واتایەکیش لەخۆناگرێت، واتە یاخیبوونێکی بێئومێدو بێگۆڕانو بێمانایە.

ئامانج لەمە چییە؟ ئەی ئامانج لەبوونو کرداری مرۆیی لەبەردەم هەر دوو چەمکی ناکۆتای کاتو شوێندا چییە؟!

ئەمە ئەو پرسیارەیە کەفەلسەفەی بوونگەرایی بەگشتی دەیکات، کە هەر خۆیشی بە چەند وشەیەك وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت: بریتییە لە گەڕان بەدوای واتادا، ئەو گەڕانەی کە ڕاگەیاندنێکی گەورەی بۆ فکری لاهوتی –میتافیزیکی دروستکرد. بوونگەراییش بەهەمان ئەو ناوەرۆکانە دەگات کە ئەو ڕاگەیاندنە پێی گەیشتووە، نەك لەشێوازی خستنەڕووی پرسیارەکەدا،



وەکو مەسەلەیەکی بنەڕەتیو جەوهەری بۆ هەڵومەرجی مرۆییو بێهودەیی کە لکاوە بەقەدەرمانەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی زۆربەی فەیلەسوفانی ئایدیالیستی وەکو ئەفلاتون، دیکارت، بیرکلی، کیرکەگۆر، ولیەم جیمس، تەنانەت برگسۆنیش زەرورەی ئەوە دەسەپێنن کە مرۆڤ دوا ئامانجو سەرمەدی بێت، بەبێئەوەی هیچ پاساوێکیان بۆ ئەو ڕاوبۆچوونەی خۆیان هەبێت، ئەمە جگە لەئەحکامی ئەو وەڵامە عەبەسییەی کە بەو پرسیارە عەبەسییە دراوەتەوە، وەکو (ئیسحاق دۆیچەر) پەی پێ بردووە، بۆیە واتاو عەبەس، ڕوخسارو باڵای شتێکن: لەبەر ئەوە ناتوانین لەبارەی عەبەسەوە قسەبکەین تەنها ئەو کاتە نەبێت کە بەدوای واتادا وێڵین.

گەڕان بەدوای واتای ژیان لەدەرەوەی (بوون)دا و تێگەیشتن لەم (بوونە) گەڕانێکی بێهودەو بێ ئاکامە[٤]، چونکە ئەمە چوونە دەرەوەیە لە بوون، کە جگە لە خەونێکی میتافیزیکی بەولاوە هیچی تری لێ بەرهەم نایەت، بۆیە ئیلحادی وجودی ئیلحادێکی ڕاستگۆیانە نییە، چونکە بەردەوام بەدوای ئامانجو علەی فەوقیەوەیە، واتە بەدوای سیمایەکی مرۆییەوە نییە لەم بوونە، بەڵکو بەدوای شتێکەوەیەو لەدەرەوەی ئەم سیما مرۆییەوە، ئەم ئیلحادە، ئیلحادێکی سۆزدارانەو سەرکەشانەیە، پشت بە زانستو زانیاریی

---

[٤] –جرمین بری : البیر کامو– ترجمە جبرا ابراهیم جبرا– دارالپقافە فی بیروت باشتراك مع مؤسسە فرانکلین الامریکیە.

مرۆڤایەتی نابەستێو بەردەوام هەوڵدەدات مرۆڤ لەسەر وێنەی خوا دروست بکاتەوە٥.

کەواتە وجودیەکانیش (مەبەست وجوودیە ئیلحادییەکانە) بەهەمان ئەو بۆچوونە دەگەن: خوایەك نییە، کەواتە هەموو شتەکان بۆشو بێهودەن” بێگومان هەموو شتەکان بەنەبوونی خواوەند لەبەریەك هەڵدەوەشێنو نامێنن.

هەرچەندە بەئاشکرا ڕەگی ڕەتکردنەوەو یاخیبوون لەفەلسەفەکەی کامۆدا دەبینین، بەڵام یاخیبوونێکی تاکگەرانەی بێ میتۆد، ئەوەندەی لەسۆزێکی مرۆیی نزیکە ئەوەندە لەچوارچێوەیەکی ڕادیکاڵی بنیاتنەرەوە نزیك نییە. نامۆبوونی مێرسۆ لە گەندەڵیەکانی کۆمەڵەکەیو ڕاستگۆیی ئەو لەگەڵ خۆیدا، قینی ئەم لە گەندەڵییەکانی کۆمەڵەکەیو دژایەتی کردنی کۆمەڵەکەی ناکاتە ئەوەی کە یاخیبوونێکی ئاقڵانەو ڕێکخراوە بەئاراستەی ڕوخاندنی بناغەی بنکۆڵکراوی کۆمەڵگەی باوو هەوڵدان بۆ چەسپاندنو دامەزراندنی بناغەیەکی پتەوی کۆمەڵگەیەکی مرۆیی خاڵی لە درۆو دوڕوییو ناکۆکیو دژواریو چەوساندنەوەو زەوتکردنی مرۆڤایەتیی مرۆڤ کە بریتییە لە هۆکاری سەرەکیو ڕاستەقینەی ئەو نامۆبوونە.

---

**٥ کامۆ لە"مرۆڤی یاخی" یەکەیدا دەنوسێ : (مرۆڤ هەمیشە بەدوای شکڵێکدا دەگەڕێت کە لەسەر شێوەی خوادا خۆی تیادا بەرجەستەبکاتو خۆی تیا دابڕێژێت.**



کامۆ باشترین نوێنەری ڕاستەقینەی ماکی تاکێکی تاکگەرو ڕاڕاو نیگەرانە، ئەم تاکگەریەشی وایکردوە زۆربەی کات ڕێگەچارەی کاولکاریو نائەقڵانی هەڵبژێرێت، کامۆ لەبەردەم هەموو شتەکاندا یاخیبوونی خۆی ڕاگەیاندوە، تابەرەو ڕاڕەوەکانی بێهودەیی ئاراستەمان بکات، ئەو ئەوە ڕەتدەکاتەوە لە دروستکردنی جیهاندا بەشداری بکات، چونکە هەر جیهانێك کە هەیە یان لەپاشەڕۆژدا دروست دەبێت چەندە کامڵو نموونەیی و بێ کەموکورتی بێت، منداڵان تیایدا دەمرن، وەکو کامۆ خۆی دەڵێت: کەواتە پێویستە مرۆڤ، هەموو مرۆڤەکان سیزیفی سەردەمەکەی، خۆیان بنو بەشان گاشەبەردەکەیان سەرخەنە سەرەوە، بە بێئەوەی سکاڵا یان گلەییو گازندە بکەن، ئەگەر ئارەزویەکیش بۆ تێپەراندنی ئەم دۆخە هەبێت، واتە ئەگەر ئارەزوویەك بۆ تێپەراندنی بێهودەییو ڕۆتینی ژیانی کۆمەڵ هەبێت ئەوا چەشنی ڕاچنینەکەی کالیگۆلا –لەگەڵ بیری مەسیحی دا یەکدەگرێتەوە– چونکە ئەویش جەخت لەسەر زەرورەی دامەزراندنی دادگەرییەکی نوێ دەکاتەوە. خەڵكو ڕەعیەتەکەی کالیگۆلا هەموویان گوناهکارن، چونکە سروشتی شتەکان سەپاندویەتی کە مرۆڤەکان هەموویان مەحکومن بەمردن! ئەم ئاسانکرنەوەیە زیادەڕۆییەکی زۆری تیادایە، کە لە بنەڕەتدا لەو لۆژیکەوە وەرگیراوە کە لەفکری مەسیحیدا بۆ یەکەمین گوناه هاتووە.

تاعون لای مێرسۆ بریتییە لەو هۆشیاریە ناوەکییەی کە پێیوایە بوونی مرۆڤ لەم دنیایەدا جگە لە ڕێکەوتێکی کاتیو تێپەڕ هیچی تر نییە، “ئەم هوشیاریەش سەرچاوەی هەموو ئەو ئازارانەیە کە یەخەی ئێمەی لەم چەرخەدا گرتووە. تارو هەموو ئەو پەیوەندیو ڕایەڵانەی پچڕیوە کە

دەیبەستێتەوە بەو كۆمەڵگەیەوە كە ئیدانەی كردوە، كۆمەڵگەیەك كە بەئەنقەستو بەناوی دادگەرییەوە خەڵك دەكوژێت، كاتێكیش هەوڵدەدات لە جوڵانەوەیەكی سیاسیو شۆرشگێڕییدا كاربكات بەمەبەستی چاكسازیی كۆمەڵایەتی تەماشایكرد جارێكی تر لەتوێی ئەم كارەدا چەندان تاوانی تر بە بەرچاویەوەو بەناوی یاساوە دەكرێت. ئەوجا تارو تێدەگات بڕوایەك نییە شایستە بێت بەكوشتن. لەبەرئەوە لەوەبەدواوە بەشداری هیچ كارێكی خراپ ناكاتو لەدژی تاعون خەبات دەكات "هەر بەو جۆرەی كە كەشیشەكان بانگەشەی بۆ دەكەن، ئەویش دەروونی خۆی دەكوژێت" هەتا كار دەگاتە ئەوەی بەلایەوە ئاساییە كۆتایی بە ژیانیشی بهێنێت، ئەمە سەرباری ئەوەی كە پوچی بێهودەیی كارەكەی خۆی (خۆكوشتنەكەی)شی دەزانێت.

لێرەدا مۆركێكی تراژیدیاییانەی خەباتو گیانی ڕەشبینییەكی قارەمانانە دەبینین، تا لەو ڕوبەڕوبوونەوە دایلەكتیكیەدا بەرجەستە ببێت، ئەو ڕوبەڕوبوونەوە دایلەكتیكیەی كەهیچ دەروازەیەكی بۆ چوونە دەرەوە نییە، هەر وەكو ماركسو هیگلیش جەختیان لەسەر كردۆتەوە هەتاوەكو هەلومەرجەكە هەروەكو خۆیو لەپێناوی خۆیدا بمێنێتەوە هیچ دەروازەیەكی بۆچوونە دەرەوە نییە، كەئەمەش دژایەتیەكی دراماتیكی ناواقیعییانەیە، كەواتە ئێمە لەبەردەم چارەنوسێكی سەلبیداین، هەڵبژاردنی گرفتو كێشەكانمان بەدەست خۆمان نییە، (هەر وەكو كامۆ لە"مرۆڤی یاخی"دا وتوویەتی)، بەڵكو گیروگرفتو كێشەكان ئێمە هەڵدەبژێرن، ئێمەش تەنها شتێك كە بەناچاری دەتوانین بیكەین ئەوەیە ئەو كێشەو گرفتانە پەسەند بكەین، وەك چۆن سیزیف بەوپەڕی ئارامییەوە چارەنوسی خۆی



پەسند كردو ملی بۆ كەچكرد. كاریگەریی ئەو بۆچوونە میسۆلۆجیانەی بیری لاهوتییو مەسیحی كە لەپەیوەند بەگوناهو دەستەوەستانیو نەزانیی مرۆڤەوە هەیانە بەئاشكرا بەسەر تێڕوانینەكانی كامۆوە دیارە، كاتێك كامۆ لەبەرامبەر تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ گەردوونو بووندا خۆی وەكو بونەوەرێكی خاوەن هەستو ئاوەز بەهەمان ڕادەی مرۆڤە سەرەتاییەكان دەبینێ، كە لە بەرامبەر شیكردنەوەی ڕاستەقینەو زانستیانەی دیاردە سروشتیەكاندا دەستەوەستان بوون، ئەو بەم كارەی لەگەڵ ڕێچكەی فەلسەفە كۆنەكاندا یەكدەگرێتەوە. ئەو فەلسەفانەی كە هەڵقولاوی ڕۆژگارێك بوون كە هیچ باسو لێدوانێ لە پێشكەوتنی فیزیاو بایۆلۆجیاو گەردونناسی لە ئارادا نەبوو.

ڕەنگە دیارترین تۆمەت كە درابێتەپاڵ كامۆ تۆمەتی یاخیگەرییەكەی بێت، یاخیبوون لەدژی گەردونێكی ئالۆزو نائەقڵانی، یان لە دژی مردنو دەستەوەستانی مرۆڤو ئەقڵی مرۆیی. زاراوەی یاخیبوون جگە لەوەی زاراوەیەكی سەرنجراكێشە، بۆ خۆیشی ئەفسوونێكی سەیری تیادایە، هەر لەگەڵ گوێبیستی دەبێن جادومان لێدەكات، بەڵام با بزانین یاخیبوون لای "كامۆ"چۆن كەوتۆتەوە.

تێزێكی دیاریكراو كەبتوانین لەپەیوەند بەكێشەی "یاخیبوون "ەوە بیروراكانی كامۆی لێهەڵگۆزین هەربەتەنها بەرهەمی "مرۆڤی یاخی "ەكەی نییە، بەڵكو هەموو كتێبەكانی ئەو لە ڕوییەك لە ڕوەكانیاندا بە دەوری ئەو مەسەلەیەدا خول دەخۆن، كامۆ هەوڵ دەدات ناكۆكیە بنچینەییەكان بشارێتەوەو بیانكاتە ناكۆكی پلە دوو، ئەو هەوڵ دەدات بەگرتنەبەری

جۆرەها ڕێگەی نامەنهەجیو ئاشوبئامێز شۆڕش لەدیسپلینو نەخشەو پیلانە زانستییەکانی دابڕێتو بیگۆڕێت بۆ یاخیبوونێکی بێ بەرنامەی ئانارشیستانەی ئەبستراکت. ڕەگو ڕیشەکانی نائەقلانیەتی ژیان بەناخی واقیعی ژیان خۆیدا ڕۆچۆتە خوارێ، دروست وایە لەناو خودی ژیاندا بۆی بگەڕێین، تا نەشتوانین دەست بەسەر ئەو هۆکارە سەرەکیو ڕاستەقینە بنچینەییانەدا بگرین کە ئەم هەموو نامۆبوونو ستەمو زۆردارییەیان خولقاندووە ناتوانین کۆتایی بەو دزێویو ناشیرینیانە بهێنین کە ئەم بێزاریو بێدەربەستیو نەزانییەیان دروستکردوە، زەحمەتە ژیان بەرەو باشتر ڕێ بکات، گەر ڕێکخستنی جیهان لە ئەقلانیەتێکی مرۆڤگەریانە بەهرەمەند نەبێت، هەر کەسێکیش جگە لەم ڕێگەیە ڕێگەیەکی تر هەڵبژێرێت بە پێچەوانەی ڕەوتی ڕاستەقینەی مێژووەوە ڕێگا دەبڕێت. بەڵام مێژوو شتێك نییە لەلای کامۆ نرخی هەبێت. هەڵبژاردنی فەلسەفەی بوونگەراییش بۆ ئەم فەوزاو بێ سەروبەرەییو نائەقلانیەتە هیچ کێشەیەکی چارەسەر نەکردوە، بەڵکو هێندەی تر ئاڵۆزی کردون، هەروەها ئەوەندەی تریش مرۆڤی دەستەوەستان کردوە، ئا بەم شێوەیە هێندەی تر فەلسەفەی پوچگەرایی پوچکردۆتەوەو کردویەتیە نەهیلیزمێکی ڕەشبینانە.

واتای ژیان لەناخی خۆمانەوە هەڵدەقوڵێت، ئا لەو ساتانەشدا هەڵدەقوڵێت کە بیرو خەیاڵ بە دینامیکیەتی هەڵچوونێکی دەروونی چێژبەخش بارگاوی دەبن، دژایەتیکردنی خراپیو دزێویەکانی ژیانیش بەهۆی ڕەتکردنەوەیەکی تاکگەریانەی ئانارشیزمانەوە ناگاتە ئەنجام، بەڵکو لەڕێی پەیوەندییەکی دایلەکتیکیو چارەنوسسازو هۆشیارانەوە لەگەڵ



کۆمەڵو هێزە ڕوولەسەرەکانی ژیانو ڕێکخستنێکی ئاقڵانەی ژیانو گوزەرانو هەموو پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانو پانتاییەکانی مەعریفەی مرۆییەوە دەبێت. مرۆڤ بوونەوەرێکە شەڕ لەگەڵ مردندا دەکاتو هەروەها هاوبەشیشیەتی، هەروەك "لفیفر"دەڵێت: مرۆڤ هەر تەنها ئەو بوونەوەرە نییە کە لەناوەوە بوونو کەسایەتی زەوت کرابێت وەکو سارتەر دەڵێت، هەروەها نێچیری هێزێکی گەردوونیش نییە وەکو نێچە پێیوایە. بەڵکو مرۆڤ نێچیری ئەو هەستی دابڕاویو دورەپەرێزیو خۆگەمارۆدانەیە کە لە ناخی خۆیدایە. مرۆڤ وەکو ئەو دەنکۆڵە لمە وایە هەست بەتاکێتی خۆی دەکات، بەڵام هەست بەپەستان و پاڵەپەستۆی دەنکە لمەکانی تریش دەکات کـــــــــە دەکرێت وەکو(جەماوەر_ کۆمەڵگە) سەیریان بکەین. مرۆڤ لەژێر گوشاری خوونەریتو بەها کۆمەڵایەتیەکاندایە کە زۆربەی کات چینی دەسەڵاتدار ڕێکیاندەخات. باشە ئەم ناکۆکیانە چۆنچۆنی چارەسەردەکرێن؟ ئایا بە ملکوتان بەرەو ناماقوڵو مەحاڵ چارەسەردەکرێن؟ کە هانی تاك دەدات خۆبەخۆ چارەسەری ڕوکەشانە بۆ کێشەکانی خۆی بدۆزێتەوە. لای کامۆ، ئەم تاکە تامەزرۆیە، حەزدەکات هەموو شتێك چارەسەربکاتو دژی هەموو شتێکیشە. هەرچەند کامۆ شەیدای یاخیبوونە، بەڵام یاخیبوونەکەی ڕیفۆرمئامێزو میانڕەوانەیە. ئەو شەیدای یاخیبوونی ئەو ئایدیالیستانەیە کە لەدژی زاتی خواوەند یاخی بوون، بۆ نموونە زۆر حەزی لە دیمەنی نیچایفو ساسنۆف بوو، هەروەها شەیدای یاخیبوونی "رامبۆو دیسادو نیچەو سورریالیەکانو شۆڕشگێڕە تۆباویەکانی ڕوس" بوو، ئەمە جگەلەوەی کە سەرسامی یاخیگەراییەکەی

مارکسو هیگلیش بووە. کە ئەمەش لەخۆیدا تێکەڵییەکی ناهۆمۆجینی لە بۆچوونی یاخیگەریانەی کامۆدا دروستکردوەو سەرئەنجام ئەوی وەکو ئانارشیستێك خستۆتەڕوو، ئەو لەوکاتەدا دژایەتی توندوتیژیی جەلادەکان دەکات، دژایەتی توندوتیژیی شۆڕشگێڕانەی سۆسیالیستەکانیش دەکات. لای ئەو پرۆمیسیۆس چیدی ڕەمزی خەباتو تێکۆشان نییە، بەڵکو ئەویش قەیسەرێک ە[6] بۆخۆی. بەم شێوەیە ئاماژە بۆ چیرۆکی لادانی سەرتاسەریانەی شۆڕش دەکات، پێیوایە (توندوتیژی شۆڕشگێڕانەی مارکسی، تاوانی کوشتنێکی پاساودراوە کە پشتئەستورە بە لۆژیکی مێژوویی)، هەروەها وەکو "پێری" ئاماژەی پێداوە، لەجیاتی دژایەتیکردنو ڕەخنەگرتنو هێرشکردنەسەر "نازیزم"[7] دژایەتی مارکسیزمی کردوەو هێرشی کردۆتە سەر مارکسیزم (مرۆڤی یاخی_١٩١٥) گوایا مارکسیزم

[6] "ئەندرێ مالڕۆ" بۆ دژایەتی کردنو بەگژاچوونەی بێهودەیی‌و پوچێتیی ژیان ڕێگەیەکی هەڵبژارد پێچەوانەی ڕێگەکەی کامۆ بوو، لای مالڕۆ شۆڕش ئەو ڕێگە دروستو گونجاوە بوو کە وەڵامی سەرجەم تراژیدیاکانی سەردەمی دەدایەوە.

[7] کامۆ لە کتێبی "مرۆڤی یاخی"دا لەبارەی هێتلەرەوە دەڵێت: "هێتلەر سەوداسەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی جیهانی بوو، کە هەر ئەمەش نهێنیی بەهێزیو قوڵیی بۆچوونو گرنگیی ئەون لە مێژووی هاوچەرخەماندا"



خەیاڵگەرییەکی ڕووتی مێژووگەریە کە پشتدەبەستێ بەسەرکوتی ڕێکخراوو تێگەیشتنی مەکیاڤیلیانە بۆ ڕەوشی سیاسی، لەکاتێکدا مارکس هەر لە دەستنوسە سەرەتاییەکانیدا وتویەتی: "ئەگەر بۆ هەر ئامانجێك دەست بۆ ئامرازی نادادگەرایانە بەرین، ئەوا ئەو ئامانجە نادادگەریانەیە"، بەڵام کامۆ لەمە واوەتر دەڕواتو بە ڕەخنەگرتن لە مێژووو لۆژیکی مێژوو و خۆی دەکاتە حاکمێکی دادپەروەر، تا بڕیار لەسەر ڕاستیو ناڕاستی شتەکان بدات. جا پاشتر دێتو تێگەیشتنێکی نوێ بۆ شۆڕشو توندوتیژیو چەندان چەمکی تر دەداتە دەستەوە، تێگەیشتنێك کە بەناوی ئازادی بێسنورو دادپەروەری بێسنورەوە یاخیگەرایی هەڵدەوەشێنێتەوەو نایهێڵێت[8]، تەنها بە یاخیبوونێکی کەمو بە دادپەروەرییەکی کەم جێگەی دەگرێتەوە. ڕەنگە مەبەستی ئەوەبێت کە لەم ڕێیەوە خۆی لە ڕوبەڕوبوونەوەی ئەو ئیرهابو کوشتو کوشتارە بدزێتەوە کە دژی ئازادی تاکەکەس ئەنجام دەدرێن.

[8] مۆریس میرلوبونتی، فەیلەسوفی وجودیی فەرەنسی، بۆ تێگەیشتنی هەلومەرجی ئازادیو توندوتیژی لە کامۆ واوەتر دەڕواتو دەڵێت: دەشێت سیستەمی دەسەڵات هەربەناو ئازادیخوازس بێتو لەبنەڕەتدا سەرکوتگەربێت. کێشەکەیش لەسەر ئەوەی کە ئازادیخوازان چی دەکەن وەستاوە، نەك لەسەر ئەوەی کە چ شتێك دەڵێن.

نمونەیەك لە وتارەكانی ئەلبێر كامۆ:

## دەربارەی بێهودەییو خۆكوشتن[9]

تـەنیا یـەك مەسـەلەی فەلـسەفی بەڕاسـتی جـدی هەیـە، ئـەویش خۆكوشتنە. ئەم حوكمدانەی كـە ئایـا ژیـان نرخـی ئـەو زەحمەتـەی هەیـە بەسەری ببەین یان نیەتی! وەڵامێكە بەمەسـەلە بنەڕەتیەكـەی فەلـسەفە. مەسەلەكانی تری وەك ئەوەی كە ئایا جیهـان سـێ ڕەهەندییـە؟ وتـەزاكان نۆدانەیین، یان دوانزە دانەیی؟ لەدوای ئەوەوە دێن.

ئەمانە قسەگەلێكن كە دەبێت سەرەتا وەڵامیان بدەینەوە. خـۆ ئەگـەر بـەو شـێوەیە بـێ كـە نیچـە دەیویـست، كـەدەڵێ پێویـستیی فەیلەسـوف ئەوەیە بەڕێزو ئامۆژگاریكار بێت، بایەخی ئەم وەڵامە باشتر درك دەكرێت. چونكە ئەمە وەڵامی پێشەكی ئەو كارەیەو، ئەم وتانەش ڕاستیگەلێكن كـە دڵ پەسەندێتی. بەڵام بۆئـەوەی لەلایـەنی ئەقڵیـەوە ڕون ببنـەوە، دەبێـت تیایاندا قوڵ ببنەوە.

---

[9] سەرچاوە:

**فلسفەای پوچی، البیر كامو، ترجمه دكتر محمد تقی غیاسی، ده مقاله، چاپ سوم_ تابستان ١٣٥١.**



ئەگەر لەخۆمان بپرسین كە چۆنچۆنی دەتوانرێت بزانرێت فڵانە مەسەلە لە مەسەلەكانی تر گرنگترو بایەخدارترو پێویست ترە؟ وەڵامەكە ئەمەیە:— ئـەوەی كـە خوازیـاری هەنگاونانـە، مـن هـەرگیز نەمـدیوە كەسـێ بـەهۆی مەعریفەزانییەوە خۆی بكوژێت، گالیلۆ كـە پـەی بـە ڕاسـتییەكی زانـستیی گرنگ بردبوو، هەر ئەوەندەی كە بینی ئەو ڕاستییە خەریكە ژیانی دەخاتە مەترسییەوە، بەئاشكرا نكوڵی لێكرد. ئـەو لەڕوبەكـەوە كـارێكی دروسـتی كردوە، چونكە ئەم ڕاستیە نرخی ئەوەی نەبو ئەو لەپێناویدا بسوتێنرێت.

جیاوازیی چیە زەوی بەدەوری خۆردا بـسوڕێتەوە، یـان ئـەو بـەدەوری ئەمــدا بخولێتــەوە، بەكورتیەكــەی ئــەم مەســەلەیە زۆر گــرنگ نیــە. بەپێچەوانەوە دەبیـنین كەسـانێكی زۆر كۆتـایی بـەژیانی خۆیـان دەهێـنن، چونكە لەو باوەڕەدان كـە ژیـان ئـەوە ناهێنێـت بـژین، یـان هەنـدێ كـەس خۆیان لەپێناوی باوەڕو ئارەزوگەلێكدا بەكوشت دەدەن، كەدڵی خۆیانیـان پێ خۆشكردبوو و لەپێناویدا دەژیان. (ئەوەی كە خـەڵكی بـە بەهانەیـەكی دادەنێن بۆ ژیانكردن بەهانەیەكی زۆر باشیشە بۆ مردن) كەواتە مانای ژیان پێویستترین مەسەلەیە. دەبێت چۆنچۆنی وەڵامی پێ بدرێتەوە؟

بۆ هەموو مەسەلە سەرەكیەكان دوو شێوە بیركردنەوە هەیە، واتە ئـەو مەسـەلانەی كـە بەكوشـتمان دەدەن، یـان ئەوانـەی كـە حـەزی ژیانمـان لا زۆرتـر دەكـەن، جـۆری بیركردنـەوەی (لاپـالیس)و جـۆری بیركردنـەوەی (دۆنكیشۆت). تەنیا هاوسەنگی لەنێوان واقعیەتو خەیاڵدا توانای ئەوەمان پێدەدات كە لە یەك كاتدا سۆزو ئەقڵمان دەستبكەوێت.

ئاشکرایە لەبابەتێکی ئاوا سادەو ئاسانو لەهەمان کاتدا گەرمو گوڕدا، دەبێ لۆژیکی کۆن و مامۆستایانە شوێنی خۆی بدات بە جۆرە هەڵسەنگاندنێکی سادەتر کە لە هەمان کاتدا دەربڕی ئەقڵو سۆزیش بێت. تا ئێستا تەنیا لەدیدگای کۆمەڵایەتیەوە لەخۆکوشتنیان کۆڵیوەتەوە. لەم وتارەدا بەپێچەوانەی ئەمەوە قسە لەو پەیوەندییە دەکەین کە لەنێوان بیرکردنەوەی فەردیو خۆکوشتندا هەیە.

کردارێکی وەکو خۆکوشتن، وەکو بەرهەمێکی گەورە لە بۆشایی سینەدا بێئەوەی مرۆڤ خۆی ئاگای لێبێت پێویستیەکانی بۆ ئامادە دەکرێ، شەوێك فیشەکێ دەنێت بە خۆیەوە یان خۆی لە ئاودا دەخنکێنێت.

ڕۆژێکیان کەسێك لە پەیوەند بەبریکارێکی کشتوکاڵی کەخۆی کوشتبوو پێیوتم:– (پێنج ساڵ بوو کچەکەی لەدەست دابوو، لەوکاتە بەدواوە گۆڕابوو. ئەم ڕوداوە ئەو پیاوە بەسەزمانەی لاوازو بێ چارە کردبوو)، قسەیەکی لەمە باشترت دەست ناکەوێ. سەرەتای بیرکردنەوە، سەرەتای داماوبوونە، لەم قۆناغە بەراییانەدا شتێ نیە کەخەڵکی ببینن، دڵی ئەو پیاوە کرمۆڵ دەبێت، دەبێت ئا لەوێدا بەدوایدا بگەڕێین. پێویستە بەدوای ئەم یاریە مەرگبارەدا بڕۆینو لێی تێبگەین کە لە ڕۆشنبینی لەبەرامبەر بووندا بەڕاکردن بۆ ئەودیوی ڕۆشنایی کۆتایی دێت.

هەر خۆکوشتنێ هۆکارێکی تایبەت بەخۆی هەیە، بەشێوەیەکی گشتی ڕۆشنترین هۆکار کاریگەرترینیان نیە، بەدەگمەن کەسێ بەهۆی



بیرکردنەوەی قوڵەوە خۆی دەکوژێت (ئەگەرچی نکوڵی لەم گریمانەش دەکرێت).

ئەو شتەی کەدەبێتە مایەی سەرهەڵدانی قەیرانەکە زۆرجار قابیلی لێکۆڵینەوە نیە. زۆربەی کات ڕۆژنامەکان لەبارەی (سەرنەگرتنی خۆشەویستی) یان (نەخۆشیە بێ چارەسەرەکان)ەوە دەدوێن. ئەم ڕونکردنەوانە شیاوی پەسەندکردنن بەڵام دەشبێت ئەوە بزانرێت کە ئایا لە ڕۆژی خۆکوشتنەکەدا یەکێك لە هاوڕێکانی ئەم کەسە بێ ئومێدە بەساردو سڕییەوە لەگەڵیا نەدواوە؟ ئەگەر وابێت ئەوا ئەو هاوڕێیە تاوانبارە. لەبەرئەوەی کە هەر ئەمە بەسە بۆئەوەی هەموو دڵتەنگیو بێزاریە نوستوەکانی بوروژێنێت. ئەگەر دیاریکردنی کاتی ئەو دەستپێشخەریە هەستیارەی کە لە دەرونی مرۆڤدا مەرگ هەڵدەبژێرێت دژوار بێت، ئەوا دیاریکردنی ئەو ئاکامانەی کەلەم کارەوە دەکەونەوە زۆر ئاسانە. بەواتایەك، وەك "ئینتیحار" لە نمایشنامە خێراکاندا جۆرە دانپیانانێکە. داننان بەمەی کە لە کاروانی ژیان دواکەوتوین، یان لە مانای ژیان تێناگەین، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە لە زۆرێك لەم لێکچواندنانەدا وردو دەقیق نەبینو دیسان لەزاراوەگەلێکی ئاساییو بەکارهاتوو کەڵك وەرگرین، خۆکوشتن داننانە بەوەی کە ژیان ئەوە ناهێنێت، بێگومان هەرگیز ژیان ئاسان نیە.

بەهۆی هۆکارگەلێکی زۆرەوە کە یەکەمینیان خووە، ئێمە درێژە بەکارو کردارێك دەدەین کە هەڵقولاوی یاساو ڕێسای بوونن، مردنی خۆویستانە بەڵگەی ئەوەیە هەستمان بە لایەنی گاڵتەجاڕیی ئەم خووە

کردوە، نەبوونی هیچ جۆرە هۆکارێکی پتەو بۆ ژیانکردن‌و بێهودەیی کاروباری ڕۆژانەو بێهودەیی ڕەنجکێشان، با بەشێوەیەکی غەریزیش بێت.

ئەی کەواتە ئەمە چ هەستێکی سەرسوڕهێنە کە دەرونمان لەخەوێك بێبەری دەکات، ئەو خەوەی کە پێویستە بۆ ژیان؟ جیهانێك کە بتوانرێت تەنانەت بە بەڵگەگەلی سست پاساو بدرێ دیسان جیهانێکی ئاشناو خۆماڵییە. لەکاتێکدا بەپێچەوانەوە، لەجیهانێکدا کە لەپڕ مرۆڤ لەو ئارەزو و ڕوناکییانە بێبەش بوو هەست بەنامۆیی دەکات. ئەم نامۆبوونە، بێ ئەملاولا لەچارنەهاتووە، لەبەرئەوەی مرۆ تیایدا لەیادەوەریەکانی بەهەشتی ونبو، یان ئومێدبەستنەوە بە خاکی بەڵێنپێدراو بێ بەش دەبێت. ئەم کەلێنەی نێوان مرۆڤو ژیانی، ئەم جیاییەی نێوان ئەکتەرو تەختەی نمایش، هەمان هەستی پوچی‌و بێهودەییە، ئەگەر هەر مرۆڤێکی تەندروست لەبیری خۆکوشتندا بێت، ئەوا دەکرێ بەبێ چەندو چون ئەوە قبوڵ بکەین کە لەنێوان هەستی پوچێتی‌و ئاوازی نەبووندا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە.

بابەتی ئەم وتارەش هەر هەمان ئەم پەیوەندیەی نێوان پوچیی ژیان‌و خۆکوژییە، واتە ئاستێکی دیاریکراوە کەتیایدا خۆکوژی بەوەڵام‌و ڕێگاچارەی پوچی دادەنرێ. دەتوانرێت ئەوە وەکو بنەمایەك وەربگیرێت کە کاتێ مرۆڤ نایەوێت خۆی فریو بدات، دەبێت ئەوەی کە بەڕاستی دەزانێت بەرگی کاری لەبەر بکات. کەواتە باوەڕ بە پوچێتی ژیان، دەبێت ڕێنوێنیکەری ڕەفتاری ئەو بێت، مرۆڤ دەتوانێت بەڕونی‌و بەبێ ئەوەی نێوچاوانی گرژ بکات لەخۆی بپرسێت ئایا ڕێگەچارەیەکی ئاوایی پێویستی



بەوەیە کەمرۆڤ هەرچی زوترە ئەم ژیانە ئاڵۆزە جێبهێڵێ؟ ئەم لێ وردبوونەوە بەجێیە مافی هەر مرۆیەکە، هەڵبەتە مەبەست لەو کەسانەیە کەدەیانەوێت لەگەڵ خۆیاندا بگەنە ڕێکەوتنێ.

کاتێ کێشەکە بەم شێوە سادەیە باسی لێوە دەکرێ، دەشێت لەهەمان کاتدا سادەو لەچارە نەهاتو بێتە بەرچاو، بەڵام لەخۆڕا وا دەزانرێت کە پرسیارگەلێکی ئاسان دەبنە هۆی وەڵامگەلێك کە لە پرسیارەکان گرانتر نین، وا تەسەور دەکرێت پرسیاری ڕۆشن پێویستی بەوەڵامی ڕۆشنە. لەسەرەتای مەسەلەکەداو بەئاوەژووکردنەوەی بەشەکانی مەسەلەکە، وەك ئەوەی کە کەسانێك خۆیان دەکوژن‌و کەسانێکی تر خۆیان ناکوژن، وا دەنوێنێ کە لە دوو ڕێگەچارەی فەلسەفی زیاتر بوونی نیە. پەسەندکردنی ژیان یان ڕەتکردنەوەی. بەم شێوەیە مەسەلەکە زۆر سادە دەبێت.

بەڵام تاقمێك هەن کە بەردەوام دەپرسن‌و هەرگیز ناگەن بەئەنجامێك بە ڕاستمەو گاڵتە ناکەم: زۆربەی خەڵك لەم تاقمەن، هەروەها دەبینرێت کەسانێك ژیانیان پێ قبوڵ نیە، بەڵام وەها دەژین وەك بلێی لەڕوانگەی ئەندێشەوە ژیانیان قبوڵ کردوە، لە ڕاستیدا هەر بەو شێوازەی کە نێچە لە سەر ئەو بڕوایە بوو، هەرچی چۆنێك بێت ئەم تاقمە ژیانیان قبوڵ کردوە. بەپێچەوانەوە کەسانێك کە خۆیان دەکوژن، زۆرتر وا ڕێدەکەوێت کە لە مانای ژیان دڵنیا بوون. هەمیشە ئەم لێکدژیە هەیە. تەنانەت دەتوانرێت بوترێت کە لە هیچ مەسەلەیەکی تردا لێکدژییەکان تا ئەم ئاستە توند نین.

هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە لێرەدا لۆژیك زەرورییە، بەراوردی بیروڕای فەلسەفیو ڕەفتاری کەسانێك کە ئەم بیروڕایانە دەردەبڕن مەسەلەیەکی باوو ئاساییە. بەڵام بائەوەش بڵێین کە لە نێو ئەو بیریارانەی نکوڵییان لە ژیان کردەوەو هیچ یەکێ لۆژیکی خۆی بۆ وازهێنان لە ژیان بەکارنەبردوە، جگە لە (کیرلوف) کە پەیوەندی بە بواری ئەدەبیاتەوە هەیە. زۆرجار وەکو گاڵتە چیرۆکی شۆپنهاوەر باس دەکرێت، کە لەبەرامبەر مێزی پڕ لەخواردنو خواردنەوەدا دادەنیشتو ستایشی خۆکوشتنی دەکرد. کوێی ئەم کارە پێکەنینهێنە؟ بەمشێوەیە ناجدی وەرگرتنی کارەساتەکە هێندە گرنگ نیە، بەڵام ئەم شێوە کارە سەرئەنجام لەمەڕ هۆکارەکەی دادوەرییەك دێنێتە ئاراوە.

لەبەرامبەر لێکدژیو ناڕۆشنیەکاندا، ئایا دەتوانرێت باوەڕ بەوە بکرێت کە هیچ پەیوەندییەك لەنێوان باوەڕەکانی ئێمە لەپەیوەند بەژیانو هەنگاونان بۆ وازلێهێنانی نییە؟ لەم ڕووەوە نابێت زێدەڕۆیی بکەین. ئارەزوی ژیان حاڵەتێکە لە سەروی هەموو چەرمەسەریەکانی جیهانەوەیە.

کار لەئەندێشە کەمتر نیە، جەستەی مرۆڤ لە دەست عەدەم (نەبوون) ڕادەکات. بەرلەوەی خو بە بیرکردنەوەوە بگرین، خو بەژیانەوە دەگرین. لە پەلەپەلێکدا کە هەموو ڕۆژێ کەمێك لە مردن نزیکترمان دەکاتەوە جەستەی ئێمە شوێنەواری ئەم پێشڕەوییە لەچار نەهاتووە ڕادەگرێتو لەخۆیدا دەیهێڵێتەوە. بەکورتییەکەی بنچینەی ئەم لێکدژیە حاڵەتێکە من ناوی دەنێم (هەڵاتن)، لەبەرئەوەی ئەم هەڵاتنە لەعەدەم لە یەك کاتدا کەمترو مەزنترە لەو گوزەراندنی تەمەنەی کە پاسکاڵ باسی کردوە.



هەڵاتنێکی مەرگاوی کە سێهەمین بابەتی ئەم وتارەیە ئومێدە: ئومێد بەژیانی دوایی، کە دەبێت شایستەی ئەوە بێت پێی بگەیت، ئومێد فێڵی ئەو کەسانەیە کە نەك لەبەر ژیان، بەڵکو لەبەر باوەڕێکی پاكو شکۆمەنددا دەژین کە لە خودی ژیان باڵاترە، ئەم باوەڕە، ژیان ناسكو پاك دەکاتەوە، مانای پێ دەبەخشێو لەهەمان کاتیشدا ڕیسوای دەکات.

بەم شێوەیە، هەموو شتێك دەست دەدەنە دەستی یەکترو ئەم مەسەلەیە ئاڵۆز دەکەن، بێهودە نیە کە تاقمێ یاریکردن بە وشەیان کردۆتە پیشەو واخۆیان دەردەخەن کەباوەڕ بەپوچێتی ژیان، بەناچار قبوڵ کردنی ئەو قسەیەیە کە بڵێین ژیان ئەوە ناهێنێت خۆمانی پێوە هیلاك بکەین. لەڕاستیدا ئەم دوو حوکمە لەگەڵ یەکتردا نایەنەوە، بەڵام نابێت ڕێگەبدەین ئەو ئاڵۆزیو جیاییو بێ ئەقڵییانەی کە ئێستا باسکران گومڕامان بکەن. دەبێت بەرچاومان ڕوون بکەینەوەو مەسەلە واقیعیەکە بناسین. کەسانێك خۆیان دەکوژن چونکە ژیان ئەوە ناهێنێت خۆیانی پێوە هیلاك بکەن. هەڵبەتە ئەمە هەقیقەتێکە، بەڵام هەقیقەتێکی نەزۆكو بێ بەرهەمە، لەبەرئەوەی ئەم هەقیقەتە هەموو کەس دەیزانێت چ دەستەبژێرو چ خەڵکی بەگشتی. بەڵام ئایا ئەم سوکایەتییە بە ژیان، ئەم مۆری خراپییەی دەیدەن بەنێوچەوانی بوونەوە لەبەرئەوەیە کە ژیان بێ مانایە؟ ئایا پوچیی ژیان سەپێنەری ئەوەیە کە بە دەستەودامێنبوونی ژیانی دواییو دەستبردن بۆ خۆکوژی لێی ڕابکەین؟ دەبێ بەدوای ئەم مەسەلەیەدا بڕۆینو ڕوون بکرێتەوە، دەبێت بە وەلانانی مەسەلەکانی تر ئەوە ڕوون بکرێتەوە، ئایا پوچیو بێهودەیی هۆکاری خۆکوژین؟ دەبێت

پێڕاگەیشتن بەم مەسەلەیە بەجیا لەهەموو شێوە فکریو فرەوێژەییەکانی خەڵکی کەمتەرخەم بخرێتە پێشەوەی سەرجەمی مەسەلەکان. تەنیا قسەکردن، بیروڕای دژو هۆکاری دەرونی کە وەکچۆن ماتریالیستەکان عادەتیانە لە هەموو مەسەلەیەکدا بیهێننە ناوەوە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا شوێنێکیان نیە. لەم مەسەلەیەدا ئێمە پێویستمان بەبیرێکی ڕاشکاوانەو لۆژیکی هەیە، ئەمەش کارێکی ئاسان نیە. هەمیشە لۆژیکبوون سانایە، بەڵام مەحاڵە تا کۆتایی کارەکە بەلۆژیکی بمێنینەوە. کەواتە ئەو کەسانەی کۆتایی بەژیانی خۆیان دەهێنن تا دواین خاڵی هەستیاریی خۆیان ڕۆشتون. بیرکردنەوە لەخۆکوشتن هەلێکە بۆ ئەوەی باسی ئەو مەسەلەیە بکەم کە حەزم لێیەتی: ئایا لۆژیکێ تا ئاستی مردن هەیە؟ ناتوانم وەڵامی ئەم مەسەلەیە بزانم، مەگەر ئەوەی کە بێ مەبەستێکی ڕێکخراو و ڕوونو ئاشکرا، تەنها لەبەر ڕۆشنایی هەقیقەتدا بەدوای ئەم بەڵگەهێنانەوەیە بکەوم. لەم وتارەدا باسی سەرچاوەی ئەم بەڵگەهێنانەوەیە دەکەم. من ئەم کارە بە بەڵگەهێنانەوەی پوچی ناودەبەم، کەسانێکی زۆر بەم کارە هەستاون، هێشتا نازانم ئایا ئەم کەسانە وەفادارن بەرامبەر بەمەسەلەکە یان وازیان لێهێناوە.

کاتێ (کارل یاسپرس) دەیوت پێکهێنانی یەکێتییەکی جیهانی مەحاڵە، بەحەسرەتەوە دەیوت:

(ئەم سنورداریە، بەرەو خودم دەبات واتە بەرەو شوێنێکم دەبات کەچیدی ناتوانم لە یەك ڕوانگەی بابەتی کە جگە لەنواندنی ئەو کارێکی ترم نیە، قەرار بگرم. لەم ڕوانگەیەدا، نەماکی من دەتوانێت ببێتە بابەتی



لێکۆڵینەوەکەی من، نە هیچ بوونێکی دیکە). ئەم پیاوە دوای زۆر پیاوی تر وێنەی شۆرەکاتێك دەکێشێتەوە، کە تیایدا ئەندێشە بەسنورەکانی خۆی دەگات. بەڵام ئەمانە چ بەپەلەبوون لەدەرباز بوون لەم شۆرەکاتە سوتێنەرە! لەحاڵێکدا کەسانێکی زۆر بەدواین پێچی ئەو ڕێگەیە گەیشتوون کە ئەندێشە تیایدا دادەمێنێ. زۆرێك لەم پیاوانە هۆیەکیشیان بۆ ئەمە نەبووە. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەمانە لە بەنرخترین بەهرەی خۆیان واتە گیانی شیرینی خۆیان چاوپۆشیان کردوە، خەڵکانێکی تریش کە سوڵتانی قەڵەمڕەوی ئەندێشە بوون شانیان خاڵی کردەوە، بەڵام ئەویش بەکوشتنی ئەو ئەندێشانەی کە ئاوازی هەڵچونێکی پاکیان هەبوو. بەپێچەوانەوە، پیاوەتی ئەوەیە کە تا ئەو جێگەیەی کە دەکرێ واز لەم ئەندێشانە نەهێنینو بەوردی لە ڕوانی سەرسوڕهێنی گژوگیای ئەم ناوچە دورانە بکۆڵینەوە.

سەرسەختیو هۆشیاریی چاودێران، چاوبازگەلێکی ناجوامێرن کە تیایدا گفتوگۆ سەبارەت بە پوچێتیو مەرگو ئومێد دەکەن.

دەرونمان دەتوانێت جوڵەو بزاوتەکانی ئەم سەما سادەو ئاڵۆزە شیبکاتەوە، بەرلەوەی خۆی لەم جوڵانە تێبگاتو بیسەلمێنێ.

## هێرمان هیسە[10]..

### کەسایەتی تاکگەری نوقمی نێو نەریتەکان

نوسەری گەورەی ئەڵمانی هێرمان هیسە، هیچ بەرهەمێکی بەناوی (منالیم)ەوە بڵاونەکردۆتەوە، ئەو کتێبەیشی کە لەم دوادواییانەدا چاپخانەی (هەزارو یەك شەوە)ی پاریسی لەژێر ئەم ناونیشانەدا بڵاوی کردەوە جگە لە دانەدەمیەکی دوو تێکست کە پێشتر هیسە خۆی بڵاوی کردبوونەوەو تیایاندا لەدەرگای هەندێ ڕوداوو یادەوەری منداڵی خۆی دابوو، هیچی تر نەبوو.

هیسە لەو دوو بەرهەمەیدا بەجۆرێك منداڵی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە کە سەرئەنجام پرسیارێکی سادەو لە هەمان کاتدا قوڵ دەخاتەڕوو، پرسیارێك کە واتای منداڵی مەبەستەو خوازیارە تێی بگات.

هیسە، بۆ ساتێك چییە غافڵ نەبووە لەگەڕانو پشکنین، گەڕانو پشکنین بەدوای هارمۆنییەکی ناوخۆیی بۆ بیرکردنەوە پەرتو ئاڵۆزەکەی، بۆیە ڕێگەی خەیاڵکردنەوەو قوڵڕۆچوون بەجیهانی ئەندێشەی هەڵبژاردو دەستیدایە چیرۆکنوسین، تا بەڵکو لەو ڕێگایەوە بتوانێت تراژیدیاکانی

---

[10] بۆ نووسینی ئەم بابەتە سود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە :

*هيرمان هيسه، دميان منشورات دار المنارات، ترجمه ممدوح عدوان.

*المقتگفات من رسائل هيرمان هيسه.

www.albayan.co.ae/albayan/۲۰۰۲/۰٦/۱۰/mnw/۲۳.



خۆی، نەهامەتیو ترسو پرسیارەکانی خۆی لەو کەسایەتییانە باربکات کە زیرەکانەو بوێرانە لە چیرۆکەکانیدا دەیکردنە پاڵەوان، تا لەڕێی وەسفکردنی ئەم تراژیدیایانەوە وەڵامێك بۆ بێزاری و نیگەرانییەکانی خۆی وەربگرێتەوە. بۆیە هەموو نوسینو کتێبەکانی دەربڕینێکی مەجازی یان هێمائامێزی جیهانە دەروونییەکەی خۆیینو دەیەوێت لەم ڕێیەوە هاوسەنگییەکی دەرونی بەدەستبهێنێت.

ئەو لەم شێوازە نوسینە مەبەستی ئەوە بوو، کە خەیاڵکردنەوە دەروازەیەکی پێشکەش بکات تا بەڵکو لەو ڕێگایەوە هەموو دژواری و ناکۆکییەکانی ناخی خۆی لا ببێتە شتێکی ئاسایی، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ساڵی ۱۹۱۹ لە پێشەکیی چیرۆکی (ئەمیل سنکلی لاودا) دەڵێت: ((ژیانی هەر مرۆڤێ برتییە لەڕێگەی ئەو مرۆڤە بۆ گەیشتن بەناخی خۆی، واتە ژیان هەوڵێکە بۆ ڕوناککردنەوەی ئەو ڕارەوە تاریكو نوتەکە، هەرگیز مرۆڤێکیش نەبووە دەرونێکی تەواو کاملو بێ کەمو کورتی هەبووبێ، هەر لەبەر ئەوەیشە هەموو مرۆڤێك هەوڵ دەدات بگاتە ئەو کاملی و بێ کەمو کورتییە، جا یەکێ بەشێوازو ڕێگەیەکی ئاقڵانە، یەکێکی تریش نەزانانە، واتە هەر کەس بەپێی توانای خۆی)).

لەپەیوەند بە ڕەوتی ژیانی مرۆڤیشەوە، هەروەها لەپێناو بەدیهێنانی خودی خۆیدا، هەموو کاروبارو سەرقاڵییەکانی هێرمان هیسە بۆ ئەوەیە بتوانێت ئەم پەرەسەندنو چوونە پێشەوەیە ڕون بکاتەوە: دوورەپەرێزی یان ئامێتەبوونی کۆمەڵایەتی، شۆڕشکردن یان ملکەچکردن بۆ ویستی کۆمەڵ، تاکگەریی یان هەستی مێگەلی، دەستکێشانەوە یان ڕەتکردنەوە،

تێڕامان یان جوڵە؟ ئەمە ئەو ناکۆکیو دژواریانەیە کەهەر لەسەرەتاوە لەکەسایەتی تاکدا ململانێی یەکتر دەکەن. هیسە بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەم دژواریانە دەهات لەچوارچێوەی کارێکی ئەدەبیدا دایدەڕشتو کۆتاییەکی ئیجابی بۆ دادەنان.

لەیەکێ لەنامەکانیدا کە ڕێکەوتی (٤)ی ئایاری ساڵی (١٩٣١)دا بۆ هاوڕێیەکی نوسیویەتی، دەڵێت: (من کەسێکی عەدەمی نیم، بەپێچەوانەوە من لە هەموو نوسینەکانمدا ڕەگەزی باوەڕ پێشکەش دەکەم، تا ژیان دەست بدات بۆ گوزەران).

تێڕوانینی هیسە بۆ ژیان هەڵقوڵاوی ئازارو خەمو پرسیارو برینەکانی منداڵیو هەرزەکاریی خۆیین، خۆی وتەنی: (برینێکن لەسروشتەوە بەجەستەو ناخیا خۆیان هەڵواسیوە)، هەڵبەتە جێگەی خۆیەتی کە لێرەدا ئاماژە بەو خاڵە بدەین کە هیسە لەم مەسەلەیەدا ڕوانینو تێگەیشتنی بۆ جیهانو ژیان نزیك دەبێتەوە لە ڕوانینو جیهانبینی فەیلەسوفانی خۆرهەڵاتی دوورو هندی کۆن، بەتایبەتی تەعالیمەکانی بوزا، کە وەکو دواتریش هەر لە توێی ئەم کتێبەدا لە وتارێکی دالایلامای پەیڕەوکاری بوزادا بە ئاشکرا دەیبینین، (هەر هێندەش نا بەڵکو کەشو سروتی خۆرهەڵات لە زۆرێك لەکارە کانیدا دەبینین، لەوانەش: سیزارتاو گەشتێك بۆ خۆرهەڵات).

بێگومان هۆکارێکی تری ئەو کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ قورسایی خوونەریتە خێزانیو کۆمەڵایەتیەکان. تا ئەو ڕادەیەی کە دەڵێت: (کاتێ بەئەڵمانی لەگەڵ ئەڵمانیەکاندا دەدوێم، هەست بەزمانێکی سەیرو نامۆ دەکەم، وەك چۆن هەست بەنامۆیی خۆم لەمێگەل دەکەم)، دیارە



لەبەرامبەر ئەم تاراوگە دەرونییەی خۆیدا مایەی سەرسوڕمان نییە ئەڵمانیا جێبهێڵێتو ڕوبکاتە سویسراو تا دوایین ڕۆژەکانی ژیانی لەوێ بمێنێتەوە.

### تاکگەری لای هیسە

دروستبوونی کەسایەتی تاکگەریش دیسان بابەتێکی تری ئەو لاپەڕانە پێکدەهێنێت کەلەژێر ناوی منداڵیمدا کۆکراونەتەوە. وەکو ئەوەی یەکەیەکی لێکنەپچڕاو دروستبکەنو ئەسڵی کارەکە بریتی بێت لەتێکستێکی درێژ.

ڕاستییەکەی، ئەم دوو تێکستەی کە کتێبی منداڵیمی لێ پێکهاتووە دوو کۆمەڵە چیرۆکی جیاوازن: یەکەمیان ساڵی ١٩٠٤ لەکتێبی (پەخشانی یەکەم)دا بڵاوی کردۆتەوە، دووهەمیشیان ساڵی ١٩٣٨ بەناوی (لێرە ژێرەوە) بڵاویکردۆتەوە، بەڵام بەسەرنج لەشێوازو کەشو هەوای هەردووکیان وا هەستدەکرێت کە هەردوکیان لە سەردەمێکدا دەرچووبن، چونکە لەهەردوکیاندا بەمەبەستی گەڕان بەدوای ڕابردوی خۆیدا، گەشتێکی درێژی کردوە، تابۆی ڕوون بێتەوەو تێبگات بۆچی وای بەسەر هاتووەو ڕۆژی بەم ڕۆژە گەیشتووە؟ ئایا بەڕاست دەیزانی ئەو شتانەی بەسەردا دێت؟ ئەو لەبارەی دایكو باوکیەوە دەدوێت، ئەو لەو سزایانە دەدوێت کەباوکی داویەتی ، لەبارەی ئەو خۆشیانەوە دەدوێت کە لەکاتی گەشتکردن بەنێو سروشتدا ناخی هەژاندووە، لەبارەی ئەو قوتابخانانەوە دەدوێت کەتاقەتی لێیان چووە، لەبارەی نەخۆشیو مردنی هاوڕێو خۆشەویستەکانیەوە دەدوێت.

ئەو لەپاش ئەوەی ژیانی بەهێمنی گوزەراندو گەیشتە تەمەنی کامڵی هاتە سەر ئەو ڕایەی کە بڵێت منداڵی بریتییە: لە کۆی ئەو هۆکارانەی پاڵ بە

هەر یەکەمانەوە دەنێت لەبارەی خۆیو پەیوەندیی بەهاوشێوەکانییەوە پرسیار بکات.

بەڕای هیسە ساڵانی سەرەتای تەمەنی مرۆڤ جگە لەو ئینتباعو ڕوداوانەی کە لە قوڵایی ناخی مرۆڤدا تۆمار دەبن، ئەمباری هەستەکانی هیچی دیکە نانوسێت، کاتێکیش دەگاتە ساڵانی پێگەیشتن لەهەڵسوکەوتەکانیدا جێ دەکەوێتو بەرجەستە دەبێت.

تەرتیبی ساڵانی منداڵی جۆرێکە لە بەدواییەکدا هاتنی قۆناغەکان، کەخۆی لەخۆیدا پێداویستیەکی گرنگن بۆ کامڵبوونی خودی مرۆڤ، وەك چۆن گرنگە بۆ ڕاهاتنی بەرە بەرەی مرۆڤ لەگەڵ ژیانی کۆمەڵگەدا. ئەمە ئەوەیە کە لەمناڵیدا فێری بووەو ڕێنوێنییان کردوە. ئەو پێیوایە هەموو منداڵێ دەبێت بزانێت خەمۆکیو شۆڕشو سەرشۆڕیو مردنو جیابوونەوەو تەنیایی چییە، تا لەدوایدا بتوانێت لێیان دەرباز بێت. شتێك کەشایستەی ئاماژە بۆ کردنە ئەوەیە: ئەم پێیوایە ئەم ئەزموونانە با لەلایەن سەرجەم خەڵکیشەوە تاقیکرابێتنەوە، ئەگەر کەسێ خۆی بەئەزموونەکەدا تێنەپەڕێت سودی لێ نابینێتو نرخی نازانێت.

ئا لێرەدا تراژیدیا دەگاتە بەرزترین ئاستی، واتە ئەوکاتەی کە ئیرۆس لای مرۆڤ نامێنێ، چونکە هیسە پێیوایە ئەم ئارەزوی ژیان (ئیرۆس)ە خۆی هێزێکە کە پێویستە لەسەر هەریەکەمان لەژێر پاڵەپەستۆو ئازارو چەپاندنو ئەشکەنجە ڕەوشتییە ترسناکەکاندا وازی لێبێنین، یاخود وەکو لەنامەیەکدا دەڵێت: (مرۆڤ کاتێك بتوانێت لەنێوان ئارەزوە سەرەتاییەکانو ژیانی هۆشمەندیی خۆیدا برێك هاوسەنگی دروست بکات، دەبێتە مرۆیەکی باشو



بێ زیان. بەپێچەوانەیشەوە دەبێتە مرۆڤێکی خراپو مەترسیدار. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت هەرچی هەڵسێت بوار بۆ زیادەڕۆیی و جڵەوشلکردن خۆش بکات، بەپێچەوانەوە پێویستە مرۆڤ ڕێگایەك بۆ ڕێزگرتن لەهەموو ئەو شتە مەزنانە بدۆزێتەوە کە لەئاژەڵی جیادەکاتەوە، واتە دەبێت سنورێك بۆ جیاکردنەوەی داخوازییە بایۆلۆجییەکانو داخوازیەکانی ڕۆح بکێشرێت، چونکە بونەوەری مرۆیی نازانێت چۆن تەحقیقی زاتی خۆی بکات، تەنها مەگەر لەڕێی دروستکردنی ئەو هاوسەنگییەوە نەبێت کە لە نێوان دژەکاندا پێکیدەهێنێت.

تێگەیشتن لەو ڕەهەندانەی کە لە پشت ئەو ڕەوتە ڕۆحیەوەن کە هیسە خۆی تیا دەدۆزێتەوە، گەر بێتو هیسە خۆی بەقوڵی شیکاری نەکات ممکن نییە، ئەو خەون دەبینێتو بەقوڵایی خەیاڵو ئەندێشەدا ڕۆدەچێتو پاشتر لە ژێر کاریگەری سیحری ئەو شیعرو چیرۆکانەی باوکی بۆی گێڕاوەتەوە دەیانکاتە چیرۆکێکی نەمرو تۆماریان دەکات.

## ژیان

ئەم بەرهەمەی هیسە (منداڵیم) هەر تەنیا کێشەیەکی هزریی سادە نییە، بەڵکو بریتیە لەئاڵۆگۆڕێکی ئەدەبی، کە یەکێ لەئامانجەکانی ئەوەیە چەمکێ لەچەمکەکانی مرۆڤ یان ژیان دەرببڕێت یان بگوێزێتەوە بۆ قۆناغێکی باڵاتر.

ئەو لەیەکێ لەنامەکانیدا ئاماژەی بەوە داوە کە: گرنگ نییە کاری ئەدەبی لەپێناوی جوانکاریو خۆرازاندنەوەدا بێت، بەڵام گەر بێتو نانو

مەی هەبێتو یارمەتی بەردەوامی ژیان بدەن، خۆی لەخۆیدا دەبێتە ئەدەبێك شایستە بێ بەنعیمەتو بەها بەرزەکان.

سودی منداڵی لەتێگەیشتنی هیرمان هیسەدا ئەوەیە خەو ببینینو گەورە ببینو پێبگەین. کاتێکیش بەخت یارمان بووو بوینە نوسەر بیرێکی لێ هەڵگۆزینو کەرەستە ئەدەبیەکانی خۆمانی لەسەر بنیات بنێین. یان وەکو لەساڵی (١٩٠٤)داو لە کتێبی (هێرمان لوچین) کە یەکێ لە کتێبە سەرەتاییەکانیەتی، نوسیویەتی: (بوار بۆ نوسەران ڕەخسیوە کەسەردەمە دوورەکان ژیانی خۆیان بەبیر بهێننەوە). کەچی لەژمارەیەکی کەم بترازێ نوسەران هەوڵیان نەداوە ئەم کارە بکەن.

نمونەیەك لە چیرۆکەکانی  هێرمان هیسە:

## شاعیر[11]

چیرۆکێ لە بارەی شاعیری چینی "هان فوك" دەگێڕنەوە، کە گوایە هەر لە سەرەتای مێردمنداڵیەوە شەیدای زانینی هەموو ئەو شتانە بووە کە پەیوەست بوون بە هونەری شیعرەوەو، ویستویەتی لە هەموو ئەوشتانەی کە پەیوەندییان بە شیعرەوە هەیە، تادواین پلە ئاستی خۆی بەرزبکاتەوە. ئەو ڕۆژانە هێشتا لەو شارە دەژیا کە تیایدا هاتبووە دنیاوەو دەکەوتە سەر دەریای زەرد. هەر لەوێش بەدڵخواستو هەڵبژاردنی خۆیو یارمەتیی دایكو باوکی، کە خۆشویستنێکی پڕ لە سۆز خۆشیاندەویست، کیژێکی لە خێزانێکی زۆرباش مارەکرد" سەبارەت بە شەوی گواستنەوەش، قاوئەدا کە لەو نزیکانەداو لە ڕۆژێ لە ڕۆژە هاتەکاندا بیبرێنێتەوە. هان فوك، ئەوکات لە تەمەنی بیست ساڵیدا بوو، لاوێکی قۆز، سەنگین، سەلارو ڕەفتار جوان بوو، برێك زانیاری بەدەستهێنابوو، وێڕای بچوکی تەمەنی، بەڵام بەهۆی هەندێ هۆنراوەی باشەوە لەنێوەندە ئەدەبیەکانی ئەو گەڕەکەی لێی نیشتەجێبوو، ناسرابوو. هەرچەندە بەمانای وردی وشەکە دەوڵەمەند نەبوو، بەڵام ئەوەی

[11] سەرچاوە: احلام النای –مجموعە قصص– تألیف: هرمان هیسە –ترجمە فؤاد کامل. الگبعە الاولی– بغداد– ١٩٨٦.



لێ چاوەڕوان دەکرا کە سەرچاوەکانی ژیانی، ژیانێکی خۆشی بۆ دابینبکەن، ئەم سەرچاوانەش بەو جیازییەی بوکەکەی پێشکەشیدەکرد زیاتر دەبوو. جا لەبەرئەوەی بوکەکەیشی زۆر چاکو لەبەردڵان بوو، وا پێدەچوو کە هان لە هیچ شتێکی کەم نەبێت تا چێژ لە کامەرانی لاوێتیی خۆی ببینێ، وەلێ تەواو ڕازی نەبوو، چوون زۆر بە تاسەوە بوو ببێتە شاعیرێکی تەواو.

ئێوارەیەکیان، لەکاتێکدا خەڵکی بە بۆنەی فێستڤاڵی چراکانەوە لە کەناری ڕووبارەکەدا ئاهەنگیان دەگێڕا، واڕێکەوت بوو هان فوك بەتەنیا لە کەناری ئەوبەری ڕوبارەکە بوو، پاڵی بە قەدی درەختێکەوە دابوو کە بەسەر ئاوەکەدا دەشەکایەوە، لەسەر ڕوی ڕووبارەکە هەزاران ڕووناکی پەرچەوە بووی بینی، بەرزدەبوونەوەو دەلەرینەوە، هەروەها ژنو پیاوو کچێکی زۆریشی لە بەلەمو قەیاغگەلێکی گەورەدا بینی، کە سڵاویان لەیەکتری دەکردو لە نێو جلوبەرگە فێستیڤاڵیەکانیاندا وەکو گوڵ دەدرەوشانەوە. گوێی لەگۆرانی کیژانو ئاوازی تارو ئەو ئاوازە سازگارانە بوو کە شمشاڵژەنەکان دەیانژەندن" لەسەرو هەموو ئەمانەیشەوە، ئاسمانی شەوی بینی کە بەلای شیندا دەیڕوانیو پەخ بووبووەوەو دەتوت گومەزی پەرستگەیە. لاوە، کاتێ ئەم هەموو جوانییەی بینی دڵی داخورپا. تێگەیشت کە ئەو تەنیا چاودێرێکەو هەوڵ بۆ بەدیهاتنی ئاواتەکەی دەداتو بەس، بەڵام چەندە تامەزرۆی ئەوە بوو لەڕووبارەکە بپەڕێتەوەو بەشداری فێستیڤاڵەکە بکاتو بەخۆشی لەگەڵ هاوسەری ئایندەو هاوڕێکانیدا بەسەریبەرێت، ئەوا خولیای ئەوەی دوو ئەوەندە قوڵتربوو کە هەموو ئەم شتانە وەکو دیمەنگەلێکی دڵفڕێن لە قەسیدەیەکی تەواودا وەسفبکات:

دەیویست لەقەسیدەکەیدا شینیی ئاسمانی شەو باس بکات، دەیویست باس لە یاریی تیشکەکان بەسەر ڕووی ئاوەکەو شادمانی خەڵکەکەو سۆزی ئەو بینەرە بێدەنگە بکات کە پاڵیدابوو بە قەدی درەختەکەی کەناری ڕووبارەکەوە. تێشگەیشت کە دڵی لە هیچ کام لە فێستڤاڵو شادیو خۆشییەکانی زەویدا هەست بەئاسودەییو دڵنیایی تەواو ناکات“ تەنانەت لەو شوێنانەشدا کە ژیان تیایاندا شەپۆلدەدات، هەمیشە هەر بە تەنیاو تاڕادەیەکیش وەك چاودێرێکی نامۆ، دەمێنێتەوە. هەستیدەکرد گیانی، کە لەگیانی خەڵکی نەدەچوو، بە جۆرێ داڕێژراوە کە دەبێت تەنیا بێت، تا لە ئەزمونەکەی خۆیدا جوانی ئەم دنیایەو خولیاو حەزە شاراوەکانی خۆی کە سۆزی دڵە نامۆکەی پێ چارەسەر بکات، کۆبکاتەوە. دڵتەنگییەك دایگرت، لەم مەسەلەیە ڕاما، سەرئەنجامی بیرکردنەوەکانی ئەوەبوو کە ناتوانێ کامەرانی ڕاستەقینەو ڕەزامەندی قوڵ بەدەستبێنێ، مەگەر بەرێکەوت بتوانێت ئەم جیهانە بە تەواوی لە قەسیدەکانیدا پەرچبکاتەوەو، لەم وێنە پەرچەوەبووانەدا ماهیەتی جیهانی بە پاکییەکی سەرمەدی تێدابێت.

هان فوك نازانێت بێداربوو یان نوستبوو، کاتێ گوێی لە دەنگێکی نزم بوو، کەسێکی نامۆی لای قەدی درەختەکەدا بینی وەستاوە. پیرەمێردێکی بەسامو هەیبەت بوو، بەرگێکی وەنەوشەیی لەبەردابوو. هان فوك هەستا، سڵاوێکی شایستە بە پیرە بەشکۆکانی لە پیاوە نامۆکە کرد“ کابرای نامۆ زەردەخەنەیەکی هاتێو چەند بەیتە شیعرێکی بەوپەڕی جوانییەوە وت، هەموو ئەو شتانەی تێدابوو کە لاوە لەو ساتەدا هەستی پێ کردبوو، لەگەڵ



ئەو یاساو ڕێسایانەشدا دەگونجا کە شاعیرە گەورەکان بۆ شیعریان دانابوو، بەجۆرێ کە دڵی لاوە لەسەرسامیا لە ترپە کەوت.

بۆیە لەکاتێکدا کڕنۆشێکی قوڵی بۆ کابرا دەبرد هاواریکرد: "کێیت؟ تۆ ئەو کەسەیت کە دەتوانی ڕۆبچیتە ناو ڕۆحمەوەو، ئەم شیعرانە بڵێی کە لە هەموو ئەو شیعرانە جوانترن لام کە لە مامۆستاکانم گوێم لێبوون!"

کابرای نامۆ، بۆ جاری دووەم زەردەخەنەیەکی هاتێ، زەردەخەنەی کەسێك کە بۆ ئەوە خولقابوو کامڵو بێ کەموکوڕی بێت، وتی: "ئەگەر ویستت ببیت بە شاعیر، وەرە بۆ لام، کوخەکەم ئەوەتا لە تەنیشت سەرچاوەی ڕووباری گەورەوە، لای کێوەکانی باکووری خۆرئاوا، من لەوێ مامۆستای وشەی تەواوم پێ دەڵێن".

لێرەدا پیرەمێرد بەرەو سێبەری درەختە باریکەکە هەنگاوی ناو یەکسەر ونبوو، "هان فوك" یش بێهودە دەستیکرد بە گەڕان بە دوایدا، کە هیچ شوێنەوارێکی لێ نەدۆزیەوە، بەوەگەیشت کە مەسەلەکە هەمووی خەون بووەو بەهۆی ماندوویێتییەوە تووشیهاتووە. بەرەو لای بەلەمەکان ڕۆشت، پەیوەست بوو بە فێستیڤاڵەکەوە، بەڵام لە نێو دەنگو هەرای خەڵکەکەو ئاوازی شمشاڵەکاندا، دەنگی کابرا نامۆکەی لەگوێدا دەزرنگایەوە، وا هەستیدەکرد کە ڕۆحی لەگەڵ پیرەمێردەکەدا کۆچیکردوە. لە شوێنێکی پەرگیر لە خەڵکەکە دانیشت، بەچاوانی خەواڵویەوە سەیری ئەو کەیفو سەفایەی دەکرد کە خەڵکەکە پێی هەڵدەستان، لەبەرئەوەی بەقوڵایی عەشقدا ڕۆچووبوو، هەبوو دەهات دەستبازیو سوعبەتی لەگەڵ دەکرد.

هەمووی چەند ڕۆژێکی کەم تێپەڕیبوو باوکی هان فوك هاوڕێو خزمەکانی بانگێشتکرد تا ڕۆژی ژنگواستنەوەکەی هان دەستنیشانبکەن، بەڵام زاوا ناڕەزامەندی خۆی دەربڕیو بەباوکی وت: "تکا دەکەم لەو ئەرکەی کە کوڕ دەبێ لەئاستی باوکیدا پێی هەڵسێ لێم خۆشبیت، تۆ حەزی زۆرم بۆ وەدیارکەوتنم لە هونەری شیعردا دەزانی، هەرچەندە هەندێ لە هاوڕێکانم بەقەسیدەکانمدا هەڵدەڵێن، بەڵام باش دەزانم کە هێشتا سەرەتامەو لەقۆناغی بەرایی گەشتەکەمدام.. لەبەر ئەوە تکات لێدەکەم ڕێگەم بدەیت ماوەیەك بە تەنها بەڕێگاکەی خۆمدا برۆمو خۆم تەرخانبکەم بۆ لێکۆڵینەوەکانم، چونکە واتێدەگەم، ئەگەر ژن بێنمو ماڵ بکەمو چاودێری کاروبارەکانیان بکەم، ئەوا ئەمە دەبێتە ڕێگر لە ئەنجامدانی ئەو کارەی کە دەمەوێت بیکەم، بەڵام ئەمێستا هێشتا بچوکمو هیچ ئەرکێکی ترم نییە، حەزدەکەم ماوەیەکیش لەپێناوی شیعرەکانمدا بژیم، کە هیواخوازم بەختەوەریمی لێ وەدەستبێنمو بەهۆیەوە ناوبانگ پەیدا بکەم."

باوکە کە لە قسەکانی کوڕەکەی زۆر سەرسامببوو، وتی: "دیارە بەڕاستی ئەم هونەرەت لە هەموو شتێ بەلاوە ئازیزترە، دەنا لە پێناویدا ژنهێنانەکەت دوانەدەخست، یان ئەوەتە شتێك لەنێوان تۆو دەزگیرانەکەتدا ڕوویداوە؟ ئەگەر وایە، پێم بڵێ تابتوانم یارمەتیتان بدەم ئاشتببنەوە، یان کیژێکی ترت بۆ بخوازم." کوڕە سوێندی خوارد کە بوکی دواڕۆژی هێشتاش وەك دوێنێ ئازیزە لایو هەمیشەش هەر ئازیز دەبێو بچوکترین ناکۆکیش لە نێوانیاندا ڕووینەداوە. پاشان بە باوکی وت کە لە ڕۆژی فێستیڤاڵی چراکاندا، لە خەونیدا مامۆستایەك سەریلێداوەو زۆر حەزدەکات ببێت بە قوتابی ئەو



مامۆستایە، حەزێك کە هەموو خۆشی دنیا پارسەنگی ناداتەوە، باوکی وتی: "باشە باوابێت.. ساڵێکی تەواوت دەدەمێ..و لەم ماوەیەدا دەکرێت هەوڵ بۆ ئەو خەونەت بدەیت کە ڕەنگە خواوەندیش نەیناردبێتە خەوت."

هان فوك بەدووڵیەوە، وتی: "ڕەنگە دووساڵ بخایەنێت.. کێ دەزانێ؟"

باوکی وازی لێهێنا خۆی چی دەکات بیکات.

نیگەرانییەك بەرۆکی هان فوکی گرتبوو، بەڵام نامەیەکی بۆ دەزگیرانەکەی نوسیو پاشان وتی خواحافیزو ڕۆشت.

پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر ڕۆیشت، گەیشتە سەرچاوەی ڕووبارەکە، کوخێکی لە قامیش دروستکراوی تەنیای بینی، لەبەردەم کوخەکەشدا ئەو پیاوەی بینی، کە لە پاڵ درەختەکەی کەناری ڕووبارەکەدا بینیبووی، لەسەر ڕاخەرێك دانیشت بوو، عودی دەژەند.

پیرە، کاتێك میوانەکەی بینی سامڵێنیشتووانە لێی نزیکدەبێتەوە، هەڵنەستاو سڵاوی لێ نەکرد، بەڵکو بە زەردەخەنەیەك وازیهێنا، پەنجەکانی وێڵ کرد بووو بەسەر ژێیەکاندا دەهاتنو دەچوون، مۆسیقایەکی سیحراوی چەشنی هەورێکی زیوین بەرزدەبووەو دۆڵەکەی دەبڕی، لاوە بەحەپەساوییەوە ڕاوەستا، لەم حەپەسانە سازگارەدا هەمووشتێکی بیرچووەوە، تا مامۆستای وشەی تەواو عودە بچوکەکەی داناو بەرەو کوخەکەی بووەوە. لێرەدا هان فوك بەخۆشنودیەکی زۆرەوە شوێنی کەوتو وەکو قوتابیو خزمەتکارێ، لەلای مایەوە.

مانگێ تێنەپەڕیبوو فێربوو هەموو ئەو قەسیدانەی کە پێشتر هۆنیبوونیەوە کەم بنرخێنێو لەمێشکی خۆیدا بیانسڕێتەوە. لە پاش چەند مانگێکیش هەموو ئەو گۆرانیانەیشی لەمێشکیدا سڕییەوە کە لە مامۆستاکانی شارەکەیەوە فێریان بوو بوو. مامۆستا بەدەگمەن نەبێت قسەی بۆ نەدەکرد، بەبێدەنگی هونەری عودژەنینی فێرکرد، تا بووە قوتابیەکی شارەزا لە مۆسیقادا.

جارێکیان هان فوك قەسیدەیەکی کورتی نوسیبوو تیایدا وەسفی دوو باڵندەی کردبوو، کە بەئاسمانی پایزدا هەڵدەفڕین، زۆر پێیان دڵخۆشبوو، نەیوێرا مامۆستایان لێ ئاگاداربکاتەوە، بەڵام کاتێ ئێوارەیەکیان لەدەرەوەی کوخەکە وەکو گۆرانی وتنی، مامۆستا بە بایەخپێدانەوە گوێی بۆ ڕادێرا، لەگەڵ ئەوەشدا هیچی نەوت، بەڵکو بە ناسکی کەوتە ژەنینی عودەکەی، یەکسەر هەوا ساردیکرد، کتوپڕ تاریکی داهات، بایەکی توند هەڵیکرد، هەرچەندە ناوەڕاستی هاوین بوو، بەڵام لە ئاسماندا، کە بەلای ڕەنگی خۆڵەمێشیدا دەیڕوانی، دوو باڵندەی بەلشون لە شکۆیەکی بەویقاردا دایان لە شەقەی باڵ. هەموو شتێ لەو شیعرانەی کە قوتابیەکە هۆنیبوونیەوە زۆر جوانترو تەواوتر بوون، ئەو قوتابییەی کە غەمو بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشاو، هەستیکرد یەکسان نییە بە هیچ شتێ. ئەمە ئەو کارە بوو کە هەموو جارێ پیرە دەیکرد، کاتێ ساڵەکە تێپەڕی، هان فوك خەریك بوو بە تەواوی هونەری عودژەنین فێردەبوو. بەڵام وا پێدەچوو هونەری شیعر لە یەکەمجار قورسترو دوردەستتر بێت.



کاتێ دوو ساڵ تێپەڕی، لاوە هەستی بە تاسەیەکی زۆر کرد، تاسە بۆ خێزانەکەی، بۆ شوێنی لەدایکبوونی، بۆ دەزگیرانەکەی. بۆیە داوای لە مامۆستاکەی کرد ڕێگەی بدات بڕوات. مامۆستاش زەردەخەنەیەکی کردو سەری ڕاوەشاندو وتی: تۆ ئازادیتو هەر کاتێ ویستت دەتوانیت بڕۆیت، دەشتوانیت بگەڕێیتەوە، یان هەر لەو شوێنەی خۆت بمێنیتەوە، ئەوە بکە کە پێتخۆشە."

قوتابییەکە، بێ پسانەوە درێژەی بە گەشتەکەیدا" بەیانییەکیان تاریكو لێڵ، لەسەر کەناری ڕووباری شارەکەی وەستاو لەسەر پردە کەوانیەکەوە تەماشای زێدەکەی خۆی کرد. بێ خشپەو بە دزیەوە خۆیکرد بە باخچەکەی باوکیدا، گوێی نا بە پەنجەرەی ژوری نوستنەکەیەوە، گوێی هەڵخست بۆ هەناسەی باوکی لەکاتی خەودا. پاشان بەرەو بێستانەکەی تەنیشتی ماڵی دەزگیرانەکەی کشا، بە درەختێکی هەرمێدا هەڵزنا. لەوێ، بوکەکەی بینی، لە ژوورەکەیدا وەستابوو قژی دادەهێنا. کاتێ هەموو ئەم شتانەی بینیو بەراوردیکردن بەو وێنە خەیاڵیانەی لە کاتی تامەزرۆییدا بۆ نیشتمان لای دروستبووبوو، بۆی دەرکەوت بۆ ئەوە خەڵق بووە کە ببێت بە شاعیر، هەروەها پەی بەوە برد کە خەونی شاعیر جوانیو ئەفسوونێکی تێدایە کە مرۆڤ لە دنیای ڕاستەقینەدا بێهودە بەدوایدا دەگەڕێ. لە درەختەکە هاتەخوارێو بەرەو دەرەوەی باخچەکە هەڵهات، بەخێرایی بەسەر پردەکەدا بۆ دەرەوەی شار ڕایکردو گەڕایەوە بۆ دۆڵی چیای هەوربڕ. لەوێ پیرەمامۆستا وەك هەمیشە لە بەردەم کوخەکەی لەسەر ڕاخەرە ئاساییەکەی دانیشتبوو، بە پەنجەکانی بە عودەکەیدا دەکێشا، لە جیاتی

ئەوەی سڵاوی لێبکاتو بەخێرهاتنەوەی بکات، دوو بەیتی لەمەڕ نیعمەتەکانی هونەر خوێندەوە، لەبەر قوڵیو تەبایی بەیتە شیعرەکان چاوانی لاوە نوقمی فرمێسک بوون.

جارێکی تر، هان فوك لەگەڵ مامۆستای وشەی تەواودا مایەوە، پاش ئەوەی دڵنیابوو بەتەواوی ژەنینی ئامێری عود فێربووە دەستیکردە فێرکردنی ژەنینی گیتار بۆ قوتابیەکەی.

چۆن بەستەڵەك بەبای خۆرئاوا دەتوێتەوە ئاواش مانگەکان توانەوە، دووجاری تر سۆزی بۆ نیشتمان سەریهەڵدایەوە، لە یەکێ لەو دووجارەو لە شەودا بەدزیەوە هەڵهاتو ڕایکرد، بەڵام بەرلەوەی بگاتە دوایین پێچی دۆڵەکە، بای شەو هەڵیکردە سەر گیتارە هەڵواسراوەکەی سەر دەرگای کوخەکە، ئاوازەکان دوایکەوتن، بانگیانکرد کە بگەڕێتەوە، بەرهەڵستی پێ نەکرا. بەڵام لەجاری دووەمدا، خەونی بینی لە باخچەکەیدا نەمامێکی دەناشتو ژنو منداڵەکانی لە دەوری کۆببوونەوە، مناڵەکانی درەختەکەیان بەمەی ئاودەدا، کاتێ بێداربووەوە" مانگی بینی لە ژورەکەیدا دەدرەوشایەوە، بە بیر پەرشوبڵاوییەوە هەڵسا، مامۆستای بینی لە ژوورەکەی ئەولایەوە نوستووە، ڕیشە سپیەکەی لەرزینێکی لەسەرخۆ دەلەرزی" لێرەدا هەستی بەرقێکی زۆر کرد بەرامبەر بەو پیاوە، پێیوابوو ژیانی تێکوپێکداوەو دوارۆژی فەوتاندوە. خەریك بوو خۆی هەڵداتە سەر سنگیو بیکوژێ، وەلێ پیرە چاوانی هەڵهێناو بەسازگارییەکی خەمینەوە زەردەخەنەیەکی کردو قوتابیەکەی چەککرد.



پیر بەنەرمییەوە وتی: بیرت نەچێت هان فوك، تۆ ئازادی هەر کارێ بکەیت کە دەتەوێت، دەتوانیت بڕۆیتەوە بۆ ماڵەوەو درەخت بڕوێنی، دەشتوانی ڕقت لێم بێتو بمکوژی.. هەردووکیان یەك شتن.

شاعیر کە بە قوڵی کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەم قسانەوە، هاواریکرد: چۆن دەتوانم ڕقم لێت بێت؟ ئەوە وەکو ئەوە وایە ڕقم لە خودی بەهەشت بێت.

ئەمجارەش لەگەڵ پیردا مایەوەو فێربوو چۆن گیتار بژەنێ، پاشان شمشاڵژەنین فێربوو، پاش ئەمە لەژێر چاودێری مامۆستاکەیدا دەستیکرد بە فێربوونی قەسیدەدانان، بەخاویەکی یەکجار زۆرەوە ئەو هونەرە دڵخۆشکەرە فێربوو کە لە ڕواڵەتدا ئەو شتە سادەو ئاساییانەی پێ دەبێژرێ، بەڵام ڕۆحی گوێگری پێ دەبزوێنێ، وەك چۆن با ڕوی ئاو دەبزوێنێ، هەڵاتنی خۆری وەسف دەکرد، ئەوەی وەسف دەکرد کە چۆن لە لێواری شاخدا هێواش هێواش خۆر هەڵدێت، تیسکەی ماسیە بێدەنگەکانی وەسفدەکرد کاتێ وەکو تارمایی بەژێر ئاودا دەردەچوون، یان شەکانەوەی نەمامی خورما کاتێ بای بەهار دەیشەکێنێتەوە. کاتێ خەڵکی گوێیان لێدەگرت، هەر تەنها بیریان لە خۆر یان یاریی ماسیەکان یان نەمامی خورما نەدەکردەوە، بەڵکو پێیانوابوو کە ئاسمانو زەوی بۆ ساتەوەختێ پێکەوەو لە هاوئاهەنگییەکی تەواودا کاردەکەن، هەر گوێگرێ خۆی دەبینی کە ناچارە بیر لەو خۆشیو ئازارە بکاتەوە کە منداڵ لە یاریکردنەکەی دەیبینێت، یان لاو لە خۆشەویستەکەیو پیر لە نزیکبوونەوەی مردنەکەی.

هان فوك چیدی ژمارەی ئەو ساڵانەی نەدەزانی کە لەگەڵ "مامۆستا"و لەلای سەرچاوەی ڕووباری گەورەدا بەسەری بردبوو" زۆر جار وا بیری دەکردەوە کە دوێنێ ئێوارە هاتبێتە ئەم دۆڵەوەو پیر بە ژەنینی ئامێرە ژێدارەکەیەوە پێشوازی لێکردبێت. هەروەها زۆربەی جار پێیوابوو کە هەموو چاخ‌و سەردەمەکانی مرۆڤو قۆناغە مێژووییەکان، لە پشتیەوە نەماون‌و بوونەتە شتگەلێ کە بوونیان نییە.

بەیانییەکیان لە خەو هەستا، خۆی بە تەنها لە ماڵەکەدا بینییەوە، سەرباری ئەوەی هەموو شوێنێ بەدوای مامۆستادا گەڕاو بانگیکرد، بەڵام مامۆستا دیارنەبوو. لە تاکە ساتێکدا، هەستیکرد کتوپڕ پایز هاتو ڕەشەبایەکی سەرشێت شاڵاوی بۆ کوخە کۆنینەکە هێناو لەرزینێکی توند لەرزاندی. لەسەر لوتکەی کێوە بەرز بەرزەکانیش پۆلی گەورە گەورەی مەلی کۆچەری کەوتنە جولآن، هەرچەندە هێشتا وادەی کۆچکردنیشیان دەستی پێنەکردبوو.

ئالێرەدا هان فوك عودە بچوکەکەی هەڵگرتو بەرەو شارەکەیان بەرەوخوار بووەوە، خۆی لەنێو کەسوکارەکەیدا بینییەوە، خەڵکی بۆ بەخێرهێنانەوەی دەهاتنەپێشەوە، وەك چۆن بەخێرهاتنەوەی پیرێکی بەویقارو نورانی دەکرێت، ئاواش بەخێرهاتنەوەی ئەویان دەکرد، کاتێ گەیشتە ماڵەکەی بۆی دەرکەوت کە باوکی‌و بوکەکەی‌و خزمەکانی هەر هەموویان مردون‌و خەڵکی تر لە شوێنەکانیاندا نیشتەجێن.

سەر لە ئێوارەی ئەو ڕۆژە خەڵکی لەسەر کەناری ڕووبارەکە بەبۆنەی فێستیڤاڵی چراکانەوە ئاهەنگیان دەگێڕا، هان فوکی شاعیریش لە شوێنێکی



تاریکی دوور لە قەراغ ڕاوەستاو پاڵیدا بە قەدی درەختێکی کۆنەساڵەوە. کاتێ دەستیکردە ژەنینی عودەکەی ژنان گێژو ئەفسونلێکراو کەوتنە تێڕامان لە شەو، لاوان کە نەیاندەتوانی لە شوێنەکەی نزیکببنەوە، بانگیان لێدەکرد، سەرسامییەکی زۆر باڵی بەسەردا کێشان، چونکە هیچ کامێکیان پێشتر گوایان لە نمونەی ئەو ئاوازانە نەبووبوو کە لە عودەکەوە هەڵدەستان. بەڵام هان فوك هەموو ئەم شتانەی بەزەردەخەنەوە وەرگرتو چاوی بڕیە ڕووبارەکە" کە وێنەی پەرچەوەبووی هەزاران هەزار چرای لەسەر بەرز دەبووەوە، کاتێك کە نەیتوانی جیاوازی لە نێوان ڕووناکییە ڕاستەقینەکان‌و ڕوناکیە پەرچەوەبووەکانی ناو ئاوی ڕوبارەکەدا بکات، نەیتوانی هیچ جیاوازییەك لەنێوان خۆیشی لەم فێستیڤاڵەو لەو فێستیڤاڵەدا کە بەگەنجی ئامادەی بوو بووو گوێی لە قسەکانی مامۆستا نامۆکە ببوو، ببینێ.

بوزا..

با دەرگاکانی ڕزگار بوون بخرێنە سەر پشت[12]..

دالایلاما

[12] لقاو العقماو "مژکرات زعیم الکنیسه الارپودوکسیه البلغاریه"، المگران اندریه فیلیتشکی، "حدیپ دالایلاما"، ترجمه: عدنان بدرالدین، ص٢٦-٤٠.

لەوێ لە نزیك گوندی ئورفیلا، لای ڕوباری نیرانجاراداو لە پشت ئەو ڕێگەیەی دەچێتەوە بۆ شاری هایا، بوزا (پایەبەرز) دارستانی کردە شوێنی نیشتەجێی خۆی و لە دڵی خۆیدا گوتی:-

"ئەم شوێنە جوانە، کە دارستانی پاکی لێیەو ڕوبارێکی شەپۆلاوی و بە قەڵبەزەی لێ دەڕژێو ئاوی گەرمی بۆ خۆشۆردن لێ هەڵدەقوڵێتو لە نزیکیەوە گوندێکی لێیەو مرۆڤ دەتوانێ سەردانی بکاتو ئاشنای دانیشتوانەکەی بێت، زۆر زۆر لە بارە بۆ کەسێ کە بە دوای ڕزگاربووندا بگەڕێت."

لە پاش حەوت ساڵێ لە ژیانی دورەپەرێزیو خواپەرستی، بوزا بەخۆی گوت:-" گەیشتمە هەقیقەت، تێگەیشتم کە ژیان غەمێکی هەمیشەییەو ژیانی دواییش هەر خەمو خەفەتە، گشت ئەو ژیانانەیشی کە دواتر دێنو دەبێت بیانگوزەرێنین خەمێکی سەخت دەبن، بەڵام من گەیشتوومەتە ئەو یەقینەی کە خۆم لە خەمەکانی ئێستاو ئایندە ڕزگاربکەم، وام لێهاتووە بە وردی بزانم کە دەبێت لە سەر زەوی چی بکەم."

لەوکاتەدا بوزا گوێی لە دوو دەنگی بەیەکاچوو بوو:

دەنگی یەکەم:" مرۆڤەکان تەنها بە بیرو ئارەزوەکانیان لە سەر ئەم زەویە دەژین، هۆگری ئەم ژیانەیانن، خۆشیە سادەکانی ژیانیان دەژینو وەکو منداڵ هۆگری ئەم خۆشییانەیانن. مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت سیستمی ئەزەلی شتەکان بدۆزێتەوەو هەرگیز پەی بەوە نابات کە هەر کارێك دەبێتە مایەی ئەنجامێك. بۆیە گەر بە خەڵکی بڵێم ڕزگاربوونیان پەیوەستە بە دەستبەرداربوونیان لە ئارەزووە زەمینییەکانیان، گوێم لێ ناگرن.



ئەریٰ بەڕاست پرسیارێك: ئایا هەر لە بنەڕەتەوە سودێك لە بڵاوبوونەوەی تەعالیمەکانم هەیە؟ ئایا وا باشتر نییە واز لەم سەرئێشەیە بهێنمو بگەڕێمەوە بۆ ئارامییە ئەزەلییەکەی خۆم؟"

دەنگی دووەم:" نەخێر، نامەوێت بەتاقی تەنها بگەڕێمەوە بۆ ئارامییە ئەزەلییەکەم، من بەزەییم بە مرۆڤدا دێتەوە کە دوچاری چەرمەسەریو ناڵین بوون و بۆ ڕزگاربوون پەی بەهیچ ڕێگایەك نابەن. بۆیە پێویستە تەعالیمەکانم بڵاوبکەمەوە، گومانی تیا نییە خەڵکێکی زۆر دەبنە قوتابیمو دەست بە تیشکی هەقیقەتەوە دەگرن. ئەمە جگە لەوەی کە هەر دەبێت ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم ژیانە جێبێڵم.. بەڵێ مرۆڤ فێردەکەمو بەرەو ڕێگای ڕزگاربوون ڕێنماییان دەکەم، ئەو کات تەعالیمەکانیشم، کە چاکەو بەختەوەری مرۆڤیان تێدایە، بە هەر چوارلای زەویدا بڵاودەبنەوە.

لەدوای ئەوەوە، بوزا بۆ ماوەی سێ هەفتەی تر لە دارستانەکانی ئورفیلادا مایەوە، بیری لە باشترین ڕێگە بۆ بڵاوبوونەوەی تەعالیمەکانی دەکردەوە، دوا جار گوتی:

" با دەرگاکانی ڕزگاربوون بخرێنە سەر پشت، مرۆڤیش گوێکانی خۆی بۆ بیستنی تەعالیمەکانم شل بکات".

پاشان، بەرەو شاری" بیتاریس" کەوتەڕێ، بە سەر ئەو دارستانەدا بڵندبوەوە کە ماوەیەکی درێژ بە تۆبەکاری تیایدا نیشتەجێ ببوو. کاتێ چەند زاهیدێ ئاوا بینییان گوتیان:

( ئەوەتا– گۆتاما– هات بۆ لامان. رێو رەسمی رێزی پێشکەش ناکەین، گوێڕایەڵ لە بەر دەستیا ڕاناوەستین‌و کاسەو بەرگەکەی لێ ناگرین، گەر ویستی لەنێوماندا بژی، ئەوا شوێنێکی بۆ دەکەینەوە تیایدا هەڵتوتێ).

کەچی کە زیاتر لێیان نزیك بووەوە، زاهیدەکان بڕیارەکەیان بیرچووەوەو بەپەلەقاژێ چوون بەرەو پیریەوە. یەکێکیان چاکەتەکەی لەبەر داکەند.. یەکێکی تریان جێگەیەکی بۆ ئامادەکرد تیایدا پشوو بدات، زاهیدی سێهەمیش کورسییەك‌و تەشتێکی لەبەرپێیدا دانا. بوزا لەسەر کورسییەکە دانیشت‌و لەپاش ئەوەی لە شۆرینی قاچەکانی بووەوە، پێی گوتن:

"ئەی زاهیدەکان، رێگەی ڕزگاربوون لەمردنم دۆزیوەتەوەو بەئێوەشی دەڵێم، من ئێستا لەسەر ڕێنومایی (مانۆ) دەڕۆم بەرێوە. وەکو دەشزانن ئەم یاسایە لە کتێبە پیرۆزەکاندا نووسراوەو لەتوانای کۆیلەکاندا نییە بیخوێننەوە، چونکە لێیان یاساغە. لەبەرئەوە خۆم هاتووم تا خۆم بۆتان بخوێنمەوە، کە ناوەڕۆکێکی یەکجار گرنگو سوودبەخشە، ئەگەر ژیانی خۆتان خستە پێناویەوە، ئەوا لەماوەیەکی کورتدا ئەو شتە بەدەستدەهێنن کە لاوانی تازە پێگەیشتوو لە پێناویدا ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ دەهێڵن. هەر بەمەش دەگەنە هەقیقەتی ڕەها."

کاتێکیش زاهیدێکیان لەمەڕ ئەو ڕێگەیەی دەچێتەوە سەر هەقیقەت پرسیاری لێ کرد، پایە بەرز وەڵامی دایەوە:

"دوو ڕێگە هەیە نابێت بیانگرینەبەر: یەکەم قوڵ ڕۆچوون بە نێو ژیانی چێژ و غەریزەکاندا، لەبەر ئەوەی ژیانێکی گوناهکارانەیە، داماڵراوە لە ڕۆحانیەت، شایستەی گوزەراندن نییە. دووهەمیان، ڕێگەی پێچەوانەی



ئەوی یەکەمە، واتە ئەشکەنجەدانی خود، کە ئەویش بەرەو ژیانێکی تاریك و بێهودە ڕێگە خۆشدەکات. ئامۆژگاریتان دەکەم کە ڕێگەی سێهەمیان بگرنەبەر، ئەو کەسەی لەنێوەڕاستی ئەم دوولایەدا بێت کە لەپێشەوە باسمان کرد ئەوا بەرەو حەوانەوەو مەعریفەو ڕۆشنبیربوون دەچێت.

زاهیدێ پێی لەسەر ئەم پرسیارە داگرت..

باشە ئەو ڕێگەیە چییە؟ کامەیە؟

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"ڕێگەی دورکەوتنەوە لە گوناهە"، پایەبەرز بۆیە وادەڵێت چونکە ئەمە تەمسیلی: بڕوایەکی ڕاست، بڕیارێکی دروست، وشەیەکی چاك، کردارێکی چاك، ژیانێکی چاك، نیەتێکی چاك، زکری چاك، لەخۆڕامانێکی ڕاست و دروست، دەکات.

هەقیقەتی ڕاستەقینەی چەرمەسەریەکان ئەوەیە کە: لەدایك بوون ئازارە، نەخۆشی ئازارە، پیرێتی ئازارە، مردن ئازارە، فیراقی ئازیزان ئازارە، بینینی ئەوانەی ڕقمان لییانە ئازارە، ناکامی لەبەدیهێنانی ئارەزوودا ئازارە.

هەقیقەتی ڕاستەقینەی سەرچاوەی ئازاریش لەوەوەیە کە خۆشویستنی ژیان و مەلەزات و تینوێتی بۆ دەسەڵات ئازارو چەرمەسەری دەخوڵقێنێ.

بەڵام هەقیقەتی کوشتنی موعانات لە خنکاندنی تینوێتی بۆ ژیان و مەلەزاتدا خۆدەنوێنێ، ئەویش لە ڕێگەی کوشتنی ئارەزوەکانەوە. ئەی مەحشەری نەساك و زاهیدین:

"لەوساتەوەی سیمای لەبەر دڵانی هەقیقەتەکانم بینیوە، هەست دەکەم گەیشتومەتە پلەی باڵا، و بوومەتەبوزا.

بەم شێوەیە بوزا کۆتایی بەو قسانەی هێنا، کە بۆ ئەو زاهیدانەی دەکردو ئەوانیش بەوپەڕی کامەرانیەوە گوێیان بۆ شلکردبوو. پاشان زاهیدەکان لە بوزا هاتنە پێشەوە و داوای ئەوەیان لێکرد کە پایەبەرزی ڕازی ببێت ببنە پێڕەوی تەعالیمەکانی، پاشان تکایان لێکرد وردەکاریەکانیان بۆ ئاشکرابکات. بوزا گوتی:

"ژیانێکی بڕوادارانە بژین، تا بتوانن سنوورێك بۆ هەموو چەرمەسەرییەکان دابنێن." پاشان بەهاوەڵی ئەوان درێژەی بە ڕێگەکەیدا.

زۆر کەس قسەکانی بوزای بیست. جارێکیان بوزا وەکو باقی زاهیدەکانی تر لەگەنێکی گرت بە دەستیەوە تا بچێت خواردن بۆ خۆیو هاوڕێکانی کۆبکاتەوە، بەڵام باوکی بینی، هەڵبەتە باوکی پاشا بوو و پێیوت:

چۆن کاری وا دەکەیت؟ تۆ ناچار نیت کاری وا بکەیت، کەسوکاری تۆ پێویستیان بەمە نیە..

پایەبەرزیش لەوەڵامدا گوتی:

ئەمە بۆ ئەو خەڵکانەیە کە من سەر بەوانم."

پاشا —سودخودان— هاواریکرد:

"—تۆ سەر بە بنەماڵەی —ساکی— شاهنشاهیت، ڕوینەداوە یەکێکمان دەستی لەکەس پان کردبێتەوە تا خێری پێبکەن.

بوزا زەردەخەنەیەکی کردو گوتی:

"تۆ لەبارەی خۆت و بنەماڵەکەتەوە قسەدەکەیت، ئێوە سەر بە بنەماڵەی —ساکی— پاشایین، بەڵام من هیچ پەیوەندییەك نامبەستێ بە



ئێوەوە. باپیرانیشم هەر بوزا بوون. وەکو من، هەر ئەوەشیان دەکرد کە من ئێستا دەیکەم، ئێستا لێم تێگەیشتی!"

پاشا لەحاڵی کوڕەکەی تێگەیشت، دەستی کوڕەکەی گرت و بردی بۆ کۆشك، بوزا چوو بۆ ژوری ژنەکەی ((یاسود هارا)) کاتێ ژنەکەی بوزا بوزای بەجلی دڕاوی سواڵکەرانەوە بینی لەبەر پێیدا نوشتایەوە و بەناسۆرەوە هەنسکیدا، بوزا هەڵیسانە سەرپێ، پاشان دەستیکرد بە دڵدانەوەیو لەمەڕ تەعالیمەکانیو هەروەها لەبارەی ڕزگاربوونی مرۆڤ لە ئازارو موعانات، دەستیکردە ئاخاوتن بۆی. یاسود هارا زۆر بەقسەکانی سەرسام بوو.

لەپاش ماوەیەکی کەم، بوزا شارەکەی خۆی واتە شاری کابیلا فاستای جێهێشت و تا کۆتایی ژیانی لە هاتوچۆ بەرەو ئاسۆکان بەردەوام بوو. بوزا لەدوای ئەو ڕۆژەوەی کە لە کۆشك هاتەدەرەوە ٤٥ ساڵ ژیا، کە لەڕێی بڵاوکردنەوەی تەعالیمەکانیدا گوزەراندی.

ناوبانگی بوزا بەهەر چوارلای وڵاتی هنددا بڵاوبوەوە، هەزاران کەس لەسەرجەمی چین و توێژەکانی گەل بۆ گوێگرتن لە وتارەکانی دەهاتن. کاتێکیش تەمەنی گەیشتە (٨٥) ساڵیو هەستیکرد وردە وردە هێزو گوڕوتینی خۆی لە دەست دەدات، ئاناندای قوتابیی بانگکردو پێی گوت:

"ژیانم بەرەو کۆتایی دەڕوات. ئەی ئاناندا ئایا پیمگوتویت کە هەر دەبێت ڕۆژێك لە ڕۆژان هەموو ئەو شتانەی لامان ئازیزن جێیانبهێڵین؟ ژیانمان ئاوایە! هەرشتێ کە لەسەر زەوی لەدایك بێت دەمرێت. هیچ شتێکی ئەزەلی بوونی نییە. هەموو شتێ دەگۆڕێت دەسەڵاتدارانیش دەمرن.

بابزانیت ئازیزم –ئاناندا– مامۆستاکەت لەماوەی سێ مانگی داهاتوودا دەگاتە ئاسودەیی هەمیشەیی."

پاشان بوزا ڕووی بەلای قوتابیەکانیدا وەرگێڕاو پێی گوتن:

"هەقیقەتم بۆ ئاشکراکردن، جا لە هەموو ڕۆژو ساتێکدا لە گەڵیا بژین! کە مردیشم و لەنێوتاندا نەمام بەردەوام بن لە بانگەشەکردن بۆ تەعالیمەکانم، لەهەر کوێیەك بوون بانگەشەی بۆ بکەن، تا تەعالیمەکانم لە ژیاندا بەردەوام بن و بەدرێژایی زەمان ئەو ڕێزەیان لێ بگیرێت کە شایستەین. ئەوانەی دەست دەگرن بە تیشکی تەعالیمەکانمەوە دەریای ژیان دەبڕن و دەگەنە کەناری ئارامی و ئامانجە مەزنەکەیان دێتەدی، دەگەنە مەملەکەتی خۆشی، ئەو مەملەکەتەی کە نە ئازاری تێدایە و نە ئەشکەنجە."

ئەمە دواین قسە بوو کە بوزا کردی، ئیدی ڕۆحیانەتەکەی ژیانی دنیای بەجێهێشت و بەرەو مەملەکەتی خۆشی هەتا هەتایی "نیرڤانا". ڕۆیشت.

بەوپەڕی ڕێزو ستایشەوە، لاشەی بوزایان لەبەر دەرکی شاری (کوزیناری)دا، سوتاند. ڕێزێکی لێنرا کە تەنیا لە کاتی سوتاندنی لاشەی فەرمانڕەواکانی هنددا پێشکەش دەکرا.

تەعالیمەکانی بوزا بەهەموو لایەکی هندستاندا بڵاوبوەوەو بۆ ماوەی چوارسەد ساڵ باڵادەست بوو. ساڵی (٢٥٩ پ. ن) مەلیك "ئاسوکا"، کە پاشایەکی داناو دادپەروەر بوو لەسەر عەرشی پاشایەتی هند دانیشت، تەعالیمەکانی بوزای چوو بەدڵداو هەوڵیدا تەتبیقیان بکات و بڵاویان بکاتەوە. هەرچەندە دەستبەرداری ئەو خۆشگوزەرانیە پاشایەتییەی خۆی



نەبوو، بەڵام شا "ئاسۆکا" فەرمانیدا تەعالیمەکانی بوزا لەسەر سێ کتێب، کە هندییەکان ناوی (تری بیتاکا)یان لێناوە، بنەخشێنن.

دەکرێت بیرو بۆچوونە سەرەکییەکانی ئەو کتێبانە لەم چەند خاڵەدا کورتبکرێنەوە:

*"مرۆڤەکان ژیانیان لە یاخی بوونو هەڵەو چەرمەسەری هەمیشەییدا بەسەردەبەن. لەدایك دەبن بۆ ئەوەی بمرن. هەموو شتێ لەم ژیانەدا سەرەتاو کۆتایی هەیە. هەموو شتێ دەگۆڕێت و پاشان لەناودەچێ"

*"ڕۆحی مرۆڤ لەپاش مردنی، دەچێتە ناو جەستەی بونەوەرێکی حەیوانییەوە، یاخود دەچێتە ناو ڕوەکێکەوە، پاشان دەچێتەوە مرۆڤێکی ترەوە بەم شێوەیە تا کۆتایی"

*"ژیان بازنەیەکی گەورەیە، ئێمە لە لاشەگەلێکی جیاواز جیاوازدا دەژین، ژیانمان هەمووی زنجیرەیەك ئازارو موعاناتە، بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت لێی و بگەینە مێرگی خۆشیی هەتاهەتایی، پێویستە ژیانێکی باش بژین".

*هۆکاری موعاناتەکانمان لەوەوەیە کە هەوڵدەدەین ژیانێکی کامەران بژین، بۆیە پێویستە هەموو هیواو ئارەزوویەکمان بۆ کامەرانی و چێژ و خۆشی لەناخماندا خەفەبکەین.

هەشت ڕێگەش هەیە بۆ خۆشی:

١–باوەڕی چاك ٢–ویستی چاك ٣–وتەی چاك ٤–کاری چاك ٥–ژیانی چاك ٦–نیەتی چاك ٧–بیرکردنەوەی ڕاست ٨–لەخۆڕامانی ڕاست و دروست.

ئەوەی نیگەرانمان دەکات ئەوەیە، کە مرۆ بەدوای ئارەزووە نزم و هەڵەکاندا بخزێ، یان هەر لەبەر ئازار ئازاری جەستەی خۆی بدات. تەنیا (ڕاستی) ڕێگە خۆشدەکات بۆ خۆشی و حیکمەت و ڕوناهی".

*کاری خراپە وەکو ئاگری بن خۆڵەمێش وایە، لەنادیاردا ئەگرێ، پاشان لەناکاو گڕدەسێنێ و ئەو ماڵی کامەرانییە خەیاڵیە دەکاتە خۆڵەمێش کە چەتەو ڕێگرەکان وایاندەزانی خۆیان تیا حەشارداوە، شوێنێ نابینی کە بتوانێ لە گوناهەکانت ڕزگارت بکات، نە ئاسۆ بێ کۆتاییەکان، نە قوڵایی دەریاکانو نە کونی ئەشکەوتەکانیش، ناتوانن لە دەرئەنجامی هەڵەکانت ڕزگارت بکەن. ئەوەی خراپە دەکات یان بانگەشەی بۆ دەکات ناکرێت کامەران بێت. وەك چۆن شوێنەواری ڕەوڕەوەی ئەو ئەسپەی گالیسکەیەك ڕادەکێشی بەدوای ئەسپەکە دەکەوێ، ئاواش ئازار دوای ئەو مرۆڤە هەڵەکارە دەکەوێ. بەڵام کاری چاکە سێبەر بەسەر ئەو مرۆڤەدا بڵاودەکاتەوە کە کارە چاکەکە دەکات یان بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵام ناوەڕۆکی ژیانی چاك چییە؟ پێنج خاڵ هەیە پێویستە لەسەر هەموو قوتابیەکی زانست، پەیڕەوی لێ بکات، ئەگەر بەڕاستی دەیەوێت ڕەگ و ریشەی ئازار لەبنجو بێخەوە هەڵبکەنێ:

١–خواستی یەکەم: هیچ مرۆڤێ یان ئاژەڵێ یان بوونەوەرێکی هەستیار مەکوژەو برینداری مەکە.

٢–خواستی دووەم: دزی مەکە.

٣–خواستی سێهەم: خۆت مەدەرە دەست خراپەو لەشفرۆشی.

٤–خواستی چوارەم: درۆمەکە و خەڵك هەڵمەخەڵەتێنە و شایەتی درۆ مەدە.



٥–خواستی پێنجەم: مەی مەخۆرەوە.

ئەوەی پەیوەست بێت بەم پێنج خاڵەوە و لێیان لانەدا شوێنی ڕێزی هەمووان دەبێت، چەرمەسەری لەسەر ڕێی خۆی لادەبات و بەوپەڕی ئاشتی و ویژدانئاسودەییەوە بەهرەی هەقیقەتناسینی بەرزدەبێتەوەو گەشەدەکات، هەروەها ڕۆحی ڕاستەوخۆ لە دوای مردنی دەچێتە لاشەی مرۆڤەوە. بەڵام پیاوی ئاینی سەرباری ئەم پێنج خواستەی لە پێشەوە باسکران، ئەبێ ئەم پێنج بنەمایەی خوارەوەیشی تیادابێت:

یەکەم: نیوەڕوان نان نەخوات.

دووەم: لەچێژ و مەلەزاتە مرۆییەکان دوربکەوێتەوە.

سێهەم: خۆی نەڕازێنێتەوە.

چوارەم: خەوتن لەشوێنی نزم و ڕەقدا.

پێنجەم: بەردەوام بەویستی خۆی لە هەژاریدا بژێت.

جارێك، "برمانی" یەك لە حەکیمێ دەپرسێ:

–"نیرڤانا" چییە؟ و چ خۆشیەك بەجەستە دەبەخشێ؟ ئەگەر ڕۆحی مرۆ نەژی و هەست نەکات و ئارەزوی هیچ شتێ نەکات، کەواتە بوونی نییە !

ئەی کەواتە نیرڤانا چییە؟

حەکیم وەڵامی دایەوە:

"بەم بەراوردەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکەت دەدەمەوە:

باوایدابنێین پاشایەك فەرمانیدا ڕێگە بە یەکێ لە پیاوانی ڕەعیەتەکەی بدرێت کە بۆ ماوەی شەش ڕۆژ ژیانێکی خۆش بژی و ڕۆژی حەوتەم لە

سێداره بدرێت! ئایا لەو باوەڕەدایت ئەو پیاوە بتوانێت چێژ لەو خۆشی و مەلەزاتە ببینێ لەکاتێکدا کە دەزانێ ڕۆژی حەوتەم دەمرێ؟"

برمانییەکە یەکسەر گوتی:

"بێگومان ناتوانێت، بەڵکو بە درێژایی ئەو کاتە بیر لەو مردنە چاوەڕوانکراوەی خۆی دەکاتەوەو ئەو شەش ڕۆژەی لەغەم و خەفەتدا بەسەردەبات."

حەکیمەکە وەڵامی دایەوەو گوتی:

"ڕۆژی حەوتەم پاشا دێت بۆ سەردانی کابرا، تا پێی بڵێ کە لە سێدارە نادرێت و دەتوانێت ڕۆژگاری بە خۆشی و شادی چۆن خۆی دەیەوێت بەسەری بەرێت، ئەو کاتە کابرا دڵخۆش دەبێت، لەبەر ماندوویی و ترسی پێشووی یەکسەر خەوێکی قوڵی لێدەکەوێت."

حەکیم لە برمانییەکە دەپرسێت:

"ئایا ئەو پیاوە، کاتێك بە قوڵایی خەودا ڕۆچووە بەدبەختە؟!"

برمانییەکە وەڵامی دەداتەوە:

"نەخێر، لەوکاتەدا چێژ لە کامەرانی مەزن دەبینێ."

ئەوسا حەکیم گوتی:

"ژیانیش ئاوایە. حەوت ڕۆژی پڕ لە ترس و ماندوێتی لە ترسی مردنی داهاتوو و لە خەوتنی ئارامدا... نیراڤاناش ئاواهییە."

ڕۆژێك یەکێك دێت بۆلای بوزا و لێی دەپرسێت.

"ئایا ڕۆح هەیە؟"

بوزاش ماوەیەکی درێژ بێدەنگ دەبێ، کابرا دەڵێت:



"پێدەچێت بوونی نەبێت!"

بوزا بێدەنگ ما، کابراش لێیدا ڕۆشت. پاشان ئاناندای قوتابیی بوزا، کە هەموو ئەو شتانەی بینیبوو کە ڕوویاندا، پرسی:

"بۆ وەڵامی پرسیارەکەیت نەدایەوە"

بوزاش وتی:

"ئەم پرسیارە نەزۆکانە ئارامیی ئەزەلیی جێگەی خواست نابەخشن. لەکاتێکدا ئێوە مێشکی خۆتان بەو مەسەلانەوە سەرقاڵ دەکەن، کاتی بەنرخ بەخێرایی تێپەڕدەبێت و مردن بەرەو ڕوتان دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی توانیبێتان خۆتان بۆ پێشوازی ئامادە کردبێ." پاشان دەستیکرد بە باسکردنی ئەم هەڵوێستانە بۆ قوتابیەکانی: "ئەگەر کەسێ بەتیرێك سنگی پێکرابێتو، برینەکەی کوشندە بێت، ئایا کارێکی ئاقڵانەیە ئەم نەخۆشە لەگەڵ دکتۆرەکەدا بکەوێتە مشتومڕ لەمەڕ سەرچاوەی تیرەکە و ئەو ڕەنگ و مادەیەی تیرەکەی لێ دروستکراوە؟ ئایا ئاقڵیە کات لەم شتە بێ سودەدا بەفیڕۆبدات. لەکاتێکدا دەزانێ کە لە چەند ساتەوەختێکی داهاتوودا مردن دێت؟ سودی چیە چەند کوێرێ لەبارەی فیلێکەوە بدوێن، کە ناتوانن ببینن، ئەوپەڕی بتوانن دەستی لێ بدەن. بێهودە و پوچە لەبارەی شتێکەوە قسەبکرێت کە ناتوانرێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، مەسائیلی ئاوا نەزۆك لە پەیوەند بە ئامانجی سەرەکیمان، کە ڕزگار بوونە لەئازار، هیچ سودێکی نییە".

بوزا هەرگیزاو هەرگیز لەبارەی خواوەندەوە یان لەبارەی چۆنیەتی دروستبوونی گەردونو ئەوەی کە ڕۆحی مرۆڤایەتی چییە، نەدواوە. بوزا

دەیگوت: "مرۆڤ زۆر لاوازە و لە توانایدا نییە خواوەند بناسێ لەبەرئەوە نەهی لێکردوە بچێتە نێو ئەو هەولانەوە کە بۆ ناسینی، خوا دەدرێن.

بوزا دەیگوت: "قوربانی و نوێژەکانمان بۆ خواوەند بێ مانایە" بۆیە لەبەرامبەر ئەو سروتانەدا دەوەستایەوە کە بەرمانییەکان پێی هەڵدەستان. هەروەها دەیگوت: "ناکرێت لەرێی نوێژو نزاو قوربانی پێشکەشکردنەوە سۆز و بەزەیی خوا بەدەستبهێنرێت. ئەگەر مرۆ هەڵسوکەوتی ژیانی خۆی نەگۆرێ، ئەویش بەگرتنەبەری رێگەی چاکە، ئەوا گوناه لەناخیدا دەمێنێتەوەو چەرمەسەری بۆ دەهێنێ."

ئاراگۆن[13]..

شاعیری گوڵو جوانیو بەرگری

شاعیری گەورەی فەرەنسی لویس ئاراگۆن، ساڵی ١٨٩٧ لەدایکبووە. زۆربەی بەرهەمە شیعرییەکانی بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراون. گرنگترین شتێ کە لەم شاعیرەدایەو شایستەی ئەوەیە ئاوڕی لێبدرێتەوە تێڕوانینی ناسکو سیستماتیکیانەیەتی بۆ مرۆڤو ژیانو ئازادی، کە هێندە بەرفراوانو قوڵو ئارامگرتووە ناکرێت لە وتارێکی وا سەرپێییو کورتدا هەقی خۆی بدەینێ، چونکە پێویست بە خوێندنەوەو ڕۆچوونی قوڵ بەنێو تێگەیشتنەکانی ئەو لەمەڕ ئەو چەمکانە دەکات. بۆیە ناتوانین کارەکانی لەیەکتری داپچڕینو قۆناغێکی ژیانو شیعرەکانی بهێنین کۆڵێنکاری لەسەر ساز بدەین، بەڵکو دەبێت وەکو زنجیرەیەکی یەك لەدوای یەك بڕوانینە قۆناغەکانی ژیانو نوسینی ئەم مرۆڤە شۆڕشگێڕو بەجەرگو بەهەڵوێستەو بەقوڵیو هەمەلایەنانە لەو کێشەو گرفتو ناکۆکییانە بکۆڵینەوە کە بە دەرکەوتنی لە نێو جیهانی ئەدەبی فەرەنسیدا سەریان

[13] بۆ نووسینی ئەم بابەتە سود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:

http://www.al-vefagh.com



هەڵدا، بۆ ئەمەش پێویستە ئاوڕێکی کورتخایەن لەبارودۆخی ئەدەبی فەرەنسیی ئەو سەردەمە بدەینەوە.

ئەدەبی فەرەنسی لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگە گەورەکەدا (جەنگی جیهانی یەکەمو دووەم) مەیدانی تەراتێنی تەوژمی (لا وەعی) بوو، واتە ئەو تەوژمەی کە وەکو کاردانەوە ڕیالیستیانەکەی زۆلاو بەلزاكو کاردانەوە ڕۆمانسیانەکەی ئاناتۆل فرانس کە خەریك بوو لەگەڵ فەلسەفە میتافیزیکیەکاندا خۆیان لێکهەڵدەپێکا، گەشەیدەکردو بە کونو کەلەبەری سەرجەم کایەکانی ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمەی ئەدەبیی فەرەنسیدا ڕۆدەچوونە خوارەوە.

لەو دەمەدا مارسیل پرۆست دەرکەوت، ئەو بۆڕی هاوتەمەنەکانی خۆی دایەوەو جۆرێك لە چیرۆکی داهێنا کە تیایدا وێنەی ئەو چینو توێژانەی دەکێشا کە لای خەڵکی جێگەی ڕێز بوونو دەوڵەت بەخۆیو دامو دەزگاکانییەوە خزمەتی دەکردن، کە دواتر هێواش هێواش کرمۆڵ بوونو مۆرانەی دزیو بەرتیلو خۆپەرستی تا بینەقاقایانی نقومی ئارەزوپەرستی کرد.

بەم شێوەیە بەلزاك لەدەرەوەی بازنەی جیهانی ئەرەستۆکراسیانەی ئەو دەمەدا مایەوە بەڵام پرۆست بەپێچەوانەی بەلزاکەوە بە مۆرکی سەردەمەکەی خۆیەوە هاتەناوەوە، بۆ یەکەم جار کۆمەڵە چیرۆکی (گەڕان بەدوای سەردەمە ونبووەکانی) بڵاوکردەوە کە بەشێوازی شیکاری هەندێ تێڕوانینی خودگەریانەی خۆی تیا بەرجەستە کردبوون.

تەوژمی لاوەعی درێژەیکێشاو ڕێبازەکانی سوریالیزمو دادائیو ئاییندەگەرایی لێکەوتەوەو شیعریش بووە ئاوێنەی ژیانی نوێو سەرجەمی ناکۆکییەکانی ناوی، هەر لە نیگەرانیو پەشێویو بێ ئومێدییەوە تا توندوتیژیو ئارەزوپەرستی. ئاراگۆنیش وەك هەموو شاعیرە لاوە هاوتەمەنەکانی خۆی بەدوای ئەم تەوژمە کەوتو خۆی لەژێر کاریگەری سوریالیستەکانی ئەو سەردەمەدا بینییەوە. بۆیە ئەوانئاسا هەندێ شیعری هۆنییەوە کە نەمانایەکیان دەبەخشی نەهیچ مەدلولێ لە پشت وشەکانییەوە خۆیان حەشار دابوو. وەنەبێت ئەم حاڵەتە بەتەنها توشی ئەدیبە لاوەکانی ئەو سەردەمە بووبێت، بەڵکو سەرتاپای هونەرمەندانو نوسەرانی بەپیرو لاویەوە گرتبۆوە، ئەمەش زەمینەی بۆ بانگهێشکەرانی سوریالیزم خۆشکردبوو کە بڵێن سوریالیزم ڕەوتو تەوژمێکی زۆر سروشتییە نەك لادانو یاخیبوونێکی هەرزەکارانە.

پاشتر ناوی پۆڵ ڤالیری کەوتە ناو ناوانەوە، بەجۆرێك جاڕ بۆ خۆیو شیعرەکانی درا کە پێشتر وێنەی نەبوو. ئەم کابرایە تا ساڵی (١٩١٤)یش بەجۆرێکی ئاڵۆزو نارۆشن دەینوسیو کەمو زۆر پەیوەندی بە سوریالیزمو سورریالیستەکانەوە نەبوو، باشترین بەڵگەش هەر خودی شیعرەکانی خۆیەتی کە بەئاشکرا ڕەمزیەتو ڕۆمانسیەت سەرتاپایان تەنیوە، ئەگەرچی فەلسەفەکەی ڤالیری بانگەشە بۆ مرۆڤی نمونەیی دەکرد، واتە ئەو مرۆڤەی لەیەك کاتدا هونەرمەندو زانایشە نمونەی باڵایشی نیگارکێشی بەناوبانگ لیۆناردۆ داڤنشییە، بەڵام ناکرێت بەسوریالیست لەقەڵەم بدرێت. مەبەستمان لەم نمونەو بەدواچوونە ئەوەیە بڵێین ڤالیری سوریالی نەبووە، بەڵکو



ڕۆمانسی بووە، چونکە جگە لە ڕۆمانسیزم پەیرەوی لە هیچ قوتابخانەیەك نەکردوە. بێگومان بۆ ئاراگۆنیش بەهەمان شێوەیە، بۆیە سەرەتا دەبێت ناسوریالیستبوونی بسەلمێنرێت، ئینجا مەزنیو جوانی ئەم شاعیرەمان بۆ دەردەکەوێت، چونکە تەوژمێکی وەك سوریالیزم ناتوانێت ببێتە پێناسەیەکی وردی بەرهەمە بەپێزەکانی ئەم شاعیرە ناودارە، ئاراگۆن پێی وابوو شیعر ژیانەو ژیانیش شیعرەو لێکتری جیاناکرێنەوە، وەنەبێت لەخۆوە بەم بڕیارە گەیشتبێت، بەڵکو ئەو لەو شاعیرانە بوو کە لە پاش تراژیدیاکانی جەنگو چەرمەسەریەکانی بەو دەرئەنجامە گەیشتبوو کە شیعر خودی ژیانە. کارێکی سەختە بتوانین لەو شیعرانە تێ بگەین کە ئاراگۆن لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ –١٩٢٩ نوسیونی چونکە زۆر ئاڵۆزو پڕ پێچو پەنانو واتایەکی ڕۆشن نادەنە دەستەوە، بەڵام سەرباری ئەوەش خاڵی نین لەداهێنانو نوێکردنەوە، بگرە تائێستاش زۆرێك لە ڕەخنەگرەکان پێیانوایە ئەو داهێنانو نوێکردنەوەیەی کە ئاراگۆن لە قۆناغی سوریالیستیی خۆیدا لە بواری ئەدەبدا هێنایەئاراوە هیچی کەمتر نییە لەوەی کە بیکاسۆ لەبواری هونەری نیگارکێشاندا ئەنجامیداوە.

ساڵانی ١٩٣٠و بەدواوە ئاراگۆن ڕوانینی بۆ خۆیو چواردەورەکەی گۆڕا، هەستی کرد سوریالیزم وەك تەوژمێکی باو لەو سەردەمەدا خەریکە لەپەلوپۆی دەخات بۆیە دەستیکردە داڕشتنی ڕێبازێکی نوێ، ئەوەبوو بەسەرتاپای بوونی خۆیەوە دایە پاڵ خەڵکی زەحمەتکێشی فەرەنساو بەکردەوە پەیوەندیی خۆی بە سوریالیزمەوە قەتع کردو ڕەخنەی لە هاوەڵە کۆنەکانی خۆی گرتو دژی سەرجەمی ئەو نەریتو بەهایانە وەستایەوە کە

سوریالیزم تیایدا دروستکردبوو، هەروەها ڕەخنەی لە تەوژمی لاوەعی گرتو ڕایگەیاند تەوژمێکی خراپەگەرەو لە خودگەریو ئاژاوەگێڕیو بێسەرو بەرەیی بەو لاوە هیچی تری لێ سەوز نابێت. هەروەها ماهیەتی درۆزنانەی (ئازادیی خود)ی بەجیا لەئازادی سەرجەمی کۆمەڵگەی ئاشکراکرد.

لەم قۆناغەدا، واتە لە قۆناغی دوای سوریالیست بوونیەوە شیعرەکانی بەرگی ساناییو زیندوێتیو ڕۆشنییان پۆشی، واتاکان شیعرەکانیان لێوانڕێژ کردبوو، چەندان وێنەی جوانو وێنەی سەرنجڕاکێشیان لە خۆگرتبوو، خۆی گوتەنی لەبەرهەمە تازەکانیدا دەمامکی وەهمو ئەفسانەی لابردو تاجی ئەقڵو لۆژیكو ستاتیکای لەسەرناو بەقوڵی کەوتە بیرکردنەوە.

دۆخێك دروست بوو بۆماوەی (٦) ساڵ وازی لە شیعر هێناو لەو ماوەیەدا خۆی تێکەڵ بە ململانێ سیاسییەکان کردو لە ڕیزی بزوتنەوەی ئازادیخوازیدا درێژە بە تێکۆشانی خۆی دا. ئەم ململانێ سیاسیانە ناچاریانکرد قەڵەمەکەی ڕووەو چەند بوارێکی تر ئاراستە بکاتو تیایاندا بنوسێت. ئەوەبوو چوار کۆمەڵە چیرۆکی بڵاوکردەوە کە تیایاندا واقیعی تاڵی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی فەرەنسیی وێناکردبوو، وێناکردنێکی ڕاستگۆیانەو واقیعیانە. سەرباری ئەوەی کە گرێچنی چیرۆکەکانی هونەریو بەهێز بوونو هەڵوێستی درامیو چەندان لایەنی پۆزەتیڤی تریان تێدابوو بەڵام خوێنەر هەستی دەکرد نوسەر خۆی توشی کێشەیەك کردوە کە ناتوانێت زۆر تیایدا قوڵ بێتەوە، بەڵام وێڕای ئەمانەش هەموویان وێنەگرتنێکی ڕیالیستیانەی ژیانی کۆمەڵگەی فەرەنسی بوونو باسیان لە ماوەی داگیرکاری ڕژێمی نازی دەکرد، واتە تاڤ بەرگری و دژایەتی. بەرگری



لە بەها شۆڕشگێرییە جوانەکانو دژایەتی کردنی فاشیەتو نازییەتی خوای شەڕ، ئەمانەش سەلماندیان کە ئاراگۆن نوسەرێکی شۆڕشگێرو بەتوانایە، نهێنیی ئەمەش لەوەدایە کە ئەو شتێکی نەدەنوسی لەدڵو هەستو بیرکردنەوەو خەیاڵی خۆیەوە نزیك نەبووایە، بۆیە بەوپەڕی هێزو ڕاستگۆییەوە وێنای دەکردن.

زۆرێك لە ڕەخنەگرەکان قۆناغی وازلەشیعرهێنانی ئاراگۆن دادەنێن بە وچانێك بۆ خۆکۆکردنەوەو خۆئامادەکردن. ئاراگۆن لەو قۆناغەدا بیرکردنەوەو تێگەیشتنی تەواو گۆڕا، تەنانەت وای لێهات دژایەتی خۆشەویستیی سێکسی ڕەها بکاتو بانگەشە لەدژی بکات، واتە بەپێچەوانەی ساڵی (١٩٢٤)ەوە کە وتبووی (خۆشەویستی ڕاستە قینە تەنها خۆشەویستی سێکسییە)، ئەو لەم بۆچوونەی خۆی پاشگەزبۆوەو ڕایگەیاند ((سێکسخوازی ڕەها خۆشەویستی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو سێکسخوازی خۆشەویستییەکی لەرزۆكو سوكو کاتیو بێمانایە. ئێمە بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم قسانەمان ئەو دوو قسەیەی خودی ئاراگۆن بە نمونە دەهێنینەوە کە لەپەیوەند بەئەلیزای خۆشەویستیەوە وتویەتی“ ئاراگۆن لەقۆناغی سوریالیزمی خۆیدا بەئەلیزا دەڵێت: ((من تەنها لەڕێی چاوەکانی تۆوەیە دەتوانم دنیا ببینم، تۆ خێزانمی ، ئەو خێزانەی کە من دانی پیادا نانێمو بڕوام پێی نییە)). پاشتر کە قۆناغی سوریالی بەجێدەهێڵێت، ڕای دەگۆڕیو دەڵێت: ((منو تۆو هەموو ئەوانەی لەگەڵماندان پێویستە لەئامێزی گەلداو لەژێر سایەی خێزانە گەورەکەماندا (واتە کۆمەڵگا) بەیداخی خۆمان هەڵدەین)).

لەماوەی ساڵانی (١٩٤٠–١٩٤٤)دا واتە ساڵانی پڕ ئەزموونی خۆشەویستیو جەنگو بەرگرىو داگیرکارییەکانی سوپای نازیی ئەڵمانیا، شیعر بووە باشترینو گونجاوترینو بەهێزترین هۆکار بۆ تەعبیر لەخۆکردن.

هەرچەندە زۆر ئاستەنگو مەترسی بۆ ئاراگۆن پێکهات کە سادەترینیان گوللەباران کردن بوو، بەڵام ئەو لە شیعرنوسین نەکەوت، بەڵکو بەردەوام بانگەوازی خەڵکی فەرەنسای دەکرد بۆ شۆڕشو خەباتو تێکۆشان. ئەو لە یەکێ لە نوسینەکانیدا دەڵێت: (من بە هەناسەدانم هەندێ کەس لە چانسی ژیان بێ بەش دەکەم، خەویان دەزڕێنمو تووشی ئازارێکی سەیریان دەکەم، سەرنجمداوە هەرکاتێ شیعرێکی تازە دەڵێم گوێم لەدەنگی قامچییەك دەبێت کە پشتی خائینێك سووردەکاتەوە، بەڵێ هەست دەکەم شیعر مردوەکان بەئاگا دێنێتەوە).

ئاراگۆن ساڵی ١٩٨٢ لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کردو لە پاریس نێژرا.

## بێکت[14]..

## ژیانێکی سەیرو مردنێکی سەیرتر

سامۆیل بێکت، مانگی نیسانی ساڵی ١٩٠٦ لەشاری دبلنی پایتەختی ئیرلەندە، لەباوکێکی ئیرلەندیو دایکێکی بەڕەچەڵەک فەرەنسی لەدایکبووە. کۆلێجی ترینتیی زانستگەی دبلنی تەواو کردوەو پاشان بووە بە مامۆستای لاهوتناسی لە پاریس.

بێکت هەر لەسەرەتاوە کەوتۆتە ژێر کاریگەری دانتێ و فەیلەسوفە هۆڵەندییەکانەوە. ساڵی ١٩٢٨ بۆ پاریس دەچێتو ساڵی ١٩٣٠ یەکەم کتێبی خۆی لە پاریس بڵاودەکاتەوە. ساڵانی ١٩٣٠ تا ١٩٣٨ بەگەشتو هاتوچۆ لەنێوان دبلنو لەندەندا دەباتەسەر، تا ساڵی ١٩٣٨ یەکجاری دەچێتە پاریسو لەوێ نیشتەجێ دەبێت. ساڵی ١٩٣٨ لەیەکێ لەشەقامەکانی پاریسدا دزێك هەڵدەکوتێتە سەریو چەقۆیەك دەکات بەسنگیا. بەرێکەوت ئافرەتێکی لاو بەهانایەوە دێتو دەیبات بۆ خەستەخانە، ئەم ڕوداوە بەتەواوی بیرکردنەوەی بێکتی گۆڕیو هاتە سەر ئەو ڕایەی کە ژیان چەند خۆشو بێ کەموکوڕی بێت بێهودەیەو مرۆڤ

[14] بۆ نووسینی ئەم بابەتە سود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
www.ahram.org.eg/Archive/١٩٩٩/٤/١٣/FILE١



هەمیشە لەبەردەم مردندا بێ دەسەڵاتو ملکەچە، مردن هەرکاتێ ئارەزو بکات دەتوانێت زۆر پێش وادەی خۆی کۆتایی بەژیانی بهێنێت، بۆیە بەردەوام هەستی بەنزیکی مردن دەکرد، ئەمەش هێندەی تر ژیانی لا بێهودە کردبوو.

پەیوەندی بێکت بە کچە لاوەکەوە درێژیکێشا، پاشتر لەساڵی ١٩٦١ دا لەئینگلتەرە بەنهێنی هێنای، پێکەوە مانەوە تا لەحوزەیرانی ١٩٨٩ ئەو مرد، خۆیشی چەند مانگێ دوای ئەو مردن کۆتایی بەژیانی پڕ نەهیلیستیانەی هێنا، بەم جۆرە لەتەمەنی ٨٣ ساڵیدا کۆچی کرد، بەڵام کۆچکردنێکی نهێنیو بەخاك سپاردنێکی سەرسوڕهێن، چونکە هاوڕێو دۆستەکانی بۆماوەی چەند ڕۆژێك هەواڵی مردنەکەیان شاردەوەو پاشان بەئامادەیی ژمارەیەکی کەم لە دۆستو هاوڕێ نزیکەکانی لەگۆڕستانی (مونپارناس) لەپاریس نێژرا.

ئەم مردنو ناشتنە سەرسوڕهێنە لەگەڵ کەسایەتی کەسێکی وەکو بێکتی ڕێبەری ئەدەبو هونەری ناماقوڵی شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، چونکە ئەو لەو ژیانە درێژەی خۆیدا حەزی لەتەنهاییو دورەپەرێزیو بەخۆدا ڕۆچوون بوو، بەجۆرێك کە ڕێگەی نەدەدا تەنانەت دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش سنوری جیهانە تایبەتیەکەی ببەزێنن، لەبەرئەوە جیرۆم لیندۆنی هاوڕێی کە گەورە ناشرێکی فەرەنسی بوو هەروەها خاوەنی دەزگای مینۆی بڵاوکردنەوە بوو ئەو داواکارییەی بێکتی جێبەجێ کردو بەنهێنی ناشتی، وەك چۆن تا لە ژیانیشیدا بوو ئارەزوەکانی جێبەجێ دەکرد.

بێکت بەقوڵی کەوتبووە ژێر کاریگەری مردنەوەو بەردەوام لەنوسینەکانیدا هەوڵیداوە وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە تاریكو نەناسراوە بدۆزێتەوە، ڕەنگیشە هۆکاری سەرەکی ئەو ناماقوڵی و بێهودەییەی ژیانی بێکت پرسیاری مردنو ترسی مردنو کێشەی مردن بووبێت. تا ئەو ڕادەیەی جارێك لە کۆتایی پێشکەشکردنی شانۆنامەیەکیدا دەڵێت: (لەکۆتایی شانۆییەکەمدا جگە لەمشتێ خۆڵ هیچ شتێکی تر بوونی نیە) یاخود ساڵی ١٩٨٦ زۆرێك لەدەزگا هونەریو ئەدەبییە ئەکادیمیو میللییەکانی جیهان بەبۆنەی ساڵیادی هەشتاهەمینی تەمەنییەوە لەڕێی چالاکیو نمایشکردنی کارەکانیو گرتنی کۆڕو سیمینارو مێزگرد لەسەر لایەنەکانی ژیانی ویستیان ڕێزێکی لێبگرن، بەڵام بێکت خۆی ئامادەی هیچ کامێ لەو چالاکیانە نەبوو، تەنانەت نمایشەکانیشی نەبینی.

هەرچەندە بێکت ئارەزوی تێکەڵ بوونی خەڵکی نەبووەو ڕەشبین بووە بەرامبەر بە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان، بەڵام خاوەنی گیانێکی قۆشمە بووە، ئەمەش بەئاشکرا لەکارە هونەرییەکانیدا دەبینرێت. لەبەرئەوەی کارەکانی پڕن لەهێمای زۆرو زەوەند، گەر کۆمیدیانە مامەڵەیان لەگەڵدا نەکات تەحەمول ناکرێن، ڕەنگە باشترین نمونەش شانۆنامە بەناوبانگەکەی (لەچاوەڕوانی گۆدۆدا) بێت. لەو شانۆگەریەدا دوو سەرگەردانی شرۆڵە(ئیستراگۆنو ڤلادمێر) دەبینین، لەسەر ڕێگەیەکی وشكو برینگدا کە جگە لە درەختێکی ڕوتەڵە هیچی تری لێ نیە چاوەڕوانی هاتنی کەسێکن کە ناوی گۆدۆیە، بەڵکو بێتو لەو ئازارو خەمو ونبوونە ڕزگاریان بکات، لەکاتی چاوەڕوانیەکەیاندا کابرایەك (بوزو) بەلایاندا تێدەپەڕێت کەکۆیلەیەکی دوای



خۆی داوەو تا دوا پلە سوکایەتی پێ دەکات، سەرەنجام (گۆدۆ) خۆی نایەتو منداڵێك بۆ عوزرخوایی دەنێرێتو هەروا چاوەڕوانی درێژەدەکێشێت. لەپەردەی دووهەمدا جگە لەهەندێ گەڵای وەریو گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ڕونادات، پاشان (بوزو) دێتو کوێر بووەو ڕیشی خۆی داوەتە دەست کۆیلەکەی، ئینجا دیسان منداڵەکە دێتەوەو سەرلەنوێ لە نەهاتنی گۆدۆ ئاگاداریان دەکاتەوە.

کە جاری یەکەم ئەم شانۆگەریە لە فەرەنسا نمایشکرا ڕوبەڕوی ڕەخنەی توند بۆوە. بەتایبەتی لەلایەن کلاسیکییەکانەوە، ئەوان پێیان وابوو بێکت سنووری هەموو ئەو یاساو ڕێسایانەی شکاندوە کەدرامای لەسەر دادەمەزرێت، تەنانەت جەماوەری فەرەنسیو ئینگلیزیو ئەمریکیش لەگەڵ ئەو تەرزە شانۆییە نامائلوفە ڕانەهاتبوون، بەڵام زۆری نەخایاند بێکت ئەو قۆناغەی تێپەڕاندو بووە پێشڕەوی شانۆی جیهانیی هاوچەرخو بەرهەمەکانی بۆ زۆربەی زمانە زیندوەکانی جیهان وەرگێڕدرانو مشتومڕو لێدوانی ڕەخنەگرانو نوسەرانی گەرمو گوڕتر کرد. زۆربەی ئەو مشتومڕانەش لەدەوری ئەم پرسیارانە دەخولانەوە: گۆدۆ کێیە؟ ڕزگارکەرە؟ مردنە؟ خۆشگوزەرانیو بەختیارییە؟ دادپەروەریە؟ بەڵام هێواش هێواش تێگەیشتن کەگرنگ ئەوە نیە گۆدۆ کێیە، بەڵکو ئەوەی کە گرنگە کردەی چاوەڕوانیەکەیە، چاوەڕوانییەکی بێ سودو بێهودە بۆ کەسێك کە ناشیەت.

خەمی گەورەی بێکت ئەوە بوو کە ژیان بە هەموو پانتاییەکانیەوە لەو مانا ئامادەکراوە نائەقڵانییانە خاڵی بکاتەوە کەپێشتر دانراونو ژیانی

مرۆڤیان پێ لەقاڵب دراوە. ئەو دەیویست مرۆڤ وەباربهێنێت کە بە هەڵبژاردنێکی ئازادو هوشیارانە، بەوپەڕی لێپرسراوییەوە ڕووبەڕووی مەرگ بێتەوە، تا لەم ڕێگەیەوە بتوانێت مانایەك بەژیانی خۆی ببەخشێت. سەیر لەوەدایەو بوونگەراکان بۆ خستنەرووی ناماقوڵیەتی ژیان پەنایان بۆ شێوازی ماقوڵ دەبرد، تا بێکتو هەندێکی تر هاتنو بەراوردی نێوان فۆرمو ناوەڕۆکیان کردو پێیان وابوو ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەی ناماقوڵیش خۆی لەخۆیدا کارێکی ناماقوڵە.

بێکت، لەماوەی تەمەنی پڕ داهێنانی خۆیدا زیاتر لە ٥٠ کاری ئەدەبیی هەمەچەشنی لەشانۆو شیعرو ڕۆمانو ڕەخنە نوسیوە. ئەگەر چی ناوبانگی شانۆنوسییەکەی لایەنەکانی تری نوسینی بێکتی شاردۆتەوە، بەڵام ئەوەی کە تا ئێستا کەمتر ئاماژەی پێدراوە ئەوەیە کە ئەو بەرلەوەی شانۆنامە بنوسێت شیعرو ڕۆمانی نوسیوە لەوانە (مالۆن دەمرێت ١٩٥١)، بێکت لە نوسینی شانۆنامەکانیدا پەیڕەوی لەشێوازی چەنەبازیو زۆربڵێیی کردوەو زۆربەی یاساو ڕێسا باوەکانی تێکشکاندوە، وەکو خۆشی دەڵێت:

(کاتێ لەچاوەڕوانی گۆدۆم نوسی وەکو جۆرێك لەئاسانکردنی پەخشانی باوو گرانی ئەو سەردەمە نوسیم).

بێکت بەهۆی شارەزاییە بێ ئەندازەکەیەوە لەزمانی ئینگلیزیو فەرەنسیدا خۆی شانۆنامەکانی خۆی وەردەگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزیو سەرئەنجام بەهۆی بەپێزی کارەکانیەوە دانپیانانێکی گەورەی جیهانی بەدەستهێنا. بێکت چەندە بەهۆی شانۆیی لەچاوەڕوانی گۆدۆدا ناسرا، هێندەو زیاتریش بەهۆی شانۆیی (یاری کۆتایی_ ١٩٥٧)و (ڕۆژە



خۆشەکان_ ١٩٧٥)ەوە گرنگی پەیداکرد، تا ئەو ڕادەیەی کەسانێك خۆیان تەرخانکرد کە تەنها لە کارە شانۆییەکانی ئەودا ڕۆڵ ببینن، وەکو (مادلین ڕینو) کە کەسایەتیە ئافرەتییەکانی کارەکانی بێکتی بەرجەستە دەکرد، یان (ئالڤین ئبستین) کە خۆی تەرخان کردبوو بۆ بینینی ڕۆڵی پاڵەوانی پیاو لە کارەکانی بێکتدا.

بێکت چ لە کاتی ژیانیو چ دوای ژیانیشی چەندین خەڵاتو پاداشتی وەرگرتووە، ساڵی ١٩٦٩ خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، بەڵام خۆی نەچوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە، ئەکادیمیای سویدییش لەسەروەختی بەخشینی خەڵاتەکەدا لەبارەیەوە گوتبووی: بێکت نوسەرێکە، چەرمەسەریەکانی مرۆڤی هاوچەرخی بەرجەستە کردوەو لەکارە ئەدەبیەکانیدا بەڕوونی دەریخستوون.

بێکت، ئەگەرچی وەك نوسەرێکی بێهودەگەرا ناسراوە بەڵام تا لە ژیاندا بوو خاوەنی هەڵوێستی بەرپرسیارانەی خۆی بوو، هەربۆیە لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا وێڕای سەختی هەلومەرجەکە دایە پاڵ خەباتگێڕەکانی فەرەنساو لەدژی داگیرکەرە نازییەکانی ئەڵمانیا بەشداری بزوتنەوەی ئازادیخوازی کرد.

## هاینرش بۆڵ[15].. زۆرم وت

هاینریش بۆڵ لەبیستو یەکی دیسەمبەری ساڵی (١٩١٧)دا لە (کۆلن) (شوێنی ڕودانی زۆربەی چیرۆکو ڕۆمانەکانی) هاتۆتەدنیاوە. باوکی دوو ژنی هەبووە، ئەم لەدایکییەوە (خاتوو ماریا هیمۆمانس) پێنجەمین منداڵو لە باوکیشەوە شەشەمین منداڵی خێزانەکەیان بووە. لەبەرئەوەی دوایین منداڵ بووە زۆر کەس وتویانە هۆگری دایکی بووە. بەڵام ئەم خۆی ڕای وانیەو دەڵێت:

ڕەنگە ئەمە بەهۆی ئەو وتارەوە پێشهاتبێ کە بەناوی (دەمەتەقێیەک لەگەڵ خۆمدا) کە ساڵی (١٩٦٥) بەچاپ گەیشتو تیایدا دایکم وەکو ژنێکی گەورەو سەرسوڕهێن باس لێوەکردبوو، دایکم مرۆڤێکی سەیر بوو هەرکەسێ بهاتایەتە ماڵەکەی نازی بوایە یان دژی نازی، بانگهێشتی قاوەخواردنەوەی دەکرد، ئەم میوانەنوازیە منیشی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە، کە دواجار لە ماکی قارەمانی چیرۆکو نمایشنامەکانمدا ئەم سروشتە چاکەی ئەو ڕەنگیان دایەوە. پاڵەوانەکانم هەموویان خاڵین لە دەمارگیریو کەسیان ئامادە نین لەشانو شەوکەتی مرۆییانەی کەسێکی

[15] بۆ نووسینی ئەم بابەتە سود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
www.dw-world.de/dw/article/٠,٢١٤٤,١٨٤٢٩٤٤,٠٠.html



تر بدەنو بیشکێنن، یان ڕووشکێنی بکەن. ئێمە بنەماڵەکەمان کاسۆلیک بوونو فێرکردنی کاسۆلیکیم لەماڵو قوتابخانە وەرگرتو، بەها کاسۆلیکیەکان بوونە بەشێکی بنچینەییو دانەبڕاوی بەرهەمەکانم، زۆر کەس پێیوایە من نوسەرێکی کاسۆلێکیم، لێرەدا دەمەوێت بڵێم کە ئەمە وا نیە، نەخێر! من لەمە زۆر بێزارم، من تەنانەت لەتەمەنی ١٤ تا ١٨ ساڵیشدا بۆ کلێسا نەڕۆیشتووم، ڕێچکەی ژیانی من زۆر ئازادانە هەڵکەوتوە، ئەگەرچی بێ کاریگەریش نەبووە."

بۆڵ لەدوای تەواو کردنی خوێندنی سەرەتاییو ئامادەیی لەساڵی ١٩٣٨ دا لەبۆن بووە بەشاگردی کتێبفرۆشێک، ئەزمونەکانی ئەم قۆناغەی خۆی بەشێوەی چیرۆکێک لەتوێی لاپەڕەکانی (ژنێک لەنێوان کۆمەڵێک)دا باسکردوە. لەتەموزی ١٩٣٩دا بۆ خزمەتی سەربازی بانگ دەکرێت، شەش ساڵی تەواو لە جەنگدا دەبێت، هەر لەو سەروبەندەدا لەگەڵ (ئان ماری ئیش)دا زەماوەند دەکات کە مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووە و دوای جەنگ بووە بە یەکێ لەوەرگێڕکارانی ئینگلیزیو ئێرلەندی، بەجۆرێک کە دواتر بەیارمەتی ئەو بەرهەمەکانی جۆرج بێرناردشۆو برێدن بیانی وەرگێڕاوە.

لە گەرمەی جەنگدا دەستو پێو پشتو سەری بریندار بوون، چەند جارێک بۆ ئەوەی خۆی لە خزمەتی سەربازی بدزێتەوە خۆی نەخۆش خستووەو بڕوانامەی ساختەی دروست کردوە، لەم پێناوەدا تەنانەت ئەمپولی دژی سیفلیست لەخۆی داوە کە ئەمپولێکی یەکجار ترسناک بووە؟!

لەیەکێ لە وتووێژەکانیدا دەڵێت: "زۆر ڕقم لەجەنگ دەبووەوە بۆیە لە سەربازی هەڵهاتم، چونکە تاوانەکانی ئەڵمانیام قبوڵ نەبوو، ڕاستو ڕەوان پێتان بڵێم من دژی ناسیونال سۆسیالیسم بووم، تەنانەت یەکەمین ڕۆمانم کە ناوی (لەکوێ بوویت مرۆڤ؟) بوو، باسی یەکێك لە تاوانەکانی نازیزم دەکات کە فەرماندەی ئۆردوگایەك هەموو زیندانیە جولەکەکانی خۆی دەکوژێت".

دوای ئەوەی جەنگ تەواو دەبێت دەستدەکاتە کاری موبێلە دروستکردن، پاشانیش لەفەرمانگەی ئاماری شاری (کۆلن) دادەمەزرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەرجیی ڕۆژانەی ئانی خێزانی دەیکێشاو مەسەلەی گرنگی ئەو نوسین دەبێت. بەجۆرێك کە تا ساڵی ١٩٥٠ زیاتر لە شەش بەرهەم لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا چاپو بڵاو دەکاتەوە.

ساڵی ١٩٤٦ یەکەمین بەرهەمی خۆی  بەناوی "شەمەفەدەرەکە لەکاتی خۆیدا گەیشت" چاپوبڵاوکردەوە. ئەم بەرهەمەی بۆڵو کتێبی (دەرەوە، پشتی دەرگا)ی ڤۆلڤانگ بورشێرت کە دوو ساڵ لە پێش ئەوەی ئەمدا بەچاپ گەیشتبوو نۆبەرەی ئەدەبیاتی نوێی دوای جەنگی ئەڵمانیای نازی بوون.

هاینریش بۆڵ وەك خۆی لە وتووێژێکدا دەڵێت: پاش تەواوکردنی خوێندن، لەنێوان ساڵانی ١٩٣٧دا سەرم لێشێوا بوو، نەمدەزانی چ ڕێگەیەك بۆ ژیانی خۆم هەڵبژێرم. تەنیا ئەوەندەم دەزانێ کە دەبێت ببمە نوسەر. نوسەری هەر لەهەڤدە ساڵییەوە منی بەلای خۆیدا پەلکێش



کردبوو، هەڵبەتە من بەر لە جەنگیش شیعرو چیرۆکیشم نوسی بوو، بەڵام لە کاتی جەنگو بۆمبابارانی (کۆلن)دا لەنێوچوون.

دووەمین کتێبی بۆڵ لەدوای کورتە ڕۆمانی (شەمەندەرەکە لەکاتی خۆیدا گەیشت)، کتێبی (کاتێ گەشتیار گەیشتە ئەسپارتە) لەگەڵ (٢٥) چیرۆکی تردا بوو، کە دەنگدانەوەیەکی تایبەتی هەبوو، کارێکی وایکرد کە ڕەخنەگران بڵێن بۆڵ ئایینو خێزانەکەی لە بەرهەمەکانیدا ئامادەییو کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە، بەڵام ئەوەی بەڕوونیو ئاشکرایی لە بەرهەمەکانیدا دەبینرێت فاکتەرێکی ترە کە ئەویش هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی جەنگی جیهانیی دووەمو هەڵئاوسانو ڕاوەستانی ئابوریو نوێکردنەوەی ژیانی ئابورییە کە کاریگەرییەکی یەکجار زۆریان لە شکڵگیری کەسایەتیو سروشتی پاڵەوانی چیرۆکەکانیدا هەبوو.

ئەگەر بەرهەمەکانی بۆڵ بە تەرتیبە مێژوییەکەی بخوێنرێنەوە تەواوی ئەو قۆناغە گرنگانەی مێژوی ئەڵمانیای خۆرئاوا پێکدەهێنن، هەر لە سەروەختی دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٤٩دا تا ناوەڕاستەکانی دەیەی هەشتا، نوسینەکانی ئەو بینینی ئەو ڕوداوانەیە کە پەیوەستن بەسیو پێنج ساڵی تەمەنی کۆماری دووەمی ئەڵمانیا کە قۆناغی برسێتیی پاش جەنگو گەڕانەوەی سەرمایەداری بۆ ئەڵمانیاو، قۆناغی سەرلەنوێ خۆ پڕچەککردنەوەو، ساڵانی گەشەو درەوشانەوەو کاردانەوەی تیرۆرستی لەبەرامبەر بێ دادیی سیاسیو کۆمەلایەتی.

بۆڵ بەپێچەوانەی زۆربەی زۆری نوسەرانی جیهانەوە، ڕاشکاوانە باس لەو بەرهەمانە دەکات کە زیاتر لە بەرهەمەکانی تری خۆشیدەوێن، هەر

بۆیە هەمیشە ئاماژەی بۆ کۆمەڵە چیرۆکی تۆ زۆر دەچیتە هایدڵ بێرگو ڕۆمانی تۆڕی سیخوڕیو ڕۆمانی ژنانی کەناری ڕوبار دەکردو، زۆری بە لاوە گرنگ بوون، بەڵام ساڵی ١٩٧٢ خەڵاتی نۆبڵی لەسەر ڕۆمانی (ژنێك لەنێو کۆمەڵێکدا) وەرگرت. هەمان ساڵیش دکتۆرای فەخرییان لەئینگلتەرەو ئێرلەندە پێبەخشی، هەروەها ناونیشانی مامۆستای فەخریی هەرێمی ڕاینو ستڤالی سەرویشیان پێبەخشی.

هاینریش بۆڵ جگە لە چیرۆكو نۆڤلێتو ڕۆمان چەندین وتارو دەقی ئەدەبیی تری نوسیوە کە بەهای ستاتیکیو ئەدەبییان هیچی لە ڕۆمانو کورتەڕۆمانەکانی کەمتر نین، لەوانەش: (نامەیەك بۆ لاوێکی کاسۆلیکی)، (دەربارەی خۆم)، (لەم وڵاتەدا)، (راد بێرگ، ڕادرتاڵ). ئەم وتارو نامانە زیاتر لە نیوەی بەرهەمەکانی پێکدەهێنن. ئەو هیچ جیاوازیەکی لەنێوان وتارەکانیو بەرهەمەکانی تریدا نەدەکرد. چەندین جار لەم بارەیەوە وتویە: ئەوەی من تێی ناگەم ئەو هەوڵەیە کە بۆ جیاکردنەوەی چیرۆکنوسێك لەنوسەرێك دەدرێت، سەیرەکەش لەوەدایە ئەمانە نازانن چ ڕەخنەو چ وتارو چ وتاربێژییش هەرسێکیان سەر بەئەدەبیاتن."

بۆڵ هیچ بەرهەمێکی هێندەی نامەوتاری (نامەیەك بۆ لاوێکی کاسۆلیکی) خەیاڵیانە نەنوسراوە، بۆڵ لەکاتێکدا ئەو نامەوتارەی نوسی کە بۆ خزمەتی سەربازی دەڕۆشت، واتە قۆناغێك بوو لە ئایین دابڕابوو، تاکە مەبەستیشی ئەوەبوو کە کڵێسا پەیڕەوانی خۆی فێربکات لەبری ئەوەی گوێ لە پیاوانی کڵێسای کاسۆلیك بگرن گوێ بۆ دەنگی ویژدانی خۆیان هەڵبخەن.



کاتێ بۆڵ وتاری (چەرخی ئێستاو هەقیقەت)ی بڵاوکردەوە هەراوهۆریایەکی گەورەی نایەوە، تا ئەوەی چەندین جار ئەو پرسیارەیان لێکرد کە مەبەستی لە هەقیقەت چیە. ئەویش بێباکانە دەیوت: "جیاوازیەکی سادە لەنێوان هەقیقەتو واقیعیەتدا هەیە. واقیعەت تەنها ئەو شتەیە کە لەمێژوودا ڕودەداو ڕویداوە، بەڵام هەقیقەت شتێکە کە لەپشت واقیعەتدا پەنهانە.

ئەم نوسەرە لەوتاربێژییەکدا کە ساڵی ١٩٦٤ لەزانکۆی فرانکفۆرت بەڕێوەچوو، باسی لەوە کرد کە ئەو لە نوسینەکانیدا هەوڵدەدات لەبارەی ئەو خەڵکەوە بنوسێت کە لە نزیکییەوە دەژین، هەروەها لەبارەی ئەوەی کە چۆنچۆنی ڕوبەڕوی یەك ببینەوەو مامەڵەی یەکتری بکەینو چۆن چۆنی نیشتمان بنیات بنێین، چۆنو بەچ شکڵێ پارەو ئەڤین کاریگەری لەسەر ژیان هەیەو، چۆنچۆنی ئەو هەوڵیداوە تەواوی ئەم شتانە لەبابەتەکانیدا جێ بکاتەوە.

یەکێکی تر لە بەرهەمە گرنگەکانی بۆڵ بریتییە لە ڕۆمانی (تەنانەت وشەیەکیشی نەگوت)، تەنها شتێك کە لەم ڕۆمانەدا بەئاشکرا خۆی دەنوێنێ ئەوەیە: مەسیحیەتو سەرمایەداری لەگەڵ یەك ناگونجێنو دانویان پێکەوە ناکولێت، ئەو پەیوەندیە دورودرێژەیش کە لەنێوان ئەم دوانەدا هەیەو ماوەتەوە تەنها لەبەر ئەوەیە کە ئایین لەبەردەم خواستە ئابوریو سیاسیەکاندا، قوربانی بە هەموو بەها مرۆییەکان داوە.

هاینریش بۆڵ لە ١٦ی تەموزی ساڵی١٩٨٥دا کۆچی دوای کرد، سەرۆك کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵو نوسەرە گەورەکان تابوتەکەیان خستە

سەرشانیانو سەدان کەس لە شوێنی ناشتنەکەیدا لـەبورنهایم کۆبوونـەوەو

پرسەیان بۆ دانا.

خۆرخێ لویس بۆرخیس..

منی کوێر تەنها تاریکی نابینم

مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٥ گەورە نوسەری ئەرژەنتینی"خۆرخێ لویس بۆرخیس" بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەی جگەرەوە ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

بۆرخیس یەکێکە لە ئەدیبە مەزنەکانی جیهان کە پەخشانو کورتە چیرۆکو شیعرگەلێکی زۆری نوسیوە. ئەو تا ساڵی١٩٦١یش لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی نەناسرابوو، بەڵام دواتر بەهۆی چیرۆکە مەتەڵئامێزو عاجباتیەکانیەوە سەرنجی خوێنەرانی ئەمریکاو زۆر وڵاتی تری دنیای بۆ لای خۆی ڕاکێشا، دواتریش لە هەموو جیهاندا بەرهەمەکانی بڵاوبوونەوە.

بابەتەکانی بۆرخیس دەچنە نێو پێچ وپەنا تاریکەکانی ئەقڵ وقوڵ تیایدا ڕۆدەچن. چیرۆکەکانی زیرەکییان تیادا دەبینرێو چێژێکی زۆریش دەبەخشن بەوانەی کە سەروکاریان لەگەڵ تێڕامانە هزریەکاندا هەیە. ڕەنگە جوانترین تایبەتمەندی چیرۆکەکانی بورخیس ئەوە بێت کە چ لە دەربڕینو چ لە نوسیندا درێژدادڕی ناکات، سەرەتاو کۆتایی چیرۆکەکانی ڕۆشنن، کاریگەری فەلسەفەکەی سپینۆزای بە ئاشکرا پێوە دیارە. زۆربەی نوسینەکانی لە یادەوەری دەچن تا چیرۆك، بەڵام چیرۆکیشن.

بۆرخیس لە نێوەندی ئەدەبیی ئەرژەنتینیدا بە "سیمرخی بوینس ئایرس" ناسرابوو، ئەویش لەبەر ئەو توانا بێ وێنەیەی کە هەیبوو.



چیرۆکەکانی هەزارو یەك شەوە ئەو جەنگەڵە بوون کە تیایاندا وندەبوو و دواتر چەندین بەرهەمی ئەدەبی لێ دەچنییەوە.

ئەم نوسەرە بەڕەچەڵەك ئەرژەنتینییە ئاڕاستەیەکی جیهانی هەیە، زۆربەی نوسینەکانی لە ئەدەبی"ئەنگلۆ سەکسۆنیو ئەدەبی ئەڵمانیو ئەسکەندەناڤیی کۆنو فەرەنسی هەڵهێنجاوە، ئاشنای هەموو کارەکانی شکسپیر وشۆپنهاوەر بووە، هەروەها ئاگایەکی باشی لە دۆن کیشۆتەکەی سێرڤانتس بووەو بیرکردنەوەی پوختو تێروانینی گشتگیرانەی لێوە فێربووە. ناتوانرێت دەقەکانی لەچوارچێوەی هیچ قوتابخانەیەکی ئەورووپیدا دابنرێن. ئەو لە ڕوبەڕوبوونەوەی خەونو ڕاستیدا، ڕابردو و ئێستادا، بۆشاییو کاتدا، سەرجەم ئامرازەکانی بەکاردەهێنێت. شیعرو سەرگوزەشتەو وتاری دەنوسی کە بە گیانێکی باروکیانەی میلیو فیکری تێهەڵکێشی دەکردن. چ لە شیعرەکانیداو چ لە پەخشانەکانیدا بەگشتی هەست دەکەین کۆی نوسینەکانی گەڕانێکی بێ پسانەوەن بەدوای بوونمان لە جیهاندا. بۆرخیس دەڵێت: نوسەران یەکەم جار پەی بە هەقیقەتی خۆیان دەبەن پاشان لە وشەدا دایدەڕێژن. من بیر لە کافکاو پیراندیلۆ دەکەمەوەو مەسەلەکە بە شێوەیەکی تر دەبینم کە دەبێت وشەکان پێش هەقیقەتی خۆم بکەون. منو پیراندیلۆ دەربڕینەکان دەهێنینە سەما، من بەڕێگەیەکی هەڵە شتە ڕاستەکان دەڵێم.

بۆرخیس هەمیشە ئەو وتەیەی هۆمیرۆسی دوپات دەکردەوە کە دەڵێت: (خواوەند بۆیە ئازار دەخولقێنێ، تا شاعیران بۆ نوسینی سرودەکانیان ئاتاجیان بەبابەت نەبێت) لەگەڵ مالارمێشدا ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە

خواوەند بۆیە جیهانی خەڵقکردوە تا شاعیر لە دایك ببێت، وشە لای ئەو هەر بەتەنها ئامرازێك نیە بۆ بەیەکگەیاندن، بەڵکو هێماگەلێکی ئەفسوناویەو مۆسیقیشن، ئەو نەیدەویست لاسایی کەس بکاتەوە بەڵام هۆمیرۆس ئاسا زۆربەی کارەکانی لە تاریکیدا بەکوێری نوسیوە.

ساڵی ١٩٦١ بەهاوبەشی لەگەڵ سامۆیل بێکتدا خەڵاتی فورفستۆی بەدەستهێنا کە بووەمایەی ناودار بوونی.

بۆرخیس شەیدای فرەچەشنیی ڕوداوو لێکدژییەکانی جیهان بوو، زۆر حەزی لە پێکەنین بوو، ئەم پیاوە زەبەلاحە لە دواساتەکانی ژیانیدا زۆر بە سوقرات دەچوو، بەبێ ئەوەی هیچ گرنگیو بایەخێ پیشان بدات چاوەڕوانی مردن بوو. حاڵەتی کوێری لای بۆرخیس حاڵەتێکی جیابوو، ئەو ڕەنگەکانی دەبینی وەلێ لێکتری جیانەدەکردنەوە، بەڵام ڕەنگە جیاوازەکان هەستی جیاوازیان تیادا دەوروژاند، ئەم حاڵەتی کوێریە نەبووە ڕێگر لە بەردەم ئەوەی چێژ لە ژیان ببینێ.

بۆرخیس زۆر چیرۆکی نوسیوە، بەڵام ئەوەی کە دەمانەوێت لێرەدا هەڵوێستەیەکی لە ئاستدا بکەین چیرۆکێکێتی بە ناوی (ڕاپۆرتی برۆدی). ئەم چیرۆکە لە بناغەدا ڕاپۆرتی مژدەبەخشێکی مەسیحیی لە کرۆکدا سیخوڕی میرنشینی یەکگرتووی بەریتانیایە، کە داڤید برۆدیی بە بنەچە سکۆتلەندی لەمەڕ باروذۆخو هەلومەرجی ژیانی کۆمەلایەتیو سیاسیو فەرهەنگیی یەکێ لە کۆمەڵە مرۆییە سەرەتاییەکانی ئەفەریقا نوسیویەتی، کە دەکرێت وەکو نمونەیەکی زیندو بۆ سەرجەم کۆمەڵە مرۆییەکانی کیشوەری سەوز و کۆلۆنیاڵەکانی بەریتانیا تەماشای بکەین، برۆدی



ڕاپۆرتەکەی ئاڕاستەی میری خاوەنشکۆی ئەو ئیمپراتۆریەتە کردوە کە لە ساتەوەختی نوسینی ڕاپۆرتەکەدا ڕووبەری قەڵەمڕەوەکەی ئەوەندە بەرفراوان بوو، خۆر لەسەر بەیداخەکەی ئاوا نەدەبوو.

بۆرخیس، خۆی وتەنی لەم چیرۆکەدا چیرۆکێکی نوێمان بۆ ناگێڕێتەوە، بەڵکو چیرۆکێکی کۆنمان بە بەرگو تەکنیکێکی نوێوە بۆ دادەڕێژێتەوە، ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا سادە دێتە پێشچاو، بەڵام لە کرۆکدا قوڵییەکی تایبەت بە خۆی هەیە و وردبینییەکی زۆرتری بە خەرجداوە.

کاتی ڕوداوەکە ١٣٠ ساڵێ پێش نوسینی چیرۆکەکەیە، لەگەڵ ئەوەی شوێنی نوسینی ڕاپۆرتەکە شاری گلاسکۆی سکۆتلەندییە، بەڵام هەر وەکو لە ئاماژەکانەوە تێدەگەین شوێنی ڕوداوەکە هەرێمێکە لە هەرێمەکانی کیشوەری ئەفەریقا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەو پرسیارە دەوروژێنێ: ئەم دوورکەوتنەوەیە، چ لە کاتو چ لە شوێندا بۆ؟! ڕەنگە تاکە سودێك بۆ بۆرخیس لەم حاڵەتەی پیادەی کردوە ئەوە بێت کە دەرگای بەسەر خەیاڵدا کردۆتەوەو لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی سنوور بۆ ڕوداوو جیهانبینییەکەی خۆی دانەنێت، دابڕاو لەو ڕوانینو بۆچوونانەی کە لەمەڕ یەکەیەکەی پێکهاتو تخوبە ئامادەکانی چیرۆکەکە هەن، ڕوانینو بۆچوونەکانی خۆیمان بۆ دەردەبڕێت.

ئەم چیرۆکە هەڵگری زیاتر لە ماناو زناکێکە، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا بەشوێنییەوەین ئەمە نیە بێینو بە زۆری زۆردارەکی مانایەك لە ماناکانی بە باڵادا ببڕین، بەڵکو کارەکەمان بەجۆرێك لە جۆرەکان بەراوردێکی خێرای نێوان چیرۆکەکەو چیرۆکی هەزار و یەك شەوەیە.

سەرەتا بۆرخیس چیرۆکی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن ئەم ڕاپۆرتە دەگمەنەی لەسەر ڕوپەری لاپەڕەکانی بەشی یەکەمی کتێبی هەزارو یەك شەوەی چاپی لەندەنی ساڵی (١٨٣٩) دۆزیوەتەوە. ئالێرەدا بۆرخیس کە ڕۆڵی چیرۆکبێژی یەکەم دەبینێت بە پچرپچری باسی پاڵەوانی چیرۆکەکە (داڤید برۆدی _ ڕاپۆرتنوس _مژدەبەخشی لەکرۆکدا سیخوڕ) دەکات وندەبێت. ئیدی پاڵەوانی تێکستەکەمان لەناو کتێبێکی تردا کە سەدان تێکستی ئەفسانەیی جوانی تێدایەو بەخەتێکی درشتی قەشەنگ نوسراوە، دەبێتە گێڕەرەوەی سەرەکی (یان وەکو پێشتر ناومان لێنا چیرۆکبێژی دووەم). سەیر ئەوەیە بۆرخیس لە نێو سەدان بگرە هەزاران کتێبو دەستنوسی کۆنو تازەدا کتێبی هەزارو یەك شەوەی کردۆتە تۆمارو چیرۆکە چێژئامێزەکەیمان لەسەری بۆ دەنوسێتەوە، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەگەر دەلالەت لە شتێ بکات، ئەوا لەلایەکەوە دەیەوێت بڵێت کە هەزاران داڤید برۆدی تر هەنو بە جیهاندا بڵاوبوونەتەوەو ڕاپۆرتو گوزارش بۆ دەسەڵاتە کۆلۆنیالەکانی دنیا دەنوسن، لەلایەکی تریشەوە قورسایی ئەو ڕەخنەیە لەسەر شانی خۆی کەمتر بکاتەوە کە چیرۆکەکانی بەگشتیو ئەم چیرۆکەی بەتایبەتی، لاساییکردنەوەیەکی پەتیو بێپەردەی چیرۆکەکانی شەهرەزادن، ئەگەرچی بۆرخیس خۆی نکوڵی لەمە ناکات، لە باسی ئەزمونی چیرۆکنوسی خۆیدا ئاماژە بەوە دەداتو دەڵێت:

(پێمخۆشە ئەوە ڕونبکەمەوە کە من نوسەری ئەم چیرۆکانە نیم، یاخود وەکو ئەمڕۆ دەیڵێن نوسەرێکی مولتەزیم نیم. ناڵێم من ئیزۆپم، چیرۆکەکانی من وەکو چیرۆکەکانی هەزارو یەك شەوە مەبەستێکی دیاریکراویان هەیە،



ئەویش خۆشیو بزواندنە، ئەگەر نا من لە چیرۆکەکانمدا هەرگیز بەدوای ئەوەوە نیم قەناعەتەکانی خوێنەر بگۆڕمو قەناعەتی تری لا دروست بکەم.)

لەو ساتەوەی چیرۆکبێژی دووەم دەردەکەوێت (کە لە هەمان کاتدا پاڵەوانی چیرۆکەکەیشە) ئیدی گێڕەرەوەی یەکەم کە بۆرخیس خۆیەتی بارگەو بنەی خۆی دەپێچێتەوەو ئێستاشی لەسەر بێت نایەتەوە نێو تێکستەکە، کە ئەمەش بۆ خۆی خاڵێکی جیاوازی ترە لە نێوان ئەم چیرۆکەو لە نێوان چیرۆکەکانی کتێبی هەزارو یەك شەوەدا، شەهرەزادی کچی وەزیری دەستەڕاستی شەهریار، کە قەمەرنازی خوشکی هێنراوە تا خزمەتی ئارەزووەکانی پاشا بکاتو بەیانیش پاشا وەکو پیشەی هەمیشەیی خۆی فەرمان دەربکات لەملی بدەن، کە وەکو دەردەکەوێتو پێشتریش ئاماژەمان پێدا گێڕەرەوەی دووەمە، بەڵام پاڵەوانی ڕوداوەکان نیە، وەلێ لەسەر شانۆی ڕوداوەکان ڕۆڵ دەبینێت.

ڕەنگە دیارترین جیاوازی ئەم چیرۆکە لەگەڵ چیرۆکەکانی هەزارو یەك شەوە ئەوە بێت: کە چیرۆکبێژی یەکەمی ئەم چیرۆکە زانراوە کە داڤید برۆدیی مژدەبەخش یان تەنانەت خودی بۆرخیسە، بەڵام نوسەری چیرۆکەکانی هەزارو یەك شەوە نەزانراوە، کە ئەمەش ئەو دوڕیانەیە کە تیایدا چیرۆکی نوێ لە داستانو هەقایەتە فۆلکلۆرییەکان جیا دەبێتەوە.

جیاوازییەکی تری ئەم چیرۆکە لەگەڵ چیرۆکەکانی هەزارو یەك شەوە ئەوەیە کە گێڕەرەوەی چیرۆکەکانی هەزارو یەك شەوە (شەهرەزاد) هەوەڵ ئامانجو دواین ئامانجی لە گێڕانەوەی ئەو هەموو حەکایەتو داستانانە ئەوەیە گیانی قەمەرنازی خوشکی لە شمشێری تیژی مەرگو جەلادەکەی

شەهریار ڕزگار بکات، بۆیە بەردەوام نیگەرانی گیانو ژیانی خوشکەکەیەتی، سەرئەنجام لە ڕێی چێژی گێڕانەوەی چیرۆکەکانیەوە شەهریار دەهێنێتە سەر ئەو ڕایەی کە دەستبەرداری ئەو قەناعەتەی بێت کە بەهۆی خیانەتی ژنەکەیەوە لەلای دروستبووە. بەم شێوەیە بەهۆی ئەو داستانە سەیرو سەمەرەو وروژێنەرانەوە کە هەزارو یەك شەو دەخایەنێت گیانی خوشکەکەیو ئەو باقی تری ژنانی ولاّتەکەی ڕزگار دەکات، کە سەرئەنجام بەجۆرێ لە جۆرەکان ترسو نیگەرانی چیرۆکبێژیش کۆتایی دێت، بەلاّم لە چیرۆکەکەی بۆرخیسدا ترسو ڕاڕاییو نیگەرانی لەمردن تا دوایین ساتو دوایین وشەیش ئامادەییان هەیەو هەڕەشە لە برۆدیی ڕاپۆرتنوس دەکەن، پێدەچێت بۆرخیس بەمەبەست ئەمەی وا لێکردبێ. حالّەتێکی تری ئەم چیرۆکە ئەوەیە لە بنەڕەتدا ڕاپۆرتەو ئاڕاستەی خاوەنشکۆی ئینگلتەرە کراوە، دیسان لەمەشدا لێکچونێکی تەواو لە ڕوی شێوەوە لەگەلّ چیرۆکی هەزارو یەکشەوە هەیە، چونکە چیرۆکی هەزارو یەك شەوەش چیرۆکگەلێکن لەبنەڕەتدا بۆ پاشایەك دەگێڕدرێنەوە.

ئەوەی لەم چیرۆکەدا سەرنجڕاکێشە، هەر تەنها تەکنیك نیە" بەلّکو دەکرێت بوترێت ئەم چیرۆکە ئەوەندەی لە ڕوی ماناوە سەرنجڕاکێشە ئەوەندە لە ڕوی تەکنیکەوە سەرنجڕاکێش نیە. دەتوانرێت لە زیاتر لە گۆشەیەکەوە ئەم چیرۆکە بخوێنرێتەوەو لێکدانەوەو شیکار بۆ هێماو ئاماژەکانی ناوی بکرێت.

بۆرخیس لەم چیرۆکەدا بەوردی واقیعیەتی ترسناکی کۆمەلّێکی مرۆییمان بۆ دەگێڕێتەوە کە سروشتێکی جوانو دلّڕفێنو لە هەمان کاتدا



سەخت چوار دەوری تەنیون، جوان بەو مانایەی ژیانیان سادەیەو هێشتا ئامڕازەکانی پیسکردنی ژینگەو ئالۆزکردنی ژیان، ژیانیانی بە دووڕوویيو نیگەرانیو خەمۆکیو بەرژەوەندچێتیو درۆو دەلەسە سیخناخ نەکردوە، مرۆڤەکان هێندە ساکارن لە کوێدا شەوداهات لێی پالّدەکەونو دەنون، چاو دەنوقێننو ئینجا نان دەخۆن، سێکسکردن کارێکی ئاساییە، شیعروتن نیشانەی بوونە خواوەندە، ماتماتیكو فیزیاو بایۆلۆجیا بوونیان نیە، ئەوەی کە هەیە ژیانێکی ساکاری بێگرێوگۆلّە، سەختییش بەو مانایەی کە لە ژینگەیەکدا دەژین کە خەلّكو کۆمەلّە مرۆڤی ئاست نزمتر بەردەوام هەڕەشە لە ژیانیان دەکات، چونکە مرۆمەیمونەکان لە کاتو ناکاتدا هێرش دەهێننو ئاشی کاولکاریو خوێنڕشتن بەگەڕدەخەن. تەنیا مەترسییەك کە هەڕەشە لەم کۆمەلّە مرۆییانە (یاهوەکان) دەکات، مرۆمەیمونەکانن، کەچی خانوو و کۆختەکانیان لە شوێنی مەحکەمو ئەمیندا دروستناکەن، لەنێو ئەو هەموو سروشتە پاکەدا، دێن لای زەلکاوێکدا ئاوەدانی دروست دەکەن.

بۆرخیس ورد ورد چیرۆکە ناوازەکەی دەچنێتو سەرئەنجام ڕستەیەکی بنەڕەتی دەداتەوە دەستەوە کە لە نێو پەرەگرافێکدا حەشاردراوەو دەکرێت وەکو هەنگولّی قسەو مەبەستی بۆرخیس تەماشای بکەین کە ئەویش لە سەرەتای دواین پەرەگرافدا نوسیویەتی:

"ئەم ڕستانە لە گلاسکۆ دەنوسم، ڕوداوو بەسەرهاتەکانی سەروەختی نیشتەجێبوونم لە ناو یاهوەکاندا باسکرد، بەلاّم تەرکیزم لەسەر ئەو ترسە سەرەکییە نەکردۆتەوە کە ئێستاشی لەسەر بێت ڕزگارم نەبووە لێیو تا

هەنوکەش هەر دێتە خەونم، من تا ئەم ساتەش وا هەست دەکەم کە یاهوەکان گەمارۆیان داوم.. هتد!

ئەگەر شتێك هەبێت ناوی تێڕوانینی باوی خۆرئاوا بێ بۆ خۆرهەلأت، واتە بۆ ئەو سەرزەمینو هەرێمانەی کە جیان لە ولأتی پیاوە سپیەکە ئەوا ئەم چیرۆکە بەگشتیو دوایین پەرەگرافی بەتایبەتی، بەجوانترینو سادەترین شێواز تەعبیری لێکردوە، کە لە دوادەرەنجامیدا ئەو بۆچوونە بەدەستەوە دەدات کە یاهوەکان کە دەکرێت وەکو نمونەیەکی زیندوی سەرجەم میللەتانی جیهانی دەرەوەی شارستانیەتی خۆرئاوا دابنێین، جگە لە کۆمەڵە مرۆیەکی بەربەریو سەرەتاییو نەزانو بێ زانستو ناشارستانیو بێ زمانو فەرهەنگ کە بەردەوام گیانی یەکتر دروێنە دەکەن، هیچ شتێکی تر نین، یەك کەلەپاچەی ئەوی دی دەکات، تا ئەوی دی کەلەپاچەی گیانی ئەم نەکات.

ئەگەرچی دەیڤد برۆدی لە یەکێ لە ڕستەکانیدا دەڵێت: "یاهوەکانیش مرۆڤن" بەڵام مرۆڤگەلێکی بەراییو جیاواز لە کلتوورەکەی خۆی، بۆیە لێی دەترسێت، بۆ ئەمەش دەیەوێت بەناوی کۆمەكو هاوکارییەوە کۆنترۆڵیان بکاتو بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەوەی کە ئەمە کارێکی مرۆییە یان نا، مەسەلەیەکە کەموزۆر ئێمە بەلایدا ناچینو بەسەریدا بازدەدەین، ئەوەی کە بەلامانەوە گرنگە ئەو ترسەیە کە دەیڤد برۆدیی ڕاپۆرتنوسی نوێنەری ژیاریی پێشکەوتووی خۆرئاوا لە یاهوەکان هەیەتی، وەکو لە دواین پەرەگرافدا دەبینرێت، هیچ جیاوازییەکی لەو ترسە نییە کە یاهوەکان لە مرۆمەیمونەکان هەیانە. تەنیا جیاوازییەکیش کە زۆر سانا خۆی دەردەخات



ئەوەیە: کاتێ یاهو لە مرۆ مەیمونەکان دەترسێت بەرگرییەکی نەشارەزایانە لە خۆی دەکات، وەکو دەڵێن لە ماڵی خۆی دادەنیشێت، بەڵام کاتێ ژیارو شارستانیەتە مێژووکردەکەی برۆدی لە یاهو دەترسێتو لێی بەدگومان دەبێت هێرشێکی نەخشە بۆ کێشراوی هەمەلایەنەی دەکاتەسەرو کۆنترۆڵی هەموو پانتاییەکانی ژیانیان دەکاتو سەرئەنجام بارەکە بە قازانجی خۆی بەلادا دەخات، واتە بەپێچەوانەی یاهوەوە کە لە بەرامبەر هێرشی مرۆمەیمونەکاندا بەرگرییەکی بێئەقڵانە دەکەن، کە زۆرجار بەهۆی بەردەفڕکێی مرۆمەیمونەکانەوە تەنانەت پاشاکەشیان گیانی لەدەست دەدات.

دەقی چیرۆکی:

ڕاپۆرتی برۆدی[16]

لە بەشی یەکەمی کتێبی هەزارو یەك شەوە نوسخەی چاپی (لەندەن ١٨٣٩) کە هاوڕێی ئازیزم (بۆلینۆ کاینز) دابوویمێ بیخوێنمەوە، ئەم دەستنوسەمان دۆزییەوە، کە وا لێرەدا وەریدەگێڕم بۆ زمانی ئیسپانی.

---

[16] **سەرچاوە: تقریر برودی وقصص اخری، تالیف خورخی لویس بورخیس، ترجمە: نهاد الحایك، مراجعە: الاب البیر ابونا، دار الشؤون الپقافیە العامە، بغداد ١٩٨٨، الگبعە الاولی. سلسلە مائە کتاب.**

دەستنوسەکە بەخەتێکی جوان نوسراوەو وا لەپیاو دەکات پێی وابێت کە هەر لەو ماوەیەدا نوسرا بێت (ئامێرەکانی چاپکردن هونەری خۆشنوسییان لە بیر بردینەوە). پەراوێزی کتێبەکە پڕیەتی لەتێبینیو نیشانەی پرسیارو هەندێ جار ڕاستکردنەوەش، بەدەستوخەتێکیش نوسراون کە هەمان ئەو دەستوخەتەیە دەستنوسەکەی پێنوسراوە. واپێدەچێت خوێنەرەکە ئەوەندەی گرنگی بەخوونەریتی ئیسلام داوە، ئەوەندە گرنگی بەچیرۆك و هەقایەتە سەیرو سەمەرەکانی شەهرەزاد نەدابێت.. نەمتوانی هیچ بەڵگەو ئاماژەیەکم لەمەڕ دەیڤد برۆدی دەستبکەوێت کە ئیمزاکەی وا بەدوا لاپەڕەی کتێبەکەوە. بەڵام دەزانم مژدەبەخشێکی سکۆتلەندیی بووەو، لە ئەبردین[17] لەدایکبووە، لەجەرگەی ئەفریقاو پاشان لەهەندێ بەشی دارستانی بەرازیلدا مژدەی مەسیحیەتی بەخەڵك داوەو زانینی زمانی پرتوگالیش یارمەتی ئەمەی داوە. نازانم کەیو لەکوێ مردووە. دەستنوسەکەش، ئەوەندەی من بزانم، هەرگیز بڵاونەکراوەتەوە.

راپۆرتەکە، کە بەئینگلیزییەکی شەقوشڕ نوسراوە، بەدەستپاکییەوە وەردەگێڕم، بەڵام ئەوەش بڵێم ڕێگەم بەخۆمداوە هەندێ ئایەتی پەڕاوی پیرۆز لابەرم کە تیایدا هاتوون، ئەو کالڤانیە[18] پیاوچاکە لەفەسڵێکدا

[17]. ئەبردین: کەنارێکی سکوتلەندییە لەسەر دەریای باکور.

[18] کالڤانی: ڕێبازی دەستەیەکی پرۆتستانتیە، کە کالڤین Calvin بڵاویکردۆتەوەو دان بەدەستەڵاتی پاپاو کەشیشەکاندا نانێت.



بەزمانێکی لاتینی شەرمن باسی کرداری جووتبوونی سێکسی خێڵی یاهوی کردوە. پێویستە ئەوەش بڵێم کە نوسراوەکە لاپەڕەی یەکەمی تیا نییە.

.. لەو ناوچەیەدا کە مرۆمەیمونەکان (**Apemen**) داگیریدەکەن (**Mich**)ەکان دەژین، بۆ ئەوەی خوێنەران ماکی ئاژەڵییانەی ئەوانەی بیرنەچێتەوەو وەکو دەریشدەکەوێت وەرگێڕانی وردو حەرفیی ناوەکەیان، بەهۆی نەبوونی پیتە دەنگیەکان لەزمانە ڕەقە ناخۆشەکەیاندا مەحاڵە، بۆیە لێرەبەدوا بە (یاهو) ناویاندەهێنم. ژمارەی ئەندامانی خێڵەکە (٧٠٠) کەسێ دەبن، هێندەی بزانم، ئەو (**NR**)انەشیان تێدایە کە لەناوچەی دارستانەکانەوە بۆ باکور دەژین. ژمارەیەکی گریمانەییم هێناوەتەوە، یاهو، جگە لەشاو شاژن و جادوگەرەکانیان، لەهەرکوێ تاریکیکرد دەنوون، ماڵی جێگیریان نییە. بەهۆی پەتای لەرزوتاو ئەو هێرشە بەردەوامانەی مرۆمەیمونەکان دەیانکەنە سەریان دوچاری فەلاکەتو مەرگ بوونەتەوە. تەنیا هەندێکیان ناویان هەیە، بۆ یەکتر بانگکردن قوڕ دەگرنە یەکتر. هەیانە، خۆم بەچاوی خۆم بینیومە بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی هاوڕێکەی خۆی لەزەویدا گەوزاندووە. لەرووی لەشو جەستەوە لەخێڵی (**Kroo**) دەچن، هێندە نەبێت ئەمان ناوچەوانیان چاڵترەو بریسکەیەکی مسئاساش ڕەشییەکەیان ناسکتردەکاتەوە. لەسەر میوەو ڕەگی درەخت و خشۆکەکان دەژین. شیری پشیلەو شەمشەمە کوێرە دەخۆنەوەو بەدەست ڕاو دەکەن.

بۆ خواردن خۆیان دەشارنەوە، یان چاویان دادەخەن: بەڵام شتەکانی تر، هەروەکو فەیلەسووفە کەلبییەکان[19]، بەبەرچاوی هەمووانەوە دەیانکەن. تەرمی پاشاو جادوبازەکانیان دەستبەجێ دوای مردنیان، بەتام وچێژەوە لوشدەدەن، تا بەهۆی ئەم کارەوە کردەوە چاکەکانیان لێوەربگرن. کاتێکیش لەسەر ئەم خووەیان لۆمەمکردن، دەستیان بەدەمو سکیاندا هێنا، بێگومان دەیانویست پێم بڵێن مردوش دەخورێت، یان – پێموایە ئەم لێکدانەوەیەیان زۆر وردتر بێت– بۆ ئەوەی من تێبگەم کە هەرچی دەخۆین بەتێپەڕبوونی کات دەگۆڕێتو دەبێت بەگۆشتی مرۆیی.

لە شەڕەکانیاندا ئەو بەردانە بەکاردەهێنن کە ئەنباریاندەکەن، هەروەها نەفرەتی جادوییانەش بەکاردەهێنن. بەڕووتی دەژینو هونەری جلوبەرگو خاڵکوتان نازانن.

شتێك هەیە کە شایەنی سەرنجە، ئەویش ئەوەیە ئەوان سەرباری بوونی گردو بانگەلێکی پڕ لەگیاو فراوان کە کانیاوی سازگارو درەختی سێبەرداری لێیە، هاتوون ژیانی پڕ زەحمەتی نێو زۆنگاوەکانی چوار دەوری بانەکانیان هەڵبژاردووە، وەکو ئەوەی چێژ لە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی خۆری ناوچەی هێڵی یەکسانو نوقمبوون لەپیسیدا وەربگرن. لای خواروی گردۆڵکەیەك کە زۆر لێژبوو، شورایەکی پێکدەهێنا کە لەمرۆمەیموونەکان دەیپاراستن. لەزەوییە بەرزەکانی سکۆتلەندەدا، خێڵەکان کۆشکەکانیان لەسەر لوتکەی بەرزاییەکان دروستدەکرد، لەگەڵ

١٩. کەلبی: ڕەوتێکی فەلسەفییە بەچاوی سووك دەڕوانێتە خوونەریتو ڕەوشتی باو.



جادوگەرەکاندا لەمەڕ ئەم نەریتە دووامو وەکو نمونەیەك بۆم پێشنیارکردن، بەڵام بێسود بوو، کەچی هێشتیان کوخێك لەسەر گردێك دروستبکەم کە هەوای شەوی زۆر سارد بوو.

پاشایەکی دەسەڵات ڕەها فەرمانڕەوایی خێڵ دەکات، بەڵام من بزانم بەکردەوە ئەو چوار جادوگەرەی هەڵبژاردون و یاریدەیدەدەن فەرمانڕەوایەتیدەکەن. هەموو کوڕێ کە لەدایك دەبێت لەساتی لەدایکبووندا بەوردی دەپشکنرێت، نیشانەگەلێکی دیاریکراو هەن کە بەرزیدەکەنەوە بۆ ئاستی پاشای یاهو، پێیان نەوتم ئەو نیشانانە چین، گەر منداڵەکە ئەو نیشانانەی تێدا بوو ئەوا دەستبەجێ دەیشێوێننو چاوی دەسووتێنن، دەستو قاچەکانی دەبڕنەوە تا هاتنەدنیاکەی لەبەردەم داناییو دەسەڵاتدا نەبێتە قۆرت. پاشا دابڕاو و دورەپەرێز لەئەشکەوتێکدا دەژی کە پێی دەڵێن (کازار)، جگە لەچوار جادوگەرەکەو دوو کۆیلە، کە خزمەتیدەکەن و بە زبل دەیڕازێننەوە، هیچکەس بۆی نییە بچێتە ژورێ. خۆگەر شەڕ هەڵگیرسا، جادوگەرەکان لە ئەشکەوتەکە ئەیهێننەدەرێو، بەمەبەستی وروژاندنو بزواندنی ئازایەتیو بەرزکردنەوەی ورەی خێڵ پیشانی خەڵکەکەی دەدەن و تا مەیدانی شەڕ وەکو ئاڵایەك یاخود تەلیسمێ لەسەر شان هەڵیدەگرن.

لە بارێکی ئاوادا، زۆربەی جار بەهۆی بەردەفڕکێی مرۆمەیمونەکانەوە پاشا یەکسەر دەکوژرێت.

شاژن، کە لە ئەشکەوتێکی تردا دەژی ڕێگەی پێ نادرێ پاشا ببینێ، زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکردم، دەمبەپێکەنین و ڕووخۆش بوو، لاو بوو،

جوانترینی خێڵەکەی بوو. چەندین بازنی زیوو عاجو ملوانکە کە لە ددان دروستکرا بوون ڕووتییەکانی ڕازاندبووەوە. لێموردبووەوە، بۆنی پێوە کردم، دەستی لێخشاندم و سەرئەنجام لەبەرچاوی هەموو خزمەتکارەکانی بۆم پاڵکەوتو ئامادەیی خۆی دەربڕی، بەڵام جلوبەرگە کەهەنوتییەکەمو ڕەوشتوخوم وایان لێکردم ئەم شەرەفە ڕەتبکەمەوە، کە بەخۆشحاڵییەوە دەیبەخشی بەجادوگەرەکان و ڕاوچیی ئەو کۆیلانەی کاروانەکانیان بەمەملەکەتدا تێپەڕ دەبوون. شاژن دوو سێ جار دەرزییەکی ئاڵتونی چەقاند بەلەشمدا. ئەم دەرزیانە نیشانەی بەخششی پاشایین، زۆرێك لەئەندامانی خێڵی یاهو دەرزی بەلەشی خۆیاندا دەچەقێنن تاوا لەخەڵکی تر بگەیەنن کە شاژن ئەو کارەی کردوە.

یاهو، لەبەر ئەوەی ناتوانن هیچ شتێ دروستبکەن، چەندە سادەش بێت، بۆیە پێیانوایە ئەو ڕازاندنەوەیەی کە لە سەرەوە باسمکردو لەناوچەگەلێکی ترەوە دێن، شتگەلێکی سروشتین. کوختەکەمیان بە درەخت دەزانی، ئەگەرچی زۆرێکیان بینییانم دروستمدەکردو لەدروستکردنیشیدا یارمەتییان دام. کاتژمێرێکی دەستیو کڵاوێکی لەفلین دروستکراوو قیبلەنمایەکو ئنجیلێکم پێبوو. یاهوەکان تەماشای ئەو شتانەیان دەکردو بەدەست هەڵگێڕوداگێڕیان دەکردن و لێیاندەپرسیم لەکوێ دۆزیومنەتەوە. ئەوان زۆربەی جار چەقۆکەمیان لە دەمەتیژەکەیەوە بەدەستەوە دەگرت، بێگومان ئەوان بەشێوازێکی جیاواز لێیان دەڕوانی. نازانم چۆنچۆنی سەیری کورسییان دەکرد، هەروەها لەماڵێکدا کە لەچەند ژوورێ پێکبهاتایە سەریان لێتێکدەچوو، بەڵام



وننەدەبوون، کتومت وەك ئەو پشیلەیەی لەژورەکانی ماڵدا وننابێت بەڵام ناتوانێت ژورەکان بناسێتەوە. هەموویان بەڕیشم سەرسامبوون کە ئەو کات زەردباو بوو، یاری و گەمەیان پێدەکرد.

یاهو، نەهەست بەئازار دەکەنو نەبەخۆشی و لەزەت، تەنها لەگۆشتی کاڵو گەنیوو بۆگەن خۆشی دەبینن. نەبوونی لێکدانەوە لەلایان پاڵیان پێوەدەنێت توندوتیژ بن.

باسی شاو شاژنم کرد، ئێستا دەچمە سەر باسی جادوگەرەکان. وتم چوار دانەن، کە ئەمەش گەورەترین ژمارەیە هزری ژمێریارییان تێیبگات. بەپەنجەکانی دەست یەك دوو سێ چوار دەژمێرن، زۆر ئەم کارە دەکەن. ناکۆتا لەپەنجە گەورەدا دەستپێدەکات. تێگەیشتم کە ئەوە حاڵی ئەو خێڵانەیشە کە بەنێو بۆینس ئایرسدا دێنودەچن. هەر چەندە ژمارە چوار دوایین ژمارەیە لەلایان، بەڵام ئەوانەی ئاڵوگۆڕیی بازرگانییان لەگەڵدا دەکەن هەرگیز فێڵیان لێناکەن و نایانخەڵەتێنن، چونکە هەموو شتێ لەکردارەکانی ئاڵووێردا بەسەر چەند پشکێکدا دابەشکراوە، هەر پشکێك پێکهاتووە لەبەشێ، یان دووان، یاخود سێ، یان چوار بەش، کە هەر کەس لەتەنیشت خۆیەوە دایدەنێ. ئەم کردارانە ئەگەرچی خاوو خلیچکانەن، بەڵام هەڵەو فرتوفێڵی تێدا ناکرێت. لەنێو هەموو میللەتی یاهودا تەنیا جادوگەرەکان سەرنجیانڕاکێشام. خەڵکەکە توانای ئەوەیان دەدەنە پاڵ کە گوایە کێیان بوێت دەیکەن بە مێروولە یان بەکیسەڵ. کاتێ یەکێکیان تێبینی باوەڕنەکردنی منی کرد، شارە مێروولەیەکی پیشاندام، وەکو ئەوەی ئەمە بەڵگەی ڕاستیی ئەوە بێت. یاهو یادەوەرییان نییە و

بەزەحمەت شتیان بیردەکەوێتەوە. ئەوان لەبارەی ئەو وێرانکارییەوە دەدوێن کە شاڵاوی پڵنگەکان قەوماندبوویان، بەڵام نازانن کە ئایا ئەوە خۆیان بوون ئەو شاڵاوەیان بینیووە، یان پێشینانیان، تەنانەت نازانن ئەوەی دەیگێڕنەوە خەونێکە، یان نا، جادوگەرەکان بیرەوەرییان هەیە، وەلێ کورتماوەیە، دەتوانن دەمی ئێوارە، ئەو شتانە بەبیرخۆیان بهێننەوە کە ئەو ڕۆژە بەیانییەکەی، یان تەنانەت شەوی پێشوو ڕوویانداوە، هەروەها بەهرەی پێشبینیکردنی ئایندەشیان هەیە، بۆ نموونە بەمتمانەیەکی لەسەرخۆوە دەڵێن: مێشێ بەگەردنمەوە دەنوسێ، یان لەپاش تۆزێکی تر گوێمان لەقیژەی باڵندەیەك دەبێت. سەدان جار ئەم بەهرە سەیرەم بینیوە. زۆر بیرم لەم مەسەلەیە کردۆتەوە، ئێمە دەزانین کە ڕابوردو و ئێستاو ئایندە، هەموویان لەیادەوەری خواوەنددا هەن. بەڵام سەیر لەوەدایە مرۆڤ بتوانێت تا ناکۆتا بۆ دواوە بڕوانێ، نەك بۆ پێشەوە. ئەگەر من بیرەوەرییەکی ڕوونم لەمەڕ ئەو چارۆکەیە هەبێ کە هات بۆ نەرویچو تەمەنم چوار ساڵان دەبوو، جا ئیتر بۆچی لەپێشبینیکردنی کەسێ بۆ ڕوداوێ کە لەلێواری ڕووداندایە سەرم سوڕبمێنێ. گەر فەلسەفییانە بدوێین، ئەوا نهێنیو ڕازی یادەوەری کەمتر نییە لە ڕازی پێشبینیکردن بەئایندەوە..

قەدەغەیە خێڵ تەماشای ئەستێرەکان بکات، چونکە ئەم ئیمتیازە تەنیا بۆ جادوگەرەکان پارێزراوە. هەر جادوگەرێکیش قوتابییەکی هەیە کە هەر لەمناڵییەوە وانەی نهێنییەکانی فێر دەکات، کە لەدوای مردنی جادوگەر جێی جادوگەرەکە دەگرێتەوە. جادوگەرەکان هەمیشە چوار



کەسن، کە ژمارەیەکەو مۆرکێکی جادوییانەی هەیە، چونکە دوایین ژمارەیە کە بیری یاهو پێیگەیشتووە، هەروەها ئەوان بەشێوازی خۆیان باوەڕیان بەدۆزەخو ئاسمان هەیەو بەڕای یاهو هەردووکیان لەژێر زەویدان. لەدۆزەخی وشكو ڕوناکدا، نەخۆشو پیرو قوربانییەکانی مرۆمەیمونو پڵنگەکان نیشتەجێن.. لەئاسمانیشدا، کە پێیانوایە تاریكو شێدارە، شاو شاژنو جادوگەرەکان و هەموو ئەوانەی لەسەر زەوی بەختیارو دڵڕەقو خوێنڕێژ بوون نیشتەجێ دەبن. یاهو خواوەندێ دەپەرستن ناوی (زبل)ە کە زۆرتر لەسەر شێوەی پاشا وێنایدەکەن، بونەوەرێکی شێواو، کوێر، ئیفلیجو تەواو دەستڕۆیشتوو.. زۆربەی کات شێوەی مێروولە یان مارێك[٢٠] وەردەگرێت.

ئێستا پاش ئەو شتانەی باسمکردن، کەس سەرسام نابێ کە من بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لەناو ئەواندا بووم نەمتوانی یەك دانە یاهوش بهێنمە سەر ڕێگای ڕاست. دەربڕینی ( ئەی ئەو باوکەمان کە..)[٢١] نیگەرانی دەکردن، چونکە مانای باوکایەتییان نەدەزانی. ئەوان لەوە تێناگەن کە کارێك نۆ مانگ لەوەوپێش کردویانە پەیوەندی بەلەدایکبوونی مناڵەوە هەبێ، ئەوان بەهۆکارێکی ئاوا کۆنو ئەقڵنەگیر قایلنابن. هەرچەندە هەموو ژنەکان سێکس دەکەن، بەڵام هەموویان دایك نین.

---

[٢٠] **لەتێکستە عەرەبییەکەدا نوسراوە ماری (حنش) کە جۆرە مارێکی ناژەهراوییە.**

[٢١] **نزایەکی مەسیحییەو بەم وشەیە(ئەی ئەو باوکەمان کە...) دەست پێدەکات**

زمانیان ئاڵۆزەو لەهیچ کامێ لەو زمانانە ناچێت کە دەیزانم. ناتوانین قسە لەسەر بەش‌و مۆرفیمەکانی ئاخاوتن بکەین، چونکە هیچ ئاخاوتنێ بوونی نییەو هەر وشەیەکی یەك برگەیی هاوتای بیرۆکەیەکی گشتییە کە لە بواری باس‌و هێمای دیاریکراودا دیاریدەکرێت، بۆ نموونە وشەی (**nrz**)، ئاماژە بۆ پەرشوبڵاوی، یان پەڵە دەکات، هەروەها واتای ئاسمانی بەئەستێرە ڕازاوەش دەبەخشێ، یان پڵنگ، یان هەڵفڕینی باڵندە یان ئاوڵە یاخود پەڵەو لەکە، یان بڵاوبوونەوە، تەنانەت هەڵاتن‌و ڕاکردنی دوای بەزینیش دەبەخشێت. بەڵام (**Hri**) ئاماژەیە بۆ شتی پەستێوراوو چڕ، هەروەها بەمانای خێڵ یان قەدی درەختیش دێت، یان بەردێ، یان کۆمەڵە بەردێ، یان کرداری کەڵەکەکردنەکەی، یان کۆبوونەوەی چوار جادوگەرەکە، یان جووتبوون، یاخود بەمانای دارستان دێت. خۆئەگەر وشەیەك بەشێوەیەکی جیاواز، یان بەشێوەزارێکی جودا گوترا ئەوا بەتەواوی واتاکەی پێچەوانە دەبێتەوە.

ئەو هێزی دابڕینەی زمانێکی وا دەیسەپێنێ، واملێدەکات لەو باوەڕەدابم کە یاهو سەرباری دڕندەییەکەیان خێڵێکی سادە و سەرەتایی نین، بەڵام زۆر دواکەوتوون، وەکو پاڵپشتێکیش بۆ ئەم گریمانەیەم ئەو نەخش‌و نیگارانە باسدەکەم کە لەسەر لوتکەی گردۆڵکەکان دۆزیمنەوە، کە بەجۆرێ سیماو ڕوخسارەکانیان سڕابوونەوە چیدی خێڵ ناتوانێت هێماکانی لێکبداتەوە، لەو پیتانە دەچوون کە باپیرانمان هەڵیاندەکەندن، وەکو ئەوەی ئەم خێڵە زمانی نوسینیان بیرچووبێتەوەو بەتەنها زمانی قسەکردنیان پاراستبێ.



تاکە شێوازی خۆشی‌و ڕابواردنی ئەو خەڵکە، شەڕە پشیلەو لە سێدارەدانە. گەر یەکێ بە دەستدرێژی بۆ سەر حورمەتی شاژن تۆمەتباربکرێت، پێویست بەقسەی شایەت‌و دانپیانان ناکات، بەڵکو پاشا فەرمانی لەسێدارەدانی بەسەردا دەدا. ئەو داماوە ئەشکەنجەیەکی زۆر دەچێژێ، هەوڵدەدەم لەبیر خۆمیان بەرمەوە، پاشان بەردبارانیدەکەن. شاژن مافی خۆیەتی یەکەم بەردو دواین بەرد بهاوێت کە خۆی لەخۆیدا نەریتێکی بێسودە، جەماوەریش ستایشی کارامەیی‌و جوانیی جەستەی دەکەن‌و هاواری بۆ دەکەن‌و گوڵ‌و زبلی بەسەردا دەبارێنن. شاژنیش بێئەوەی وشەیەك بڵێت پێدەکەنێ.

خێڵ نەریتێکی تریشی هەیە کە پەیوەندی بەشاعیرانەوە هەیە. بیرۆکەی دانەدەمیەك‌و کۆکردنەوەی شەش حەوت وشە کە زۆربەیان ناڕۆشنن بەمێشکی پیاوێکدا گوزەر دەکات. کابرا بەپێوە لەنێوەڕاستی بازنەیەکدا، کە جادوگەرەکان‌و خەڵك پێکیانهێناوە ڕادەوەستێت، خەڵکەکە لەسەر زەوییەکە پاڵدەکەون، پیاوەکە بەدەنگی بەرز وشەکانی دەخوێنێتەوە، گەر هۆنراوەکە کاریگەریی لەسەریان نەبوو ئەوا هیچ ڕوونادات، بەڵام ئەگەر وشەکانی هەستی گوێگرەکانی بزواند، ئەوا هەمووان وەکو ئەوەی تووشی ترسی پیرۆز بووبن، بەبێدەنگی لێیدووردەکەونەوە، هەستدەکەن ڕۆح دەستی لێوەشاندووە، بۆیە هەموویان، تەنانەت دایکیشی لەدواندنی، یان تەماشاکردنی خۆیان دەبوێرن، چونکە ئەو کەسە چیدی مرۆڤ نییە، بەڵکو خواوەندە، هەموو کەسێ بۆی هەیە بیکوژێ.

خۆگەر شاعیر توانی، ئەوا لەبیابانەکانی باکوردا بەدوای پەناگەیەکدا دەگەڕێت.

پێشتر باسمکرد چۆن گەیشتمە ناوچەی یاهو، بێگومان خوێنەر دەزانێ کە ئەوان چوار دەوریانداوم ومنیش بەتفەنگەکەم تەقەم بەئاسماندا کردووەو ئەوانیش وایان زانیوە تەقە جۆرێکە لەهەورە بروسکەی جادوویی، بۆ ئەوەی ئەم لێکدانەوەیە بەهێز بکەم، هەمیشە بەبێچەك دەگەڕام.

بەرەبەیانی ڕۆژێکی بەهاری، لەناکاو مرۆمەیموونەکان هێرشیان هێنایە سەرمان، بە ڕاکردن لەقوللەکەم هاتمە خوارەوە، چەکەکەم بەدەستەوە بوو، دووانم لەو ئاژەڵانە کوشت، بەڵام ئەوانی تر لەترساندا هەڵاتن. وەکو دەزانین گوللە نابینرێت. بۆ یەکەمجار لەژیانمدا گوێملێبوو هوتافم بۆ دەکێشن، پێموابوو هەر ئەو کاتە بوو شاژن پێشوازی لێکردم، بیرکردنەوەی یاهو لاوازە، پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە کۆچمکردو ڕۆیشتم. سەرکەشییەکانم لەدارستاندا گرنگ نین. دواجار خۆم لەگوندێکی ڕەشپێستنشیندا بینیەوە، کشتیاری‌و جوتیاری‌و نوێژیان دەزانی، توانیم بەزمانی پوورتوگالی لەگەڵیان بدوێم. نێردراوێکی کاسۆلیکی لێبوو، ئەویش باوکە (فێرناندز) بوو، لەکوخەکەیدا میوانداریکردمو بایەخی پێدام تا وام لێهات بتوانم درێژە بەگەشتە سەخت وناخۆشەکەم بدەم. سەرەتا کە باوکە فێرناندزم بینی وا بێشەرمانە دەمیدەکردەوەو پارووی تێفڕێدەدا، شەرم دەیگرتمو دەستم بەچاومەوە دەگرت، پاشان زۆری نەخایاندو دوای چەند ڕۆژێ ڕاهاتم. ئێستاش بەوپەڕی خۆشییەوە وتووێژە لاهوتییەکانمان بیرە. بەداخەوە نەمتوانی بیگەڕێنمەوە بۆ باوەڕی ڕاستەقینە بە یەسوع.



ئەم دێڕانە لەگلاسکۆ[٢٢] دەنوسم، ڕوداوەکانی کاتی نیشتەجێبوونم لەنێو یاهودا باسکرد، بەڵام وردەکاریم لەسەر ئەو ترسە سەرەکییە نەکردوە کە تاکو ئێستاش بەتەواوی لێی ڕزگارنەبوومو هێشتاش هەر دێتە خەونم، من ئێستاش وا هەستدەکەم کە ئەوانە چوار دەوریان تەنیوم. بەتەواوی ئەوە دەزانم کە یاهو میللەتێکی دڕندەن، ڕەنگە دڕندەترین میللەتی سەر زەویش بن، بەڵام زوڵمە هەندێ چاکی‌و باشیان لەبەرچاو نەگرین کە شەفاعەتیان بۆدەکات. یاهو دامودەزگاو پاشایان هەیەو زمانێك بەکاردەهێنن کە تێگەیشتنگەلێکی گشتگیر لەخۆدەگرێت، هەر وەکو عیبرانی و یۆنانیەکان لەو باوەڕەدان کە شیعر سەرچاوەیەکی خودایی هەیە، پێشبینی ئەوەش دەکەن کە پاش مردنی جەستە ڕۆح لەژیان بەردەوام دەبێت. هەروەها باوەڕیان بەبوونی پاداشت‌و سزا هەیە، ئەوانیش نوێنەرایەتیی شارستانیەتێك دەکەن کە ئێمە سەرباری هەموو گوناهەکانمان نوێنەرایەتیدەکەین. پەشیمان نیم لەوەی لەگەڵیاندا بەشداری کوشتنی مرۆمەیمونەکانم کردوە. ئەرکی سەرشانمانە ڕزگاریانبکەین، هیواخوازم میریی خاوەنشکۆمان لەبەرامبەر ئەو پێشنیارانەدا کە ئەم ڕاپۆرتە پێشکەشیاندەکات کەمتەرخەمو بێدەربەستنەبێت.

---

[٢٢] **گلاسکۆ: شارێکی سکۆتلەندییە.**

مایکۆڤسکی[23]..

شاعیری بێنازی ڕوسی

مایکۆڤسکی لە ١٩ی تەموزی ساڵی ١٨٩٣دا لە گوندی (بەغدادی)ی کۆماری جۆرجیا کە ئێستا (مایکۆڤسکی)ی پێدەڵێن، لەدایکبووە.

مایکۆڤسکی لەنێو خەڵکی سادەوساکاری وڵاتەکەیدا ژیانی بردەسەر، ئەو خەڵکەی مێرخاسیو پیاوەتیو وەفاداریو بەخشندەییو بەتەنگەوەهاتن سروشتی ژیانیانە، هەمووان کاردەکەنو کەسێك بێکار دانانیشێت. ئەم لە ئامێزی ئەو کۆمەڵە سادەدڵەو ئەو سروشتە پاکەدا چاوی بە ژیان هەڵهێناو گەورە بوو، هەر لە منداڵییەوە بەکارو ڕەنجو زەحمەت ڕاهات. کارکردن لای ئەو ئەرکێکی ڕۆژانەییو کۆمەڵایەتی بوو، کە لەلایەکەوە ژیانی پڕ دەکرد لە داهێنانو بەختەوەری، لەلایەکی تریشەوە بژێوی ژیانی ڕۆژانەی خۆی لێوە دابیندەکرد. سەرەتا زۆر بەکەفو کوڵەوە خویدایە خوێندنو سەرکەوتووانە قۆناغەکانی خوێندنی بڕی، بەڵام زۆری نەخایاند ڕوداوەکانی ئەو ڕۆژگارە هەستو بیریان داگیرکردو ئاڕاستەی ژیانیان گۆڕی.

[23] بۆ نووسینی ئەم بابەتە سود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە :
www.jehat.com/Jehaat/ar/Sha٢er/maico



شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ بەخۆیو مەرگەساتەکانیەوە ڕویداو مایکۆڤسکیی لە خەونی هەرزەییو سادەدڵی بێدار کردەوەو بۆ هەتاهەتایە قۆناغی هەرزەکاری خۆی پشتی سەر نا، ئیدی ئا لەو کاتە بەدواوە بە چڕی کەوتە خوێندنەوەی کتێبو نامیلکەی جۆراوجۆر، سەوداسەرانە کەوتە خوێندنەوەی کتێبی سیاسیو فەلسەفی. سەرەتای ساڵی ١٩٠٨ داخزایە نێو کاری سیاسیو ئەدەبیو چالاکانە کاری دەکردو زۆر بە توندی دژایەتی کۆتوبەندەکانی ئەو سەردەمەی دەکرد، سەرئەنجام چەندین جار دوچاری گرتنو ڕاوەدونان هات.

ئەوەی لەگەڵ یەکەم سەرنجداو بەتایبەتی لە بەرهەمە بەراییەکانی ئەم شاعیرەدا هەستی پێدەکرێت کاریگەریی بەرچاوی شاعیرە ئایندەگەرا ڕوسییەکانە، بەتایبەتی بلۆکو برومۆف.

لە بەرهەمەکانی ساڵانی نێوان ١٩١٣–١٩١٤ بەدواوە هەست بە بەهرەی شیعری ئەم شاعیرە کراو هەر زوو بە پلەکانی سەرکەوتندا سەرکەوتە سەرێو دژایەتی خۆی لە بەرامبەر شێوازە باوەکانی شیعری ئەو سەردەمە توندتر کردەوە. بەخێرایی هەنگاوی ناو شێوازی تایبەتیی خۆی دۆزییەوەو هەر زووش شوێنی خۆی لە جیهانی ئەدەب و داهێنانی ئەدەبیدا گرت.

هەمەچەشن شیعری وت، بەڵام ڕاستگۆییو ڕەسەنایەتی و توانای ئەو لە بواری شیعری ویژدانیدا دەرکەوت. ئەو خۆبەخۆ توانی بگاتە نهێنییەکانی ئەو تراژیدیا مرۆییەی کە گۆرکی لە بەرهەمە ئەدەبیەکانی خۆیدا وێنەی دەکێشان، ئەم هەر بەوەندە ڕازی نەبوو هەر تەنها وێنەی مرۆڤێکی ئازارچەشتوومان بۆ بکێشێت، بەڵکو ئەو بە قوڵایی یەکەیەکەی ڕوبەڕو

سکێچەکاندا ڕۆدەچووە خوارێ‌و نەیدەویست هەروا سەرپێیی تێپەڕن، بەڵکو دەیویست ببنە ئەزمونێکی بەسود بۆ کەسانی تریش.

مایکۆڤسکی وێنەی ئەو جیهانە ڕۆحییەی پاڵەوانی ویژدانیمان بۆ دەکێشێت، کە بێڕتوش ماکی ناکۆکی‌و دژوارییەکانی ئەو سەردەمەی تیا بەرجەستەبووە. بەم شێوەیە، جوانی شیعرەکانی مایکۆڤسکی بە پلەی یەکەم بۆ ئەو کارەی دەگەڕێتەوە کە بۆ یەکەمین جار پاڵەوانی ویژدانی هێنایە نێو شیعری ڕوسیەوە، واتە مرۆڤێکی نوێی بەکەسایەتی‌و ئەزمونێکی نوێوە هێنایە نێو شیعری ڕوسیەوە.

مایکۆڤسکی لە شیعرەکانیدا ئەوەندەی وێنەی هەڵچونە ئەبستراکتیەکان دەکێشێت ئەوەندە وێنەی کردارەکان ناکێشێت، ئەو هەڵچونانەی کە لەگەڵ ژینگەو گیانی سەردەم لێکهەڵپێکراون، پاڵەوانەکەی ئەو (من)ە، بەڵام منێك کە هاوجوتی ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی چواردەورییەتی‌و لە هەمان کاتیشدا ژیان بەخۆشی‌و ناخۆشیەکانیەوە موعایەشە دەکات.

هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەم دەستنیشانکردنە وێنەی شیعریی بەرهەمەکانی شاعیر خۆیەتی، کە لەڕێیانەوە تێدەگەین شاعیر چۆنچۆنی هەست دەکات‌و هەڵوێستی لەبەرامبەر ژیاندا چییە‌و ئەو هەڵچوونە دەرونیانەی کە شاعیر جەختیان لێدەکاتەوە چین‌و کامانەن.

ئاشکرایە هەڵچوونەکان زاتی و کۆمەڵایەتین‌و باکگراوەندێکی پانوپۆڕیان لە ڕوداوو کارەساتەکانی ڕابوردو و هەنوکەدا هەیە، کە بایەخدارترینیان هاوسۆزی نواندنە لەگەڵ مرۆڤو کێشەو ئازارەکانی مرۆڤ، بانگەشەیە بۆ گۆڕینی ئەم دنیایەو نەهێشتنی ئەو هۆکارانەی ئەم ئازارانەیان خوڵقاندوە.



مایکۆڤسکی ڕقی لە ستەمکاران‌و چەوسێنەران بووە، جا بەهەر بەرگێکەوە بووبن هەڵوێستی لەبەرامبەریاندا نەگۆڕ بووە، بانگەوازی خەباتی لەدژیان کردوە.

پاڵەوانی ویژدانی لە شیعرەکانی مایکۆڤسکیدا ڕۆڵی دڵێکی گەورە دەبینێت، دڵی مرۆڤایەتییەکی ڕۆشنبیرو وردبین‌و وریاو بەئاگا کە تیایدا لەگەڵ لیریکیەتی بابەتدا لێکهەڵدەپێکرێن. بەم شێوەیە شیعرەکانی مایکۆڤسکی لەلایەکەوە دەتوانن تەعبیر لە قوڵاییەکانی ناخ بکەن‌و لەلایەکی تریشەوە دەتوانن تەعبیر لەو هەڵچونە مرۆییانە بکەن کە تا دێن قوڵتر دەبنەوە.

مایکۆڤسکی پاش ئەوەی ساڵی ١٩١٥ چامەیەکی بەناوی (زنجیرێك لە پانتۆڵێکدا) بڵاوکردەوەو بووە مایەی ڕەزامەندی خوێنەران‌و ڕەخنەگران، ئیدی لەنێوەندی ئەدەبیی ڕوسیدا بە تەواوی جێگەی خۆی کردەوە.

هەڵوێستی سانسۆری حکومەتی تزاری ئەو سەردەمە لە بەرامبەر ئەو چامەیەدا توندو ناجۆر بوو، هەر ئەم سانسۆرە وای لێکرد هەندێ لە بەرهەمەکانی بەتەواوی ڕۆشن نەبن‌و لە هەندێ شوێندا بەئاڵۆزی بنوسێت، بەتایبەتی لەو شوێنانەدا کە هەستی دەکرد کێشەی جدیی بۆ دروست دەبێت، هەڵدەستا بە تەمومژاویکردنی شیعرەکەی.

لە چامەی ناوبراودا هەست بەئازارێکی تایبەت دەکەین، ئازارێك وەکو ئەوەی بڵێت: لە هەر کوێیەك ئازار هەبێت من لەوێم، ئەم ئازارە تا دوایین ساتەکانی ژیانی لەگەڵی ژیا، ئەگەرچی ئەم ئازارە تایبەتی خۆی بوو بەڵام لە هەمان کاتدا ئازاری سەدان‌و هەزاران مرۆڤی بێچارەی هاوسەردەمی خۆشی

بوو. وەنەبێت مایکۆڤسکی خۆی ئەمەی نەزانیبێت، بەپێچەوانەوە ئەو خۆی حەزی بەمە دەکردو دەیویست دەنگی بە لێشاوی ئەو سەدانو هەزاران کەسە بێت. ئەم هەستو دۆخە هەر تەنها سیمای ئەم چامەیەی پێکناهێنن، بەڵکو زۆربەی شیعرو چامەکانی تریشی هەروان، بەتایبەتی: (چامەی بزمار– کۆڵەکەی پشت، شەڕو ئاشتی، مرۆڤ).

ئەگەر چی ڕای جۆراوجۆر لەسەر بەرهەمەکانی مایکۆڤسکی هەن، بەڵام زۆربەی زۆری لێکۆڵەران لەسەر ئەوە کۆکن کە: (شاعیر تەنانەت پێش شۆرشی (١٩١٧)یش بڕوای وابوو کە هونەر دەبێت ببێتە ئامڕازێکی دیموکراتیانەی وا کە ببێتە ئامانجێکی کۆمەلایەتی)، کە ئەمەش پەیوەست بووە بە ئایندەگەرییە تایبەتییەکەی مایکۆڤسکی خۆیەوە.

هەروەکو شیراگینو باختینۆف دەڵێن: (هەندێ جار مێژوو پێچەوانەی ئەو شتانەیە کە کتێبەکانی قوتابخانە باسیدەکەن، ئایندەگەراییش لای مایکۆڤسکی شتێکی ڕوکەش یان خوازراو نەبوو، بەڵکو بانگەشەیەك بوو بۆ تێکوپێکدانی هەموو سنووره داتەپیوەکانی هونەری مویتەزەلی ئەو سەردەمەو دروشمی بنیادنانی هونەرێکی پێشکەوتوو بوو.) یان هەروەکو ئاراگۆن دەڵێت: (مایکۆڤسکی هەر تەنها ئایندەگەرێکی ڕوکەشو ئاسایی نەبوو، بەڵکو دامەزرێنەری ئایندەگەرایی ڕوسی بوو. ئەو ئیلوار ئاسا شەڕی بە وشەو دەربڕینە یاسەغەکان نەدەکرد، لەبەرئەوەی هەمیشە وێڵی پاشەڕۆژ بوو، هەمیشە حەزیدەکرد ئەم نازناوە بپارێزێتو هەمیشەش هەوڵیداوە ئەو چەمکو دەربڕینانە بەکاربهێنێت کە لە قورسایی شیعرەکەی نەهێنێتە خوارێ.



ئەم دۆخە هەروا نەمایەوە، بەڵکو نالەباری هەلومەرجی ژیانو سەختی باری دەرونیو قەیرانە ڕۆحیو دەرونییەکانی دەوروپشتی، دڵو مێشکیان ماندو کرد، بەتایبەتی ڕوداوی خۆکوشتنی یەسەنینی هاوڕێیو سەرهەڵدانی حوکمی تاکڕەوی ستالین، هێندەی تر بارە دەرونییەکەی شاعیریان شێواند، بۆیە لە ١٤ نیسانی ساڵی ١٩٣٠ دا بە ڕوداوێکی ناڕۆشن و تەمومژاوی مرد.

دەسەلأتدارانی سۆڤێت وایانبلاوکردەوە کە مایکۆڤسکی گوللەیەکی ناوە بەسەری خۆیەوەو خۆی کوشتووە، بەلأم لەم دواییانەدا ئەلێکساندەر ماسلۆف بە هەواڵی ئەوەی کە مایکۆڤسکی کوژراوەو خۆی نەکوشتوە جیهانی سەرسام کرد.

## شاملۆ[٢٤]..

ئەو شیعرەو شیعریش ئەو

ئەحمەدی شاملۆ لە ٢١ی ئازەری ساڵی ١٣٠٤ی کۆچی هەتاوی لە تاران لەدایکبووە. بەهۆی ئەوەی کە باوکی ئەفسەری سوپا بووەو هەر ماوەیەو لە

[٢٤] بۆ نووسینی ئەم بابەتە سود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
www.shamlou.org

شوێنێك بووه قۆناغی منداڵی بەپچڕ پچڕی لە شارەکانی ڕشتو سمیرمو ئەسفەهانو شیراز بەسەربردوە.

ئەحمەدی شاملۆ جگە لەوەی شاعیرێکی گەورەی ئێرانەو لەسەر ئاستی دنیاو لە لای ڕۆشنبیرانی هاوچەرخیش وەکو کەسایەتییەکی بەهەڵوێستو هەستناسكو واقعیو خەیاڵفراوان ناسراوە، بۆ خۆیشی نوسەرێکی هەناسەدرێژی بەتواناشە لەبواری هەڵسەنگاندنو ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیو نوسینی پەخشانو هەروەها لە کاری وەرگێڕانیشدا دەستێکی باڵای هەبووە.

لە نێوان ساڵانی ١٣٣٦ تا ١٣٧٦ چەندین دیوانی شیعری بڵاوکردۆتەوە، لەوانە: «هوای تازه /١٣٣٦»، «باغ ئَینه/ ١٣٣٩»، «ئَیدا در ئَینه» و «لحڤه ها و همیشه/ ١٣٤٣»، «ئَیدا: درخت و خنجر و خاگره/ ١٣٤٤»، «ققنوس در باران/ ١٣٤٥»، «مرپیه های خاك/ ١٣٤٨»، «شکفتن در مه/ ١٣٤٩»، «ابراهیم در ئَتش/ ١٣٥٢»، «از هوا و ئَینه ها/ ١٣٥٣»، «دشنه در دیس/ ١٣٥٦»، «ترانه های کوچك غربت/ ١٣٥٩»، «مدایح بی حوصله/ ١٣٧١» و «در ئَستانه/ ١٣٧٦».

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لێرەدا لەبارەیەوە بدوێین شیعرەکانیەتی کە بە یەك خوێندنەوە ڕێگەی خۆیان بۆ دڵو ناخی خوێنەر دەکەنەوەو وەتەری هەستی دەبزوێنن‌و ڕایدەچڵەکێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەجۆرێك ئاڵۆزو بەیەکداچوون کە ڕەخنەگران ناتوانن سنوورێك بۆ جیاکردنەوەی بەرهەمە جۆراجۆرە هونەریەکانی دابنێن. شیعرەکانی خۆویستانە ڕێگەی خۆیان دەکەنەوە، لە خۆشەویستییەوە بۆ دنیای سیاسەت باز دەدەن، ئینجا



لایلایە بۆ سروشت دەکەن‌و گوڵ دەلاوێننەوە، قوربانیانی جەنگە خوێناویەکان دەدوێنن، زۆر نابات دەربارەی چەرمەسەریەکانی ژیانی ڕۆژانە دەدوێن‌و سەرئەنجامیش بەگیانێکی بێ گەردی دور لەخلتەی شۆڤینیزم‌و ڕەگەزپەرستیەوە گۆرانی بۆ نەمری مرۆڤو شۆڕشی مرۆڤایەتی دەچڕنەوە.

پانتایی شیعرەکانی شاملۆ جەستەیەکی زیندو و چالاکن، لەکاتێکدا هێشتا لەخوێندنەوەی شیعرەکەی نەبوویتەتەوە، ئەتەوێت بچیتەوە سەر نیوەدێڕی یەکەم‌و دیسان بیخوێنیتەوە، ئەو شتێك نانوسێ نەزانێ چییە، دەربارەی شتێکیش نانوسێ لەچوار دەوری خۆیدا نەبێ‌و ناخی نەهەژاندبێ‌و خەوی لێنەزڕاندبێ. شێوازی داهێنەرانەو بەهای جوانیناسی لە شیعرەکانیدا هەر بەتەنها چێژێکی تایبەتی بەشیعرەکانی نەبەخشیوەو بەس، بەڵکو تەکانێکی گەورەی بەشیعری هاوچەرخی ئێرانیش داوە، بەجۆرێك کە بۆتە قوتابخانەیەكو لەلایەن شاعیرە لاوەکانەوە لاسایی دەکرێتەوە.

کەسێك بیەوێت شارەزای جیهانی ناوەوەی ئەم شاعیرە داهێنەرە بێت، پێویستە زۆربەی بەرهەمەکانی بخوێنێتەوە، ئەوسا لێهاتویی ئەم شاعیرە کۆڵنەدەرو بوێرەو جوانیو بەپێزیی بەرهەمەکانی بۆ ئاشکرا دەبێت، کەچۆن‌و بەچ شێوازێك ڕێگا پڕ هەڵەتەکانی بەردەم ژیانی ئەدەبییان بڕیوە.

ئەو، وێڕای هەلومەرجی سەختی ژیانی لەئێران، کەچی هەتا ئەم ساڵانەی دوایش هەروا مایەوەو بەجێی نەهێشت، لەبەرامبەر پێشنیاری دۆستو ئاوەڵانی کە دەیانگوت: بڕۆ ئێران بەجێبهێڵە، سەرسەختانە خۆی ڕاگرتو بە (من اینجائیم_ واته من خەڵکی ئێرەم) وەڵامیدەدانەوە. کاتێکیش ڕۆیشت هۆکارەکەی بارێکی تەندروستی خراپ بوو.

ئەگەرچی قەڵەمی ڕەخنەگرە کۆنەپارێزە دەستەمۆکان، بۆ ساتێکیش لەجوینی گۆشتی جەستەی شیعری شاعیرانی ئازادیخوازو بەهەڵوێست نەدەوەستان، بەڵام کەموزۆر نەیاندەوێرا قەرەی شیعرەکانی ئەو بکەون، شیعر لەلای ئەو ژیان بوو، حەقیقەت بوو. هیچ شتێك هێندەی شیعر نەیدەتوانی واتا بەژیانی ببەخشێت، هیچ شتێکی تر نەیدەتوانی هەستی ناسکی مرۆدۆستی و بێ کینەیی پێ دەرببڕێ شیعر نەبێ، شیعر ئەو بوو، ئەویش شیعر.

ڕێبازی ئەدەبیو هونەریی شاملۆ ڕێبازێکی ئاڵۆزو درێژو دەوڵەمەندە، چ لەڕووی ناوەڕۆك چ لەڕووی فۆرمەوە، گۆڕانکاریو پەرەسەندنی بەسەر نەریتە ئەدەبیو هونەرییە سواوەکاندا دەهێناو سنوری بابەتە کۆنو ڕزیوەکانی بەوپەڕی وشیاریو لێزانینەوە دەبەزاندو، بەدوای خستنەڕوی ئەو باسو بابەتانەوە بوو کە لە ژیانی ڕۆژانەدا گیروگرفتی قوڵو کۆمەڵایەتییان دەخولقاندو بەردەوامیش بوونێکی بەرجەستەی زەقیان هەبوو.

ئەو هەرچەندەو لەزۆر شوێندا بە قوڵایی پانتاییەکانی خەیاڵدا ڕۆدەچوو، بەڵام تەنها مەبەستی لێی ڕەتکردنەوەی ئەم دۆزەخە تاڵو نالەبارە بوو، نەك بەئەبستراکست کردنی خودی پانتاییەکانی خەیاڵ.

ئەو کۆیلەیەکی ویستزەوتکراوی ئارەزو و خەیاڵە تایبەتییەکانی خۆی نەبوو، ئەو کوڕی سەردەمەکەی خۆی بوو. بەساتو ڕوداوە دڵبزوێنە خۆشەکان خۆشحاڵ دەبوو، ماچی بەخشندەییو میهری دەگرتە ئەو منداڵانەی لانەواز بەکوچەو کۆڵانو شەقامەکانی تاراندا دەسوڕانەوە. ئەو



خاوەنی بەهرەیەکی یەکجار گەشو بەرفراوان بوو، گشت هەوڵی ئەو بۆ داڕمانو وەلانانی ئەو بەندوباوە سواوە بوو.. ئەو تێزو تێکستە چروکانە بوو کە وەك بازنو ملوانکەو خرخاڵ کرابوونە دەستو ملو پێی خەڵك.

توانای دەربڕینی شیعریی ئەو بەجۆرێك بوو کە لەپانتاییەکانی خۆیدا، ئامرازێکە هەڵگری ئەو واتاو ناوەڕۆکە ڕۆشنانەیە، هەڵگری ئەو هێماو سیمبولە ئەفسانەییانە بوو کە لە بەئامانجگەیاندنی پەیامەکەیدا پاڵپشتو کۆمەککەرێکی باش بوون.

ئەو شتێکی پێشکەش بەخوێنەری شیعرەکانی دەکرد، کە هەموو بەها ئێستاتیکیەکانی دەبزواند، خوێنەریشی دەکردە پارچەیەك لەو بەهایانەو دەیکردە پەیکەرێك لەبێدەنگی، خوێنەرێك نەدەم دەجوڵێنێو نەچاو دەتروکێنێ، جار جار نەبێت سیماو ڕوخساری دەگۆڕێت. هەڵدەچێتو پاشان هێمن دەبێتەوە، ئینجا چاوی ڕەشکەوپێشکە دەکاتو وەك ئەوەی چاوی باوەڕ بەخۆی نەکات، دیسانەوە خۆی بۆ ناگیرێو سەرلەنوێو بەدەنگی بەرز شیعرەکە دەخوێنێتەوە.

لێهاتوویی شاملۆ ڕاستیەکەو تەنانەت ئەوانەیشی کە لەڕوی سیستەمی بیرکردنەوەشەوە لەگەڵی ناکۆك بوون نکوڵی لێ ناکەن، ئەو کاتانەی شیعری دەوت بەسەرسوڕهێنەرترین وەسفو ناسکترین وشەو ڕاشکاوترین حەقیقەت هەموو ئەو پانتایی و بۆشاییانەی نێوان هەستو سۆزو بیرو ئەندێشەی خوێنەر پڕ دەکردەوەو ویستو بوونی هوشیارانەیشی فەراهەم دەکرد. ئەمە جگە لەوەی چەندین بەرهەمی شاعیرانی تری وەکو (لنگستون هیوز)ی وەرگێڕاوەتە سەر فارسیو بەدەنگی خۆی لەسەر کاسێت تۆماریکردون.

ئەو دەیزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەمەدا دەکاتو لە شیعرەکانیدا ئەفسانەکانی تەوزیف دەکات کە کاریگەرییەکی ڕاشکاو و بێ ئامانیان لەسەر ناخو بیرو خەیاڵ بەجێدەهێشتو تاریکاییەکانی دەروونیان ڕوناک دەکردەوە. ئەو نایەوێت زمان دابەزێنێت بۆ ئاستی ڕاڤە ژمێریارییەکان یان بازاڕیانە بنوسێت، ئەو دەیەوێت بەزمانێکی پاراوی سادە فەلسەفەی ژیانمان بۆ باس بکات. تەقینەوەی زمان لای ئەو دیاردەیەکەو بوونی خۆی هەیە، ئەو جگە لەوەی گۆرانی بۆ چاوەکانی ئایدا دەڵێت، فرمێسکەکانی سەر گۆنای دەلاوێنێتەوە، گۆرانی بەباڵای نیشتمانیشدا دەڵێت، نیشتمانێك هی کەس نییەو هی هەموانە، خاڵییە لەسنورەکان، لەتەلە دڕکاوییە بێ هەستەکان، ئازاد لەشمشێری دڕندەو جەلادو خۆپەرستە ئارەزوبازە نەخۆشەکان، خۆیشی لەم ڕێیەدا ڕابەرێکە، وەکو پۆڵا بەهێزو سازش نەناس، وەکو درەخت سەرکەشو بەخشندەو دڵفراوان، وەکو دەریاش تورەو قوڵ. ئەو شەیداو دێوانەی کیشوەرێکی بێ سنوری ئازادە.

لای ئەو شیعر دابەش نەدەبوو بۆ خۆشەویستیو نیشتمانپەروەریو نەتەوایەتیو چینایەتیو .. هتد، شیعر لای ئەو سەمفۆنیایەك بوو هەر توخمو ڕەگەزێك پێگەو کاتو سنوری خۆی دەزانی. ئەگەر جەستەی شیعر ئەو پانتاییە سحراویە بێت سەمایەکی بالێی لەسەر نمایش بکرێت، ئەوا ئەو پاڵەوانو ئەکتەرانەی لەسەماکەدا ڕۆڵیان دەبینی هەریەکەیان ئەو گۆشەو لایەنانە بوون کە لەسەرەوە باسکران.

بابەتە پەسەندکراوەکانی ئەو زۆرتر بەخۆشەویستیو ئازارو ئاواتو خەمی خۆشەویستی دەست پێدەکات، دەبینین جارێك بێ ئارامو ئۆقرە



لێبڕاو چاوەڕوانی چرپەیەکی خۆشەویستەکەیەتی، هەندێ جاریش دڵ پڕ لەهیوا بەسەرو گوێلاکی ئەو بەربەستو ڕێگرییانەدا دێتەخوارێ کە ئەم دۆزەخەیان سازداوە. ئەو پێیوایە ئەوە مرۆڤە قالۆنچەییەکانن کەناهێڵن عاشقەکان بە بەرچاوی خۆرەوە خۆشەویستی بکەن. ئەو بێ پەرواو بەدەنگی بەرز ئەو هەستە خامۆشکراوو زیندوانە دەردەبڕێ کە لە ناخماندا دێنو دەچن. ڕەنگە ئێمە نەتوانین تەعبیر لەم هەستانە بکەین، بەڵام کاتێ ئەو بەم کارە هەڵدەستێو ئێمەش لەدو توێی شیعرێکدا دەیخوێنینەوە وا هەستدەکەین ئەوە خۆمانین دەدوێین، خۆمانین ئاخ هەڵدەکێشینو زەجر دەبینینو خۆشەویستی دەکەینو هەڵدەچینو پاشان ئارام دەبینەوە.

ئەو هەر بەتەنها باسی گوڵو ژوانو کۆچو ماچو پەپولەو ناکات، بەڵکو زۆرجار دەبینین باس لەو خوێنڕێژو دزو پیاوخراپە یاساییانەش دەکات کە لەپشت پەردەی یاساو ڕێساو ئاینو پارەوە ڕۆژانە گەورەترین شەرمەزاریو ناشیرینترین هەڵوێست تۆمار دەکەنو گەنەئاسا ڕۆیشتونەتە سەر جەستەی خەڵکی هەژارو برسیو مشەخۆری دەکەنو یاسا بۆ نادادپەروەریی خۆیان دادەتاشن.

ئەحمەدی شاملو دواجار لە دووەمی مردادی ساڵی ١٣٧٩ کۆچی هەتاوی مردو لە ڕێوڕەسمێکی شکۆداردا لە کەرەج بە خاك سپێردرا.

نمونەیەك لە شیعرەكانی شاملۆ

## تەم[25]

بیابان، سەراسەر تەم دایگرتووە
چرای ئاوایی پەنهانە
شەپۆلێكی گەرم لە خوێنی بیاباندایە
بیابانی ماندوو
لێوبەستراو
هەناسەسوار
لە وڕێنەی گەرمی تەما بەشێنەیی
لەگشت گرێیەكەوە ئارەق دەڕژێ
(بیابان سەراسەر تەم دایگرتووە)
ڕێبوارێ لەبەرخۆیەوە دەڵێت:
سەگەلی ئاوایی كپن..
لەناو چڕیی تەمەكەدا، بەپەنهانی دەگەمە ماڵێ
گوڵكۆ نازانێ، لەناكاو لەدەمی دەرگام دەبینێ
بە چاوی پڕ لە فرمێسكو
بە لێوی پڕ لە خەندەوە دەڵێت:
(بیابان سەراسەر تەم دایگرتووە)

[25] **سەرچاوە:– دیوانی (هوا تازە)**



لەدڵی خۆمدا دەموت:
گەر تەمومژ هەتا بەیان بەردەوام بێت
تۆ بڵێی كوڕانی ئازای ئاوایی لە حەشارگەكانی خۆیان
بۆ دیداری ئازیزانیان بێنە خوارێ
(بیابان سەراسەر تەم دایگرتووە)
چرای ئاوایی دیار نییە
شەپۆلێكی گەرم لە خوێنی بیاباندایە
بیابانی ماندوو
لێوبەستراو
هەناسەسوار
لەوڕێنەی گەرمی تەما بەشێنەیی
لەگشت گرێیەكەوە ئارەق دەڕژێ

سرودێك بۆ سوپاسو پەرستن
ماچەكانت
چیلكە دەم بەئازارەكانی نێو باغن
مەمانیشت پورە هەنگی كوێستانانن
جەستەیشت
ڕازێكی هەتا هەتایی نەمرە
كە لەخەڵوەتێكی مەزندا لەگەڵ مندا دایدەنێن
لەشی تۆ مۆسیقایەكە

لەشی منیش وشەیەکە
لەوی تۆدا ئارام دەگریت
هەتا ئاوازی سرودێك بێنێتە بوون
کە بەردەوامی دەلەرزێنێت
نیگاشت کە گشت میهرەبانیەکانی تیایە
قاسیدێکەو هەواڵی ژیانی پێیە
لەبێدەنگیشتا، هەموو دەنگەکان
هاوارێکن، کە بوون
تاقی دەکەنەوە

ئاسۆی ڕون[٢٦]

ڕۆژێك ئێمە دیسانەوە دەگەینەوە کۆترەکانمان
میهرەبانی دێتو دەستی جوانی دەگرێ
ڕۆژێك کە کەمترین سرووود ماچکردنەو
هەر مرۆڤێك
بۆ هەر مرۆڤێکی دی
برایەکە
ڕۆژێك کە دەرگای ماڵەکانیان داناخەن
ئیتر قفڵ ئەفسانەیەو
بەتەنیا دڵ

[٢٦] لە ئینتەرنێتەوە.



بۆ ژین بەسە
ڕۆژێك کە هەموو قسەیەك گفتی خۆشەویستییە
هەتاکو تۆ بۆ دیتنەوەی دوایین مەبەست
سەری هەودای قسە نەگری
ڕۆژێك کە نەوای هەر قسەیەك ژیانە
هەتاکو من بۆ دیتنەوەی سەروای شیعرم
وشە ئەم بارەو بار نەکەم
ڕۆژێك کە هەر لێوێك بۆ خۆی
گۆرانییەکە
هەتاکو کەمترین سرود
ماچکردن بێ
ڕۆژێك کە ئەتۆ بێیتەوە
بۆ هەتا هەتایە بێیتەوەو
میهرەبانی لەگەڵ جوانی بەرامبەر بێو
ئێمە دیسان دان بۆ کۆترەکانمان ڕۆبکەین
من چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم
تەنانەت
گەر
خۆشم
نەمابم

## گۆنتەر گراس[27]..

### پێویستە لەدژی بەسەرچوونی زەمەن خەبات بکەین

نوسەری ناسراوی ئەڵمانی، گۆنتەرگراس ساڵی ٢٠٠٠ وەك نۆهەم نوسەری ئەڵمانی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێبەخشرا، دەمێکە گراس شایستەی ئەم خەڵاتەیە، بەڵام سیاسەتی جیهانیو سازشەکانی لیژنەی خەڵات بەخشین ئەم کارەیان دواخست.

گۆنتەرگراس، پەیکەرتاشو شاعیرو ڕۆمانوس" ساڵی ١٩٢٧ لە شاری دانتسیگ لەدایکبووە، ئەو شارە ئەمڕۆ دەکەوێتە پۆڵنداوە. گراس پاش ئەوەی لە دیلی دەگەڕێتەوە، ساڵی ١٩٤٩ لە زانکۆی دوسلدۆرف خوێندنی پەیکەرتاشی دەست پێدەکات، بەڵام لەپاڵ پەیکەرتاشیش شیعر و چیرۆك دەنوسێت، یەکەم دیوانی شیعریی خۆی لەساڵی ١٩٥٦دا بڵاودەکاتەوە.

هەندێك لە رەخنەگران دەڵێن: گونتەر گراس بەنوسینەکانی توانی ویژدانی ئەڵمانیا بەئاگا بهێنێتەوە. پاش تەواوبوونی جەنگی جیهانی دووەم گەلی ئەڵمانی کەوتنە سەرزەنشتکردنی ویژدانی خۆیان، زۆرێکیان لە

[27] بۆ نووسینی ئەم بابەتە سود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
www.al-moughtarib.com/HTML
DATA/Literature/guntergrass



بەرامبەر جیهاندا هەستیان بەشەرمەزاری دەکرد، گوایە ئەوان بەرپرسی ئەو کاولکارییانە بوون کە بەسەر جیهاندا هاتووە. گراس لە دڵەڕاوکێو هەستی شەرمەزاری لەبەرامبەر ئەو ڕابردوە ڕزگاری کردنو بەرەو پاشەڕۆژ سەرنجیڕاکێشانو وای لێکردن واز لە سەرزەنشتکردنی خۆیان بهێنن.

کاتێك گۆنتەرگراس خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، تەنانەت دوژمنەکانیشی کەوتنە ستایشو پیاهەڵدانی، مارسیل ڕاتیش ڕاینسکی یەکێ لە سەرسەخترین ڕەخنەگرانی گۆنتەرگراس دەڵێت: ئەگەر نوسەرێك هەبێت شایستەی ئەو خەڵاتە بێت ئەوا گراسە، ئەگەر چی کارەکانی سەرەتای وەکو کارەکانی ئەم دواییەی بەهێزو تۆکمە نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گراس خاوەنی حاڵتێکی سەیرە، ئەویش ئەوەیە کە هەموو بەرهەمەکانی بەپێوە نوسیوە.

گراس نوسین وەك سروتێك بەکاردەهێنێت، دەڵێت: هەندێ جار هەشت کاتژمێر بەپێوە خەریکی نوسین بووم، لەوانەیە ئەمە پەیوەندی بەکاری پێشومەوە هەبێت کە ئەویش کاری پەیکەرتاشییە، زۆرجار هەموو ئەو شتانەی دەیانوسم فرێیان دەدەمو دیسان دەیانوسمەوە.

جاروبار ئەم پرسیارەی لێ دووبارە دەکرێتەوە: (چۆن دەنوسیت؟) لەکاتی جەنگدا گراس ئەم پرسیارەی بەپرسیارێکی سیاسی لەقەڵەم دەدا، بەڵام لەم بارەیەوە دەڵێت پێویستە خەبات لەدژی بەسەرچوونی زەمەن بکەین، پێویستە برینەکانمان بەکراوەیی بەجێ بهێڵین تا جارێکی تر کارەساتەکان دووبارە نەبنەوە. گراس بۆ خۆی، خۆی بەنوسەرێکی لیبراڵ دەزانێت، بڕوای بە هەندێك لە فەیلەسوفە ڕۆشنگەرەکانی سەردەمی

ڕێنسانس هەیە، بەتایبەتی ئەوانەیان کە دەربارەی ئازادی تاكو مافەکانی مرۆڤ نوسیویانە.

گراس ڕایوایە ڕۆمان لەتوانایدا هەیە گیانێکی ڕەخنەگرانە بەخەڵك ببەخشێت، بەڵام ڕێگە ڕۆشنکەرەوەیەك نییە خوێنەر بەرەو یەقین بەرێت، گراس لەڕوی سیاسییەوە کەسێکی سەربەخۆیەو خاوەنی هەڵوێستی خۆیەتی، یەکێکە لەوانەی زۆر پشتی پەناهەندەکان دەگرێت، بەبۆنەی بەخشینی خەڵاتی ئاشتی بە یەشارکەمال خۆشحاڵی خۆی دەربڕیو زۆر بەتوندیش ڕەخنەی لەسیاسەتی ئەڵمانیا گرت، سەبارەت بە پەنابەرانو شێوازی مامەڵەی لەگەڵیانو دەرکردنیان لە وڵات بەگشتی، مامەڵەی بەرامبەر بە پەنابەرە کوردەکان بەتایبەتی، ئەو کە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت یەکسەر بەشێکی زۆری بەخشی بە (دەزگای گراس بۆ قەرەجەکان) ئەو قەرەجانەی لەلایەن حزبی نازییەوە جینۆساید کران، بەڵام وەك قوربانییەکانی تری نازیزم قەرەبوویان نەکرایەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆر خراپ مامەڵەیان لەگەڵ کراو توشی چەوساندنەوەی قورس هاتن، ئەم هەڵوێستەی گراس بەڵگەی مرۆڤدۆستی ئەم نوسەرە دەردەخات، هەروەها دەریشیدەخات کە نوسەر چەندە لە بەرامبەر مێژوودا خۆی بە بەرپرس دەزانێت.

گۆنتەر گراس لەچەندین بواری جیاجیادا نوسینی بڵاوکردۆتەوە، چەندین بەرهەمی ناوبانگی جیهانییان بەدەستهێناوە، لەوانە (تەپڵی تەنەکە، مشكو پشیلە، ساڵانی سەگی) کە زۆربەیان جێگەی سەرنجو ڕەخنەی توندی ڕەخنەگران بوون. ساڵی ١٩٩٦ شانۆگەریی (ڕەشۆکییەکان



ڕاپەڕین تاقیدەکەنەوە)ی بڵاوکردەوە، یەکێك لە جوانترین چیرۆکەکانیشی (سەردابی پیاز)ە، لەم چیرۆکەدا باس لە جیهانیك دەکات کە تیایدا فرمێسکەکان دەبن بەبەرد، بۆئەوەی بگرین پێویستیمان بەسروتە، مرۆڤ لەو جیهانەدا، تەنانەت ئارەزوی گریانیشی تووشی خەفەکردن دەبێت، لەم چیرۆکەدا باس لەرەقبوونو بەبەردبوونی هەستو سۆز دەکات، چۆن ژیان وا لە مرۆڤ دەکات هیچ جۆرە هەستو سۆزێکی نەمێنێت، چاوەکانی چی دی فرمێسك نەڕێژن، بۆ دۆزینەوەی هەناسەیەکی پڕ خەمو خۆشی، بۆئەوەی سۆزمان بجوڵێت ئەبێت سروتێك بۆ گریانو فرمێسك ڕشتن دروست بکەین.

گۆنتەر گراس کە خاوەنی هەڵوێستێکی مرۆییانەی ئاشکرایەو لەسەر زۆر مەسەلەی گرنگ هاتۆتە دەنگ، دوای وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵەکەی یاداشتنامەیەکی ئیمزاکرد کە لەلایەن زۆرێك لەنوسەرانی جیهانەوە ئیمزاکرابوو و درا بە حکومەتی تورکی، کە چیدی مافی مرۆڤ پێشێل نەکاتو مافی کلتووری و کەسایەتی کوردەکان بپارێزێت، ئەم هەڵوێستانەی زۆر جار توشی سەریەشەیان کردوە، ئەو لەهەڵوێستی بەرپرسیارێتیو مرۆڤانەی خۆیەوە تەماشای ئەم کێشانە دەکات، نەك لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی وڵاتەکەیەوە.

یەکێك لە ڕۆمانە ناودارەکانی گراس بریتییە لە ڕۆمانی (سەدەی من) کە بە شێوەی یاداشتنامەو ژیاننامە نوسیویەتی، بەڵام بەشێوازێکی هونەرییانە مێژوی خوێناویی ئەڵمانیا دەگێڕێتەوە، ئەم کارەی گراس لەلایەن ڕەخنەگرانەوە زۆر بەتوندی ڕەخنەی لێگیراو بەنمونەیەك بۆ دابەزینی ئاستی هونەریی گراس لە قەڵەمیاندا، بەڵام گراس بۆ نیشاندانی لایەنی

دزێوی مێژووی وڵاتەکەی چاوی لە هەموو ئەو ئیعتیباراتانە پۆشیو

ڕاستگۆیانە ڕوداوەکانی تۆمار کرد.

نمونەی چیرۆکێکی گۆنتەر گراس

## پێنج باڵندەکە[28]

١... ڕەچەڵەك

بۆ دانانی ئاماژەیەکی بچکۆلە کە پێشتر لەسەری براپێتنەوە هێندە بەس بوو لەگەڵ ستونەکاندا بدوێ.. هەنگاوی دوای ئەوە ئاسان بوو، پێویستی بە دیاریکردنی ناسنامەکەی نەبوو. پێنج جار لە زەوی دوورکەوتبۆوەو بێ ڕەگو ڕەچەڵەك دەرکەوتبوو. ئەو شتەی کە پێشتر حەسارێك بوو سنووری باخچەکەی کۆتایی پێ دەهێنا، ئێستا بۆتە تەیمانەیەك لە ئاسمانداو قسەی نەستەقی تیا دەوترێتەوە.

ئەمە تێزی ئەو ڕاگەیاندنانەیە کە هەمووان لە ئاسمانی باوکدا دەیناسین، مرۆڤ چەندە حەز دەکات هانی پاشماوەی ئەو ستونانە بدات تا سەرکەوێ بەرەو ئاسمان ئەوەندەش ڕوخسەتی بۆ باغەکان دەوێت، کۆچ بکەن بۆ ئۆکسبۆرگ یان تۆزێ ئەولای ئۆکسبۆرگ، بۆ بیابانی تساك، بۆ ئەوەی

[28] **سەرچاوە: الگیور الخمسە، تألیف غونتر غراس، سنه النشر: ٩٩٥، الگبعه رقم: ١، الناشر: المدی للپقافه والنشر والتوزیع.**



سەوزاییەکان پێشکەش بەو شێرە بکات کە تووشی نەخۆشی (ئەسکەرپوت) بووە.

وەك هەمیشە، نهۆمی لە هەرزانترین شوێندا دادەنیشێو ڤیزای گەشتەکەی دەجوێت. بڕوایەك لێرە، بڕوایەك لەوێ، لێرە بێئومێدی زاڵە، لەوێش پەنجە بە هەوادا بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە، یان بۆ هەر شوێنێکی تر. بۆ نموونە بەڕێز تۆماس، ڕۆژانە بە پێ دەڕوات، تەنانەت لە کاتی بارانبارینیشدا هەر دەڕوات، هەڵبەتە بۆ ئەنباری تەرمی مردووەکان دەڕوات، تا لە گەڵیاندا بدوێت، دەیەوێت قەناعەت بە خۆی بێنێ، بە ئاماژەکانی پەنجەی، بە چی؟ بۆچی نابێت مردوو قسە بکات، لە کاتێکدا زۆر زیندو هەن دەمیان ناکەنەوە:

هەر کەسێ ستونەکانی فێری ئەم یاریی ئاڵوگۆڕکردنە کرد، (بێگومان ئەم یارییە هەر چییەك بێت بایەخی خۆی هەیە)، دەبێت تەحەمولی پێنج جار فڕین لە باشورەوە بۆ باکور بکاتو، ڕۆماو کۆپنهاگن پێکەوە گرێ بدات، ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە، ئەرێ ئەم یاخیبوونە کتوپڕە بۆ لە ئێستادا؟ شەقەی باڵ، ڤیژەی باڵندە، ئایا ئێستا کێشەکە پێویستی بەم هەموو شتە هەیە؟ لەبەرئەوەی داهێنان دادەنرێت بە کانزایەکی سوك کە دوو جار یان دوو هێندە بێزاری دەکات. بۆئەوەی لە فڕۆکەخانەی تێمبڵهۆف لە سەعات چوارو هەژدە دەقیقەی عەسردا بنیشێتەوە.

پێنج مەل، پێنج، پێنج، پێنج، دەستانێکی تەواو پڕ، پێویستە ئۆتومبیلەکان بۆ جێگەیەکی تر بڕۆن، بۆ ئەو شوێنەی کە چوارەکەی تیادایە، پشیلەو تولەسەگەکان، با مەشق لەسەر چوارینەکان بکەین، ئایا

ئەو وڵاتە دەزانیت کە ئاوریشمی چوارگەڵای تیادەڕوێت. جارێکیان تۆپە چواریەکانی مۆزەخانەکانیان لابرد، ڕەنگە چاومان بە دانەیەك بکەوێت، ئەو کاتەش تەنها چوار دانە دەبین.

پێنج باڵندە، مناڵییان بە واتای ئەوەی ستوونێ بیت، تاریکی فڕێبدەیتو هەموو سەگێ لە حساباتتدا پێت ڕازی بێت، لە پێنجەمدا هەموو شتێك دەوەستێت، دەبوو حەوتەم دانەیان لە ئەمریکا بنێژرایە، ئەمریکا؟ لێرەدا گەشتە گەورەکە دەستی پێکرد هەروەها گۆڕانی بەردەوامیش، سەرئەنجام هێلکە ئەمە دەگەیەنێت.

٢... پیشە زۆرە

کێ دەیەوێت نکوڵی لەم گەردنە بکات، لەم بیرۆکەیەی پەیوەستە بە دەنووکەوە، کە مرۆڤ دەتوانێت بە تۆزێ میهرەبانییەوە لەگەڵ باڵندەدا بیکاتەوە.. وەکو دزدانی گیرفان، پاشان دراوێکی لێ دەردەهێنێت، کە لای هیچ کەس قابیلی وردکردنەوە نەبێت! ئەمە چۆن دراوێکە! زێڕ فڕێدراوەتە سەر شەقامەکانو کەس خۆی بە خاوەنیان ناکات، دەتوانین بڵێین هی چۆلەکەکانن.

نامانەوێت لەسەر شەقامەکان درێژ بینو لەسەر خەیاڵ بژین بەهەر حاڵ ئێمە چۆلەکە نین، هەموو کارگەیەکی ڕاستەقینە دوکەڵکێشی خۆی هەیە. ئەوەتا مەلەکان وەستان، تۆزێ پەشۆکاون، لە نێوان ئاپارتمانەکانی کارگەی چیمەنتۆدان، جگەرە دەکێشێ، هەرچەندە لە ڕاستیدا خوی بەمەوە



نەگرتووەو زۆر لێرە نامێنێتەوە. ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکان کۆچکردنەکەیان بە کارەسات وەسف کردوە.

بەڕاستی کارێکی بێئەقڵانەیە ئەگەر بەمەبەستی چاوپێکەوتن بچێتە دائیرەی تەلگراف.. دیسان بە ڕێکوپێکی ڕاوەستاوەنەتەوە، لەنێو خۆیاندا گوێیان لە تەلەکە دەگرت. شەمەندەفەرێكو پۆلێ سنۆنۆو لەو نزیکانەوە ڕەت بوون. پێنج باڵندەکە لە هەموو ئەو شتانەو لە هەموو ئەو بوونەوەرانە پێکدەهاتن جگە لە سنۆنۆ، کە هەرگیز حەوسەڵەیانی نەبوو. پاشان بۆ ماوەیەك پەیوەندییە تەلەفۆنییە دەرەکییەکان لەگەڵ دەرەوەی شاردا بڕا.

لە کۆمپانیای پولین لوفلێری دابەشکردنی کاغەزدا، بەڕێز لوفلێر دەستی ڕاستی لە کار کەوتبوو، لە هیچی کەم نەبوو تەنها پێنج پەنجە نەبێت. دەبوو هەست بە نائومێدی بکات، کاتێ هەوڵیدەدا مامەڵە لەگەڵ باڵندەدا بکات، هەر سەرەتا ئەم مەسەلەیە بەدیهات، تەنانەت توانی بەفرۆفێڵ هەڵقەیەکی تێبکات، لە دادگا، لە کاتی سوێندخواردن لەسەر ڕاستیی قسەکان گرفتێکی گەورە ڕوویدا، هەموو درۆکان ئاشکرا بوون، مەلەکانیش لەگەڵیا. لوفلێر نەیتوانی هیچ بکات ئەوە نەبێت خۆی بەدەستەوە بداتو دەستی چەپی بەرز بکاتەوە.

ئەم بەزمە بەهەمان شێوە لەگەڵ (سێرك)یشدا ڕوویداوە، کە سەرەتا وەکو پرۆژەیەکی سادە دەستیپێکردو وردە وردە فراوانبوەوە. کابرا داوای ڕەشماڵێکی پێنج ستوونی کردو، قەناعەتی بە مەلەکان هێنا کە هێمن بن. ئەوانیش بەقسەیان کرد. تا ئەوە بوو ورچە مێینەکە بە خۆیو ماتۆڕەکەیەوە هات. هێندە بەسە، وتیان هێندە تیژ بوو بۆڕی شمشێری

عوزەلی دابووەوە، ڕەشماڵەکەیان بۆ شوێنێکی تر برد، دواتریش بینەران داوای کرێی چوونە ژورەوەکەیان دەکردەوە.

کێشە کتوپڕەکان وەکو ستون ڕیز دەبن، دەرگای بانکێ کەوت. لە کاتی ئاهەنگی ئاشتیشدا کتوپڕ ئاڵاکان چەمینەوە، خەڵکەکەش بڵاوەیان لێ کرد، لە پێشبڕکێی بازی بەرزدا پێنج وەرزشکار بە هۆی مامەڵەی ناشرینیان لەگەڵ باڵندەکاندا دوورخرانەوە.

کاتێ پێنج باڵندەکە بۆ هامبۆرگ گەڕانەوە، لەسەر یەکێ لە شۆستەکانی کەناری دەریا هەڵنیشت، خۆی ناونا کرێن، باری کەشتیی دانەوێڵەو قاوەی خاڵی دەکردەوە، ئینجا مانگرتنی ڕاگەیاند. کرێکارانی بەندەر کۆمەڵ کۆمەڵ وەستان، لەو ڕۆژانەدا بلیتی گەشتکردنەکەی گەیشت، دەیتوانی گەشتێکی گەورە بکات.

٣... گەشتو ئامانج

هێشتا لە بارەی کەشتییە چارۆکەدارەکانی ئەم دواییانەوە دەدوێن، بەڵام بڕوایان پێ ناکات، مەسەلەکەش جگە لە پەیکەرێکی پڕ لە بەڵێنی بۆش پێویستی بە هیچی تر نییە، بۆ ئەوەی ڕەوتکردنی ئەو کەشتییە ڕێکبخات کە دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمان پێویستی بە شتێکی قورس هەیە. تیمێ لە دەریاوانان، بە هەموو زمانێ قسە دەکەن، زمانی سەکسۆنی نەبێت، دواجار کۆڵەکەو چارۆکەکان یەکێکن لە پێکهێنەرەکانی کەشتیی ڕاستەقینەو بێخەوش. مەلەکانیش بۆ بەکرێدانی سەری ڕازیبوونیان لەقاند. گەشتەکە ٥٧ ڕۆژی خایاند، سەرباری نەوڕەسەکانیش هەر خۆش بوو.



ڕۆژێکیان کێشەیەک لە نێوان کۆڵەکەکەی پێشەوەو کۆڵەکە سەرەکیەکەدا ڕوویدا. درزێکی بچووک کەوتە بەشی سەرەوەی کۆڵەکەی مەریخی پێشەوە. لەگەڵ ئەوەشدا گەشتەکە هەر بەردەوام بوو.

لە نیویۆرک پێشوازی کردنەکەی ڕۆسۆ زۆر گەورە بوو. شەقامەکان لە دەریایەک گوڵ دەچوون. سەرۆک کۆمار (کڵاوێکی پەنامایی) بەخشییە هەریەک لە پێنج باڵندەکە. بەباشیش دانە جوانەکانی خۆی دەرخست.

پێنجەکە کۆچیان کرد، بۆ ئەوەی سەردانی حەوتەکە بکەن. لە یەکێ لە بێستانەکانی ڤێرجینیادا حەوتەکەیان دۆزییەوە. دایانە پاڵ حەوتەکەو تەیمانێکی خۆشیان پێکهێنا. بەڵام خاوەنی بێستانەکە، دی ئێس ئەبرەهامو براکانی گەڕانەوە، ئەبرەهام زۆر ڕقی لە تەیمان دەبۆوەو حەزی بە ئازادی دەکرد. بۆیە چوو چەکوشو مشارەکەی هێناو بە مشارەکەی حەوتەکەی بڕییەوە. پێنجەکەش لە خاکی ڤێرجینیادا ناشتیانو هەموو شتێک بە شۆفڵو گرێدەر تەختی زەوی کرا.

بەڵام باڵندەکان لەنێو خەڵوزو ڕەژووەکاندا بەهەندێ سەرسامییەوە دایان لە شەقەی باڵ. ئێستاودوا بێکارە. لەبەرئەوە دەیویست لە نزیکترین کاتدا پێنج هێلکە بکاتو لە سەریان کڕبکەوێت، هەر هێلکەیەک بۆ لایەکی جیهان، کێ دەزانێت چی لەنێو زەردێنەو سپێنەی هێلکەکاندا خۆی مەڵاسداوە، بەهەرحاڵ پێویستە هێلکە ببێتە شتێکی ناکاوو کاریگەر بۆ ئەورووپاو ئەمریکاو سەرجەمی بەشەکانی تری جیهان.

میگیول ئەنخل ئەستۆریاس..

سپی پێستەکان دارستانەکان خاپور دەکەن[29]

میگیول ئەنخل ئەستوریاس[30] لەنۆزدەی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٩٩ لەگواتیمالا هاتۆتە دنیاوە، باوکی بازرگان بووە، خوێندنی زانکۆی لەبەشی ماف تەواو کردوەو پلەی دکتۆرای تیا بەدەستهێناوە، ساڵی ١٩٢٣ بۆ لەندەنو دواتر بۆ پاریس چووەو هەشت ساڵ لەپاریس ماوەتەوە، لەزانکۆی سۆربۆن لەبەشی ڕەگەزناسی خوێندویەتی، پسپۆری لە بەشی ئایینە کۆنەکانی ئەمریکای ناوەڕاستدا بەدەستهێناوە.

ساڵی ١٩٣٠ لەشاری مەدرید (ئەفسانەکانی گواتیمالا)[31] ی بڵاو کردەوەو تیایدا لەڕێی ئەفسانەگەلێکی منداڵییەوە وڵاتی زێڕی خۆی بەخەڵکی دەناسێنێت، کتێبی (ئەفسانەکانی گواتیمالا) لەلایەن (فرانس دومیوماندا)[32]

[29] بۆ نوسینی ئەم بابەتە سود لە پێشەکی چاپی فارسی ڕۆمانی گردباد کە لە نوسینی ئەستۆریاسە، وەرگیراوە.

[30] Migul Angel Asturias.

[31] Les Legendes Guatmala

[32] Francis de Miomqndre



وە وەرگێڕدرایە سەر زمانی فەرەنسی (پۆڵ ڤالیری)[33] کە پێشەکی بۆ ئەم کتێبەی نوسیوە پێی دەڵێت: (بگەڕێرەوە بۆ وڵاتەکەت، تا لەنێو هاووڵاتیانی خۆتدا باشتر بتوانیت پەرە بە بەرهەمەکانت بدەیت).

ئەستۆریاس گەڕایەوە بۆ گواتیمالا، لەدۆخێکدا کە ڕەشنوسی کتێبی (سەرۆکی هێژا)[34] کەی ئامادەی چاپ بوو، بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە لە گواتیمالا قەدەغەکرا. بەڵام ساڵی ١٩٤٦ لەمەکسیك بڵاوکرایەوەو پاشان لەساڵی ١٩٤٨ لەئەرژەنتینو سەرئەنجام لەفەرەنساش بەچاپ گەیشت، نوسەر لەساڵی ١٩٥٢دا بەبۆنەی بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبەوە توانی خەڵاتی ئەدەبیی (باشترین ڕۆمانی بیانی) بەدەستبهێنێتو لەوە بەدوا سەرنجی جیهان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. دووەمین چیرۆکی ئەستۆریاس بەناوی (پیاوانێك لە گەنمەشامی)[35] لەساڵی ١٩٤٩دا بڵاوبوەوە، لەم کتێبەدا نوسەر خاپورکردنی دارستانەکان بەدەستی سپی پێستەکان پیشان دەدات.

ئەستۆریاس چەندین کۆمەڵە شیعریشی بڵاوکردۆتەوە، هەروەها سەرنوسەری چەندین ڕۆژنامەی ئەدەبیش بووە، ساڵی ١٩٤٢ بەنوێنەرایەتی ئەنجومەنی نەتەوەیی هەڵبژێردراوەو لەپاش ئەوەش چەندین پلەی سیاسیی

[33] Paul Valery.

[34] Mousieur Le President

[35] Hommes de Mais لەئەفسانەکالنی گواتیمالادا مرۆڤ لەگەنمەشامییەوە هاتۆتە بوونەوەو نوسەر لەم کتێبەدا ئەفسانە خەیاڵییەکانی وڵاتی زێڕی خۆی لەگەڵ ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەی ئەو لادێیانەی لەودێستانەکاندا دەژیان تێکەڵ کردوە.

بەدەست هێناوە. ساڵانی دواتر سێ ڕۆمانی بەناوی (گەردەلول)[36] (١٩٥٠) و (پاپای سەوز ١٩٥٤)[37] و (چاوی نێژراوەکان)[38] (١٩٩٠) نوسیوە کە هەرسێکیان بەگرنگترین بەرهەمەکانی ئەو دەژمێردرێن‌و تیایاندا زۆر بەتوندی وەسفی یاخیبوونی گوندنشینەکانی کردوە.

ئەستۆریاس ساڵی ١٩٤٦ وەکو لێپرسراوی فەرهەنگی لە سەفارەتی مەکسکیدا دانراوە، پاشان بەهەمان لێپرسراوی بۆ ئەرژەنیتن‌و فەرەنسا ڕۆشتوەو ساڵی ١٩٥٠ دووریی لەنیشتیمانی هەڵبژاردوەو لەئەرژەنتین نیشتەجێ بووە. لەوێ ڕۆمانی (پشووی کۆتایی هەفتە لەگواتیمالا)[39] ی نوسیوە، پاشان گەڕاوتەوە بۆ فەرەنسا، چەندین گەشتی کردەو ماندونەناسانە بۆ ناساندنی وڵاتەکەی وتاربێژی کردوە. ساڵی ١٩٦٦ بووە بە کونسوڵی وڵاتەکەی لەپاریس‌و خەڵاتی ئاشتی لینینی بەدەستهێناوە، ئەستۆریاس دو ڕۆمانی گرنگی تری نوسی بەناوی (ژنێکی دوو ڕەگەز)[40] (١٩٦٥) و (حەوزی گەدا)[41] (١٩٦٦) کە لەهەردووکیاندا لەنەریتی وڵاتەکەی ئیلهامیی وەرگرتووەو تیایاندا ئاوازێکی شاعیرانەی بەکارهێناوە.

---

[36] Louragan

[37] Lepape Vert

[38] Les Yeux des enterres

[39] Week end au Guatemala

[40] Une certaine Mulatresse

[41] La Flaque iu Merdiant



ئەستۆریاس کاتێك لەساڵی ١٩٦٧ دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی بەدەستهێنا وتی: (من ئەم خەڵاتە بۆ خۆم هەڵناگرم، بەڵکو پێشکەش بە هاوڵاتییەکانمی دەکەم).

ئەستۆریاس لە بەرهەمە ووژێنەرەکانی خۆیدا لەمەڕ هەژاری‌و نائومێدی‌و ڕۆژرەشی خەڵکی وڵاتەکەی خۆی بەگشتی‌و سورپێستەکان بەتایبەتی دەدوێت‌و دەروونناسیی خۆماڵی شیعری فۆلکلۆری لێکهەڵدەپێکی. سۆزی خۆی بۆ سورپێستەکان دەردەخات. لەم ڕووەوە، لەلابەلای بەرهەمەکانیدا ژیانی خەمبارانەی ئەو خەڵکەی کە لە بوونەوە ئاوا دواکەوتون بەدیاردەخات.

ئەستۆریاس لە سێ ڕۆمانی (گەردەلول، پاپای سەوز، چاوی نێژراوەکان)دا خەم‌و نیگەرانیی‌و ئازاری سورپێستانی وڵاتەکەی شیدەکاتەوە، پیشانی دەدات کە ئەمانە ئیدی لەگەڵ سروشتدا بەربەرەکانی ناکەن، بەڵکو بەقسەی خۆیان لەگەڵ سپی پێستان‌و کۆمەڵ دا شەڕو بەربەرەکانی دەکەن، تا بتوانن ڕۆژێك لەڕۆژان پلەو مەکانەی مرۆیی خۆیان بەدەست بهێننەوە.

ئەستۆریاس سەبارەت بە ڕۆمانە سیانیەکەی (گەردەلول، پاپای سەوز، چاوی نێژراوەکان) دەڵێت: (بەتێپەڕبوونی کات بەوە دەگەین کە ئەم بەرهەمە لە ڕەگەزگەلێك بەهرەمەندە کە لە ژیانی گواتیمالیەکاندا بەهایەکی چارەنوسسازیان هەیە. هەندێ لە کەسایەتییەکانی ڕۆمانی (گەردەلول) ئەوەندە زیندوون کە ئەگەر ڕێتانکەوتە گواتیمالا بێگومان دەیانبینن. ئەو ڕەخنانەی کە لەو کتێبەدا من لەئەمریکای باکوری دەگرم بەشێك بووە

لەژیانی منو هەرگیز لەدەرەوەم نەهێناون، پاپای سەوز پۆش کەسایتییەکە کە بەتوندی سەرنجی منی کێشکردبوو، لەبەرئەوەی خەڵکی ئەمریکای باکورە دەمویست کەسایەتییەکی بێزاری لێ دروست بکەم، بەڵام هەرچی زیاتر ڕۆمانەکە پێشتردەکەوتو سەرنجراکێشتر دەبوو، تا سەرئەنجام بەشێوەی پیاوێك هاتەدەر کەهەموو خۆشیاندەویستو بۆ یارمەتیدانی دەرئەفرتان. پێموایە کە (چاوی نێژراوەکان) لەم نێوەدا ڕۆمانێکی واقیعی بێ. لەبەرئەوەی پاڵەوانەکانی ئیعتبارو بەهایان هەیە، بەڵام ڕەخنەگران هەقیانە کەئەم سێ ڕۆمانە تاڕادەیەك بە ریپۆرتاژیانە بزانن، من لەڕێگامدا لەبۆینس ئایرسەوە بۆ گواتیمالا ماوەیەکی درێژم لە باخی میوەی گوندێکدا بەسەر برد. ئەوەم دەزانی بەڵام ئێستا ئەم شێوە ژیانەم بەچاوێکی تازەو ڕەنگە بەچاوی ڕۆژنامەگەرێکەوە تەماشا کردبێت.

پاولۆ کۆیلۆ..

لە مێشکی خوێنەرەوە بەرەو دڵی، سنوور دەبەزێنێ[42]

لەناو نوسەرانی ئەمریکای لاتیندا، ناوی پاولۆ کۆیلۆ لە ڕوی گرنگییەوە ڕاستەوخۆ لە دوای ناوی نوسەری کۆڵەمبی گابرێل گارسیا مارکیزەوە دێت. هەندێك لە ڕەخنەگران وایدەبینن کە ئەو هۆکارە سەرەکییانەی ئەم نوسەرە بەرازیلییە هاوچەرخەیان بەم پلەوپایەیە گەیاندوەو وایانلێکردوە زۆربەی نوسەران تێپەڕێنێ، لەوانەش ڕۆماننوسی بەرازیلی بەناوبانگ (جۆرج ئەمادۆ)، وێڕای ئەو زمانە ڕەمزییەی کە سنوری کاریگەریدانان لەسەر ئەقڵی خوێنەر دەبەزێنێ تا بگاتە دڵی و سۆزی کە بە ڕاستی وایلێدەکات وەکو زۆر کەس بۆی دەچن بێتە سەرچاوەی ئیلهامێکی بەهێز کە بتوانێ هەست و نەستی نەتەوایەتی لای گەلانی دیش وەئاگا بهێنێ، ئەوا لە واقعیەت و شاعیریەت و فەلسەفەی شێوازی نوسینەکەیدایە.

پاولۆ کۆیلۆ، ساڵی (١٩٤٧) لە (ریۆدیژانیرۆ) لەدایکبووە، پێش ئەوەی خۆی بەکاری ڕۆماننوسینەوە سەرقاڵ بکات زۆر بایەخی بە نوسینی شانۆنامە داوە، هەروەها لە دەرهێنانی شانۆییدا کاری کردوە، گۆرانی بۆ زۆرێك لە گۆرانی بێژەکانی بەرازیل داناوە، لەوانە (ئەلیس ڕژینا) و (ڕاوڵ

---

[42] [42] ئەم بابەتە لەم سەرچاوەیەوە ئامادەکراوە: صحیفە البیان الاماراتیە، دبی، عدد یوم ١٦ یولیو ٢٠٠٠.



سیکساس)، پاشان ڕویکردە کاری ڕۆژنامەنوسیو ئامادەکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی.

ڕۆمانی (گەشت) کە ساڵی ١٩٨٧ بڵاوبووەوە، یەکەمین ڕۆمانە کە کۆیلۆ نوسیویەتی، بەڵام بڵاوبوونەوەکەی ساڵێك دواکەوت، ئەوە بوو پێکەوە لەگەڵ ڕۆمانە بەناوبانگەکەیدا (ڕۆمانی کیمیاگەر) بڵاوبوونەوە، ئەمەی دواییان ڕۆڵێکی گەورەی لە بڵاوبوونەوەی ناوبانگی کۆیلۆدا گێڕاو کردیە گرنگترین ڕۆماننوسی جیهانی هاوچەرخ و کارێکی کرد بەرهەمەکانیشی ببنە یەکەمین دیاردەی ئەدەبی ڕاستەقینەو بەفراوانی بڵاوببنەوە. هەر لە ساڵی (١٩٨٧)ەوە تا ئەمڕۆ ڕۆمانەکانی کۆیلۆ لە زیاتر لە (١٢٠) وڵاتدا بڵاوبونەتەوەو بۆ (٤٥) زمانی جیهانی وەرگێڕدراون و زیاتر لە (٢٧) ملیۆنیان لێ فرۆشراوە، هەروەها چەندین خەڵاتی ئەدەبیشیان بەدەستهێناوە.

ڕۆمانی (گەشت) لە سەرەتادا وا دەردەکەوێت وەها نوسرابێت کە بەشی یەکەمەکەی سەرچڵی لەخۆبگرێت، بەشەکەی تریشیان ڕێبەری بۆ دیسپلینکردنی دەروون، کە چیرۆکێکەو بەهۆی ئەو گونجاندنە پێگەیشتووەی لە ئەفسون و وردبینی تیایدا بەدی دەکرێت خۆی دەسەپێنێ. هەروەها چیرۆکێکە ئەو ئەزمونە دراماتیکیە بزوێنەرە لەخۆدەگرێت کە پاولۆ لەکاتی ڕێپێوانە دوورودرێژەکەیدا ڕوبەڕوی بۆتەوە، و لە پێناوی گەیشتن بە چێژی زانیندا و ئاشکراکردنی مەسەلەگەلێکی وەکو هێزی کەسایەتی و زانینی ڕاستەقینە، ئیسپانیای بە درێژی و بە پانی بۆ پێوا. هەروەها بەیارمەتی مامۆستاو ڕێبەرەکەی (پەترۆس) کە وەکو دەردەکەوێت کەسایەتییەکی زۆر ئاڵۆزو ناڕۆشنە ئەو ڕێگە ئەفسانە

خورافییە دەگرێتەبەر کە پارسا (سانتیاگۆ) لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەکاریهێناوەو تیایدا خۆی لە بەرامبەر ژمارەیەك پیرو مورشیددا بینیوەتەوە کە چەندان نهێنیو دوژمن و ئەهریمەن ژیانی تەنی بوون. بەخستنەپاڵی ئەزمونەکانی بۆ پاڵ وانەکانی ڕێبەرە ڕۆحییە تایبەتەکەی، کۆیلۆ دەتوانێت مەعریفەمان بۆ بگوێزێتەوە، مەعریفەیەك کە کاتێ بە شێوەی ئامانجێکی ڕاستەقینە لە گەشتێکی پڕ چێژی ڕۆحیی مرۆڤایەتییدا بەرجەستە دەبێت، خۆی بۆ خەڵکانی دی ئاشکرا دەکات.

### خەونێکی خۆش

ڕۆمانە بەناوبانگەکەی کۆیلۆ (کیمیاگەر)، کە ڕۆمانێکەو لە دوای گەشتەکەی ساڵی (١٩٨٨)یەوە نوسیویەتی لەو چیرۆك و هەقایەتە ئیلهامبزوێنانە دەچێت کە بەنێو سەرجەمی تیرەو تایەفە ئاینییەکانی هەرچوارلای دنیادا بڵاوبونەتەوەو سنوری شارەزایی و لێهاتوویییەکانی مرۆڤی ئاسایی تێدەپەڕێنێ. پاڵەوانی چیرۆکەکە (سانتیاگۆ)ی کوڕە شوانو خەونەکەی کە سنوری جوگرافی ئیسپانیا دەبەزێنێ و لە (میسر) بە دیاریکراوی لەلای ئەهرامەکاندا ڕودەدات، بەڵام پیرە ڕێبەر یان وەکو چیرۆکەکە ناوی لێناوە (مەلیك) کە یەکەمین ڕێبەری ڕۆحییە بە سانتیاگۆ ڕادەگەیەنێ کە ئەو بەدوای ئاشکرا کردنی چارەنوسیەوەیە، کاتێ پێی دەڵێ: (پەی بردنمان بە چارەنوس تاکە ئەرکی ڕاستەقینەی مرۆڤە).

سەرەتا لاوە مێگەلەکەی دەفرۆشێت و بەرەو میسر دەکەوێتە ڕێ، لە وێستگەگەلێکی گرنگ ڕادەوەستێ، وەکو تەنجە، لە ڕێگە دز پارەکەی



لێدەستێنن و بەم شێوەیە پارەکەی لەدەستدەدات، لە پێناوی بەدەستهێنانی پارەدا بە تین و تاو کاردەکات تا پەیوەست بێت بە یەکێ لەو کاروانانەوە کە بەرەو میسر کەوتۆتەڕێ. لە ماوەی نێوان وێستگە زۆرو زەوەندە بیابانییەکاندا سانتیاگۆ کەمەندکێشی شێوازی ژیانە هەمەچەشنەکانی خەڵکەکەی دەبێت و پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ خەڵکەکەیدا دەبەستێ، تا دەگاتە وڵاتی هەرەمەکان، سەرئەنجام لە بەدیهێنانی خەونەکەیدا کە بریتییە لە بەدەستهێنانی گەنجینەو گەیشتن بەو کچەی کە خۆشی دەوێت، سەرکەوتن بەدەستدەهێنێ. سانتیاگۆ لە گەشتەکەی تەنها نەبووە، بەڵکو بەدرێژایی گەشتەکەی واتە لە کاتێکدا کە بەدوای بەدیهێنانی خەونەکەیەوە بووە دەرگاکانی مەعریفە بەڕویدا کراوە بوون، لەوانە گەیشتنی بە پیاوێکی بێگانە کە جگە لە (کرۆکی گەردوون) نەبێ لە بارەی هیچ شتێکی ترەوە لەگەڵیدا نادوێت، کە مەتەڵێك بوو نەیدەزانی، هەروەها دەگات بە ژنێکی دەشتەکی (فاتیمە)، کە لە پەنددادانی ئەو شتەی کە پێیدەڵێن زمانی جیهان، سەرکەوتوو دەبێت، دواجار کابرای پسپۆڕی کیمیا حەکیم ئاسا پێیدەڵێت: (گوێ بۆ بانگەوازەکانی دڵت ڕادێرە)، زۆرن ئەو هەڵوێستانەی کە لاوە خۆی لە بەرامبەر قسەگەلێکی چاکدا دەبینێتەوە کە پێشتر گوێی لێیان نەبووە، بۆ نمونە (چەندە گرنگی بە ئێستا دەدەیت ئەوەندە مرۆڤێکی کامەرانی)، (بە دڵت بڵێ کە ترسان لە موعانات لە خودی موعانات خراپترە) کیمیاگەریش وەك لە سەرەتادا دەردەکەوێت کارێکەو جگە لە چیرۆکێکی بەکاکڵ کە لە بنەڕەتدا لەسەر چەند ڕاستیەکی سادە ڕاوەستاوە هیچ شتێکی تر نییە.

## نیگەرانی گیانیی

کۆیلۆ کاتێ پەنجە دەخاتە سەر فاکتەرێ لە فاکتەرە گرنگەکانی ئەو نیگەرانیەی کە ژیانی خەڵکی ئەم جیهانە داگیردەکات کە نیگەرانییەکەو پەیوەستە بە گەڕان بە دوای ئەو شتەدا کە داخوازییە ڕۆحییەکان بەدیدەهێنێت، ڕەنگە زۆر شت لە بیرۆکەی ناڕۆشنی ڕۆحی و گەڕان بەدوای هەقیقەتدا هەبن کە هانمان بدەن بۆ مشتومڕ کردنی، بەشێکی ئەو پرسیارەیە: بۆچی پێویستمان بەم شتانەیە؟ سەیر ئەوەیە کەسێ هەیە بەردەوام دنەمان دەدات ئەم کارە بکەین، پێویستە ئەمە بکەیت و ئەوە نەکەیت، هەروەکو کۆیلۆ دەڵێت: "من متمانە بە هەموو ئەو شتانە ناکەم کە دەگوترێن لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەم متمانە بەو کەسە سەنگینانە بکەم کە ڕێز لەو ڕازە دەگرن کە ژیانی تەنیوین و باوەڕدارن بەوەی کە پاساوگەلێکی مەزن هەیە سنوری بیرکردنەوەمان تێدەپەڕێنێ، کاتێکیش دەستمکردە نوسینی کیمیاگەر لەو بڕوایەدا نەبووم کە ڕۆژێ لە ڕۆژان تا ئەم ڕادەیە سەرکەوتن بەدەستبهێنێ، ئەوەی باوەڕم پێی بوو دەمنوسی، کە ئەویش ئەوەیە: هەر یەك لە ئێمە لە ڕێی ئەفسانە تایبەتییەکەی خۆیەوە درێژە بە ژیانی خۆی بدات. کاتێکیش لە بارەی گەشتەکەی سانتیاگۆوە دەمنوسی لەو پێداویستییەی کە خەڵك بۆ بینینی گەردون هەیانە دوام، نەك لە شێوە مادییەکەیدا بەڵکو وەکو هەقیقەتێك کە هەموو شتەکان لەخۆ بگرێت، کە لە ڕۆمانەکەدا ناومناوە (کرۆکی گەردون) ئەوەی کە یارمەتیمان دەدات بگەینە



ئەو هەقیقەتە گەڕانی شەخسی تاکە، بەڵام ڕێگاکەیشی لە ناوەوەی خۆمان دەستپێدەکات".

چیرۆکی کیمیاگەر هەروەکو کۆیلۆ خۆی دانی پیادا دەنێت هەروا لە بۆشاییەوە نەهاتووە، بەڵکو چیرۆکێکی خورافییەو لای گەلانو میللەتانێکی زۆری دنیا هەیەو بەنوسراویش لە هەزارو یەکشەوەدا هەیە، کۆیلۆ دەڵێت: "ڕەنگە زۆر کەس توشی سەرسوڕمان بن کاتێ کە دەزانن من چیرۆکی کیمیاگەرم لە چیرۆکێکی کورتی هەزارو یەکشەوەوە کە لە چەند دێڕێك تێپەڕ ناکات، وەرگرتووە. کە لە بارەی گەنجینەیەکی شاراوەوەیە و پاڵەوانی چیرۆکەکە بۆ دۆزینەوەی وڵاتی خۆی جێدەهێڵێت و دواجار لە ماڵەکەی خۆیدا دەیدۆزێتەوە، لەم چیرۆکە چوار شتم هەڵهێنجاوە کە لە نوسیندا ڕێنوێنییان کردوم یەکەمیان ئەفسانەی شەخسیو زمانی نیشانەکانو کرۆکی گەردونو پێداویستی بۆ گوێڕاداشتن بۆ ئەوەی کە دڵ دەیڵێت، بەڵام شتەکانی ترم لەلا ڕۆشن نەبوو، مەبەستم ئەو شتانەیە کە دوای ئەوە دەمنوسین. ئەوەی لەلام دڵنیا بوو ئەوە بوو کە سەرئەنجام کوڕە بۆ خاڵی سەرەتا ڕێنوێنیم دەکات، وەکو ئەوەی چیرۆکەکە ڕێنمونیم بکات، پاشان لەپڕ بڕیارمدا پڕکێشی بکەم و سەرچڵی بە نوسینی زیاترەوە بکەم. ڕاستییەکەی کیمیاگەر لە تێپەڕاندنی سنورە ڕەسەنەکەی خۆشیدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا". (مەبەست سنوری ئەدەبە تا بیگوێزێتەوە بۆ سنوری ئەفراندنێکی تر) یەکەمیان گۆڕینیەتی بۆ کارێکی مۆسیقی (سەمفۆنیایەکی کلاسیکی) لە وڵاتە یەکگرتووەکان. وا چاوەڕوان دەکرێت ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك لە ئاهەنگێکی مۆسیقادا کە لە ئیسپانیا ساز

دەکرێت، بیبستن. کاتێکیش ئەو پرسیارە ئاڕاستەی کۆیلۆ دەکرێت، کە کامە بەرهەمی لەنێو بەرهەمەکانیدا بە تایبەتی لە نێوان هەردوو ڕۆمانی (کیمیاگەر) و (ڤێرۆنیکا بڕیار دەدات بمرێت) کامەیانی بەلاوە پەسەندە؟ کۆیلۆ وەڵام ناداتەوە، چونکە حەز ناکات بەراورد لە نێوان ئەم دوو کارەدا بکات کە هەریەکەیان ئاماژە بۆ ڕوویەکی جیاواز لەوی تریان دەکەن، جائەمە پەیوەست بێت بە سروشتی کەسایەتییەوە یان بە سروشتی ڕۆحییەوە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت.

### گوێڕاداشتن بۆ هەست و سۆز

(ڤێرۆنیکا بڕیاری دەدات بمرێت) یەکێکە لە کارە دیارەکانی نوسەر، پاولۆ ئەم جارەیان ویستویەتی ئەو کێشەو گرفتانە ئاشکرا بکات کە پەیوەستن بە ژیان و مردنەوە، هەروەها ویستوویەتی بیسەلمێنێ کە دەشێت بەهۆی ئەو بارودۆخو شێوازی مامەڵەیەی کە هەیە مرۆڤ بەرەو شێت بوون بڕوات. کۆیلۆ هێشتا لاوێکی تازە پێگەیشتوو بوو سێ جار بەمەبەستی چارەسەرکردنی لە نەخۆشییەکی ئەقڵی برایە نەخۆشخانە. هەروەکو خۆشی دەڵێت ئەو بەرهەمە لە بارەی گرنگی گوێ هەڵخستنەوەیە بۆ هەست و سۆز، هەروەها ڕۆمانێکە لە ئەزمونی تایبەتی خۆیەوە وەرگیراوە: "لە سەرەتای لاوێتیمدا برامە نەخۆشخانەی ئەقڵی، چونکە دەمویست ببمە نوسەر، ئەمە ئەو شتە بوو کە خێزانەکەم قبوڵیان نەدەکرد، بەڵام لە پێناوی ئەمەدا بەربەرەکانیم کرد، تا ئەوە بوو ئەوەی دەمویست بەدیهات. هەرگیز بیرم لە لۆمەکردنی هیچ کامێ لە ئەندامانی خێزانەکەم نەکردۆتەوە، پەییم بە گرنگی



ئەوە بردبوو کە مرۆڤ لە پێناوی بەدیهێنانی خەونەکانیدا دەبێت خەبات بکات. ڤێرۆنیکا هێمای ئەم ململانێیەیە، کاتێ بۆ جاری یەکەم برامە نەخۆشخانە حەڤدە ساڵان بووم پاشان لە نۆزدە ساڵیدا، ماوەی دوو مانگێ لەوێ دەبووم و پاشان فرسەتم دەهێناو ڕامدەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژێ لە ڕۆژان هەستم بەوە نەکردوە کە قوربانی بم، چونکە ئەوەی دایکو باوکم دەیانویست دابینکردنی دواڕۆژێکی باشتر بوو بۆم، پاشان لەمە نائومێد بوون، بەکورتییەکەی من ئەو ڕێگەیەم نەگرتەبەر کە دایکم و باوکم بۆیان دیاریکردبووم، سەرئەنجام بۆیان دەرکەوت کە من لە دیاریکردنی دواڕۆژی خۆمدا هەڵە نەبووم، بۆیە سەرزەنشتی خۆیان کرد. من خۆم پێموایە هۆکاری سەرەکیی هەڵوێستەی یەکەمجاری ئەوان بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتیی بەرازیل دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەی کەوا زۆرتر ڕۆمانی (ڤێرۆنیکا بڕیاری دەدات بمرێت)ی پێ جیادەکرێتەوە ئەو بەشداریکردنەیەتی کە لە گۆڕینی هەندێ لە یاساکانی بەرازیلدا پێی هەستاوە". کۆیلۆ خۆی ئاماژە بەوە دەدات کە ڕۆمان شوێنی دەرچوونەکەی هەر وڵاتێ بێت پێویستە دەرکەوتنەکەی هەندێ گۆڕانکاری بهێنێتە گۆڕێ. لە پەیوەند بەم کارەشەوە کۆیلۆ لە بنەڕەتدا بۆ ئەوەی نەنوسیوە کە گۆڕانکاری بەسەر ئەو یاسایەدا بێت کە تایبەتە بە زیندانی کردنی زۆرەملێیانەی ئەو کەسانەی کە گومانی توشبوون بە نەخۆشی ئەقڵییان لێدەکرێت بەڵام وێڕای ئەو کاریگەرییە پۆزەتیڤەیش کە لەدەرچواندنی پرۆژەی یاسایەکدا خۆی دەنوێنێ دە ساڵ دەرچوونی ئەم یاسایە دواکەوت، ئەم یاسایە بە مەبەستی سەلماندنی حاڵەتی هەر نەخۆشێکی تۆمەتبارکراو بە شێتی، بە زەرورە

بوونی لایەنی سێیەم لە پاڵ دکتۆرو نەخۆشخانەدا دەسەپێنێ، ئەم کاریگەرییە هەستی ڕەزامەندی پێبەخشی.

بەڵام ڤیرۆنیکای کچە پاڵەوانی ڕۆمانەکە کە چارەنوسی لە چارەنوسی کۆیلۆ دەچێت، کاتێ بە توندی بەرەو ڕوی ئەو گوشارە دەرەکییە دەبێتەوە و بۆ گۆڕینی ئەو هێزانەی کە ناتوانێت بیانگۆڕێت، هەست بە لاوازی خۆی دەکات، بڕیاری خۆکوشتن دەدات. ڤیرۆنیکا وێڕای ئەوەی لە مردن ڕزگاری دەبێت بەڵام داخڵی نەخۆشخانەی نەخۆشییە ئەقڵییەکان دەکرێت، کە مامەڵەو چارەسەرکردن بەو داوو دەرمانانەی بە تۆپزی بە نەخۆشەکان دەدرێت وەسیلەیەکی نمونەییە بۆ سزادانی ئەوانەی مەرجەکانی مرۆڤی ئاساییان تێدا نییە.

کۆیلۆ وەکو هەر ڕۆماننوسێکی تر لە پێناوی بە تراویلکەکردنی واقیع پەنای بۆ بەکارهێنانی ئەم ڕووبەرە چیرۆکییە هێناوە، پاڵەوانەکانی زۆر مرۆدۆستن، لێوانرێژن لە گومان و ترس، دروست وەك ئێمە کە چۆن گومان دەکەین و دەترسین، هەروەها ئەو پرسیارە دەکەن کە ڤیرۆنیکا لە کۆتاییدا دەیکات: ئایا ژیانم تا کۆتاییەکەی بەسەر بردووە؟ ئایا هەموو ئەو شتانەم بەدیهێناوە کە دەمویست بەدیانبهێنم؟ چی بکەم تا بە شێوەیەکی باشتر بەشداری لە ژیاندا بکەم؟ ئەمانە هەموویان پرسیارگەلێکن کە لە کۆتاییدا دەگاتە ئەوەی کە ئەم ڕۆمانە بەدوای ڕاگەیاندنی مردنەوە نییە، بەڵکو بە شوێن ڕاگەیاندنی ژیانەوەیە.

## ئیمری کیرتیش.. دەربازبووی هۆلۆکۆست[٤٣]

ئیمری کیرتیش لە ٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٩ لە بۆدابستی پایتەختی هەنگاریا لە خێزانێکی جولەکە لەدایکبووە. تەمەنی ١٥ ساڵ بوو کاتێ ناردیان بۆ ئۆردگا زۆرەملێیەکانی نازییەکان (ئۆردوگای ئۆشفیتز بیرکینۆ). ساڵی ١٩٤٥یش لە بۆخنفالد ئازاد کرا. پاش ئەمە بە ١٥ ساڵ، دەستی کردە کارکردن لەسەر ڕەشنوسی (بوونەوەرێکی بێ چارەنوس) کە دە ساڵی خایاند، تا توانی کارێکی ئەدەبی ناوازە و دەگمەن کە لەبارەی هۆلۆکۆستەوەیە بخاتە بەر دەست، یان ڕوون تر بڵێین شاکارێکی ئەدەبی و مرۆیی سەرتاپاگیر و خرۆشێنەر بهێنێتە بەرهەم.

سەرەتا، ئیمری بژێوی ژیانی خۆی لەڕێی کارکردنی لە بواری ڕۆژنامەگەرییدا بەدەست دەهێنا. بەڵام زۆری نەخایاند ئەو ڕۆژنامەیەی کاری تیادا دەکرد ڕایگەیاند کە زمانحاڵی پارتی کۆمۆنیستە، ئەوە بوو ساڵی ١٩٥١ دەستی لە کار کێشایەوە.

لەساڵی ١٩٥٣ بەدواوە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی پشتی بە نوسینەکانی دەبەست، بۆیە هەندێ مۆسیقای کۆمیدی و هەروەها هەندێ شانۆنامەی

---

[٤٣] بۆ نوسینی ئەم بابەتە سود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: ڕۆژنامەی (السفیر)، ژمارەی ڕۆژی ٢٠٠٢/١٠/١١.



ئاست نزمیشی نوسی. پاش بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی (بوونەوەرێکی بێ چارەنوس) وەك وەرگێڕێك دەستی کردە کارکردن، هەندێ لە بەرهەمەکانی نیچەو فرۆید و هۆگۆو فۆن هۆفمسنستال و ئالیاس کانیتی و فیگنشتاین و جوزیف ڕۆسو ئارسەر شنیتزلەری کردە هەنگاری.

ئیمری کیرتیش  خەلاتی نۆبلی ئادابی ساڵی٢٠٠٢ی وەرگرت، ئەمەش وەك پاداشتێك بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانی، کە وەکو ئەکادیمیای سویدی لەکاتی بەخشینی خەلاتەکەدا ڕایگەیاند: ئەزمونی کەسێکی لەرۆزك لەبەرامبەر ستەمی مێژووییەکی دڕندەدا دەگێڕێتەوە، هەروەها ئیمری لەڕێی بەرهەمەکانیەوە هەوڵ دەدات بزانێ کە ئاخۆ ژیان و بیری سەربەخۆ لە سەردەمێکدا کە مرۆڤ بەشێوەیەکی تەواو ملی بۆ دەسەلاتی سیاسی کەچ کردوە دەتوانن هەبن.. ئیمری هەمیشە و بەشێوەیەکی بەردەوام لە کارەکانیدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕوداوێك کە سەرتاپای ژیانی گۆڕیوە: ئەو قۆناغەی کە لە ئۆشفیتز بەسەری برد، لەو تەمەنەدا و لەکاتی ئەشکەنجەدانی جولەکەکانی هەنگاریا لەلایەن نازیەکانەوە کە ئەو هێشتا هەرزەکارێ بووو بەزۆر بۆی ڕاگوێزرا بوو.

هەروەها ئەکادیمیا سویدی ڕاگەیاندنەکەی بەم گوتەیە کۆتایی پێدەهێنێت: (سەبارەت بە نوسەر، ئۆشفیتز حاڵەتێکی ئیستیسنائیە، وەکو پردێکی نامۆ لە دەرەوەی مێژووی ئاسایی جیهانی خۆرئاوادا خۆی دەبینێتەوە، هەر هێندەش نا بەڵکو ئۆشفیتز نمونەی دوایین هەقیقەت لەمەڕ ڕوخانی مرۆڤ لە جیهانی هاوچەرخدا پێکدەهێنێت.

لیژنەی پاشایی سویدی بۆ جاری یەکەمین لە مێژووی خۆیدا بەبەخشینی خەڵاتی نۆبڵ بە کیرتیش زمانی هەنگاریی خەڵات کرد، ئەم وتەیەی سەرۆکی یەکێتی نوسەرانی هەنگاری کە دەڵێت: (زۆر بەختیارە بەم هەڵبژاردنە، لەبەرئەوەی کیرتیش نوسەرێکی گەورەیە، لەلایەکی تریشەوە لەبەرئەوەی هەنگاریە)، لێرەوە هاتووە.

هەروەها (مارتۆن کالاچ) سەرۆکی یەکێتی نوسەران درێژەی دەداتێ: (ئێمە کامەرانین کە ڕێگەکەی ئیمری ئەم شەقڵەی بە خۆوەگرت و لەڕوی نێو نەتەوەییەوە بەهۆی ئەو وەرگێڕانانەوە کە بۆ بەرهەمەکانی کراوە بەتایبەتی دەزگا ئەڵمانییەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، دانی پێدانرا..) هەروەها کالاچ وتی: (زۆر کامەرانم بەمە، هیواخوازم کە خۆم بەشەخسی پیرۆزبایی لێبکەم). بەڵام نوسەری هەنگاری (جیۆرجی دالۆس) وتی کە خەڵاتی نوبڵ بەمانای داننانە بە ئەدەبی هاوچەرخی هەنگاریدا.. من زۆر بەختەوەرم. چونکە ئیمری بەشێك لە نوسەرە کلاسیکییەکان پێکدەهێنێت، وەکو نوسەری ڕۆمانی جۆرجی سمبران و نوسەری ئیتالی پریمۆ لیفی، کە میراتگری ئان فرانکن. هەروەها ئەوەشی بۆ زیادکرد: (لە هەمان کاتدا، دەبینین کارەکانی کیرتیش کارگەلێکی هەنگاری قوڵن و هەموو هەنگارییەکیش مافی خۆیەتی شانازییان پێوە بکات)، هەروەها ئیلی فیزیل (نۆبڵی ١٩٨٦)یش کە ئەویش نوسەرێکی تری هۆلۆکۆستە سلاڤو دەستخۆشانەی خۆی ئاراستەی ئەکادیمیای سویدی کرد بۆ ئەو هەڵبژاردنە باشەی کەوا ئیمری بۆ نۆبڵی ساڵی ٢٠٠٢ هەڵبژاردووە.



یەکەمین قسەی کیرتیش لەپاش وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵەکەی لەڕێی ئەو ڕاگەیاندنەیەوە بوو کە بۆ ئاژانسی دەنگوباسی ئەسۆشیێتیدپرێس کە لە بەرلین (شوێنی نیشتەجێی ئیمری) چاوی پێکەوت، وتی: (هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکات)، هەروەها وتی: (هیچ زانیارییەك لەبارەی سوتاندنی جولەکەکانی هەنگاریاوە لە بەردەستدا نیە، خەڵکی گوێیان نەدایە هۆلۆکۆست، هیوادارم لەگەڵ ئەم دانپیانانەدا بە چڕوپڕتری ڕوبەڕوی ئەم مەسەلەیە ببنەوە کە تا ئەمڕۆ ڕوبەڕوی بوونەتەوە.)

بەڕای زۆربەی ڕەخنەگرانی ئەدەب ڕۆمانی (بوونەوەرێکی بێ چارەنوس)ی (ئیمری کیرتیش) یەکێکە لە گرنگترین شاکارە ئەدەبییەکانی سەدەی بیستەم. ئەگەرچی ساڵی ١٩٧٥ بەزمانە ئەسڵییەکەی خۆی نوسراوە، بەڵام تا ئەم دواییانەش بۆ زمانە ئەوروپییەکان وەرنەگێڕدرابوو، هەرئەوەندەی دەقی وەرگێڕدراوی ڕۆمانەکە بڵاوبووەوە، بووە ڕوداوێکی ئەدەبیی گشت ئەو وڵاتانەی ڕۆمانەکەیان وەرگێڕا، هەروەها نوسەرەکەی بووە کەسێکی زۆر ناودار، ڕۆژگاری بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەمی کتێبەکە کەس لە هەنگاریا بایەخی پێنەداو هەمووان گوێی خۆیان لێ دەخەواند، هەر هێندەش نا بەڵکو دانیان بە نوسەری کیرتیشدا نەنا، تا ساڵی ١٩٨٦ کە ڕۆمانەکەی سەرلەنوێ چاپکرایەوەو ناسراو پەرەیسەند. لەپاش ڕوخانی دیواری بەرلین و لاوازبوونی حوکومەتە بەناو سوشیالیستەکانی ئەوروپای خۆرهەڵاتیش زیاتر و زیاتر پەرەیسەندو بووە ئەم نوسەرە گەورەیە. بەڵام (بونەوەرێکی بێ چارەنوس) بەتەنیا ئەو کارە گرنگە نییە کە کیرتیش بەرهەمی هێناوە، بەڵکو چەندین کاری ئەدەبی تری هەیە کە

هیچیان لەو کەمتر نیە، وەکو (ڤیاسکۆ)، (قادیشیٚ بۆ ئەو منداڵەی کە لەدایك نابێت)، (ڕەتکردنەوە)، (بیرەوەری ژیانێکی سەخت)، (کەسی دواین مێژووی مەسخ بوون).

رۆمانی (بوونەوەرێکی بێ چارەنوس) ژیاننامەی هەرزەکارێکی ١٥ ساڵان لە ساتەوەختی گرتن و دوورخستنەوەی لە بۆدابست لەلایەن ئەڵمانیەکانەوە، دەگێڕێتەوە. واتە ژیاننامەی خۆی لە چادرگەکانی گرتن و پاشان کامپەکانی کارکردن، کە تیایدا پاڵەوانی ڕۆمانەکە مرۆڤایەتیی خۆی ون دەکات و جگە لە ڕەهەندی مێرووله هیچ ڕەهەندێکی تری لەبەردەمدا نامێنێتەوە، هەروەها جگە لە ئاسۆی سەگ هیچ ئاسۆیەکی تری لەبەردەمدا نییە.

لەم ڕۆمانەدا کیرتیش ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر تراژیدیا، لاوەی پاڵەوانی ڕۆمانەکە لەسەریەتی خۆی لەگەڵ ڕەوشەکەدا ڕابهێنێت و ببێتە ئامێرێکی جێبەجێ کردن بەبێ ئەوەی پرسیار بکات. دیمەنێکی ترسێنەرە، بێگومان ئەم کتێبە ئەوانە بێزار دەکات کە نایانەوێت ڕاستەوخۆ بڕواننە میکانیزمی تۆتالیتاریزم، جا ئەم میکانیزمە شێوەکەی هەر جۆرێك بێت.

لێرەدا، پرسیارێك خۆی دەخاتە ڕوو، بۆچی ئەم ڕۆمانە کە لەبارەی ژیانی ڕۆژانەی ئۆشفیتزو بوخنفالدەرەوەیە تا ئەم ڕادەیە بلاوکارەکانی هەنگاریای کۆمۆنیستی بێزار کردبوو، ڕەنگە لەبەرئەوە بوویێت کە خوێنەران لەو وەسفە ڕاستەوخۆیەی تۆتالیتاریزمدا پەیوەندییەکیان بە ئامرازی کۆمنیزمەوە دۆزیبێتەوە کەئەویش بەجێی خۆی مرۆڤایەتییانی



زەوت دەکرد. وەکو کیرتیش ساڵی ١٩٩٦ لە ئاخاوتنێکدا بۆ گۆڤاری (دیر شبیگل) وتی: (نەمدەتوانی ئەم کتێبە بنوسم گەر موعایەشەی ماوەی ستالینزم نەکردایە. تەنیا لەو ساتەدا هەستم کرد کە پێگەیشتووم لەسەر ئۆشفیتزم بنوسم. ئەزانم تا چ ڕادەیەك دەسەلاتی دلڕەق و بەزەبر و زەنگ دەتوانێت مرۆڤ بگۆڕێت).

ئەم بوونەوەرە سەرباری هەموو ئەمانە بەشێوەیەکی جیاواز خۆی دەبینێتەوە کە پێویستی بە (کامەرانی) هەیە، کامەرانییەك کە چاوەڕوانیەتی: (لەبەرئەوەی لەنێو دوکەڵکێش و پانتاییەکانی ئازاردا)، شتێك هەبوو لە کامەرانی دەچوو.. ڕەنگە تەنیا ئەم هەستەی لە بیرەوەریدا مابێتەوە. پێدەچێت (کامەرانیی گرتووخانەکان) ئەوشتە سروشتییە بێت کە باڵ دەکێشێ بەسەر ترسی ڕۆژانەیدا.

لێرەوە ڕای کیرتیش لە بنیاتنانەوەی کامەرانیدا هەنگاو هەنگاو و بەشێوەیەکی هێمنانەیە، گەشبینی زیندانییەکی ساویلکە سەرەتا وەکو میوانێك دەگاتەجێ، داگیرکردنی لەلایەن ئازارەوە و داڕوخاندنی پلەبەپلەی، وێڕای کارخانەکانی مردن شتگەلێکی سروشتین، وەکو دەڵێ. مەلێن ئۆشفیتز مەسەلەیەکە لێکنادرێتەوە، کیرتیش دەنوسێ (ئەوەی لێکنادرێتەوە بەدو خراپە نییە بەڵکو چاکەیە).

هەر شتەو لە چرکەساتێکدا دەست پێدەکات کە هیچ شتێکی تر تیایدا دەست پێناکات، لە ڕۆمانی ئەو منداڵەی لەدایك نابێت لە چرکەساتێکدا گێڕەرەوە واز لە هەموو شتێك دەهێنێت، بەجۆرێ کە ئەم (ڕەفزکردنە) وەکو ئەوەی لە دڵێکی لەکوڵەوە هەڵقولا بێت دەردەکەوێت. ئەو بڕیاری

داوە کەلێی پاشگەز نابێتەوە، بۆیە هەرگیز منداڵەکە لەدایك نابێت. لە شوێنی ئەم ڕەتکردنەوەیە چیرۆکێکی جوان سەهەڵدەدات، مۆنۆلۆگێکی درێژ بە هانکە هانك وەك ئەوەی پێشبڕکێیەکی دوورودرێژ بکات بۆ ئەنجامدانی نوێژی قادیش (لە ئاییینی جولەکەدا، نوێژێکە لەسەر مردوان دەکریێ)، ئەو مردوانەی کە هەرگیز لە دایك نابن.

لە ڕۆمانی قادیشێك بۆ ئەو منداڵەی کە لە دایك نابێت دیسان کەش و هەوای ڕزگار بوون لە ئۆشفیتز دەبینین، هەروەها گەڕانەوە بۆ وڵات دەبینین تا پاڵەوان لەوێ لە ناو زیندانە تۆتالیتارییەکەیدا بژی، لێرەدا دەبینین لەناو ئەم قەیرانەدا زۆران دەگرێت، بەبێ ئەوەی هەناسە بداتەوە، وەکو ئەوەی زۆران لەگەڵ مردنا بگرێت تا بیکوتێ بەزەویدا. دوچاری نائومێدیی و شێتی دەبێت. لێرەوە وادەردەکەوێت پرۆژەی نوسەر لەم ڕۆمانەیدا، پرۆژەیەکی سەرگێژکەرە، هەروەها مۆنۆلۆگەکانیشی. ئەم پیاوە وەکو ئەو مەترسی بە ژیانی خۆیەوە دەکات لەکاروانەکەدا ڕێ دەکات تا بەشێکی کەم لە خواردن بهێنێت و لەکاتێکدا ئەقڵانیەت و لۆژیك ئەوەی بەسەردا دەسەپێنێت کە بەم کارە هەڵنەستێ.

سەبارەت بە ئۆشفیتزیش جگە لە شتێکی بنچینەیی هیچ شتێکی تر نازانین: ئەوەی کە پێشتر هەبووە، ئەوەشی دواتر دێت، مانای خۆی لەم سەنتەرە نەبینراوەوە دەردەبڕێت، ئەو بەجولەکەبوونی خۆی ئاشنا بوو، کە پێشتر کاتێ وەکو جولەکەیەك لەلای خزمەکانیەوە کە لە گوند دەژیان لە بۆدابستەوە هاتبوو، پێی ئاشنا نەبوو. حاڵەتێکی بێزارو نامەفهومە کاتێ دەبینێ (شتێکی تۆقێنەرە، وەکو ژنێکی کەچەڵ بە بەرگێکی



سوورەوە لەبەردەم ئاوێنەیەکدا دانیشتووە) لەبەرئەوەی ژنان (قژی سەریان دەتاشی تا قژی دەستکردی لەسەر دابنێن، ئالەو کاتەدا پەیم بەوە برد کە من ژنێکی کەچەڵم و لەبەردەم ئاوێنەدا دانیشتووم).

لۆرانس دارێل[٤٤]..شیعرەکانی ڕۆمانێکن بۆ خۆیان

لەم ماڵە کۆنەدا، هێنانەگۆی ئاوێنە سودی نییە.

خەڵکێکی کەم ئەوە دەزانن کە خاوەنی "چوارینەی ئەسکەندەریە" و "یاخی بوونی ئەفرۆدیت" و "پەڕاوی ڕەش" کە یەکەمیان چەند ساڵێك لەمەوپێش بۆ چەند زمانێك وەرگێڕدرا، جگە لە بەهرەی ڕۆماننوسی ژمارەیەکی زۆر کۆمەڵە شیعریشی بڵاوکردۆتەوە کە وەکو شاعیر دەریخستووە، هەڵبەتە بەرلەوەی ناوبانگی وەك یەکێ لە ڕۆماننوسە پلەیەکەکان بڵاوبێتەوە.

لە ڕاستییدا، دارێل بە چڕکردنەوەی بایەخی خۆی لەسەر نوسینی پەخشان دەستی پێکرد، بەتایبەتی لەدوای بڵاوبوونەوەی کتێبی "پەڕاوی ڕەش" کە ساڵی ١٩٣٨ لە پاریس بڵاویکردەوە، بەڵام پاش بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبەو لەو مێژوە بەدواوە پێنج کۆمەڵە شیعری تریشی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، کە دواهەمینیان کۆمەڵە شیعری "پەیکەرەکان" بوو لە ساڵی ١٩٦٦دا، دوای حەوت ساڵ لە بڵاوبوونەوەی بەشی چوارەمو کۆتایی

[٤٤] بۆ نووسینی ئەم بابەتە سود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
www.suhuf.net.sa/٢٠٠٢jaz/apr/١٢/wn٥.htm



"چوارینەکانی ئەسکەندەریە" کە ناوبانگێکی بەرفراوانی بۆ بەدیهێنا، کارێکی کرد خەڵکی و خوێنەرانی، نوسینە شیعرییەکانیان بیربچێتەوە.

دارێل دەڵێت: ناتوانین سەرکۆنەی خەڵکی بکەین. دارێل خۆیشی سەرزەنشتی خۆی کرد. لە کاتێکدا وەکو شاعیرێکی پلەدوو یان پلەسێ تەماشا دەکرا وەکو ڕۆماننوسێ سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەمەش وایکرد خەڵکی زووبەزوو شیعرەکانی ئەویان بیربچێتەوە. ئالان ڕۆس گوتەنی "کە هەڵبژاردەیەکی لە قەسیدەکانی دارێل بە چاپ گەیاندووە": شاعیرە ڕۆماننوسەکان، یان ڕۆماننوسە شاعیرەکان" کەمن دەشێت لە هەموو چەرخەکاندا بە پەنجەکانی دەست بژمێردرێن، بەڵێ کەمن. زۆر کەمن ئەو نوسەرانەی ئەم دوو خەسڵەتەیان تیا کۆدەبێنەوە. لەناوە گەورەکانیش کە لەم سیاقەدا ئامادەییان هەیە ڤیکتۆر هۆگۆو تۆماس هاردی و باسترناکە. ئەمێستا پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا دارێل سەر بەم پۆلەی داهێنەرانە، یان ئایا داهێنانە شیعرییەکانی هاوتاو هاوڕێکی داهێنانەکانی بواری ڕۆمان نوسینییەتی؟

جی. ئێس. فرێزەری شاعیرو ڕەخنەگرو هاوڕێی تایبەتی دارێل کە لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستدا لە قاهیرە یەکتریان ناسی لەو باوەڕەدایە کە دارێل شاعیرێکی پلەدووە، ئەگەرچی شیعرەکانی چەندین خەسڵەتی تایبەتیشیان هەیە، بە کورتییەکەی دارێل شاعیرێکە لە چینی دووەم. بێگومان ئەمەش لە کاتێکدا گەر بەراورد کرا بە شاعیرە گەورەکانی وەکی ت. س. ئەلیەت و ییتس و پاوەندو کەسانی تری ئەم چینە. فرێزەر ئەمە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە، یەکەمیان: بایەخدانی دارێل بە

گوزارشتکردن لە هەڵچون و هەستونەستە مرۆییەکان نەك بە مێژووی گیانی مرۆڤایەتی، دووەمیان: شیعرەکانی دارێل شیعری (بان کات– ناکات)ن واتە دارێل ئەو ساتەوەختە دەگمەنەمان بۆ پەرچدەکاتەوە کە تیایدا دەژین.

فرێزەر، بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم ڕایەی خۆی، ئەو قەسیدانەی دارێلمان بە نموونە بۆ دەهێنێتەوە کە بە شێوەیەکی گشتی لەبارەی قاهیرە و ئەسکەندەریەو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە نوسیونی. ئەو پێیوایە ئەو قەسیدانە خاڵین لە هەستی کات و شوێن، واتە نوقمی ئەبستراکتن، یان وا بە وردەکاریدا ڕۆدەچێ کە خوێنەری ئاسایی یان ڕەخنەگر وا لێدەکات نەتوانێ ناوەڕۆکێکی مرۆیی لە شیعرەکانیدا بدۆزێتەوە.

ئالان ڕۆسیش لە بارەی دارێلی هاوڕێیەوە دەڵێ: "وا پێدەچێت دارێل بایەخ بە سروشتی ئەبستراکت بدات زیاتر لەوەی کە بایەخ بە مرۆڤ و ئەو ژیانەی دەیگوزەرێنێ". هەندێ لە ڕەخنەگران بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی ڕۆسەوە پێیانوایە سروشت لای دارێل سروشتێکی دیاریکراوە، بە جۆرێ کە بۆخۆی بوونی نییە، بەڵکو وەك هەڵگری هەموو هەست و نەست و هەڵچونە مرۆییەکان بوونی هەیە، جا دارێل هەرچەندێك لە گواستنەوەی ئەم هەڵچونانەدا سەرکەوتوو بێت، هیچ لە ڕاستی ئەم مەسەلەیە ناگۆڕێت. قەسیدەی "پایزی مردوو" نمونەیە بۆ ئەمە، بەڵام ڕەگەزێکی تر کە زۆر بە ڕوونی لە قەسیدەکەی دارێلدا تێبینی دەکرێت ئەو هەستی گاڵتەپێکردنەیە کە زۆربەی جار ڕەشبینانەیە، بەو مانایەی کە بن جونسۆن مەبەستیەتی و باسی کردوە، واتە ناهاوسەنگی سروشتی مرۆڤایەتییە تا ئەو ڕادەیەی کە لە پلەی نەخۆشی نزیك دەبێتەوە، بەڵام فۆرمی زاڵ لە قەسیدەکانیدا فۆرمێکی



چیرۆکئامێزە، پشتبەستنی دارێل بە شێوازی چیرۆکئامێزانە زۆربەی کات وردەکاریگەلێك لەخۆدەگرێ کە ئەگەر چاوێکی ڕۆماننوسی شارەزا نەبێت ناتوانێت بیبینێت.

نادین گۆردیمێر..

لەهەر شوێنێ وشە هەبێت نوسینیش هەیە[45]

چۆنچۆنی فێری نوسینی ڕۆمان دەبین؟ ئایا نوسەر پەیامێکی هەیە بیگوێزێتەوە بۆ خوێنەر؟ ئەی پەیوەندی نوسەر بە بارودۆخی ئەو وڵاتەوە چیە کە تیایدا دەژی؟ ئەمانە چەند پرسیارێکن کە نادین گۆردیمێری ڕۆماننوسی ئەفریقای باشورو وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئادابی ١٩٩١، تیشکی دەخاتە سەر.

خەڵکی هەمیشە حەز دەکەن بزانن کە ئایا شوێن یان کات هۆکارن بۆ ئەوەی ئەم مرۆڤە ببێتە نوسەر، وەك ئەوەی میتۆدێکی ئەفسوناوی هەبێت و مرۆڤ شوێن پێی هەڵبگرێت تا ببێتە نوسەر، لەکاتێکدا ئامانجی بنچینەیی نوسەر لەوەدا خۆی حەشار دەدا کە کارێکی ئەدەبی بەرهەم بهێنێت بەبێ ئەوەی ئاگای لەو کاتانە بێت کە تیایدا دەنوسێت یان لەو شوێنە بێت کە لێی دائەنیشێت.

[45] بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: لاپەڕەی "ادب، فکر، فن"ی ڕۆژنامەی "النهار"ی لوبنانی، ژمارەی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ٢٠٠٢/١/٥.



ئاشکرایە هیچ ڕەچێتەیەکی ئەفسوناوی بوونی نیە، چونکە نوسین تەنها پیشەیەکە کە مرۆ تیایدا ملکەچی ئامادەکردن و ڕاهێنان دەبێت. بەڵام سەنتەرەکانی فێرکردنی نوسین شێوازی نوسینی کەسی بەهرەمەند پەرەپێدەدات و چونێتی نوسینی فێرناکات. تاکە قوتابخانەی نوسەر کتێبخانەیە. هەر بەهۆی خوێندنەوەوەیە کە نوسینی نوسەر گەشە دەکاتو بەقوڵایی مانای بێکۆتایی ژیانی مرۆڤایەتیدا ڕۆدەچێت. نوسین پیشەیەکی زۆر گۆشەگیرانەیە جگە لە پاسەوانی پلاجیکتۆرێك ناتوانم بە هیچ شتێکی تری بچوێنم کە سەرباری بەرزبوونەوەی ڕۆشنایی لێیەوە ناتوانێت کەشتیی لە خۆکێشان بە تاوێرەبەردی ناو دەریا دور بخاتەوە.

گۆردیمێر لەمەڕ جۆری ئەو پەیامەی کەنوسەرانی چیرۆکی خەیاڵی هەیانە پرسیارێکی ئاراستەی نوسەرانی چیرۆکی خەیاڵی کرد؟ میلان کۆندێرا وەڵامی دایەوە کە: "ئامانجی ڕۆمان گەڕان و هێنانەگۆڕی پرسیارە، قوڵیی ڕۆمان لەو توانایەیدایە کە پرسیار لەمەڕ هەموو شتێك بهێنێتە ئاراوە بۆیە پێویستە لەسەر هەموو نوسەرێك بێزار نەبێت یان هیچ وەڵامێك بە دور نەگرێ".

نوسەر مافی تەواوی هەیە کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕای خۆی لەمەڕ ئەو کێشە ئاکاریانە دەربڕێت کە کەسایەتیە خەیاڵیەکانی بەرجەستەی دەکەن. نوسەر و خوێنەر لەبەردەم هەر بڵاوکراوەیەکی نوێدا یەکسانن، پەندی لێوە هەڵدەهێنجنو وەڵامی ئەو پرسیارانەیان بەدەست دەهێنن کە بە مێشکیاندا دێت و دەچێت. ئابەم شێوەیە ڕوناکی کزی پلاجیکتۆرەکە بەهۆی خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی گەورە ئەدیبانی

جیهانەوە ڕێگاکەمی ڕۆشن کردەوە. لە پەیوەند بە منەوە هەمیشە نوسین هەوڵێك بووە بۆ ئاشکراکردنی نهێنیەکانی ژیان، ئەو شتەی کە فریام کەوت لەڕێیەوە بەسەر هەموو کێشەو حاڵەتەکاندا بکرێمەوە. من کار بۆ ئەوە دەکەم کە تاك بە هەڵبژاردنی خۆی لەقۆناغێکی دیاریکراوی ژیانیدا حاڵەتێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگەکەیدا بەرجەستە بکات، پاشان کە دەچێتە قوناغێکی ترەوە وازی لێدەهێنم. لەپەیوەند بە کۆتایی ڕۆمانی "ژووجولی"کە ساڵی ١٩٨٠ بلاَبۆتەوە، چەندین پرسیارم ئاڕاستە دەکرێت کە ئایا کچە پاڵەوانەکە کاتێ لە ڕوبارەکە دەپەڕێتەوە بۆ کوێ دەچێت؟ وەڵامی من بۆ ئەمە "نازانم"ە. من هیچ شتێك پێشکەشی خوێنەر ناکەم، جگە لە ڕوداوگەلێك ئەویش لە نێو چوارچێوەی مێژویی و کۆمەڵایەتیدا بەشێوەیەك کە وەسفی بارودۆخە گوشارئامێزو دژبەیەکەکان، خودیەو چاوەڕوانکراوەکان، لەکاتو شوێنێکدا کە کاریگەری لە هەڵبژاردنەکانی ئەم ژنە بۆ دەستنیشان کردنی چارەنوسی و ئەو شتەی کە هەوڵ دەدات دواتر بەدیبهێنێت، دەکەم. نوسەر کاتێ کتێبەکەی بە چاپکراوی دەخوێنێتەوە دەبێتە خوێنەر. من پاش خوێندنەوەی کتێبەکەم ئەمەم هەست پێکرد، بەڵام من گەیشتمە ئەنجامگیرییەك کە ئەویش ئەوە بوو: پەڕینەوەی ژنە لە ڕوبارەکە ستونی بووە، پاشان دەگوێزرێتەوە بۆ دۆخێکی نوێ و ژیانێکی نوێ کە هێشتا سیماکانی ڕوون نەبۆتەوە و بێهودانەیە، بگرە بەپێی ئەو قسانەی ژنەکە گێڕایەوە وەهمییانەیشە، چونکە مردنی کەسێ بەمانای کۆتایی هاتنی مێژوی ئەو کەسە نایەت، لەبەرئەوەی ئەنجامگەلێك هەن کە بە بزربوونی ئەو کەسە بەسەر خەڵکی تردا دێن. ئایا هۆکاری ئەو ئەنجامانە



کێشمەکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانە کە لە دوا لاپەڕەی ڕۆمانەکەدا بە ڕواڵەت چارەسەر کراوە کە دەبینین ژنان و پیاوان و منداڵان لەم وڵات یان ئەو شاردا درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن کە پێشتر گۆڕەپانی کێشمەکێشەکان بووە.

جارێکی تر دەق هەڵدەستێ بە خزمەتکردنی خوێنەر تا ڕێگەی بۆ ڕوناك بکاتەوە یان پرسیار ڕوبەڕوی کۆمەڵگە بکاتەوە، ئەگەر نوسەر چارەسەری پێشکەش نەکرد ئایا خۆی لە بەرپرسیاری مرۆڤایەتیی هاوبەش لەبەرامبەر کۆمەڵگەکەی دەدزێتەوە؟ ئایا خزمەتی (ئامانجی بوونی) دەکات؟ هەموو مرۆڤێك پێویستە پەی بەوە بەرێت کە تەقینەوەی جیهان، خاڵی کۆتایی نیە، هەروەها هۆکاری نوسەر نیە بۆ مانەوە. ئەوەی ئۆکتاڤیۆبات جەختی لێدەکاتەوە ئەمەیە: (وشەکان شوێنی بوونی منیان ڕوناك کردەوە) هەروەها درێژەی دەداتێ (تێگەیشتم کە سیاسەت کردارێك نیە بەڵکو بەشدارییەکە کە بەدوای ئەوەوە نیە ئینتیمای خەڵکەکە بگۆڕێت بەڵکو هاوڕێیەتیان دەکات تا ببێتە یەکێك لێیان).لەبەرئەوە ئامانجی بوون ئەوەیە کە هونەرمەند خۆی لەنێو ئەو جیهانە پڕ لە ژاوە ژاوەدا بتوێنێتەوە کە چوار دەوری تەنیوە.

ڕۆژێکیان گۆنتەر گراس پێیوتم:"لەژیانی پیشەیی و نوسین و هەموو ئەو شتانەی کە سەرنجیان ڕادەکێشام ئەوە فێر بووم کە من ناتوانم بابەتەکانم بە ئازادانە هەڵبژێرم چونکە مێژوی ئەڵمانیا و ئەو جەنگە دڕندانەیەی کە هەڵگیرسا و ئاکامەکانی ئەو جەنگە بابەتەکانم بەسەردا دەسەپێنێ. ئاسایی و سروشتیە کە نوسینەکانم ئەو بابەتانە چارەسەر بکەن، منیش تاکە کەسێك نیم کە ئەمە تاقیدەکەمەوە". هەلومەرجەکە لە ئەوروپا و وڵاتە

یەکگرتوەکان و ئەمریکای لاتینی و چین و یابان و ئەفریقاش بە هەمان شێوەیە. نوسەر لەرێی ئەو بارودۆخەی ژیانەوە بابەتەکانی هەڵدەبژێرێت کە تیایدا دەژی و خەیاڵدانی دروست دەکات و کار لە قۆناغەکانی بوونی دەکات.

بۆ نمونە ئایا فیلیپ ڕۆس هەوڵدەدات شوێنەواری زیندانی نازییەکان لە خەیاڵدانی خۆیدا بسڕێتەوە کە کەسایەتیەکانی بەرجەستەیان کردوە؟ یان ئایا نوسەرانی فەلەستینی و ئیسرائیلی دەتوانن بەدەر لەو ململانێ تراژیدییەی کە لەنێوان گەلی هەردووکیاندایە بنوسن؟ ئەو ململانێیەی کە شوێنی بوونی وشەکان دەسوتێنێت؟ ئەی لەمەڕ کنزابورو، ئەوەی کە چەند کەسایەتیەکی دروست کردوە کە ئاکامەکانی هەردوو تەقینەوەکەی هێرۆشیما و ناگازاکی فێرکردون؟ یان چیسلاف میلۆڤیچ کە لەگەڵ شۆڕشدا ژیا و لە تاراوگەدا ژیا، ئایا هەوڵ دەدات لە قەسیدەی (پێشکەشکردن)ە کەیدا موناجات نەکات: (ئەوە چ قەسیدەیەکە کە گەلان و میلەتان ڕزگار نەکات؟)، هەروەها چۆن چۆنی دەشێت کەسایەتیەکانی شینوا ئیشبی لە خوێنییاندا هەست بەو ئاڵۆزیە نەکەن کە بەهۆی شەڕی ناوخۆی نیجیریاوە دروست بوە؟

بەڵام لوتکەی تاقیکردنەوەکانی ئیمپریالیزم ئاپارتایدی ڕەگەزیی بوو لەئەفریقای باشوردا، سەرباری ئەو شەڕەی نێوان وڵاتە یەکگرتووە نوێیەکان ئەمە هۆشیارییەکی هاوبەشی بەهێزی لەلای نوسەرانی ئەفریقی دروستکرد، چ نوسەرانی ڕەشپێستو چ نوسەرانی سپیپێست. ئەو هۆشیاریە هاوبەشە و پەیبردن بەوەی هەر شتێ لە هەر کوێیەکی دنیادا ڕودەدات ئاکامی ئەو مەئساتانەیە کە سەرئەنجام دەبێتە هۆی کۆچ و ئاوارە بوونی



پەناهێندەکان، و سەختگیریەکانی تاراوگە. ئەم فاکتەرانە بونەتە بەشێك لەهۆشیاری هەر نوسەرێك، هیچ کەسێکیش پێیوانیە کە ئاشتی دوای شەڕ ئازار لە یادوەریی مرۆڤدا بسڕێتەوە، کە دواجار یانی ئەوەی نوسەر ئەو کەرەستەیەی دەمێنێ کە لەبارەیەوە بنوسێت.

ڕۆژنامەنوسان هەمیشە ئەم پرسیارە ئاراستەی نوسەرانی باشوری ئەفریقا دەکەن: "ئێستا لەسەردەمی نەمانی هەڵاواردنی ڕەگەزییدا لەبارەی چیەوە دەنوسن؟". پێتان دەڵێم: هەڵاواردنی ڕەگەزیی سەرچاوەیەك بوو بۆ چەندین ڕۆمان و قەسیدە و کاری شانۆیی، کە نوسەر بەهۆیەوە ئەو واقیعەی بەرجەستە دەکرد کەخەڵکی دەیانگوزەراند، کە هەوڵیان دەدا مرۆڤایەتی خۆیان بپارێزن، پاشانیش ژیان بە کۆتایی هاتنی هەڵاواردنی ڕەگەزیی کۆتایی نایەت، بەڵکو لەم بنەما ئینسانیەوە دەستپێدەکات". ئەمە ئەوە بوو کە نوسەری چیکی ئیڤان کلیما لەپاش شۆڕشی چیکۆسلۆڤاکییەوە لە تاراوگەدا گوتویەتی. ئەو ڕۆمانە نوێیانەی باس لە باشوری ئەفریقا دەکەن، هەندێکیان زۆر جوانن، هەندێکیشیان ترسناکن. کاتی خۆیان وەرنەگرتووە تا هەڵمانبژێرن. ولیەم باتلەر ییتس دەڵێت: "ئێمە چی دەزانین جگە لەوەی کە لەم شوێنەدا ڕوبەڕوی یەکتری دەبینەوە". کەواتە لە هەر شوێنێ وشە هەبێت نوسەر بابەتەکەی خۆی هەڵدەبژێرێت.

## عەبدولڕەحمان مونیف.. مەلی بیابان[46]

دکتۆر شاکر ئەلنابولسی

عەبدوڕەحمان مونیفی (١٩٣٣–٢٠٠٤) ڕۆماننوس‌و سیاسەتمەدارو تا سەر ئێسك نەتەوەپەرست، کۆچی دوایی کرد و لەدوای خۆیشی میراتێکی لە ڕۆمان بەجێهێشت کە قورساییەکی ئەدەبیی‌و ڕۆشنبیریی گەورەی بە ولاَتی شام‌و دورگەی عەرەبی بەخشی. هونەری ڕۆماننوسیی مونیف سەنگی مەحەك بوو لە ڕۆشنبیریی خلیجی‌و شامیدا" ئەمە لەکاتێکدا کە وەختبوو نەجیب مەحفوزو ڕۆمانی میسری، بەتەنهاو چوار مەشقی لەسەر عەرشی ڕۆمانی عەرەبی دادەنیشتن.

-٢-

کۆچی دوایی مونیف کۆچی دوایی ڕۆماننوسێکی عەرەبە نەك ڕۆماننوسێکی سعودی یان ئەردەنی یان عێراقی یان سوری. مونیف هەموو ئەو ڕەگەزانە بوو کە تەمسیلی باوکە سعودییەکەی‌و، دایکە عێراقیەکەی‌و، خێزان‌و شوێنی نیشتەجێبوونە سورییەکەی‌و، لەدایکبوون‌و خوێندنە

[46] ئەم نوسینە لەم سەرچاوەیەوە وەرگێڕدراوە:

www. Amin.org/ shaker-nabulsi



ئەردەنییەکەی دەکرد. ئەو لە ڕۆمانەکانیدا هەر عەرەبێکی ڕەمەکی نەبووو بەس، بەڵکو بەخوێن‌و، لەدایکبوون‌و، گەورەبوون‌و، خوێندن‌و ڕۆشنبیرییەکەی عەرەب بوو.

-٣-

عەبدولڕەحمان مونیف یەکێك بوو لەو ڕۆماننوسانەی کە چەشنی غالب هلساو موئینس ڕەزاز لەڕێی سیاسەتەوە هاتنە ناو دنیای ڕۆمانەوە، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەروازەیەکی دەگمەنە لە ڕۆمانی عەرەبی‌و جیهانیدا، و سودو زیانی خۆی هەیە. لە سودەکانی ئەم جۆرە ئەدەبە ئەوەیە ڕۆماننوس ئاگادارییەکی تەواوی لە نەخشەی ئەو واقیعە هەیە کە لەبارەیەوە دەنوسێت، و یەکجار بەوردی ئاگاداری ئەو لایەنە سیاسی‌و ئابووریی‌و کۆمەلاَیەتییانەیە کە لە سەر ئەم واقیعە ڕۆڵدەگێڕن، هەر هێندەش نا بەڵکو ئەو خۆی دەستوپەنجەی لەگەڵدا نەرمکردون‌و هەر تەنها سەیری نەکردون. بۆیە، کاتێ دەچێتە جەنگی ڕۆمانەوە بە چەکگەلێکی هەمەجۆر چەکدارە، کە وای لێدەکەن دڵنیا بێت لەو بابەتەی چارەسەری دەکات. زیانەکانیشی، ئەوەیە ڕۆماننوس بەرلەوەی بچێتە ناو ئەم جەنگەوە بە ئایدۆلۆژیایەك خۆی چەکدار کردوە و بەوپەڕی توانای خۆیەوە هەوڵدەدات کە لە ڕێی ئەم هونەرەوە (هونەری ڕۆمان) تەعبیر لە ئایدۆلۆژیاکەی بکات. ئەمەش هەر هەمان ئەو قسەیەیە کە پێشتر مونیف‌و هلساو ڕەزاز کردوویانە، کاتێ کە دەڵێن هونەری ڕۆمان باشترین‌و گونجاوترین و پانوپۆڕترین و بەرفراوانترین جۆری هونەرە بۆ تەعبیرکردن لە واقیعی ژیان. ئەوەی لە وتاری سیاسیی ڕۆماندا دەوترێت لە لێکۆڵینەوەو وتارو وتاربێژی، یان هەر هونەرێکی تری

وتراودا ناوتريَت. ليَرەوەيە هەموو رِۆمانەكانى مونيف خاوەنى ئيسقاتاتى سياسيى هەمەچەشنن، كە تيایاندا رِابوردوو تيَكەلَ بە ئيَستاو، ئيَستاش تيَكەلَ بە ئايندە دەبيَت، يان هەر سىَ كاتەكە تيَكەلَ بە يەك دەبن. هەروەها رِۆمان زياتر تەعبير لە ئازارو برينەكانى واقيعى سياسيى دكتاتۆرى دەكات كە لە هەر واقيعيَكى تر گەندەلَ ترە.

-٤-

هەرچەندە مونيف ژمارەيەكى زۆر رِۆمانى نوسى، بەلاَم هاتنەناوەوە درەنگوەختەكەى بۆ جيهانى رِۆمانو، دەستپيَكى نوسينو ميَژووى سياسىو دوورودريَژى وەكو بەعسيەكى مەرموقو نوسينە سياسىو ئابوورييەكانى پيَشووى، هەروەها بەرهەمە ئەدەبييەكانى ترى كە بەشيَوەى وتارو ليَكۆلَينەوەو وتاربيَژيىو كۆرِو.. هتد بوون، زياتر كەسايەتيە سياسيەكەى زالَ دەكرد بەسەر كەسايەتيە رِۆماننوسيەكەيدا، بۆيە ئەوەندەى لە سياسەتمەداريَك دەچوو ئەوەندە لە رِۆماننوسيَك نەدەچوو، ئەوەندەشى لە سياسەتمەداريَكى هەريَمگەرا دەچوو ئەوەندە لە سياسەتمەداريَكى نەتەوەيى نەدەچوو. ئەوەندەى لە سياسەتمەداريَكى عەرەبگەراش دەچوو ئەوەندە لە سياسەتمەداريَكى مرۆڤگەر نەدەچوو.

-٥-



ناوبانگى رِۆماننوسى/ سياسيى مونيف بەهۆى رِۆمانى (مدن الملح)ەكەيەوە بوو كە پيَنج بەشەو يەك لە دواى يەك بريتين لە: (التيه ١٩٨٤، الاخدود ١٩٨٥، تقاسيم الليل والنهار ١٩٨٩، المنبت (١٩٨٩) باديه الظلمات ١٩٨٩) هۆكارى سەرەكيى ئەم پيَنجينەيە بەرزيى هونەرى رِۆماننوسييەكەى نەبوو، بەلَكو لەبەرئەوە بوو كە مونيف لەم رِۆمانە گەورەيەيدا، ميَژووى ئەو شتانەمان بۆ باس دەكات كە شاردراوەنو لەسەريان نەهاتووينەتە وەلاَم، ئەو ميَژووەى كە زۆريَك لە خويَنەران چ لە خۆرهەلاَت و چ لە خۆرئاوا بەعەزرەتەوەن بيزانن. ئا ليَرەوەيە كە"مدن الملح"بەرلەوەى وەكو رِۆمانيَكى هونەرى بخويَنريَتەوە وەكو ميَژوويەكى سياسى خويَندرايەوە، ئەو پيَشوازييە گەورەيەشى ليَكرا هەر لەبەرئەمە بوو. گەر زانيمان مونيف يەكەمين رِۆماننوسى عەرەب بووە كە لە "مدن الملح" دا ئەمەى دۆزييەوەو ئاشكراى كرد، ئەوا پيَدەچيَت رِۆماننوسى سعودى (تركى الحمد) دووەمين كەس بيَت، لە كاتيَكدا كە غازى قصيبى كە لە دەرەوەى دورگەى عەرەبى رِۆمانەكانى دەنوسى، كە سەبارەت بە دەرەوەى دورگەى عەرەبى بوون.

مونيف يەكەمين رِۆماننوسى عەرەب بوو كە ميَژووى بيابانى عەرەبيى نوسييەوە، دواى ئەوو دووەم كەسيش، رِۆمانوسى ليبى (ئيبراهيم ئەلكەونى) بوو كە سەبارەت بە بيابانى عەرەبيى ئەفريقاى نوسى.

مونيف، يەكەمين مەلى رِۆمان بوو كە دەنوكى لە داميَنى بيابانى دورگەى عەرەبيدا.

**-٦-**

سالّی ١٩٩١ لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی درێژم لە ژێر ناوی (مدار الصحراو) لەسەر هونەری ڕۆمانی عەبدولڕەحمان مونیف نوسی، کە یەکێ بوو لە نوسینە بەراییەکانم لەمەڕ هونەری ڕۆماننوسیی ناوبراو. پاش ساڵێ لە عەمان چاوم بە مونیف خۆی کەوت. لێکۆڵینەوەکەی خوێندبووەوە، پەستیو بێزاری خۆی لەو نوسینەم بۆ باسکردم، هۆکارەشی بۆ باسکردم، کە گوایە لە لێکۆڵینەوەکەدا وتومە هونەری ڕۆماننوسی مونیف تەرکیز دەخاتە سەر خستنەڕوی لایەنی سیاسی– مێژوویی پانوپۆڕ، هەروەها وتومە مونیف ئەوەندەی سیاسییەکی مێژوونوسە ئەوەندە ڕۆماننوسێکی هونەرمەند نیە، ئەمە زۆر تووڕەی کرد بوو، لەکاتێکدا ئەو خۆی باش دەیزانی کە کارەکەی بەو جۆرەیە، لەبەرئەمەشە خوێنەران ڕۆمانەکانی دەکڕن تا بەهۆیانەوە ئاگایان لە مێژووی لەبیرکراو و نهێنی بێت، ئەو مێژووەی کە هێشتا تۆمار نەکراوە. ئەو ڕێزو پێشوازیە سەرنجڕاکێشەی خوێنەرانیش هەر لەبەرئەمەیە، بەتایبەتی ڕێزو پێشوازیی ڕەخنەگرە نەتەوەپەرستەکان، مونیف بەوە پەست دەبوو کە ڕەخنەگران باسی ئەوە بکەن یان ئاماژەی پێبدەن. ئەو دەیویست کەسایەتییە ڕۆمانوسییەکەی بەسەر کەسایەتییە سیاسیەکەیدا زاڵ بێت، هەروەها هونەری ڕۆماننوسییەکەیشی بەسەر تەحەزوبە سیاسییەکەیدا.

ڕۆمانەکانی مونیف گەر شوێنەواری مێژووی لێدەربهێنین چی لێدەمێنێتەوە؟ هیچی لێ نامێنێتەوە تەنها ئەم هونەری ڕۆماننوسیە نەبێت.



ئایا هونەری ڕۆماننوسی مونیف لەم سەردەمی ئاشکراکردنو دۆزینەوە مێژووییە نوێیانەی ناوچەکەو ئەو واقیعەی ڕۆمانەکانی مونیف لەبارەیانەوە دەدوێ، دەتوانێت بەرهەڵستی کات بکات؟

ئەم پرسیارە گەورەیە جێهێڵراوە بۆ ئایندە،و زۆر هۆکاری تریش کە گرنگترینیان گۆڕینی زەوقی خوێنەرو بەهای ئەو زانیارییانەیە کە ڕۆمانەکانی مونیف دەیڵێن، و هەژمونی ئەو هونەرە ڕۆماننوسیە پوختەیە بەسەر ئەم زانیارییانەدا، بەجۆرێك کە وای لێدەکات وەکو هونەرێك کە بەرهەڵستی کات بکات بیهێڵێتەوە، نەك هەر تەنها وەك چەند پەروەندێکی مێژوویی، وایلێهاتووە لە هەر کاتێکی تر زیاتر بۆ چیرۆکنوس ناسراوە.

فەدوا تۆقان.. کۆچی دوایی پاکیزە[47]

دکتۆر شاکر ئەلنابولسی

---

[47] ئەم نوسینە لەم سەرچاوەیەوە وەرگێڕدراوە:

www. Amin.org/ shaker-nabulsi

–١–

فەدوا تۆقان (١٩١٧–٢٠٠٣) هەر تەنیا یەکەم ژنە شاعیری فەلەستین نەبوو، بەڵکو بەر لە هەر شتێ خاتوونی یەکەمی فەلەستین بوو. ئەو بەر لەوەی شعر بۆ فەلەستین و خەباتی فەلەستینیی دوای حوزەیرانی ١٩٦٧ بڵێت، ڕۆژانە شیعری بۆ خۆشەویستانی خۆی دەهۆنییەوە" کە دواتر لەترسی زوڵموزۆری خێڵو پیاوانی خێڵ نەیوێرا لە ژیاننامەکەیدا (گەشتێکی چیایی، گەشتێکی سەخت) ناویان بهێنێت.

فەدوا تۆقان بەر لەوەی شاعیری خاکی داگیرکراو بێت، ژنە شاعیرەیەکی فەلەستینیو ئەردەنیو شامی بوو" وەکو ڕەخنەگرە ئایدۆلۆجیستەکان حەزیان دەکرد ئەم ناوەی بەسەردا دابڕن. ڕەنگە شیعرە ڕۆمانسیەکانی بووبێت وای کردبێ کە من لە بیست ساڵیمدا یەکەمین کتێبی خۆمی لەسەر بنوسم (فدوى گوقان تشتبك مع شعر، ١٩٦٣)، کە بەداخەوەو بەوپەڕی خەجاڵەتییەوە تا ساڵی ١٩٨٣ تاکە کتێبێك بوو لە کتێبخانەی عەرەبیدا لەسەر شیعرەکانی. ئەم کتێبە سەرباری ئەو سادەییو کرچو کاڵیە زوو وەختەی تێیدایە، خۆی لە خۆیدا ئابڕوچوونێکی یەکجار گەورەیە بۆ ڕەخنەو ڕۆشنبیریی عەرەبی کە لە کتێبخانەی عەرەبیدا کتێبێکی ڕەخنەیی پێشکەوتوو لەسەر فەدوا تۆقان نەبێت، لەکاتێکدا ئەم کتێبخانەیە تەژییە بە نوسین لەسەر ئەم سەماکارو لۆتیو ئەو گۆرانیبێژی ڕیسواو بێ بەها، بەجۆرێك وای لێهاتووە سەردەمەکان بەناوی سەماکارەکانەوە ناودەنێن، بۆ نمونە لە میسر: ئەم چەرخە چەرخی فیفی عەبدەیە! ئەی داماو ڕۆشنبیریی عەرەبی، چەند کەساسو دۆڕاوو درێویت.



–٢–

فەدوای پاکیزە بەدرێژایی ژیانی بەندی خوونەریتو بەها یاساغو قەدەغەکان و بەکەم تەماشاکردنێکی قێزەونانەی مێینە بوو. هەرکەسێ ژیاننامەکەی بخوێنێتەوە (گەشتێکی چیایی، گەشتێکی سەخت) تێدەگات ئەم پاکیزەیە بەدرێژایی ئەم ساڵانە چۆنچۆنی ژیاوە، چۆن خۆشەویستی کردوەو چۆنیش کردویەتی بە ژێر لێوەوە، چۆن شیعرەکانی تەعبیریان لێکردوە بەبێ ئەوەی کە دواتر لەترسی زوڵموزۆری سەرۆك خێڵو پیاوەکانی خێڵ، بوێرێت بە ڕاشکاوی لە ژیاننامەکەیدا بیدرکێنێت، تا ئەو پلەیەی کاتێ باوکی مرد لە ژیاننامەکەیدا نوسیویە: "خوا لێی خۆش بێت، خۆشم نەدەویست، ڕقیشم لێی نەبوو.".

بەڵێ فەدوایان بەند کرد، بەڵام نەیانتوانی شیعرەکانی بەند بکەن. بۆیە فەدوا کە بەدرێژای ژیانی شوی نەکرد، بووە پاکیزەی شیعری نوێ. شووی بە شیعر کرد، سەدان چامەی جوانی بوو، کە ئازادانە لە پانتایی ئەدەبی عەرەبیدا دایان لەشەقەی باڵ، بەڵام بێژەرەکەیان بەندی نەریتو ستەمی کۆمەڵایەتیو ڕژێمی خێزانیی پاتریارکی بوو کە ڕێگەی نەدا لە ژیاننامەکەیدا پێمان بڵێت کێ بوون ئەو عاشقە زۆرانەی کە ناچاربوو لە ژیاننامەکەیدا بیانکات بەژێر لێوەوەو ناویان نەهێنێت، یان بە پیتی لاتینی ئاماژەیان بۆ بکات!

–٣–

کۆمەڵگەی باوکسالاری عەرەبیی توندڕەو زۆرێك لە ژنە شاعیرو ئەدیبەکانی بێ بەش کردوە لەوەی کە ڕاشکاوانە باس لە ئەزمونی

دەوڵەمەندی خۆشەویستیی خۆیان بکەن، لە نێویاندا فەدوای پاکیزە کە چەندین ئەزمونی خۆشەویستیی مرۆییانەی زۆر تایبەتمەندو دەوڵەمەندی هەبوو. لای هاوڕێ نزیکەکانی پەیوەندیی ئەو بە ئەنوەر معداویی ڕەخنەگری میسریی مەسەلەیەکی زۆر تایبەتو ئاشکرایەو، ڕەجا نەقاش ئاماژەی بۆ کردوە، ڕەنگە ئەو نامانە ئەگەر بەتەواوی بڵاوبکرانایەوە، کە فەدوا هیچ کامێکیانی لە ژیاننامەکەیدا بڵاو نەکردۆتەوەو ئاماژەی نە بۆ ئەوانو نە بۆ ئەم پەیوەندییە نەکردوە، بەهایەکی ڕۆشنبیریی‌و هونەریی گەورەیان هەبووایە.

-٤-

نازناوی فەدوای پاکیز: شاعیرەی خاکی داگیرکراو نەبوو، فەدوای پاکیز شاعیرەی ساڵۆنە سیاسیە پڕ لە هەراوهوریاکان نەبوو، فەدوای پاکیز شاعیرەی میهرەجانە سیاسیو وتاربێژیو حەماسیەکان بۆ بەرژەوەندی ئەم بزافو ئەو پارتو ئەم چینو توێژی سیاسی جوراوجۆر نەبوو، شیعرەکانی ئەو وەکو باقی شیعری فەلەستینیو عەرەبی نەدەڕژایە چەمو شیوی جیهانی عەرەبییەوە، بۆیە سیاسە ئایدۆلۆژیستەکانیش شیعرەکانی ئەویان پێخۆش نەبوو.

زۆرجار، وەکو لە ژیاننامەکەیدا وتویە، لەسەر ڕۆمانسیەتەکەی لۆمە دەکراو داوای لێ دەکرا لەو خودگەرێتییەی بێتەدەرەوە. ئەو سیاسەتمەدارە نەفامانە ئێستاشی لەسەر بێت نەیانزانی کە ڕاستگۆترینو جوانترین و نەمرترین شیعر ئەوەیە کە تەواو خودگەریی بێت.



شیعرەکانی فەدوا وەکو تەراتیلی قەدیسەکان هێمنو بەچرپە بوون. شیعرە دڵدارییەکانی ئەو لە لانەی چۆلەکەیەك گەورەتر نەبوون، شیعرە نیشتمانییەکانیشی، ئەوانەی لە فەلەستین دەوترێنەوە لە دەنکە زەیتونێك گەورەترو سەوزتر نەبوون، بۆیە شیعرەکانی فەدوای پاکیزە بە نەمری دەمێننەوەو ژەنگ ناکەنو داناخورێن، چونکە لەپاش کپبوونەوەو نەمانی ململانێی فەلەستینی، لەگەڵیا هەموو ئەو شیعرە حەماسیانەیش کپدەبنەوەو نامێنن.

کاتێ شیعری فەلەستینی فەدوا دەخوێنیتەوە واز لە هەموو ئەو شتانە دەهێنیت کە لە مێژووی فەلەستینیدا نوسراون. شیعرەکانی سیفری دروستبوونی فەلەستینن بەبێ گرتێبەردان، بێ خوێنڕشتن، بێ فرمێسك، بێ دەنگەدەنگو هەراوهوریا.

-٥-

فەدوای پاکیز خاتوونی یەکەمی فەلەستین بوو نەك هەر لەبەر شیعرەکانی، بەڵکو لەبەر ئەو ئنوسەتە پیرۆزەی کە ئەوەندەی ڕێزی لێدەگرت ئەوەندە ئیشتیهای نەدەکرد.

فەدوا چ لە هەرزەکاریو چ لە پیریشدا، جوانێك بوو لە جوانەکانی فەلەستین. شاعیرە پیاوەکان لە فێستیڤاڵو کۆڕە شیعرییەکاندا وەك چۆن هەنگ بە دەوری گوڵی دەم گوشادا دێنو دەچنو دەخولێنەوە، ئاوا بە دەوریا دەهاتنو دەچوون.

جوانیی ڕۆحی فەدواو ناسکیەکەی باڵ بەسەر جوانیی جەستەی وەکو مێینەیەك کێشابوو. کاتێ فەدوای پاکیزەت بەدەموچاوە فریشتەییە سافەکەیەوە دەبینی، یان لەگەڵێ دادەنیشتی، هەستت دەکرد لە ژێر درەختێکی فەلەستینی بەرزدا دانیشتوویت.. درەختێکی زەیتون یان پرتەقاڵ، چۆن حەز دەکەیت وا ناوی بنێ. جلەکانی بۆنی پرتەقاڵو بێستانەکانی فەلەستینیان لێدەهات.

فەدوا تەمەنی دارزەیتونێکی فەلەستینی ژیا، ڕەنگە زیاتریش.

-٦-

فەدوای پاکیزە کۆچی دوایی کرد، لەکاتێکدا کە تامەزرۆی ئەوە بوو بە دەرگای یاساکاندا تێپەڕێت کە لە ژیانی خێزانیو کۆمەڵگە نابلوسییە داخراوەکەیدا بۆی مەیسەر نەبوو، ئەو دەرگا یاساڕێژکراوەی کە ناچاری کردبوو لە پشت دەرگا داخراوەکەیەوە بژی وەکو هەمیشە لە شیعرەکانیدا دوپاتی دەکردەوە.

ئەو قوربانییەکە لە قوربانیەکانی دەرگای داخراوی عەرەبی.

ساڵی ١٩٨٥ کە ژیاننامەکەی خۆی بەدیاری پێشکەش کردم بۆی نوسیبووم: "ساڵی نوێ لە دەرگاکانی جیهان دەدرێت، لە خوا داواکارم دەرگاکەت بەڕوی ساڵی نوێدا ئاوەڵا بێتو، بەخششێکی زۆر وەرگریت."

فەدوا لە شیعردا نەبێت لە هیچ شتێکی تردا ڕزگاربوونی خۆی لە دەرگا داخراوەکانو ڕێکردن بەرەو دەرگا ئاوەڵاکاندا نەدۆزیوەتەوە. هیچ کاتێ شیعر لای ژنی عەرەبی واتای ڕزگاربوون نەبووە، وەك لای فەدوا تۆقانی



پاکیزە ئەو مانایەی دەگەیاند. شیعر تاکە ئۆخژنی ڕزگاریی کۆمەڵایەتیو سۆزداریو سیاسیو مرۆیی ئەو بوو.

-٧-

فەدوای شاعیرو پاکیزە جۆرێك خۆشەویستی کرد کە هیچ خاتوونە شاعیرێکی تر بەر لەو بەو جۆرە نەیکردبوو، لەم بارەیەوە دەڵێت: "خۆشەویستی لای من واتایەکی زۆر فراوانتر لەوەی هەیە کە هەر تەنها جەختکردنەوە بێت لە ئنوسەتی ژن. خۆشەویستی لای من جەختکردنەوەیە لە مرۆڤایەتییە پێشێلکراوەکەم، جەختکردنەوەیە بۆ ڕزگار کردنی مرۆڤایەتیە پێشێلکراوەکەم. من بە درێژایی تەمەنم کەمەندکێشی خۆشەویستییەك بووم کە تەژی بوو لە سۆزێکی شیعری لە وەسفنەهاتوو. وەك چۆن مەلان لە دیاریکردنی ئاڕاستەی فڕینیاندا بە شێوەیەکی لا ئیرادی بەرەو کایەی موگناتیسی ملدەنێن منیش لە خۆشەویستیدا وام.

سەرباری سەرقاڵیی تەواوی بە ئەوینەوە کە تا پلەی پەرستنی پیرۆزی ڕۆژانەی پێوەی سەرقاڵ بوو، وەك لە لێکۆڵینەوەی شیعرە بەراییو دواییینەکانیدا دەردەکەوێت، بەڵام ئەم خۆشەویستییە هەر وەك نهێنییەکی داخراو لە بیرێکی قوڵدا دەمێنێتەوە.

کاتێ گەیشتە تەمەنی حەفتا ساڵی، دەستیکرد بەنوسینەوەی ژیاننامەکەی، پێشبینی ئەوەمان دەکرد کە ژیاننامەیەکی گەرموگوڕ وەك گەرموگوڕیی چیرۆکی خۆشەویستییەکەی بخوێنینەوە. بەڵام قامچیو دەنگی کۆمەڵگەی باوکسالاری ملکەچکەرو دڵڕەق هێشتا لە ناخو دەرونی فەدوای پاکیزەدا بارگەی خستبوو. ئا لێرەوەیە کە ژیاننامەکەی کەموکورت

دەهێنێ، ساردو بێ ژیان، هیچ گەرمیی‌و ترپەیەکی تیدا نییە. وەکو ئەوەی چیرۆکی ژیانی ڕاهیبەی دێرێك لە دێرەکانی بیابانی سینا بێت!

سەرباری هەموو ئەمانەیش، ئەم ژیاننامەیە ڕاستگۆیانەیە، چونکە فەدوا لەدێرێك لە دێرەکانی بیابانی جیهانی عەرەبی وەك ڕاهیبەیەکی پیرۆز ژیاو وەك ڕاهیبەیەکی پیرۆزیش مرد.

-٨-

فەدوای پاکیزە کۆچی دوایی کرد، کە قوربانییەکی پیرۆز بوو.

پاکیزە بوو لە خۆشەویستییە دەگمەنەکەیدا.

پاکیزە بوو لە دڵسۆزیی بۆ شیعرو مەملەکەتەکەی.

پاکیزە بوو لە عەشقیدا بۆ ژیان، بۆ نوێگەری و نوێکردنەوە.

قوربانییەکی پیرۆزی کۆمەڵگەی سەرکوتگەری باوکایەتی، کۆمەڵگەی باوکسالاریی دەمارگیرو داخراو بوو.

قوربانییەکی شیعریی ڕەخنەی عەرەبی بوو کە پشتگوێی خستبوو، و وەکو پێویست کە لەشاعیرەیەکی دەگمەن‌و ناوازە بکوڵرێتەوە لێی نەکۆڵییەوە.

قوربانیی ئەو ڕەخنەگرە ئایدۆلۆژیستانە بوو کە داوایان لێ دەکرد لە خۆی دەربچێت و لە قوڕاوی ئایدۆلۆژیادا خۆی بگەوزێنێ.

دواجار، فەدوای پاکیزەو شاعیر قوربانییەکی پانتایی ڕۆشنبیریی عەرەبی بوو، ئەو ڕۆشنبیرییەی کە بۆتە دەهۆڵژەنین‌و سەمای مەیمونان‌و گۆرانیی قەلەڕەشان‌و هۆرەی زۆرداران.

سەلاح بوسریف[48]..

بەڵگەنامە لە زمانی خۆیەوە

ئەو نەوەیەی من ئینتمام هەیە بۆی، نەوەی جیاوازی و هەمەچەشنییە. نەوەیەکە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، کاتی ئەوە هاتووە بایەخیان پێ بدەین و مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، نەك لەبەرزۆری بەرهەم و جیاوازییەکانیان، بەڵکو لەبەرئەوەی نەوەیەکی تەواو زیندون، کە پرسیارو دڵەڕاوکێی خۆیان هەیە، و خاوەن دەروشانەوەی خۆیەتی لەسەر ئەو شتەی کەپێی دەوترێ "تاقیگەی شیعری".

دیارە من لێرەدا لەمەڕ هەشتاییەکان دەدوێم و مەبەستم ئەو نەوەیەیە کە لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە دەستی بە بڵاوکردنەوە (نەك نوسین) کرد و ئەزموونەکانیان خەملی و ڕێچکەی خۆیان وەرگرت و لە هەشتاکاندا بوونە خاوەنی سیمای تایبەتی خۆیان. دە ساڵی بڵاوکردنەوەو خوێندنەوەی

[48] بۆ نووسینی ئەم بابەتە سود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
www.fikrwanakd.aljabriabed.net



ئەوسا ئەگەر هەر ترسێکی لە پێشدا بوویێ بوو بەهاندەرێك بۆ ئەوەی بتوانین دەست بەسەر شەیتانەکانی شیعردا بگرین و ببین بە نەوەیەکی پێگەیو بۆ ئەوەی لەتەك نەوەی شەستەکان و حەفتاکاندا لێپرسراوێتی تەواومان بکەوێتە ئەستۆ.

ئێمە نەوەیەکین ئاهەنگی شازدەهەمین ساڵی خۆمان دەگێڕین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە لە تەمەنێکی زووەوە دەستمان پێکردوە، ئەوەش دیاردەیەکە پێویستی بەلێوردبوونەوە و ڕامان و شیکردنەوە هەیە، چونکە زۆربەمان کە دەستمان پێکرد خوێندکار بووین و لە قۆناغی دواناوەندییدا بووین، بەدیاریکراوی لەو کاتەدا نەوەی حەفتاکان پرۆژەی دەقێکی شیعری تازەیان دادەمەزراند و لە فەزای بیرۆکە و بابەت و ئایدۆلۆجیا دەکشانەوە بۆ فەزای دەق و شیعرییەتی دەق..

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە لە فەزا یان لە شیعرییەتی دەقەوە دەستمان پێکردوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەراوهوریا و دەنگدانەوەی ئەزموونی ئایدۆلۆجیا یاخود دەقی هات و هاوارو ناڕەزایی کاری تێکردین، بەڵام هەرزوو لێی دابڕاین و هەرزووش سەرنجمان بەسەر تێگەیشتنی خانەدانانەی شیعرەوە نیشتەوەو کەوتینە گەڕان بەدوای دۆزینەوەی خانەدانیی خۆمان لەلای شاعیرانی شەستەکانو ئەوانەی خۆشمان ویستن و ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو، لەوانە بەدیاریکراوی شاعیری کۆچکردوو "محمد ئەلخەمار ئەلکەنونی" کە ماوەیەکی زۆر کەوتبووە پەراوێزەوەو ئێستا بەلای ئێمەوە یەکێکە لە پێشەنگە ڕاستەقینەکانی سیمای شیعری ئێستا لە مەغریب، هەروەها لە شاعیرانی حەفتاکان محمد بن تەڵحەو محمد

بنيس و شاعيرى كۆچكردوو عەبدوڵڵا ئەلراجع.. ڕەنگە ناوى تريش هەبێ كە لێرە ناويانم نەهێناوە چونكە دەمەوێ لەچوارچێوەى شيعريى مەغريبيدا نەچمە دەرەوە.

ئێمە (نەوەى هەشتاكان)ين، و لەدواين ژوانى شيعرى "لەشفشاون" جەغتم لەمە كردەوە، بەو مانايەى كە ئەگەر نەوەى شەستەكان لە سەرەتاى ١٩٦٥ لە كۆليژى ئەدەبيات لە فاس يان لە يانەى شيعريى لەشفشاون كۆدەبوونەوە و بەيەك دەگەيشتن ئەوا هەمان كەشو هەوا ماڵێكى دەبێت بۆ بينين و يەكتر ناسينى شاعيرانى هەفتاكان كە زۆربەيان خوێندكارى كۆلێژى ئەدەبيات بوون لەفاس.. وەلێ ئێمە لەدواين ڕۆژەكانى يەكێتى نيشتمانى قوتابيانى مەغريبيدا چووينە زانكۆو زۆربەمان بە كايەيەكى سياسى يان سەنديكايى گەمارۆدراين، ڕێبەرانى ئەم دلگەرميە ئاساييە لێرەوە هاتن كە لاى زۆربەى شاعيرانى نەوەى ئێمە سياسييە.. كەمن ئەو ئەندامانەى كە لەم نەوەيەدا تێكەڵى پانتايى ديمەنى سياسى و سەنديكايى بوون.. زۆرينە هەر تەنها شاعير بوون و بەس.

ئێمە نەوەى فرەيىو جياوازى، لێرەدا ئەوەى وام لێ دەكا كە هەميشە لە كەرەستەكانى توێژەر بپرسم ئەو خوێنەرەيە كە دەمانخوێنێتەوە يان دەيەوێت بمانخوێنێتەوە.. ئێمە لە ڕوى ئەزمونگەرييەوە سەر بە قەسيدەى تەفعيلە يان قەسيدەى پەخشان نين، ئێمە هيچ كامێ لەم شێوازانە نەبووين و هەمووشيان بووين.. شێوازگەريى يەكێ بوو لە سنورە مەترسيدارەكانى ئەزمونەكەمان.. چەمكى دەق كە لەگەڵ (بنيس)دا هاتو چاوى بە تێزەكانياندا خشاندەوە، چەمكێكى لەكاركەوتوو بوو لە



ئەزموونەكەماندا، ڕەنگە هەر دوو چەمكى تاكێتىو جياوازى يەكێ لە دەروازە نهێنيەكانى ئەزموونەكەمان بوو بن.

هەروەها ئێمە نەوەيەكين سەرچاوەكانمان جياوازن، ئەم جياوازيە لە كەلەپورەوە دەست پێدەكات تا دوا فۆرم لە فۆرمەكانى نوێخوازى، بەڵام لە تەوزيف كردنى فێڵبازانەى ئەم سەرچاوانەدا پێكدەگەين.. لەبەرئەوە ئێمە نەوەيەكى بێ باوك نين وەك هەندێ لە نوسەرە ميسرييەكان حەزدەكەن ئەو ناوە لەخۆيان بنێن، ئێمە نەوەيەكين باوكمان هەيە، بەڵام گۆچانى گوێڕايەڵى نێوانمان هێندەى تەنافێكى جاڵجاڵۆكە ئەستورە، نەكەمتر و نەزياتر.

ئێمە نەوەيەكين گوێ ڕائەدێرێ و لە ئەزموونى خەڵكى ترەوە فێر دەبێت، زۆرمان سود لە تەنگژەكانى قەسيدەى عەرەبى هاوچەرخ وەرگرت، وەك چۆن سودمان لە خۆرئاواو لە كەلەپور وەرگرت.

ئێمە نەوەيەكين لەمامەڵەماندا لەگەڵ شيعر بەسەر ڕەهەندى بينيندا كراوينەتەوە، مەبەستم پێكهات يان وێنەيە.. هەروەها ڕەهەندى بيستنيش مەبەستم مۆزيكە، وەك چۆن بەسەر فۆرمە هەمەچەشنە داهێنانى و خوێندنەوەييەكاندا كراينەوە، لەبەرئەوە ئێمە كە دەخوێنينەوە دەبينين و دەبيستن، لەبەرئەوە نوسينەكانمان ئاوێتەيەكە ئەم هەموو ئاستانەى تێدا بەيەكاچووە، چونكە هەركەسێ كە تەنيا بەگوێ دەمانخوێنێتەوە، ناتوانێ لە نهێنى تاقيگەكەمان بگات، ئەمە بۆ زۆرێك لەوانە ڕودەدات كە پێيانوايە شارەزاييمان لەكێش و سەروادا نيە، ئێمە ئەوانە بانگ دەكەين بۆ فێربوونى سيستەمى خوێندنەوە و نوسين.

شت زۆره داوەری ئەزموونی ئەم نەوەیە دەكات.. ئـەم شـتانە ئـاڵۆزو ئاوێتەن.. پێویستیان بـەكات هەیـە.. بۆیـە ئـەو بێدەنگییـەی بەسـەر ئـەم نەوەیەدا پیادەكرا دایـدەنێین بـە بێدەنگییـەك كـە جۆرێك لـە پیلانـی ژێـر بەژێر لەخۆ دەگرێت.. بـەڵام خەریكـە بێدەنگییەكـە دەگۆڕێت بـۆ هـات و هاوار و ئەمەش هەندێ لە نیشانەكانیەتی.

ئەو نەوەیەی كە مەبەستمە بڵێم خـۆی دیمـەنی شـیعریی دادەمـەزرێنێ بریتین لە: حەسەن نەجمی، سەڵاح بوسریف، ئەحمەد بەرەكات، سـورەییا مەجدۆلین و وەفا عومرانییەو عەبدولقادر وەسات، ئەحمەد محەمەد حافز و عەبدولسەلام بوحێجر، و سەڵاح ئـەلوەدیع، و محەمـەد بـوجبێری و محمـەد عەزیز ئەلحەصینی، و محەمەد ئەلـصابر..) ڕەنگـە سـێ چـوار نـاوێكم بـیر چوويێت.. بەڵام ئەوانـەی دی كـە دەمێنێتـەوە ڕەنگـە چـەند نـاوێكی وەك ئەزمونێكی نوێ پرۆژەی نەوەیەكی نوێیە، بۆیە مـن شەخـسی خـۆم قبـوڵ ناكـەم هـیچ كـامێ لـە ئەنـدامانی نەوەكـەم، ئەوانـەی هـەموویانم خـۆش دەوێـت.. لـەبارێكی هەڵواسـراودا بـن نەسـەر بـە زەوی بـن و نەسـەر بـە ئاسمان.

وێنسلۆ هۆمێر..[49]

سادەکردنەوەی بابەت، ڕەنگی پەتی[50]

نورەدین سالمی

وێنسلۆ هۆمێر لەبیستو چواری شوباتی ساڵی ١٨٣٦ لە بۆستن (ماساچوستیس) هاتۆتە دنیاوە. ساڵی ١٨٤٢ بنەماڵەکەیان کۆچی کردوە بۆ شاری کامبریجی نیویۆرك. هۆمێر ڕۆژانی لاویی خۆی تا ١٩ ساڵی لەهەمان شوێن گوزەراند.

یەکەمین چالاکی خۆی لەبۆستن لەگەڵ ناشرێکدا دەست پێکرد. دوو ساڵ دواتر (١٨٥٧) وێنەکێشانی وەکو پیشەیەك بەیەکجاری هەڵبژارد. وێنەو تابلۆکانی خۆی لەگۆڤارە گشتییەکاندا کە گرنگترینیان گۆڤاری (هارپرز ویکلی) بوو بەچاپگەیاند. بەڵام هۆمێر حەزی دەکرد ببێتە وێنەکێشێکی تەواوو بێکەموکوڕی، لەبەرئەوە کاری وێنەکێشان بۆ گۆڤارەکان ڕازیی

---

[49] winslow Homer

[50] بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
www.alwatan.com/graphics/dailyhtml/culture.html#
www.artcyclopedia.com/artists/homer_winslow.html



نەدەکرد، لەساڵی ١٨٥٩ وە تا ساڵی ١٨٨٠ لەنیویۆرك ژیا، هەر لەوێش بۆ ماوەیەکی کورت لە قوتابخانەی شەو (ئەکادیمیای میللیی وێنەکێشان) لەژێردەستی هونەرمەندێکی گومناودا شتگەلێ فێربوو کە هەموو خوێندنەکانی ئەو لەم چەند وانەیە ناترازێت. ساڵی ١٨٦١ش لەپاش دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆیی ئەمریکا (شەڕی باکورو باشور) وێنسلۆ هۆمێر چەندین جار وەکو پەیامنێری گۆڤاری هارپرز ویکلی سەردانی هێڵەکانی پێشەوەی بەرەی جەنگی کرد. ئاکامی ئەم ڕۆژانە تابلۆگەلێکن کە وێنەی ژیانی ڕۆژانەی سەربازەکان دەکێشێ. یەکەمین کاری بەناونیشانی (دیلەکانی شەڕ) لەساڵی ١٨٦٦ پێشان درا. ئەم تابلۆیە نیگای گەرمو مرۆییانەی سەربازێکی باکوری نیشان دەدات کە تەماشای کۆمەڵە سەربازێکی شکست خواردوو ماندوو جلدڕاوو پەرێشانی باشوری دەکات. ئەم تابلۆیە ئافەرینو ستایشێکی زۆری لێکرا، بۆیە ئەکادیمیای هونەر ساڵی ١٨٦٨ هۆمێری وەکو هونەرمەندێکی بەتوانا ناساندو ئەمەش لە ناودارکردنی هۆمێردا ڕۆڵی گرنگی گێڕا.

هۆمێر ئەو شتەی دەیبینیێ زۆر بەوردیی دروستی دەکردو لەکاتی کارکردندا سروشتی وابوو کە بەهیچ جۆرێ بەدوای ئەوەوە نەبوو ئەو بابەتەی شوێن مەبەستی بوو هاوتەریب لەگەڵ ئەو یاساو ڕێسایانە ڕێ بکات کە پێشوەخت بیریان لێ کرابووەوە، ئەو لە هەڵبژاردنی ساتوکاتی بینینی یاریەکانی ڕوناکی سێبەردا وردبینی زۆری بەکاردەهێنا. چەند ساڵێك دوای ئەمە وتی: (ئەو شتە دەگمەنەی کە وێنەکێشێکی ئاسایی دەکاتە هونەرمەندێکی گەورە ئەوەیە: ئەو هونەرمەندە بەو قۆناغە گرنگەی بینین

گەیشتبێ کەبزانێت ئەو شتەی کەدەیەوێت لەسەر تابلۆکە بەرهەمی بێنێ، ڕێك هەمان ئەو شتەیەکە دەیبینێو پەی پێدەبات.)

بێگومان ئەمە ئەو هونەرە گرانبەهایەی چۆنیەتی بینین بوو کە ئەو لێی بەهرەمەند ببوو، ئەو بابەتانەی کە هەڵیدەبژاردن تەنانەت لەکارە بەرابیەکانیشیدا پێکهاتێکی وەها چێژبەخشو چالاککەری هەبوو کە بەهیچ جۆرێ نەیدەتوانی بەئەندێشەی خستنە پاڵیەکو ڕیزکردن دروست بکرێت.

هۆمێر لەکاتی گفتوگۆ لەگەڵ یەکێ لە هاورێ لاوەکانی خۆیدا وتبوی: کاتێ وێنە دەکێشیت، هەوڵ بدە بە تەواوی بوونتەوە ئەوەی کە دەیبینیو هەستی پێدەکەیت بەوردی بیخەیتە بەرچاوی بینەر، ناوەڕۆکە جیاجیاکانی تریش کە دەبێت لەگەڵ بابەتە بنەڕەتییەکەدا نمایش بکرێت خۆبەخۆو بەجۆرێك لەجۆرەکان خۆیان لە خۆیانەوە لە شوێنێکی تایبەتی تابلۆکەدا جێگیر دەبن.

ئەو تایبەتمەندیە بنەڕەتییانەی لەنێو هەموو وێنەکێشانی چەرخی ١٩ی ئەمریکادا هونەری هۆمێر لە هاوکارەکانی جیادەکاتەوە، بریتین لە:

١-هەمەچەشنی بابەتەکانو بەرفراوانییان.

٢-بەکارهێنانی ڕەنگە تۆخە پڕ لەگەرمییەکانی بوون (وجود).

٣-شێوازی تایبەت بەخودی وێنەکێش.

هۆمێر جارێك بۆ هاورێیەکی نوسی بوو: "ئەگەر کەسێك بیەوێت ببێتە هونەرمەندی نابێت هەرگیز بەدوای وێنەدا بڕوات. بۆچوونی ئەو لەپەیوەند لەگەڵ وێنەکێشاندا تەنیا شێوەیەکی خۆفێرکارانە بوو. هەرچەندە دوای ئەوەی وەکو ئەکادیمستێکیش لە ئەکادیمیای میللی وێنە کێشان قبوڵکرا



بەڵام ساڵی (١٨٦٥) بەزۆرو هاندانی هاوڕێکانی، ڕێی پاریسی گرتەبەر تا باشتر کارەکەی فێرببێت، بەڵام لەدوای بەفیڕۆدانی ١٠ مانگ لەتەمەنی خۆی لەکۆتاییەکانی ١٨٦٦ دا گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی. سەردانی مۆزەخانەی لۆڤەرو گالێریی ئیمپرشینیستەکانی کرد بەڵام وادەرکەوت کە هێندە کاریگەریان لەسەر دانەنابێت، بۆیە لەدوای ئەوەوە ئیدی هەرگیز نەچوو بۆ هیچ قوتابخانەیەکی هونەری، لەسەرجەمی هونەرمەندانی تر دورکەوتەوە، دەتوت قسەکانی ئەو سەبارەت بەپێویستی خۆفێرکردن ڕاست دەرچوون،

ساڵی ١٨٦٧ هۆمێر پێینایە دووەمین قۆناغی هونەری خۆیەوە، بابەتی تابلۆکانی دیمەنی جۆراو جۆرو دیمەنی ژیانی لادێ بوون، لەهەمان قۆناغدا هۆمێر یەکەمین ئەزمونی خۆی لەگەڵ بۆیەی ئاویدا دەستپێکرد، کە هەرزوو نیشانەی باشیو سەرکەوتنەکانی لەم شێوە وێنەکێشانەدا دەرکەوت.

"هەڵچوونی دەریا" کە ساڵی ١٨٧٠ کێشاویەتی بەرجەستەترینیانە، کچێك کە لە کەناری دەریا دانیشتووە بەپێی قسەی خێزانەکەی هۆمێر، هونەرمەند لەکاتی خۆیدا حەزی لێ کردوە بەڵام سەرباری ئەوینی سۆزبزوێنی بۆی هونەرمەند بەهۆی دەستتەنگیو نەبوونی پارەوە نەیتوانیوە بیهێنێت.

کارە ئاوییەکانی هۆمێر کەلە هاوینی ١٨٧٣ دا ئەنجام دراونو زۆرتر بەلاسایی کردنەوەی سروشت دەژمێردرێن، بەیەکێ لە کارە بەنرخەکانی دادەنرێن. سادەکردنەوەی بابەتەکانو بەکارهێنانی ئازایانەو بەتوانایانەی ڕەنگە پاکە تێرەکان، پاناییو قوڵایی تابلۆکان فراوانتر دەکاتەوەو کاریگەریی بینینی زیاتر دەکەن.

لەماوەی نێوان ساڵی ١٨٨١-١٨٨٢ دا هۆمێر گەشتێك بۆ بەریتانیا دەكات، هەر لەوێش بۆ یەكەم جار هەوڵو بەربەرەكانیی بەردەوامی دەریاو زەویو مرۆڤ دەبینێ. باڵاترین دەرەنجامی ئەم بیركردنەوەیە دۆزینەوەو ناسینی هونەرمەندانەی یاریو عیشوەنواندنەكانی ڕوناكییە بەسەر ڕوی ئاوەوە، لە ساتە جۆربەجۆرەكانی ڕۆژدا، واتە لە كاتی ئارامیو بێ جوڵەیی یان لە كاتی تۆفانو هەڵچوونەكانی ئاودا.

دوو ساڵ دواتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەمریكا. لەم ماوەیەدا چەندین كاری هونەری پێشكەش دەكات. لەساڵی ١٨٨٥ یەكێ لە بەناوبانگترین تابلۆكانی خۆی "ڕاوی پاشای ماسییان" نمایش دەكات كە ستایشو دەستخۆشییەكی زۆر دەكرێت.

هۆمێر مەگەر بەدەگمەن ئەگینا بەمەبەستی چاوپێكەوتن پێشوازی لەهیچ كەسێك نەدەكرد، چونكە دەبوونە ڕێگر لە بەردەم چالاكییە هونەرییەكانیدا، تا كۆتایی ژیانیشی ژنی هەر نەهێناو بە دەگمەنیش نەبوایە ملی بەچاوپێكەوتن نەدەدا، بەڵام ئەو قسانەی كە هەندێ لەهاوڕێكانی تۆماریان كردوە نیشانەی ئەندێشەی قوڵیی ئەون لە هونەردا، لەیەكێ لە قسەكانیدا هۆمێر دەڵێت:

"ئەو شتەی كە دەیبینیت نابێت یەكسەر وێنەی بكێشیت" بەڵكو دەبێت ئارام بگریتو بەوپەڕی حەوسەڵەو تەحەمولی زۆرەوە چاوەڕوانی ئەو ساتە دەگمەنو سەرسوڕهێنەرە بیت كە تیایدا داهێنانت لەلا دروست دەبێ، كاتێ داهێنانەكە هاتەپێشێو تۆش لەچنگی خۆتدا گرتتو هەستت پێكرد، زۆر



باشە، چونكە ئێستا ئیدی دەتوانیت بە خەیاڵی ئاسودەوە هەر شتێك كە دەیبینی بیخەیتە سەر تابلۆكە.

هۆمێر وەكو ئیمپرشینیستەكان وێنەكێشانی لەڕووبەڕێكی ئاوەڵادا پێ باشتر بوو تا كاركردن لە ئاتلیەو شوێنی داخراودا. جارێكیان لێیان پرسی كە ئایا لە كارەكانی خۆیدا ڕەنگەكانی سروشت دەگۆڕێت یان نەء؟ هۆمێر وەڵامی دایەوە: "هەرگیز، من كە لە ساتێكی گونجاودا بابەتێكم پەسەند كردو لەباقی بابەتەكانی ترم جیاكردەوەو بەتەواوی تیایدا توامەوە ئەوا ڕێك ئەوە وێنە دەكێشم نەزیاترو نەكەمتر، بەهەمان ڕەنگیش كە دەیبینم."

هەڵبەتە ڕیالیزمی هۆمێر لەڕوی ناوەڕۆكو كرۆكی تابلۆكانیەوە لە ڕیالیزمە مولتەزیمەكەی (گۆستاڤ كوربە)[٥١] و هاوبیرەكانی بەتەواوی جیاوازە، هەرچەندە ئەویش حەزی لە سەرلەنوێ نمایشكردنەوەی واقع بوو، چ لەمەڕ خودو چ لەمەڕ پاكیی ڕەنگی ئەو تابلۆیانەی كە دووبارە كردنەوەی سروشت نین، هەروەها وەكو ڕیالیستەكانی فەرەنسا بەدوای دیمەنی تازەو دیدگای تازەوە بوو، لەبارەی ڕوناكیو سێبەری ڕوناكو هەمەچەشنی ڕەنگەكانو ئەو تەكنیكانەی بەكاریهێناون جاروبار لەكاری ئیمپرشینیستەكانی نزیك دەكاتەوە، هەرچەندە ئەمە ئەو ڕووە هاوبەشەیە كە دوراودور دەینوێنێ، بەڵام پرشنگدانەوەی ڕەنگە پاكو پوختەكانو بەكارهێنانی ڕەنگە

**[٥١] ڕابەری بزوتنەوەی ڕیالیستی" گۆستاڤ كوربە (١٨٧٧- ١٨١٩)، وێنەكێشێكی شۆڕشگێڕی فەڕەنسی بوو. هەوڵیدەدا لەتوێی دەربڕینی تایبەتمەندییە فیزیكیو بوونە ماتریاڵیەكانی بابەتەكانی خۆیەوە، ڕاستیەكانی سەردەم بهێنێتە قسە.**

تەواوکەرەکان لەتەنیشت یەکەوە کارەکانی (کلۆد مۆنە[52] ) بەبیر دەهێنێتەوە.

هۆمێر لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا زیاتر لە جاران سەرسامی دیمەنەکانی سروشت بوو، ئادەمیزادو حاڵەتەکانی ئادەمیزاد پلە بە پلە لەڕوانینیدا دەچوونە لاوە، ئەو بابەتەی زۆر حەزی لێبوو جەنگی جاویدانەی دەریاو

**[52] قوتابخانەی ئیمپرشینیزم لەبنەڕەتدا لەلایەن کلود مۆنە (١٩٢٦– ١٨٤٠).و ئالفرد سیسلی‌و کامیل پیسارۆ هاتەئاراوەو ئەم سیانە تاکۆتایی ژیانیان بەرامبەر بەو یاساو بنەمایانەی کەلەم شێوە وێنەکێشانەدا دایانهێنابوو وەفادارمانەوە. بنچینەی ئەم قوتابخانەیە لەکاریگەری چاوتێبڕینی وێنەکێش لەکاتی تەماشاکردنی سات بەساتی بابەتەکەدا، کورت دەبێتەوە. واتە ئەو ڕەنگە پاک‌و پوختە چالاکانەی کەلەیەک تەماشاکردنی خێرادا دێتەبەرچاوی مرۆڤ. وێنەکێشەکانی تری ئەم دەستەیە هەریەکە ڕێگەیەکی سەربەخۆیان گرتەبەر. ڤان کوخ ئیکسپریشنیزم، گۆگان سمبولیزم، سیزانیش ڕوویکردە پۆست مۆدێرنیزم. لەنێو ئەم دەستە پێکهاتووەدا کەجیهانی وێنەکێشانیان بەیەکجاری قڵپ کردەوە، پۆل سیزان ڕۆڵێکی جیاوازی هەیە. ژمارەیەک لەڕەخنەگرەکانی سیزان، سیزان بەکەسێکی گۆشەگیرو دوورەپەرێز لە هەراوهۆریای کۆمەڵگە دەزانن، کە چەندان مانگ خۆی بەچنینەوەی میوەو گوڵەوە سەرقاڵ دەکرد، بەڵام زۆرێکیان لەو باوەڕەدان کەپایەو بناغەی وێنەکێشانی نوێی سەدەی بیستەم لەشەش پاڵوییەوە بیگرە تا ئەبستراکت بناغەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پۆل سیزان.**



گاشەبەردەکانی نیو ئینگلاند بوو، هەڵبەتە دیمەنەکانی دەریا، با، (زۆربەی کات بەبێ مرۆڤ) هۆمێری هەر لەڕۆژە بەراییەکانی نیشتەجێ بوونیەوە لە پروڤیتزنک (پروڤیتزنک لە ولایەتی مین، شوێنی نیشتەجێی هەمیشەیی‌و گۆشەگیری هونەرمەند بوو، تەنیا دوو برای خۆی دراوسێی بوون) یەخسیر کرد. لێهاتویی ئەو بەتایبەتی لە نمایشکردنی حاڵەتی ترسناک‌و ترسهێنەری دەریاو تۆقان‌و تەمومژدا، لەکارەکانی کۆتایی تەمەنیدا، بەناوبانگن.

لە زستانی ١٨٨٤دا بۆ یەکەمین جار چوو بۆ (باهاما)و درەوشاوەیی‌و قوڵی ڕەنگی شینی دەریا، لەرزینی ڕوناکی پرشنگداری هەتاو لەسەر ڕوی شەپۆلەکان، یاری کردنی ڕەنگەکان لە لابەلای جۆرەها گوڵی هەمەچەشن‌و ڕەنگاوڕەنگدا شێوازێکی نوێی لە وێنەکێشانی ئەودا دروستکرد، کەنارەکانی باهاماو بەرمۆدا، کوباو فلۆریدا لەهەموو کارە ئاوییەکانی ئەودا بەتەواوی خۆیان دیارن، ئەمەش ئەو بەرهەمانەن کە زۆرێك لە ڕەخنەگرەکان لەڕیزی باشترین کارەکانی ئەودا دایدەنێن.

کارە ئاوییەکانی سەرەتای هۆمێر زەمینەیەکی نەرم‌و یەکدەستیان هەیە بەڵام هەرزوو بۆی دەرکەوت کە بە بەکارهێنانی ڕەنگی شین‌و سوری درەوشاوەو سپیی بریقەدارو پوخت کە هەموویان بە ڕوناکی‌و گەرمای خۆر سیخناخن دەتوانن تین‌و گەرمی‌و ژیانێکی تر بە تابلۆکانی ببەخشن.

توانای هونەریی هۆمێر، سەرباری زیادبوونی تەمەنی، بەرەو کەمبوونەوە نەچوو. لەدەیەی شەستی تەمەنی خۆیدا ژمارەیەك لەجوانترین بەرهەمەکانی خۆی دروست کرد کە دەرخەری هێزی داهێنەرانەی ئەون، لەوانە (ڕاوی ڕێوی) ١٨٩٣ کە یەکێکە لەجوانترین کارەکانی. لەسەرمای

دوورودرێژو لەبڕانەوە نەهاتووی (نیو ئینگلاند)دا کە بەفر سەرتاسەری خاکی دادەپۆشیّ هەندیّ جار ڕێدەکەوت قەلەباچکە برسییەکان لەتاو بیّ خواردنی هێرشیان دەکردە سەر ڕێوییەکان، لەم تابلۆیانەی هۆمێردا ئاماژەیەك بۆ مرۆڤ بەرچاو ناکەوێت. سروشتێکی دەستلێنەدراوو ژیانێکی سروشتیمان لەبەردەمەو ململانێی مانەوە لەڕوخساری ئەوپەڕی سادەی خۆماندا خۆدەنوێنێت.

گرنگترین خاڵی تابلۆکە کە بەتوانایی هونەرمەند نیشاندەدات بەکارهێنانی ڕازاوەیی‌و جوانی ڕەنگەکانە، جەستەیەکی قاوەیی‌و مەیلەو سوری ڕێوی لەبەرامبەر سپێتی ڕەهای بەفرو ڕەنگی ڕەشی قەلەباچکە، بەرامبەر ئاسمانی خۆڵەمێشی، کە لایەنی ستاتیکیی تابلۆکەی سەد هێندە کردوە.

هۆمێر لەکۆتاییەکانی تەمەنیدا، لەلایەن وڵاتەکەیەوە وەکو گەورەترین وێنەکێش‌و هونەرمەند ڕێزی لێناو خەڵاتی کرد. لێوەشاوەیی‌و مامۆستایی ئەو لە پێشکەشکردنی ئەو تابلۆیانەی پەیوەست بوون بە دەریاوە بەرهەمەکانی ئەوی لە بەرهەمی باقی وێنەکێشە ڕیالیستەکانی تر جیادەکردەوە.

هۆمێر لە تەمەنی ٧٧ ساڵیداو لەڕۆژی ٢٩ی سێپتێمبەری ١٩١٠دا لە دنیا دەرچوو. لەم کاتەدا ئەو لە ترپۆکی خۆشەویستی هونەرەکەیدا بوو، ئەوەی جێگەی تێڕامانیشە توانای داهێنان‌و ئەفراندنی هونەریی ئەو تادەهات زیادی دەکردو هەرگیز کەمی نەکردو ئاوانەبوو: ڕیالیزمەکەی ئەو هەمیشە توانای تەواوی ئەوی بۆ خستنەڕوی حاڵەتە جۆراوجۆرەکانی



بەربەرەکانی‌و هەوڵی هەمیشەیی مرۆڤو سروشت، بەدەوڵەمەندیی کاریگەرانەی ڕەنگەکان دەخاتە بەرچاوی بینەر.

تویياڤی.. دياربييەكانی پاپا لانگی

يان مەرامە ڕەشەكانی پياوە سپييەكە.

ناوی كتێب: پاپا لانگی، پياوە سپييەكە..
ناوی نوسەر: تویياڤی
پياچوونەوەو پێشەكی: ئێريش شێورمان
وەرگێڕانی: خەبات عارف
چاپ: چاپی دووەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠١.

كە يەكەم جار، كەشتييەكی چارۆكەداری سپی بەمەبەستی بلاْوكردنەوەی ئايينی مەسيحی گەيشتە دورگەكانی ساموای نزيك كەنارەكانی دەريای باشور، دانيشتوانی ئەو كۆدورگەيە كە مرۆڤگەلێكی سروشتی و سادەژيان بوون و، تا ئەو ساتەش نە كەشتی و نە هيچ بەرهەمێكی تری پێشكەوتوی دەستی مرۆڤيان نەديبوو، ئەو كەشتييەيان، لە دوورەوە وەكو كونێك لە ئاسماندا هاتە پێش چاو، كونێك كە لەوێوە پاپا لانگی (پياوە سپييەكە) هات بۆلايان، ئەو پياوە سپييەی كە سەد ساڵێك دواتر، لە زمانی ئەفريقييەكی ڕەشپێستی سادە ئەندێشەوە لەبارەيەوە گوترا: "كە هاتن تەنيا خاوەنی ئينجيل بوون، ئێمەش خاوەنی ڕەزو باغو



زەويەكانمان بووين، بەلاْم ئەمێستا بارودۆخەكە وانەماوەو تەواو پێچەوانە بۆتەوە، ئێمە بوينەتە خاوەنی ئينجيلەكەی ئەوانو ئەوانيش بوونەتە خاوەنی زەویو باغەكانی ئێمە".

كەشتييەكەی پاپا لانگی دەگاتە بەرەوە، قەشەو زێڕناسو سيخوڕو پلەداری سەربازی و بازرگانی گەورەو هەمەچەشنو.. هتد، كە هەريەكەيان بە ناونيشانو دەمامكێكی ساختەوە هاتوون بۆ دورگەكانی "ساموا"ی نزيك دەريای باشوور، هەريەك لەژێر چەترێكدا هاتوون ولاْتەكەی تۆيياڤی تالاْن بكەن، گەر بۆيان كرا پرۆسەكە بێ سەرئێشە بە ئەنجام بگەيەنن، خۆگەر بچوكترين بەرهەڵستی لەلايەن دانيشتوانەكەوە نيشاندرا ئەوا وەكو ڕەگەزی "تاسميني "و "هێرێرۆ"ی ئەفريقايان بەسەر بێنن: (زەبرو زەنگ وای لێهات كەزارۆكو ژنانيش لە كونەكانی خۆيان دەهێنرانەدەرێو مێشكيان دەپژاندن)[٥٣]. ساڵی ١٨٥٩ لەسەرجەم ڕەگەزی تاسمينی تەنيا نۆ ژن مابوون كە هێندە پير بووبوون منداڵيان نەدەبوو. دواترين پياويشيان (وليم ئيانی) بوو، ساڵی ١٩٦٩ مرد، كە بەرلەوەی بنێژرێت كەللە سەرەكەی دزراو، پاش ناشتنيشی گۆڕەكەی هەڵدرابۆوەو ئێسكەپەيكەرەكەی برا[٥٤].

سەرنشينە هەمەچەشنەكانی كەشتييەكە دابەزين، هەر لە يەكەم ساتی گەيشتنيانەوە دەستيانكردە پراكتيزەكردنی ئەو نەخشەو پيلانانەی بۆی

**[٥٣] دڕندەكان تاكڕبكەن، نوسينی شڤين ليندكڤيست، ڕێبوار ڕەشيد لە سويدييەوە كردوويەتی بە كوردی – چاپی يەكەم – سويد – ستۆكهۆڵم ١٩٩٥. ل١٥٥.**

**[٥٤] هەمان سەرچاوە ل١٥٦.**

هاتبوون. کڵێسایان دروستکرد و داوایان له خەڵکی کۆدورگەکە کرد هەرچییان هەیەو هەرچییان نییە ببەخشن بە عیسای ڕزگارکەر، عیسای کوڕی خوا، ئەو عیسایەی گوایە بەمەبەستی ڕزگارکردنی ئێمەی مرۆڤ بەسەر خاچەوە گیانی بەخشیووەو دواتریش وەکو تروسکەی هێوایەك زیندوبۆتەوە، ئەو عیسایەی کاتێ شوێنکەوتووەکانی گەیشتنە ئەمریکاو دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ئەمریکاش بەرهەڵستییان کردو ڕازی نەبوون ژیانو چارەنوسی خۆیان بدەنەدەست کۆمەڵێ غەوارەی چاوچنۆك، قەتڵو عامێکیان بەرێخست کە هەتا هەتایە بیر ناچێتەوە. (لەو شوێنەدا کە ئینگلیزەکان دێن بۆ نیشتەجێ بوون دەستێکی خودایی ڕێگەکە پاك دەکاتەوە بۆ ئەوەی هیندییە سوورەکان دووربخاتەوە[٥٥]).

پاش ماوەیەك کەشتییە سپییە چارۆکەدارەکە دەگەڕێتەوە بۆ وولاّتەکەی خۆیو لە جیاتی قەشەو هەندێك کەسی تر کە بە مەبەستی تایبەتی لە دورگەی ساموا دەمێننەوە، "توییاڤی"ی سەرۆکی خێڵەکانی کۆدورگەکە بە خۆیو کلتوورو ئایینو ئەندێشە ساکارو نیگا بەریئە منداڵانەکەیەوە سوار دەبێت دەیەوێت گەشتێ بۆ وولاّتی پیاوە سپییەکان بکاتو هەندێك دنیا ببینێ. توییاڤی یەکەمین گەشتی خۆی دەکاتو هێندەی پێویست بکاتو بۆی بلوێت لە ولاّتی پیاوە سپییەکاندا دەمێنێتەوە، حەزدەکات هەمووشتێ لە بارەی ئەم بوونەوەرە سەرشێتەوە بزانێت کە ژیانو بیرکردنەوەی خۆی بە کۆمەڵێ شتی خراپو ناپێویست بارکردوە، سەر ئەنجام لە سروشتو گیانی پیرۆز (خودا)و ئەوینی ڕاستەقینە

[٥٥] هەمان سەرچاوە ل١٥١.



دووریخستۆتەوەو کردویانەتە کۆیلەیەکی بێ ئیرادەی بەرهەمە دەستکردەکانی خۆی. توییاڤیی نەشارەزاو زماننەزان، پاش ماوەیەك ژیان لە ولاّتی پاپالانگی، کۆتایی بە گەشتەکەی دێنێتو دەگەڕێتەوە بۆ زێدەکەی. بەپێی نەریت دانیشتوانی کۆدورگەکە دێن بۆ لایو بەخێرهاتنەوەی دەکەنو داوای لێدەکەن لەمەڕ گەشتەکەیەوە بۆیان بدوێ، خۆشیو ناخۆشیەکان، جوانیو ناشرینییەکان، باشیو خراپیەکانی ولاّتی پیاوە سپییەکەیان بۆ باس بکات. توییاڤیش، پاش خواردنەوەی کاڤاکەی، ورد ورد دەکەوێتە گێڕانەوەی هەموو ئەو شتانەی دیونی. سالاّنێك دوای ئەوەش کە "ئێریش شێورمان" سەریدەداتو دەبنە ئاشنا، دەستنوسی ئەو قسانەی دەداتێ، پاش ماوەیەك دوای ئەم سەردانە ئیریش بەهەندێ دەستکارییەوە ئامادەی دەکاتو پێشەکییەکی بۆ دەنوسێتو بەزمانی ئەڵمانی بلاّوی دەکاتەوە، کەزۆر ناخایەنێت بۆ زۆربەی زمانە ئەوروپییەکان وەردەگێڕدرێتو دەبێتە مایەی مشتومڕێکی گەرموگوڕ.

توییاڤی لەو قسانەیدا، کە خەبات عارف لە سویدیەوە بە زمانە پاراوە تایبەتەکەی خۆی کردویەتی بە کوردی و جاری یەکەم ساڵی ١٩٩٤ لە ولاّتی سوید چاپو بلاّویکردۆتەوە، لەسەر زۆر باسوخواسی ساکار لە ڕواڵەتو قوڵو گرنگ لە ناوەڕۆکدا وەستاوەو قسەوباسی کردوە. ئەگەرچی توییاڤی بە زمانی خێڵەکەی دەدوێو تەنها نەریتی سادەو ساکاری خۆیانو واقیعی وەکو سەرچاوەیەك بۆ ڕاستی قسەکانی بەکارهێناوە، بەلاّم زۆر بە دەگمەن نەبێت خوێنەر هەست بەوە ناکات کە ناوبراو زێدەڕۆیی لە بۆچوونەکانیدا کردبێت، بە تایبەتی ئەگەر ئەو ڕەخنانەی توییاڤی لەگەڵ هەلومەرجی ژیانو

گوزەرانی وڵاتی پیاوە سپییەکەی کاتی گەشتەکەی ناوبراو بەراورد بکەین. هەڵبەت جگە لە پێشەکییەکەی "ئێریش شێورمان" کتێبەکە لە یازدە بەش پێکهاتووە، کە توییاڤی هەریەکەیانی تەرخانکردوە بۆ باسو خواس لەسەر دیاردەیەك یان لایەنێکی ژیانی پیاوە سپییەکە، کە زۆربەی جار دەکەوێتە ناو باسکردنێکی وردی ئەو بابەتەو بەراوردکردنی بە ژیانی ساکاری خۆیانو ئاگادارکردنەوەی گوێگرەکانی تا نەکەونە ژێر کاریگەری ئەو بەڵێنو گفتانەی کە پاپالانگی لە پەیوەند بەو ئاکامو بەرهەمەی شارستانییەتەکەی خۆی، بەخەڵكو دانیشتوانی وڵاتە دوورە سەرەتاییەکانی دەداتو جگە لە تراویلکەیەکی هەڵخەڵەتێنەرانە هیچی تر نین.

کۆی ئەو ڕەخنەو سەرنجانەی کە توییاڤی لە وڵاتی پاپالانگی "ئەوروپا" هەیەتی، واقیعنو ئەم واقیعەش ئاکامێکی لەچارنەهاتووی کۆمەڵگەو ژیانی ئەو هەرێمانەیە، کە لە ڕووی سروشتییەوە ژیان تیایاندا هێندە سەختە کە مرۆڤەکان ناچارن، لە مرۆڤەکانی ناوچەی هێڵی یەکسانی زیاتر، مێشکیان بخەنەگەڕو زیاتر بیربکەنەوە، تا بتوانن درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن، بۆیە لە وڵاتی پاپالانگیدا بیرکردنەوە بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانو ڕێکخستنی گەشەی کرد، کە ئەمەش دواتر گەشەی کۆمەڵگەی بەدوای خۆیدا هێنا، شارستانی گەشەیکرد، پیشەسازی گەشەیکرد، لەگەڵیشیاندا تراژیدیاکانی "ستەمی مرۆڤ لەسەر مرۆڤ، موڵکداریەتی تایبەتی، و..هتد" گەشەیان کرد، مرۆڤ لە کارەکەی خۆی نامۆبوو، مرۆڤ لە خۆی نامۆ بوو، خۆرئاوا بوو بە مۆڵگەی مرۆڤە نامۆکان، ئەو مرۆڤانەی وەکو توییاڤی دەڵێت: (جەستەی



خۆیان دەشارنەوەو شەو ڕۆژیش باسی دەکەن[٥٦]، لە خانوو باڵەخانەگەلێکی ئەملاو ئەولا قەپاتکراودا دەژینو بەئاستەم نەبێت هەوایان بۆنایەتە ژوورەوە[٥٧]، ئەو مرۆڤانەی بوونەتە کۆیلەی پارەو شەو ڕۆژ بە دوایدا فڕکان فڕکانیانەو کەچی هەر نیشیانە[٥٨]، هەر هەژارو هەر ناشادن، ئەو مرۆڤانەی کاتیان بۆ هیچ شتێ نییەو[٥٩] هەمیشەش ڕاکەڕاکەیانە بەدوایداو قەتیش فریاناکەون، ئەو مرۆڤانەی نیعمەتەکان دابەش دەکەنو گەر بۆیان بلوێت هەر هەمووی هەڵدەگرن بۆ خۆیانو هیچی لێ نادەن بە برا برسیەکەیان[٦٠]، ئەو مرۆڤانەی هەموو ژیانیان بووە بە دووڕوییو نەخۆشی و... هتد.)

هەر لە خوێندنەوەی یەکەمین لاپەڕەی کتێبەکەوە خوێنەر ڕای ڕوونو ئاشکرای توییاڤی تێدەگات، کە هەتا سەر ئێسك دژی ئەم ژیانو هەلومەرجو دیاردەو ئاکامە لە چارنەهاتوانەی وڵاتی پیاوە سپییەکەیەو پێیوایە ئەوە جۆرێکە لە دەبەنگی پیاوی سپیو لە غەزەبی گیانی زیندو (خودا) چونکە پیاوی سپی بە دروستکردنی ئەو شتانەی دروستیکردون ویستویەتی لاسایی خوا بکاتەوەو خواوەندیش ڕقی لێهەڵگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توییاڤی ویژدانیانە مامەڵەی لەگەڵ تەوەنەکاندا کردوەو بریقەی ئەشق بۆ ژیانی لە

---

[٥٦] **پیاوە سپییەکە، نوسینی: ئێریش نیورمان، وەرگێڕانی خەبات عارف، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، لاپەڕە.**

[٥٧] **هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢١.**

[٥٨] **هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٣٠.**

[٥٩] **هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٤٦.**

[٦٠] **هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٥٢.**

چاوی منالآنی پیاوە سپییەکەی لە بیرنەکردوەو دەلێت: "منالآنی پیاوە سپیەکە تا ئەو کاتەی بە پارە ئاشنا نەبوون، پرشنگی ژیان لە چاویاندا بریسکە دەدات".

ئاشکرایە زۆربەی ئەو ڕەخنانەی کە توییاڤی لە شارستانیەتی خۆرئاوای دەگرێت، ئێستاشی لەسەر بێت هەر ماونو تادێت قولترو قولتر دەبنەوە، هەر هەمان ئەو دژیویانەشن کە بیریارانی بیری نوێگەرییو پاش نوێگەری خۆرئاوا بەبرینەکانی جەستەی ژیاری خۆرئاوا ناودێری دەکەن.

لە کۆتاییدا توییاڤی دەیەوێت بلێت: "پیاوە سپییەکە دەیەوێت بەخۆی و گەنجینەکانیەوە خۆی بگەیەنێتە لامان، بۆ ئەوەی ئێمەش داراو دەولەمەند بین: بەلآم ئەو شتانە جگە لە تیرێکی ژەهراوی هیچی تر نین، کە لە سنگی هەر کەسێك هەلچەقن دەیمرێنن. گوێم لێبوو پیاوێك کە زۆر چاك بە خاکەکەی ئێمە ئاشنایە دەیگوت: (دەبێت ناچاریانکەین بە پێویستی) ئەو پیاوە مەبەستی ئەوە بوو کە ئێمەش دەتوانین هێزی دەستی خۆمان بۆ دروستکردنی شت تەرخان بکەین، شت بۆ خۆمان، بەلآم دەبێت بە پلەی یەکەم بۆ پیاوە سپییەکە بێت[61].

[61] هەمان سەرچاوە .

ئەلێکس هالی..

ڕەگەکان، چیرۆکی زەوتکردنی مرۆڤایەتیی قولەکان.

ناوی کتێب: ڕەگەکان

ناوی نوسەر: ئەلێکس هالی

ناوی وەرگێڕ: کەریم دەشتی

چاپ: چاپی یەکەم، دەزگای موکریان، ٢٠٠٢.

ئەم کتێبە (٨٨٨) لاپەڕەییەی (ئەلێکس هالی) ئەگەرچی سەرگوزشتەئامێزەو زۆربەی ڕوداو و پێشهاتەکانی ناوی زادەی خەیاڵی نوسەر خۆیەتی، بەڵام هێندە بە شێوازێکی واقیعی سو نزیك بە ژیانی خەڵکی ستەمدیدەی ئەفریقا نوسراوە، دەکرێت وەکو دیکۆمێنتێکی مێژوویی بۆ هەلومەرجی ژیانو گوزەرانی ئەو ئەفریقییە بە زۆر کۆیلەکراوانە بیژمێرین کە بازرگانانی کۆیلەی بەرەچەڵەك ئەوروپیو ئەمریکی بەهاوکاریی گوندەو شەرلاتییە بەدفەڕە ئەفەریقییەکان لە نێو ماڵو منداڵو کەسو کارو نیشتمانی ئارامی خۆیاندا دەیانفڕاندنو بە زۆری چەكو سەرەنێزە ویستو



ئیرادەی ئازادو مرۆییانەیان پێشێل دەکردنو لە بەرامبەر مشتێ دۆلاری دەستکردی مرۆڤ خۆیدا بە کۆمەڵە مرۆڤێکی تریان دەفرۆشتنەوە.

ئەم کتێبە، یەکێ لەو هەزاران مەرگەساتەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لاوێکی ئەفریقی خەڵکی گوندی دووشبزە دووچاری هاتووە، ئەو دەیان ستەمو زوڵمەمان بۆ بەرجەستە دەکات کە لەو مرۆڤە بێوەیو بێ زیانانە دەکرێت، بێئەوەی بستەزەمینێکی کەسێکی دیبیان داگیر یان تالآن کردبێ. باس لەوە دەکات کە چۆن بە زۆری زۆردارەکی مرۆڤگەلێ بەهۆی جیاوازی ڕەنگیانەوە لە زێدو خوێشانیان هەڵدەوێردرێنو بەشێوازگەلی جۆربەجۆری نامرۆیی بوونی مرۆڤانەو ئیرادەی ئازادانەیان وردوخاش دەکرێت. ئێمە لێرەدا هیچ کامێ لەو ڕوداوە دڵتەزێنانە باس ناکەین کە بەسەر کەسایەتییەکاندا هاتوون، لەلایەکەوە لەبەرئەوەی ڕوداوەکان زۆرنو لە خوێندنەوەیەکی ئاوادا فریای هیچ ناکەوین، لەلایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی ڕوداوەکان یەك بەیەکیان جەرگبڕنو مرۆ مەگەر تەنیا لە سیاقی خوێندنەوەی وردی کتێبەکەدا، ئەو بارە دەروونییەی بۆ پێك بێت کە بتوانێت تاسەر گوێ بۆ ڕوداوگەلێکی ئاوا دڵتەزێن ڕادێرێ“ هەر لە بەتەور بڕینەوەی نیوەی قاچی ڕاستی "کۆنتاکینتە" تا ئەوەی بەهۆی ئەوەی کیژەکەی یارمەتی کوڕێك بۆ هەڵاتن دەدات کیژەکەی لێ جیا دەکەنەوەو دەیفرۆشنو، چیدیو بۆ هەتاهەتایە چاویان بەیەك ناکەوێتەوە.

کۆنتاکینتە کە لە تەمەنی (١٧) ساڵیەوە لە ئەفریقاوە هێنراوەتە ئەمریکا، لە دوای ئەوەی "دیزی"ی کچی دەفرۆشرێت ئیدی لە مەیدان نامێنێو نوسەر لە ڕێی باسکردنی مەینەتیەکانی کچەکەیەوە ئاماژە بۆ

زۆربەی ئەو ستەمانە دەکات کە لەتوێژی کیژانی کۆیلە دەکرێن، کە چۆن پارەدارە سپیەکان ئەمانەیان بۆ هەوەسبازی خۆیان دەکڕیو بەتۆپزی پەردەی کچێنیان دەدڕینو لەو منداڵانەیش کە زۆرجار چ وەك ڕەنگو چ وەك شێوەی ڕوخساریش لە خۆیان دەچوون، خۆیان نەبان دەگرت.

ئەم کتێبە هەر بە تەنها دیکۆمێنتێکی ڕاستگۆ نییە بۆ باری کۆیلە بەزۆر فرێنراوەکان، بەڵکو بۆ خۆیشی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندو زیندوە بۆ شارەزابوون لە زۆر کەشو سروتو ڕەوشی کۆمەڵایەتیو ئایینی کە ئێستاشی لەسەر بێت لە نێو دانیشتوانی کیشوەری ئەفەریقادا هەروا ماوە.

هەڵبەتە ئەم کتێبە بە قوڵایی مێژووی ئەم دیاردەیەدا ڕۆنەچووە، چونکە بەدەیانو سەدان ساڵ بەر لە ڕفاندنی "کونتاکینتە" کۆیلەیەتی هەبووە، دروست لە دوای قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتاییەوە ئەم دیاردەیە هاتووەو گەشەیکردوە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هەزار ساڵێ پێش ئەو کاتەی کە کۆنتاکینتەی تیا دەرفێنن، بەڵام ئەوەی وایکردوە نوسەر ئەم مێژووە بۆ سەرەتای داستانەکەی دابنێ ئەوەیە، لەو ماوەیەدا بووە کە سپی پێستەکانی ئەوروپاو ئەمریکا دەستیان بەم کاسپیە تەڕبووەو فێری ڕفاندنو بەزۆر کۆیلەکردنی دانیشتوانی سڤیلی ئەفریقا بوون.

نوسەر، وەکو لە دوایین لاپەڕەکانی کتێبەکەدا بۆمان ڕووندەکاتەوە، بە حەوت پشت دەچێتەوە سەر کۆنتاکینتە، ئاشکرابوونی ئەم نهێنییەش چەندێك خۆشەویستی کۆنتاکینتە بۆ وڵاتو کلتوورو زمانەکەی خۆی کە هەندێ لە وشەو ئاماژەکانی فێری دیزی کچی دەکاتو دواتر ئەویش یەك



بەیەك منداڵو نەوەکانی خۆی فێردەکات ڕۆڵی تیادا دەگێڕێ، ئەوەندەش ڕێکەوت ڕۆڵی تێدا دەگێڕی.

تایبەتمەندییەکی تری ئەم بەرهەمە ئەوەیە کە کتێبی هەموو کاتو ساتێکە، خوێنەر گەر سەد ساڵی تریش بیخوێنێتەوە هەر هەمان ئەو هەستەی لەلا دروست دەبێت کەئێستا لای خوێنەرێك دروست دەبێت، ئەویش ئەوەیە کە:

ژیارو شارستانیەتی خۆرئاوا بەگشتیو ئەمریکا بەتایبەتی لەخۆوە بەم قۆناغەی ئەمڕۆی نەگەیشووە، بەڵکو چەندان قۆناغی جۆراوجۆرو جیاوازی مێژوویی بڕیوە کە زۆرینەی پانتاییەکەی ستەمە بەگشتیو ستەمی مرۆڤ بۆمرۆڤە بەتایبەتی.

نوسەر مەبەستی بووبێت یان نا، لەدوا دێڕەکانی کتێبەکەیدا هەلومەرجی داسەپاو بۆ ڕزگاربوونی کۆیلەکانی بەستۆتەوە بە پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، کە ئەویش بۆ خۆی بەرئەنجامی پێشکەوتنی هێزەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیە، کە چۆن ئەو پێشکەوتنە دەگاتە ئاستی تەقینەوەو دواتر ڕەوشێکی درێو نەك هەر لەناو کۆیلە ڕەشەکاندا دروست دەکات، بەڵکو ئەو ڕەوشە خراپە سپیپێستە هەژارو بێنەواو بێدەرەتانو ئابوری نزمەکانیش دەگرێتەوە، کە دواتر بزوتنەوەیەکی مێژوویی لێبەرهەم دێتو بزوتنەوەکەش بەهۆی ڕۆڵی پێشڕەویی کەسێکی وەکو "ئەبرەهام لینکۆڵن" گەورەترین شۆڕش لەمێژوی جیهانو ئەمەریکادا بەرپا دەکاتو بەمشێوەیە مرۆڤایەتی لە قۆناغێکەوە پێدەنێتە قۆناغێکی تر و بۆ هەتاهەتایە قۆناغی کۆیلایەتی پشتی سەر دەنێت.

لەدوا لاپەڕەکانی کتێبەکەدا کە هاوکاتی بڵاوبوونەوەی یاسای ئازادکردنی کۆیلە ڕەشپێستەکانە، نەوەکانی کۆنتاکینتە مەزرای ئەو بنەماڵەیەی کەچەند ڕۆژێ لەوەوبەر خاوەنیان بوو، بەجێدەهێڵن‌و دەڕۆن، دەڕۆن بۆ سەرزەمینی بەڵێنپێدراو، ئەو سەرزەمینەی لەکتێب‌و پەراوە پیرۆزەکاندا بە زەوی پیرۆز ناوی هاتووەو، بەقسەی ئەوان‌و (جۆرجە جوجە)ی کچەزای کۆنتاکینتەو باپیرە گەورەی نوسەر کانگای خۆشی‌و بەختەوەری‌و ماف‌و دادوەری هەمەلایەنەیە، دەڕۆن‌و دڵ پڕ لە هیوای ئازادین، ئەو ئازادییەی کە زۆری نەخایاند هەندی لەکۆیلە ئازادبووەکان لێی بێزار بوون‌و خۆزگەیان بە سەردەمی کۆیلایەتی دەخواست، چونکە برسێتی‌و بێکاری برستی لێبڕیبوون. . گەیشتنە ئەوی بەڵام لەوێ توشی شۆك بوون، چونکە ئەو ئازادییە مابووی هەموو سنورو جیاوازییەکان کۆتایی پێبهێنێت، کاتی دەویست لەڕوی پراکتیکیەوە موبەموو وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، بۆیە سەرەتا بەهۆی فرۆفیشاڵی هەندێ سپی پێستی تازەپیاکەوتوو نەدەبوو کۆیلە ڕەشە ئازادبووەکان خاوەنی پرۆژەی ئابوری‌و پیشەسازی سەربەخۆی خۆیان بن، دەبوو کارگەرو کرێگرتەی سپییەك بن، ئەوجا دەتوانن کار بکەن، بەرهەم بهێنن، سەرزەمینێکی کاکی بەکاکی و چۆڵ‌و هۆڵ جگە لەسپییەکی لات‌و بێنەوا کەسی تری لێنەبوو، کە ئەوانیش هەندێکیان سەربازی پەراوێزیی پێگەی کۆمەڵایەتییان دەیانویست بەسەر ڕەشە ئازادبووەکاندا گوندەیی‌و کوێخایەتی بکەن. بەڵام هەر زوو ڕوداوەکان ئەو لەمپەرانەیان ڕامالی‌و بە یەکجاری کۆتایی بە شێوەیەك لە شێوەکانی



کۆمەڵگە (کۆمەڵگەی کۆیلایەتی)و جۆرێك لە جۆرەکانی ستەمی مرۆڤ بۆ مرۆڤ هات‌و چووە توێی یادەوەرییەوە.

## تەیب ساڵح.. چیدی بۆ باکوور کۆچ ناکات[٦٢]

ناوی کتێب: موسم الهجره الی الشمال

نوسینی: تەیب ساڵح

تەیب ساڵح، نوسەرێکی بوێرو ڕیالیستی ڕەسەنە، کە هێندەی دووریی جەمسەری باکورو باشور لەیەکترییەوە لە بێنەوبەرەی خۆدەرخستنو بەدەستهێنانی ناوبانگ، کەزۆربەی نوسەرانی هاوچەرخ بەدوایدا هەڵپەیانە، دوورە.

ساڵی ١٩٢٩، لەهەرێمی باکوری سودان لەنێو ژاوەژاوو هەراوهۆریای خێزانێکی جوتیاری هەژارو ئایینپەروەردا لەدایکبووە. ئەم کەشوهەوا ئایینییەش زۆر بەزەقی لەتوێی بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوەو کاریگەری داناوە، تا ئەو ڕادەیەی زۆربەی جار ئەو کێشەومەسەلە مرۆییانەی کە بەهۆی تێکستە ئایینییەکانەوە تابۆ کراون تەوەری سەرەکیی نوسینەکانی پێکدەهێنن، ئەو بەکەمی دەنوسێت، بەرهەمەکانی ئەگەرچی

[٦٢] بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕانانە سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

*گیب صالح کاتب واقعی الاصیل، تالیف: عدنان حسین، مجله الیقافه الجدیده عدد (٢) سنه ١٩٨٣، بغداد.

/showthread.php٢http://www.alsakher.com/vb



بەزمانێکی زۆر ناوخۆیی شێوەزمانی سودانین، بەڵام لەڕادەبەدەر ئەدەبیو ڕەسەننو خەرمانەیەك لە پرسیاری هەمەچەشنو تەمومژاوی تانوپۆی تەنیون.

ئێمە لەدوو توێی نوسینێکی وا کورتدا بە وردەکاریەکانی ژیانی ئەم ڕۆماننوسە ڕۆشنبیرو بوێرەی عەرەبدا ڕۆناچینە خوارێ، تەنها مەبەستێکیشمان لەم نوسینە بەسەرکردنەوەو نمایشکردنێکی سەرپێییانەی ڕۆمانی (وەرزی کۆچکردن بۆ باکوور)ە کە لە ڕێیەوە ناوبانگێکی فراوانی بۆ بەدەستهێنا، بەتایبەتی لەپاش ئەوەی وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزیو ڕوسیو لەماوەی مانگێکدا زیاتر لەملیۆنێ لە چاپە ڕوسییەکەی فرۆشراو تا هەنوکەش جێگەی ڕەزامەندی و ستایشی ئەدیبانو ڕەخنەگرانی عەرەبە.

سەرەتای ڕۆمانەکە بەگەڕانەوەی کەسێك لە ئەوروپاوە بۆ ئەو گوندەی پاڵەوانی ڕۆمانەکە (مستەفا سەعید)ی تیادا دەژی دەست پێدەکات، خەڵکی گوند لە دەوری کابرا کۆدەبنەوەو هەریەکەو پرسیارێکی لێدەکەن، پرسیارگەلێ کە زۆربەیان سادەو ساکارنو دەرخەری ساویلکەیی و نزمیی ئاستی بیرکردنەوەو ژیانو گوزەرانی خەڵکی ناوچەکەیە. لەم نێوەدا تەنها کەسێ کە بێدەنگ دادەنیشێتو پرسیار ناکات (مستەفا سەعید)ە. ڕۆژی دواتر کابرای تازەگەڕاوەو کەسێکی تری ئاوایی لەشوێنێك دانیشتوونو خەریکی خواردنەوەن، لەم کاتەدا مستەفا بەلایاندا تێپەڕ دەبێت، داوای لێدەکەن لابداتە لایانو پێکێ بادەیان لەگەڵدا بخواتەوە، سەرەتا ڕازی نابێت، بەڵام بەهۆی سووربوونی ئەوان لەسەر داواکارییەکەیان ناچار دەبێت دڵیان نەشکێنێ. پێکێ.. دوان.. سیان.. چوار دەخواتەوە، تا بەتەواوی

مەست دەبێتو کۆنترۆڵی خۆی لەدەستدەدات، وردە وردەو لەبەرخۆیەوە دەست دەکاتە ووتنی شیعرێك، بەڵام بەزمانێکی ئینگلیزیی پاراوو بێ‌گرێو گۆڵ، شیعرەکە چامەیەکی ناسکەو لەمەڕ جەنگی جیهانی یەکەمو هەندێ حاڵەتی مرۆیی ئەو جەنگەیە:

ئافرەتانی ڤلاندەر
چاوەڕوانی ونبووەکانن
چاوەڕوانی ئەو ونبووانەن کە هەرگیز کەنارەکان جێناهێڵن..

تەنها شتێك کە خەڵکی ڕەشۆکی گوند لەبارەی مستەفاوە دەیزانن ئەوەیە کە: جوتیارێکەو خانوویەکی بۆ خۆی دروست کردوەو کێڵگەیەکی کڕیوەو یەکێك لەکچەکانی مەحمود ژنیەتی و خاوەنی دوو منداڵی ژیکەڵەیە، بە ڕواڵەتیش کابرایەکی خراپ دیار نییە.

ڕۆژێك کابرای تازەگەڕاوە دەچێتە کێڵگەکەی مستەفاوە، دەبینێت بەشەڕواڵێکی فشو دڕاوو دەموچاوی قوڕاوییەوە سەرگەرمی هەڵکەندنی چاڵێکە بەتەنیشت درەختێکی پرتەقاڵەوە. کابرا بەگیری دەهێنێت کە نهێنی شیعرە ئینگلیزییەکەی بۆ بدرکێنێت، مستەفاش سەرەتا بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونو هاوسنگییەوە هەوڵ دەدات بەبیانووی ئەوەی کە قسە لە مەست ناگیرێت گوایا سەرخۆش بووە مەسەلەکە تێپەڕێنێ، بەڵام کابرا وازی لێناهێنێت تا ناچاری دەکات گرێی نهێنیەکەی بۆ دەکاتەوە.



ئاڵۆزیی ئەم ڕۆمانە بەجۆرێکە، ئایینو سیاسەتو فەلسەفە تێکەڵاوی یەکتر دەبن، ئەمەش زۆرتر ڕەنگدەرەوەی ڕەوشی دەرونیی و فیکریی کەسانێکە کە هەر لە ئەزەلەوەو تا ناکۆتا ماندوون.

شێوازی نوسینی ئەم ڕۆمانەی تەیب ساڵح هێندە قەشەنگو بوێرانەیە هیچی لەنوسەرە جیهانیەکان کەمتر نییە. ڕۆمانی (وەرزی کۆچکردن بۆ باکوور) کۆچکردنە لەگەرمای پرۆکێنەرو جارسکەری ناوەڕاستی ئافریقاوە بۆ سەرماو شەختەی زستانی بێبەزەیی باکوری خۆرئاوا، لەلادێیەکی کلۆڵی سودانەوە بۆ شارستانیەتی ئەوروپاو سکیولاریزمی کۆمەڵگەی لەندەنی.

مستەفا سەعید وەك سەرەتایەك بۆئەوەی نهێنی شیعرە ئینگلیزییەکە بە کابرای تازەگەڕاوە بڵێت، تۆپەڵێك پەڕە کاغەزو کەلوپەلی پێچراوەی دەداتە دەست. ئەویش یەکێ لەپەڕە کاغەزەکان کە ناسنامەی لەدایکبوونی مستەفایە دەگرێتە دەستیەوەو دەست دەکاتە خوێندنەوەی:

ناو: مستەفا سەعید، لەدایکبووی: خەرتوم، بەرواری لەدایکبوون ١٦ی ئابی ١٨٩٨، باوکی مردوە... پاشان پەساپۆرتەکەی کە ساڵی ١٩١٦ دەریهێناوە، دەگرێت بە دەستیەوە، پیشە: خوێندکار، لەقاهیرە تازەکراوەتەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٢٦ لە لەندەن نوێکراوەتەوە، ساڵی ١٩٢٩ پەساپۆرتێکی تری دەرکردوە، زۆریی ئەو مۆرو ئیمزاو زانیاریانەی ڕووپەڕی لاپەڕەی پەساپۆرتەکانی مستەفایان ڕەش کردۆتەوە کابرای توشی سەرسوڕمان دەکات، بەڵام مستەفا زوو بەفریای دەکەوێو دەست دەکاتە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی:

لەخەرتوم لەدایک بووم، بەر لەوەی لەدایک بم باوکم مردبوو، بۆیە لەگەڵ دایکما دەژیام، دایکم کەسێکی زۆر سەیر بوو، پەیوەندیشمان بەیەکترییەوە وەکو پەیوەندی دوو کەس وابوو کە ڕێکەوت کۆیکردبێتنەوە. ڕەنگیشە من لای ئەو سەیر بووبێتم، زۆر بەیەکەوە قسەمان نەدەکرد. چوومە قوتابخانەو تیایدا سەرکەوتوو بووم بەڵام هەرگیز بە پیاهەڵدانی مامۆستاکانم دڵخۆش نەدەبووم، کاتێکیش غەمبار دەبووم نەدەگریام، گرنگترین پرسیاری ماتماتیکم حەلدەکردو توانای لەبەرکردنی ئەو وانانەم هەبوو کەسەرجەمی خوێندکارەکانی تر لە لەبەرکردنیدا دەستەوەستان بوون. پاشان چوومە ناوەندیو فێری زمانی ئینگلیزی بوومو دەمتوانی وەکو هەر هاوڵاتیەکی ئینگلیز پێی بدوێم. بەرەو قاهیرە کەوتمەڕێ، پاشان بەرەو ئینگلتەرا، چونکە چیتر سودان شتێکی پێنەدەبەخشیم. بێفرمێسک ڕشتن دوعاخوازیم لەدایکم کرد. لەوێش خۆم هیلاک کردو زۆرم خوێندەوە تاسەرئەنجام سەرکەوتنم بەدەستهێناو بوومە مامۆستا لەزانکۆکەی خۆمان. هێشتا (٢٤) ساڵم تێنەپەڕاندبوو ئابوریشم خوێند، شیعرم دەخوێندەوەو لەبارەی ئاینو فەلسەفەوە دەدوام، ڕەخنەم دەگرتو لەبارەی ڕۆحیاتی خۆرهەڵاتەوە گفتوگۆم دەکرد. بەڵێ لەبارەی هەموو شتێکەوە دەدوام، تاسەرئەنجام ئافرەتێکم پێ ڕادەکێشایە نێو پێخەفەکەمەوە... هتد.

مستەفا سەعید لەگەشتەکەیدا بۆ لەندەن قۆناغێکی گەورە دەبڕێت، هێشتا (٢٤) ساڵی تەمەنی تێنەپەڕاندوە دەبێتە مامۆستا لە بەشی ئابوریی زانکۆیەکی خۆرئاوایدا، کە ئەمە لەبەردەم مرۆڤێکی خۆرهەڵاتیدا زۆر کار ئاسان دەکاتو ئەوەی بە نەستی پیاوێکی خۆرهەڵاتیدا دێت بۆی دەستەبەر



دەکات، کەچی پاڵەوانە ئەتوار نامۆو زیرەکەکەی ڕۆمانی (وەرزی کۆچکردن بۆ باکور) بەڕێی خۆیدا دەگەڕێتەوە بۆ سودانو دواتر بۆ گوندێک، بەمەندەشەوە ناوەستێت بەڵکو خۆی فڕێ دەداتە ڕوباری نیلەوەو کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێت.

یەکێ لەو نێچیرانەی دەکەونە داوی مستەفا سەعیدەوە ئافرەتێکی لوتبەرزی ئینگلیزە، کە ناوی (جین موریس)ە، پێیدەڵێت: تۆ مرۆڤێکی ناقۆڵایت. ئەم قسەیە ناچاری دەکات بەدوی نێچیرێکی تردا بگەڕێت.. خۆیشم نەمدەزانی چ شتێک (ئان هێمند)ی بەلای مندا ڕاکێشا، ئەو کچی کابرایەکی ئەفسەر بوو، دایکیشی لەخێزانە دەوڵەمەندەکانی لیڤەر پول بوو، ئان بەپێچەوانەی منەوە زۆر حەزی لە ئاوو هەوای ناوچەی هێڵی یەکسانو ئەفسانە بێبناغەکان بوو، هەر بۆیە لە بەشی زمانە خۆرهەڵاتیەکانی زانکۆی ئۆکسفۆرد دەیخوێند، ئەو لە قوتابخانەی ڕاهیبەکان دەیخوێند بەڵام من کردمە ئافرەتێکی سۆزانی، سەرئەنجام خۆی کوشت و پارچە کاغەزێکی بۆ جێهێشتم کە لە سەری نوسیبوو (مستەر سەعید نەفرەتی خوات لـێ بێت).

ئێمە هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە هەست بە بەرجەستەبوونێکی ماقوڵی بێهودەیی دەکەین، بێهودەییەک کە دەروازەی پرسیار لەبەردەم چەندان واتاو کێشەو گرفت واڵا دەکات، بەتایبەتی دیمەنی دادگایی کردنەکەی کە خوێنەر وا ڕادەکێشێت یەکپارچە دەیکاتە چاوێکی گەورە.

مستەفا سەعید دەڵێت: چەندین هەفتە لەهۆڵی دادگادا مامەوەو گوێم لـێگرتن، بەڵام وەکو ئەوەی لەبارەی کەسێکەوە بدوێن کەهیچ جێگەی بایەخم نەبێت... دادوەری گشتی کە مامۆستایەکی بەتواناو زیرەکی خۆم

بوو و پێشتر مامۆستای وانەی یاسام بوو و بەدەگمەنیش تاوانبارێك لەدەستی ڕزگاری نەدەبوو، لێیپرسیم:

– ئایا تۆ بوویت بویتە مایەی خۆکوشتنی ئان هێمند؟

+ نازانم.

– ئەی چیلا گرینود؟

+ ئەویش نازانم.

– ئایا تۆ جین موریست کوشت؟

+ بەڵێ.

– بەعەمدی کوشتت؟

+ بەڵێ.

–لێرەدا دادوەر دەکەوێتە داکۆکیکردن لەمستەفا سەعیدو دەیەوێت وێنەی مرۆڤێکی زۆر بلیمەتمان بۆ بکێشێت، بەو بیانووەی کە مستەفا تەمەنی (٢٤) ساڵەو بۆتە مامۆستای کۆلیجی ئابوریی زانکۆ، دادوەر لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت: مستەفا سەعید مرۆڤێکی خانەدانەو ئەقڵی ئیستیعابی شارستانیەتی خۆرئاوای کردوە، ئان هێمندو چیلا گرینودیش مستەفا نەیکوشتوون، بەڵکو ئەوان دوو ئافرەت بوون خۆیان بەدوای مردندا گەڕاون، جا مستەفایان ببینیایە یان نا هەر خۆیان دەکوشت.

ئا لەوکاتەدا وام بەخەیاڵدا هات کە بڵێم ئەم قسانە هەمووی درۆو دەلەسەن و من هەردووکیانم کوشت، من بیابانێکی تینووم، من ئۆتێلیلۆ نیم، من درۆیەکم، وەرن ئەم درۆیە بکوژن.



سێ ساڵ بێماندووبوون بەدوای جین موریسەوە بووم، تا ڕۆژێك بێزار بوو و پێی وتم: (تۆ گایەکی شێتیتو لە شوێنکەوتنم بێزار نابیت، بەڵام من بێزار بووم، وەرە بمهێنە)، ژووری نوستنەکەم بووە گۆڕەپانی جەنگو پێخەفەکەیشم بووە دۆزەخ، دەمگرت بەڵام لەدەستم هەڵدەهات. بەڵام چیلا کە لە چێشتخانەی (سۆهۆ) ئیشکەر بوو، تابڵێی جوانو لەبەردڵان بوو، بەقسەی لوس هەڵمخەڵەتاندو هێنامە ژورەکەمەوە، ئەو کاتێك هاتە ژورەکەمەوە نەمامێکی تازەهەڵچوو بوو بەڵام کە چووەدەرەوە دوچاری دەردێکی کوشندە بوو بوو. دادوەر لێم تێهەڵچووەوە.

– تۆ لەیەك کاتدا لەگەڵ پێنج ئافرەتدا بوویت؟

+ بەڵێ.

– هەمووشیانت بەوە خۆشخەیاڵ کردبوو کە دەیانهێنیت؟

+بەڵێ.

– لای هەریەکەشیان ناوێکی جیاوازت لەخۆت نابوو؟

+ بەڵێ.

– ئەمە سەربارى ئەوەی کە ئابورییەکی پشتبەستوو بە خۆشەویستیت دەخوێند نەك ئابوریی پشتبەستوو بەژمارە؟

+ بەڵێ.

٣٠ ساڵ لەوێ بووم، بەڵام قسە لەزارم نەدەگەڕا مەگەر بۆ ئەوەی کە شەوانە پێخەفەکەمی پێ ئاوەدان بکردایەتەوە. لە باخچەی هایدپارك ئافرەتێکی گەردن قاز سەرنجمی ڕاکێشا، هێواش هێواش دامێنی کراسەکەی بەرز دەکردەوە، پوزوڕانە برونزیەکەی دەردەخست، لەدوایەوە وەستامو

خۆم پێوەنوساند، بۆنم بەجەستەیەوە کرد، بۆم پێکەنیو منیش بۆی پێکەنیمەوە. بانگهێشتم کرد بۆ خواردنەوەی پێکێ شەراب، ئامادەیی خۆی دەربڕی .. بیابانێکی تینوو بووم، من بونەوەرێکی سەرەتاییم، ئەو ئەفریقییە ڕووتەم کە هێشتا تیرو ڕمەکەی بەدەستەوەیەو فیلو شێری جەنگەڵەکان ڕاودەکات.

وتی: تۆ ئەفەریقیت یان ئاسیاییت؟

وتم: من عەرەبی ئەفریقام، من وەکو ئۆتولیلۆ وام.

پاشان درۆم لەگەڵ کردو پێموت: باوکم لە ڕوداوێکی ترسناکدا نوقم بووە، ڕوداوەکەیشم بەشێوەیەکی زۆر ناخۆشو ترسناك بۆ گێڕایەوە، پاشان پێم گوت: خانووەکەمان لەسەر ڕوباری نیلە، شەوان کە خەبەرم دەبێتەوە لەجێگەکەم هەڵدەستمو تاچاوم دەچێتەوە خەو یاری بە ئاوی نیل دەکەم. ئەو ئافرەتێکی تەمەن چل ساڵان بوو، بەڵام زۆر بایەخی بەجەستەی خۆی دابوو، ئافرەتێك بوو ئیتر پێگەیشت بوو، ئیتر کاتی ڕنینەوەی هاتبوو، ناوی ئیزابیلا بوو..

یەکێ لە خەسڵەتەکانی نوسین لای تەیب ساڵح بەگشتیو لەم نوسینەیدا بەتایبەتی ئەوەیە تابلێی بەجەرگو وریاو گەرمو گوڕەو هیچ بێزارییەك لای خوێنەر دروست ناکات، هیچ بوارێك لەبەردەم خوێنەردا ناهێڵێتەوە جگە لە خوێندنەوەیەکی بەردەوام، ئاشکرایە سێکس بە بەردەوامی ئامادەیی هەیە، بۆ نمونە بەیەکگەیشتنە سێکسیەکەی نێوان مستەفاو ئیزابیلامان بەشێوەیەکی هێندە جوانو سەرنجڕاکێش بۆ دەخاتەڕوو کە چێژی سێکس لەلای خوێنەر دەگەیەنێتە بەرزترین پلە.



(بەخاوی لەپی دەستم دەهێنا بەگەردنیاو پاشان دەمگواستەوە بۆ شوێنە هەستەوەرەکانی. لەگەڵ هەر بەریەککەوتنێك، لەگەڵ هەر ماچێکدا هەستم دەکرد ماسولکەیەکی لەشی خاو دەبۆوە).

تەیب ساڵح هەر بەتەنها لە کێشانی وێنەی دیمەنە سێکسییەکاندا کارامە نییە، بەڵکو توانایەکی لە ڕادەبەدەریشی بۆ کێشانی دیمەنە دزێوەکانیش هەیە، تا ئەو ئاستەی وا لە خوێنەر دەکات بێزی لە دیمەنەکە بێتەوە، بەتایبەتی دیمەنی کوشتنەکەی کچەکەی مەحمودو کوڕەکەی ڕەیس:

– کە چوینە سەریان هەردوکیان دوا هەناسەیان دابوو، کچەکەی مەحمود لەسەر پشت کەوتبوو و چەقۆیەکیش لەسەر دڵی چەقێنرابوو، دەمی کرابۆوەو چاوەکانی بۆ دور دەیانڕوانی، دەتگوت زیندووە" کوڕی ڕەیسیش زمانی لەنێوان هەردوو شەویلگەیەوە شۆڕبووبۆوەو دەستەکانیشی بۆ ئاسمان بەرز کردبۆوە. یان ئەو دیمەنەی کە لە کاتی بەیەکگەیشتنە سێکسییەکەی نێوان مستەفاو جین موریس ڕودەدات.. پاش ئەوەی جین لە وەدوکەوتنەکانی مستەفا بێزاردەبێت بڕیار دەدات شوی پێ بکات، لە ساتی یەکەمی شەوی یەکەمدا جین بەقوڵپ دەگری، ڕەنگە خوێنەر پێیوابێت جین لەخۆشیدا دەگری، بەڵام لەناکاو قاقایەك لێدەداتو بە لاقرتێیەکەوە دەڵێت: (بەڕاستی گاڵتەجاڕیە).

لێرەدا سەرلەنوێ بێهودەیی بەرجەستە دەبێتەوە ناماقوڵ ئاشکراتر خۆی دەردەخات، ژنێك لەئاهەنگی شوکردنەکەیدا شێتانە پێدەکەنێت، ئاهەنگێك کە جگە لە خۆیو لە زاواو لە مەیو شەوو پێخەفو ئارەزوەکان کەسی تری لێ نییە.. مستەفا لێی نزیك دەبێتەوە، بەڵام ئەو پشتی

تێدەکاتو دەڵێت بۆ کاتێکی تر. ئەمێك سێ ساڵی ڕابردوو بەدوایەوە بووەو ئارەزوی پێگەیشتنی هاریکردوە، بۆیە چیتر ئارام ناگرێتو بە چەقۆیەکەوە لەبەردەمیدا ڕادەوەستێتو پێی دەڵێ دەتکوژم، جین وەڵامی دەداتەوە: ئەوە سنگم چەقۆکەتی تیا بچەقێنە، مستەفا سەیری لەم هەڵوێستەی جین دێت، چونکە ئەوە تەحەدایەکی گەورەی مردن بوو، بەڕاستیش جین لاقرتێی بەمردن دەهات.

پاش تۆزێك دۆخەکە ئاوەژوو دەبێتەوە، جین باوەش بەمستەفادا دەکات بەڵام لەوساتەدا هەواڵی کۆچی دایکی بیردەکەوێتەوە، بۆیە بەتوندی پاڵێکی پێوەدەنێتو بەسەریا دەشیڕێنێت:

— من ڕقم لێتە، سوێندبێت ڕۆژێك بتکوژم.

جینیش بەچاوێکەوە کە فێڵو لاقرتێی لێدەتکێ وەڵامی دەداتەوە: چاوەڕێی چیت؟ ڕەنگە چاوەڕوانی ئەوەبیت پیاوێکم بەسەرەوە بگریت، ئەوکاتەیش بڕواناکەم هیچ شتێکت لەدەست بێت، ئەوە نەبێت لەسەر سیسەمەکە دانیشیتو دەست بکەیتە گریان.

ئێوارەیەکی تاریك بوو، هەواش زۆر سارد بوو، بەڕوتی لەسەر پێخەفەکە ڕاکشابوو، ڕانە سپیە وروژێنەرەکانی کراوەو زەردەخەنەکانی تێرو پرشنگدار بوون، ئەگەرچی غەم تۆزێك ڕوخساری تەنیبوو، پێیوت:

— ئەمشەو من بۆ تۆم، دەمێکە چاوەڕێتم.

(هەستم کرد ئەو ئێوارەیە ڕاستم لەگەڵ دەکات، شەوی ڕاستیو تراژیدیا بوو، خەنجەرەکەمم لەکالانەکەی دەرهێنا، سەیری سینگیم کرد ئەویش نیگای گواستەوە بۆ ئەو شوێنەی کە من سەیرم دەکرد، وەکو مرۆڤێکی



ئیرادەزەوتکراوی لێهاتبوو، بەپێی حەزو خواستی من دەجوڵایەوە، سەیری سکیم کرد، ئەویش وایکرد، ئازارێکی سوکم لەروخساریا بەدیکرد، تەماشاکردنم خاو دەکردەوە خاوی دەکردەوە، خێرام دەکرد خێرای دەکرد، چاوم گواستەوە بۆ ڕانە سپیە کراوەکانی، بەتەماشاکردنەکانم شێلامن، نیگام لەو شوێنە تەختە نەرمەوە خزی و لەسەر ئەمباری نهێنییەکان نیشتەوە، ئەو ئەمبارەی کە خێرو شەڕی لێوە لەدایك دەبێت، نوکی خەنجەرەکەشم خستە نێوان مەمکەکانی، ئەویش قاچەکانی لەدەوری پشتم ئاڵاند، بەهێواشی گوشارم خستەسەری، چاوەکانی کردەوە.. چ نەشوەیەك لەم چاوانەدان، پێم وابوو جوانترین شەبەنگی هەموو کەون بوون، بەنازو ئازارێکەوە گوتی: خۆشەویستەکەم خەریکبوو لێت نائومێد دەبووم، بەسنگم زۆرم بۆ دەسکی خەنجەرەکە دەهێنا کە نوکەکەی لە سەرسنگی ئەو بوو تا هەمووی بە سنگیا ڕۆچووە خوارەوە، سنگم لەسنگی دەخشاند، ئەویش بەپاڕانەوەوە هاواری دەکرد: لەگەڵما وەرە بەتەنها جێممەهێڵە...

وەکو لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێدا مستەفا سەعید دەگەڕێتەوە بۆ سۆدانو دواتریش خۆی فڕێ دەداتە ئاوی نیلەوەو کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێتو زۆربەی یادەوەریەکانیشی لەگەڵ خۆیدا دەباتە نیلەوە. تەنها کارێکیش کە بەر لە خۆکوشتنەکەی پێی هەڵدەستێ ئەوەیە کلیلی کۆڵیتەکەی دەداتە کابرای تازە گەڕاوەو دەیکاتە سەرپەرشتیاری هەردوو کوڕەکەی. بەم شێوەیە کەشو هەوایەك باڵی بەسەر سەرجەمی ڕۆمانەکەدا کێشاوە وەکو ئەوەی مستەفا سەعید لەنادیارەوە هاتبێتو دووبارەش بەرەو نادیار گەڕابێتەوە.

بەرهەمە بڵاوکراوەکانی دانەر:

١. شۆکی ئایندە، ئالڤن تۆفلەر، سەنتەری دیالۆگی ڕۆشنبیریی کورد، چاپی یەکەم ١٩٩٩، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە.

٢. لە کەناری ڕوباری پیدرادا دانیشتمو گریام، پاولۆ کۆیلۆ، بنکەی ئەدەبیو ڕوناکبیریی گەلاوێژ، چاپی یەکەم ٢٠٠٠، وەرگێڕان لە فارسییەوە.

٣. بیری ئایینیی کۆن لە میزۆپۆتامیادا، دکتۆر تەقی دەباغ، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم چاپی یەکەم ٢٠٠١، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە.

٤. ئەزموون، وەرگێڕانو ئامادەکردنی کۆمەڵێك وتووێژی ڕۆژنامەیی شێرکۆ بێکەس، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ٢٠٠١، وەرگێڕان لە عەرەبیو فارسییەوە.

٥. بەسەرهاتەکانی پورە خنجیل (چیرۆك بۆ مندڵان)، ئالف پروسین، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ٢٠٠٢، وەرگێڕان لە فارسییەوە.

٦. مەکتوب، پاولۆ کۆیلۆ، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ٢٠٠٢، وەرگێڕان لە فارسییەوە.

٧. دووەمین مەکتوب، پاولۆ کۆیلۆ، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ٢٠٠٣، وەرگێڕان لە فارسییەوە.

٨. کێوی پێنجەم، پاولۆ کۆیلۆ، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ٢٠٠٤، وەرگێڕان لە فارسییەوە.



٩. ڕاپۆرتی برۆدی، خۆرخە لویس بورخیس، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕانی وەزارەتی ڕۆشنبیری_ سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠٠٣، وەرگێڕان لە عەرەبیو فارسییەوە.

١٠ مرۆڤ ئازادی خۆی فرۆشتووە، کریشنا مۆرتی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ٢٠٠٤، وەرگێڕان لە فارسییەوە.

١١. مەدەنیەت چییە، مریەم پورنەزەر، پرۆژەی (٦٠) کتێبی گۆڤاری مەدەنیەت، چاپی یەکەم ٢٠٠٤، وەرگێڕان لە فارسییەوە.

١٢. دەستنووسێکی کۆن، کۆمەڵێك نووسەر، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ٢٠٠٥، وەرگێڕان لە فارسیو عەرەبییەوە.

١٣. ئایین .. هزرو سیاسەت، کۆمەڵێك نووسەر، یانەی قەڵەم، چاپی یەکەم ٢٠٠٥، وەرگێڕان لە فارسیو عەرەبییەوە.

١٤. ئەفسانەی کتێب، دەقی ئەدەبیی وەرگێڕدراو، کۆمەڵێك نوسەر، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ٢٠٠٦، وەرگێڕان لە عەرەبیو فارسییەوە.

١٥. مەرگی گوڵفرۆش، کۆمەڵە چیرۆك، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٦.

## له چاپكراوەكانی پرۆژەی كتێبی یانەی قەڵەم

| ناوی كتێب | نوسینی | وەرگێڕانی |
| --- | --- | --- |
| ١- فریوو خۆحەشاردان | عەتا محەمەد | |
| ٢- ئایین (هزر سیاسەت) | چەند نوسەرێك | یاسین عومەر |
| ٣-بەیەكداكێشانی شارستانێتییەكان | سامویل هانتینگتۆن | ئاوات ئەحمەد |
| ٤- سوەیلا | شارام قەوامی | |
| ٥-رۆژی هاتنەكەی عودەی | ئاوات عەبدوڵلا | |
| ٦-سیماكانی عەقلانیەت و | فالح عەبدولجەبار | ئاوات ئەحمەد |
| ٧- وەنەوشەكەی چوارشەممان | | شیرین.ك |
| ٨- نەبەهەشت لەسەر زەویدایە و | | ئومێد عوسمان |
| ٩-فیمینیزم | | عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی |
| ١٠-لە روانگەی خۆرئاواوە | | ئومێد عوسمان |
| ١١- مندالباز | فەرهاد پیربال | |